# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی چوارەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٣

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی چوارەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەگری و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٥٠٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (دیاریە).
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١١١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ي پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

# ئەستێرە گەشەکان
# پڕۆژەیەکی بەردەوام

وا بەرگی چوارەمی ئەنسکلۆپیدیای(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)، کەوتە بەر دیدو دەستی خوێنەرانی بەڕێز، ئەم کتێبە یەکێکە لە شاکارەکانی کتێبخانەی کوردی، ئەنجامی ماندووبوون و شەونخوونی و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی بەڕێز کاک (نەجمەدین عەزیز سمایل)ە، کە لە ڕاستیدا ئەمە کاری کۆڕێکی زانیاری یان کۆمەڵێک نووسەر و توێژەرە کە توانایان بۆ ماوەیەکی درێژ بڕەخسێنن و تەرخان بکەن بۆ هێنانەدیی ئەم شاکارە.

(ئەستێرە گەشەکان)، چ لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو کەسایەتییە و ناوانە بیت یان نا!، هەرگیز لە بەهاو نرخ و سەنگی ئەم شاکارە کەم ناکاتەوە، کە بەرهەم و ماندووبوونی دەیان نووسەر و هونەرمەندی تا هەتاهەتایێ تۆمارکردووە و لە لەناوچوون و فەوتانی پاراستووە و بناغەیەکی پتەوی دامەزراندووە بۆ هەر کەسێک یان دەزگایەک کە بیەوێ بەردەوامیی بەو شاکارە بدات لە دوارۆژدا.

(ئەستێرە گەشەکان)، بە هەموو پێوەرێک ئەنسکلۆپیدیایەکی بە نرخی فیکری و هونەری و زانستییە لە کوردستاندا و تۆمارکردنێکی زیندووی قۆناغێکی دوورودرێژی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ئەو بەرخۆدانەیە و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هەر کەس و لایەنێک یان دەزگایەک بیەوێت لەم کەلتوورە پڕشنگدارە و نووسین و هونەرە ئاگادار بێت، یا زیاتر لێی بکۆڵێتەوە.

زۆر پێویستە ئەم کارەی کاک (نەجمەدین عەزیز سمایل) لە لایەن هەموو دەزگاکانی ڕۆشنبیری و کۆڕی زانیاریی کوردی بە هەند وەربگیرێت و مافی خۆی بدرێتێ وەکو شاکارێک لەم بوارەدا.

هیوادارم خوێنەرانی بەڕێز سوودی لێوەربگرن و ڕێز لە هیممەت و ماندووبوونی کاک نەجمەدین بگرن، کە بە ڕاستی کاری ئینستتیوت، یا کۆڕێکی زانیارییە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەک.

**سەربەست بامەڕنی**
**فرایبۆرغ- ئەلمانیا**
**٢٠٢٢-١١-١٢**

# ئەستێرە گەشەکان

# پرۆژەیەکی بەردەوام

خوێنەری بەڕێز...

بەرگی چوارەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)، کە بە (٥٤٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە و (٧٣) شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی هەموو کوردستانی لە خۆگرتووە، وا کەوتە بەر دید و دەستی ئێوەی ئازیز.

لای هەمووشمان ڕوون و ئاشکرایە کە بەندە لە هەندەران لە وڵاتی(هۆڵەندا) دەژیم، لە بەر کەمیی سەرچاوە و سنوورداربوونی، پەنام بردۆتە بەر هەرچی سەرچاوەی لە (گۆگل. یوتیوب، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، ماڵی کتێب، کوردیپێدیا، ویکیپیدیا- ئیسکلۆپیدیای- ئازاد.. هتد.) هەیە، بۆ ئەوانەی لە ژیانیش ماون وەکو دەڵێن(دەست و تەلەفۆنم شەڕ بووە) کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانیانم لێوەرگرتوون، بۆ ئەوانی دیکەش سەرەڕای سەرچاوەکان هانام بردۆتە بەر شاعیر و نووسەر و هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرتاسەری کوردستان و ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستراليا، لەوانە لە دەرەوەی وڵات( فەرهاد شاکەلی، سەربەست بامەڕنی، هیوا سەرهەنگ، هاشم عەلی مەندی، بەدەل ڕەفۆ، سەلام محەمەد ئەمین، محەمەد سەلیم سواری، عەبدولوەهاب تاڵەبانی)، لە ناوەوەی کوردستانیش( نازم دڵبەند، حەجی جەعفەر، مسەدەق تۆڤی، ئیسماعیل بادی، هاشم جەباری، قوبادی جەلیزادە، خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، جەمیل مەلا قەرە، ئەحمەد حوسێن، عەبدوڵڵا عەباس، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، فەرهاد عەونی، حەیدەر عەبدولڕەحمان، محەمەد زادە، عەبدولڕەحمان فەرهادی، ئازاد عەبدولواحید، حەمە ساڵح فەرهادی، بەهادین جەلال مستەفا، سالار کۆشار، خاتوو سروە عوسمان، بەهرام محەمەد تاهیر... چەندانی دیکە)، زۆر هەوڵم داوە کە زانیارییەکان هەموویان ورد و ڕاست و دروست بن، بەڵام دیسان هەموو لایەک باش


دەزانن کە هیچ کارێک بە تایبەتی کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بێ کەم و کوڕی نابێت، هەر بەرهەمێک ئەگەر ڕەخنەی لێنەگیرا، ئەوا بە مانای ئەوە دێت کە بە(مردوویی لە دایک بووە)، بۆیە داوا لە نووسەر و ئەدیب و ڕەخنەگران دەکەم بە چاوێکی ڕەخنەگرانە بیخوێننەوە و تیشکی بخەنە سەر بۆ ئەوەی لە بەرگەکانی(٥، ٦) دا، زیاتر سوود لە سەرنجەکانتان وەربگرم.

لە کۆتاییدا، بە هیوام نەک چەپکە گوڵ، بەڵکو تەنیا تاکە گوڵێکیشم هاوێشتبێتە ناو کتێبخانەی کوردی، ئیتر سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکمان.

**نەجمەدین عەزیز سمایل**

**ئەمستیلفین– هۆڵەندا**

**٢٥–١١– ٢٠٢٢**



# دکتۆر مستەفا زەڵمی

زانا و یاساناس و شەریعەتناسی گەورەی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئیسلامی، پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی...

ناوی تەواوی(مستەفا ئیبراهیم محەمەد ئەمین)ە، لە ١-٧-١٩٢٤ لە گوندی(زەڵم)ی سەر بە ناوچەی هەورامانی پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٤ چۆتە حوجرەی خوێندنی ئایینی لەسەر دەستی مامۆستایانی پسپۆڕ و شارەزای ئایینی عێراقی و ئێرانی، زانستەکانی(نەحو، سەرف، مونازەرە، مەنتیق، بەلاغە، ئوسولی دین، ئوسولی فیقهی، فەلسەفە، بیرکاری، فەلەکناسی) خوێندووە.

دکتۆر مستەفا زەڵمی زۆر حەزی لە خوێندن بووە، زۆریش سەختی ژیانی دیوە، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی زانستی چووەتە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، لە ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە خوێندنی ئایینی تەواوکردووە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، هەر لە هەمان ساڵ بڕوانامەی(عالم)ی لە زانستە ئیسلامییەکان لە ئەنجومەنی زانستی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەزارەتی ئەوقافی عێراقی بەدەستهێناوە، پاشان وەکو ئیمام لە سوپای عێراق لە جەلەولا دەست بەکار بووە، ئەو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و (ئەفسەرانی ئازاد - ضباط الاحرار) هەبووە، چەند ئەرکێکیشی پێ







پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی

سپێردراوە و پەیوەندیشی لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی کوردی هەبووە، هەوڵی داوە خزمەتی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکات.

دکتۆر مستەفا زەڵمی پاش نسکۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی کەمتر لەگەڵ شۆڕشی نوێی کوردیمان هەبووە و ژیانی خۆی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستیە ئایینییەکان تەرخان کردووە، ئەو هەرچەند مەلا بووە و شارەزای بواری شەریعەتی ئیسلامی بووە، بەڵام هەمیشە حەز و ئارەزووی زانست و زانیاریی زیاتری هەبووە، بۆیە بیری لە خوێندنی یاسا کردۆتەوە و چووەتە کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدا و لە ساڵی ١٩٦٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٦٨ ماستەری لە شەریعەت هەر لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاتر، لە ساڵی ١٩٦٩ خۆبەخشانە وازی لە کاری ئیمامی لە سوپا هێناوە و ڕووی لە وڵاتی میسر کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ ماستەری لە شەریعەتی ئیسلامی و ماستەری لە فیقهی بەراوردکار(فقه المقارن) لە زانکۆی(ئەزهەر- الازهر) بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٧٣ ماستەری لە یاسا لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتووە و لە ساڵی

۱۹۷۵ دکتۆراشی لە فیقهی بەراورد هەر لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتووە، پاشان گەڕاوەتەوە عێراق و بۆتە مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی بەغدا، لە ساڵی ۱۹۸۱ پلەی مامۆستای یاریدەدەری دراوەتێ و لە ساڵی ۱۹۸۵ پلەی مامۆستا (الاستاذ)ی پێبەخشراوە، لەساڵی ۱۹۹۸ پلەی پرۆفیسۆری دراوەتێ، لە ساڵی ۲۰۰۵یش دکتۆرای لە یاسا لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

دکتۆر مستەفا زەڵمی ئەزموونێکی زۆری هەبوو لە بواری یاسا و شەریعەت ، لە وتە دیارەکانی لە شوێنێکدا دەڵێت:(ئامانجم لە دیراسەت خۆشەویستیمە بۆ ئیسلام و بڵاوکردنەوەی، پاشان هەوڵمداوە خزمەتی شەریعەت بکەم لە ڕێگەی یاساوە و خزمەتی یاساش بکەم لە ڕێگەی شەریعەوەتەوە، من بۆ چارەگە سەدەیەک دەبێت بەردەوامم لەسەر ڕەوتی خۆم لە بەراوردی نێوان شەریعەت و یاسادا شێوازم هەمیشە وا بووە، شەریعەت باڵاترە لە یاسا، هەروەها من هەردەم ئەوەم سەلماندووە کە بیردۆزەکانی یاسا زۆربەیان لە هزری ئیسلامیدا هەیە، بەڵام بە داخەوە زۆربەی مامۆستایانی یاسا لەوە بێ ئاگان).

هەر لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:(مامۆستای قانون ناتوانێت بە تەواوی لە یاسا بگات ئەگەر زانستەکانی(ئوسولی فیقە، فەلسەفە، مەنتیق و بەلاغە)ی



**پێشکەشکردنی سوپاسنامەی بەرنامەی(سەرکەوتنی من) بە خاتوو مەعسومە عەبدولقادر هاوسەری دکتۆر زەڵمی**


The World Association for al-Azhar Graduates




هيئة علماء المسلمين في العراق
Association of Muslim Scholars In Iraq

نەخوێندبێت، زۆر هەڵەیە یەکێک لەوانە دەرسی یاسا بڵێتەوە لە کۆلێژەکانی شەریعە).

دیسان دکتۆر مستەفا زەڵمی لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:(هەر مرۆڤێک لەگەڵ خودا و خەڵکدا ڕاست بێت، مەبەستی بەرژەوەندیی گشتی بێت، خودا پشتی بەر نادات، من لەو ماوەی تەمەنمدا بۆم ڕوون بۆوە کەس لە ڕێگای ڕاستیدا نەکەوتووە و سەرگەردان نەبووە).

دکتۆر زەڵمی زیاتر لە(٥٠) کتێبی لە بواری شەریعەت و یاسا و ئەحکامەکانی و فەلسەفە و مەنتیق و چەندین بابەتی دیکەی نووسیوە و (٤٠) توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی یاسا و فەلسەفە و(١٣) ناونیشانی زانستی وەرگرتووە، سەرپەرشتیی زیاتر لە(١٠٠) نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرا لە بوارەکانی یاسا و ئوسولی فیقە و فەلسەفە و شەریعەت کردووە و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دانانی کتێبی مەنهەجی بۆ کۆلێژەکانی یاسا، (٤) کتێبی لە هەر چوار قۆناغەکانی خوێندنی یاسا دەخوێندرێت، یەک کتێبی لە قۆناغی ماستەر و کتێبێکیشی لە قۆناغی دکتۆرا دەخوێندرێت، کتێبەکانی لە زانکۆکانی(عێراق و ئوردن و ئەندەنۆسیا و یەمەن) دەخوێندرێت، بەشداریشی لە زۆر لە کۆنگرە و کۆنفراسە زانستی و یاساییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە، لە پیشانگا نێودەوڵەتییەکانی هەولێر و ئەستەنبوڵ شوێنێکی تایبەت تەرخانکراوە بۆ بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، وا بە وێنە لەگەڵ نووسینەکە هاوپێچم کردووە، چەندین خەڵاتی ناوخۆیی و دەرەوەی وەرگرتووە.

ئەمانەش بەرهەمەکانییەتی:

- أحكام الزواج والطلاق في الفقه الإسلامي دراسة مقارنة في القانون.
- أحكام الميراث والوصية وحق الإنتقال.
- أخطاء أصولية لأبن السبكي في كتابه جمع الجوامع.
- أسباب اختلاف الفقهاء في الأحكام الشرعية.
- أسرار ثورة ١٤ تموز لسنة ١٩٥٨.
- أصول الفقه.
- أصول الفقه في نسيجه الجديد.
- الإلتزامات في الشريعة الإسلامية والقوانين المدنية العربية.
- الإلتزامات في ضوء المنطق والفلسفة.
- أهمية الطاقات الروحية في الجيش.
- التبيان لرفع غموض النسخ في القرآن.
- تجفيف مستنقع العبيد والجواري في القرآن الكريم.
- التدخين وأضراره وتحريمه في القرآن.
- حق الحرية في القرآن الكريم.
- حقوق الإنسان في الإسلام.
- حكم أحكام القرآن.
- حكم التعامل مع الجين البشري في الشريعة الإسلامية.
- خطوات الطلاق.




**بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی**




**بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی**

- دلالات النصوص وطرق الإستنباط الأحكام في ضوء الفقه الإسلامي.
- شرح قانون الأحوال الشخصية (أحكام الميراث والوصية).
- الصلة بين المنطق والقانون.
- الطلاق المعلق في الشريعة الإسلامية.
- الطلاق المقترن بالعدد لا يقع به الا طلقة واحدة.
- الطلاق في الشرائع والقوانين والأعراف خلال أربعة آلاف سنة.
- الطلاق في القرآن.
- الطلاق مرتان في تفاسير القرآن.
- فلسفة الشريعة.
- فلسفة القانون.
- فلسفة المسؤولية الجنائية في ضوء الفعل والأنفعال الفلسفيين.
- فلسفة المسؤولية المدنية في ضوء مقولات أرسطية.
- القلق- أسبابه، أنواعه، علاجه.
- المبادىء والحقوق الدستورية في القرآن مقارنة بالدساتير الوضعية وإعلانات حقوق الإنسان.
- مجموعة الأبحاث العلمية.
- المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية (تأليف مشترك).
- المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية في نمط جديد.
- المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية- دراسة مقارنة.
- معين القضاة في تحقيق العدل والمساوات.

- المنطق القانوني.
- المنطق القانوني في التصورات.
- منهاج الإسلام في مكافحة الإجرام.
- موانـع المسـؤولية الجنائيـة فـي الشـريعة الإسـلامية والتشـريعات الجزائيـة العربيـة.
- نظرية الإلتزامات برد غير المستحق.
- نظرية الضمان في الفقه الإسلامي والقوانين المدنية.
- حقوق الإنسان وضماناتها في الإسلام.
- ايضاح الفوائد في شرح القواعد.
- القرآن وقاعدة الولد يتبع خير الأبوين دينا.
- القرآن وقاعدة تتغير الأحكام بتغير الأزمان.
- تفنيد مزاعم تأثر الفقه الإسلامي بالفقه الغربي.
- تەرازوی میرات (ميزان تقسيم الميراث).
- کاروانی ژیانم.

هەموو بەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی کراونەتە کۆبەرهەم لە(٢٤) بەرگدا بە زمانی عەرەبی و کراوەتە کوردیش لە(٢٦) بەرگدا لە کتێبخانەکان دەستدەکەوێت.

دکتۆر مستەفا زەڵمی خودی کەسایەتیی خۆی و هەموو بەرهەمەکانی کەرەسە و هەوێنێکی خەست و چڕو پڕن بۆ دیراسە و لێکۆڵینەوە لەسەر کردنی لە لایەن قوتابیانی کۆلێژەکانی یاسا و شەریعە و لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئیسلامیش.





- له ١١-٤- ٢٠١٥ ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆی(بینگوڵ) لە وڵاتی تورکیا کە بەسەردان هاتبوونە کوردستان، سەردانێکی دکتۆر مستەفا زەڵمی- یان کردووە.

- لە ٢٢-٦-٢٠١٥ لێژنەیەکی بەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بۆ تاوتۆکردنی ڕۆڵی ئایین لە دەستوردا سەردانێکی دکتۆر مستەفا زەڵمی- یان کردووە.

دکتۆر مستەفا زەڵمی لە ڕۆژی ٤- ٦- ٢٠١٦ لە نەخۆشخانەی پارک لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بردراوەتەوە خورماڵ لەوێ بە خاکی نیشتمان سپێردراوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کردنی ئەو زانا گەورەیە، هەر یەک لە( مرکز الإمام الشافعي العلمي) لە ئوردن و (الرابطة العالمية لخريجي الازهر) لە وڵاتی میسر و یەکێتیی زانایانی موسڵمان) برووسکەی سەرەخۆشییان بۆ خانەوادەکەی ناردووە، وا هەندێکیانم هاوپێچکردووە.

لە ٩-١٠-٢٠١٦ هەر یەک لە دکتۆر زانا ئەحمەد پێشکەشکاری بەرنامەی( سەرکەوتنی من) و بەڕێز پێشەوا بەڕێوەبەری پڕۆژەی(بڕیارەکانم) لە شاری سلێمانی سەردانیماڵی دکتۆر مستەفا زەڵمیان کردووە و سوپاسنامەی بەشداربوونی لە بەرنامەکایان بە خاتوو(مەعسومە عەبدولقادر) هاوسەری دکتۆر مستەفا زەڵمی بەخشیوە.

لە ناحییەی خورماڵ، شەقامی سەرەکیی خورماڵ- ئەحمەد ئاوا بە ناوی دکتۆر مستەفا زەڵمی کراوە.

ڕوحی پاکی زانا مستەفا زەڵمی شاد و ئارام و گۆڕەکەشی پڕ نوور و ڕەحمەت بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی دکتۆر مستەفا زەڵمی.

٣ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# تۆفیق وەهبی

ئەو لە وەسیەتنامەکەی نووسیبووی: (با مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی پێشوازی لە تەرمەکەم بکات، دوای ئەوە بمبەن بۆ پیرەمەگرون لەوێ بمنێژن).

نووسەر و سیاسەتمەدار و ئەفسەری سەربازی پلە باڵا، شارەزای شوێنەوار و مێژوونووس و زمانەوانی گەورەی کورد تۆفیق وەهبی ...

ناوی تەواوی(تۆفیق وەهبی بەگ کوڕی مەعروف)ە، لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩١ لە شارۆچکەی(چوارتا)ی سەر بە لیوای سلێمانی لە دایک بووە، هێشتا هەر منداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٠٤ چۆتە بەغدا خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی سەربازی بە پلەیەکی زۆر باش تەواو کردووە، پاشان چۆتە شاری ئەستەنبۆلی پایتەختی ئەوسای دەوڵەی عوسمانی بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵاتر لە کۆلێژی سەربازی و بۆتە(ضابط ركن- ئەفسەری ڕوکن) لە سوپای عوسمانی.

هاوسەرەکەی تۆفیق وەهبی ناوی(ئاسیا وەهبی)یە کچی بازرگانی بە ناوبانگ ڕەزا ڕیزەلیی بووە، ئەو یەکێک بووە لەو ژنانەی کە کاری بۆ بزووتنەوەی ژنان کردووە، لە بواری منداڵپارێزی زۆر چالاک بووە، لە



لە کاتی ناشتنی تەرمی تۆفیق وەهبی لە پیرەمەگرن لە لای ڕاستەوە: هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال، نووسەر و ڕووناکبیر مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨ سەرۆکایەتیی کۆنگرەی ژنانی عێراقی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بردراوەتەوە بەغدا و لە تەکییەی قادری لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە خاک سپێردراوە.

تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩١٤ کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکردووە وەک ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بەشداری لە شەڕی (چەتە قەڵعە) لە (دەردەنیل) کردووە، دواتر ڕەوانەی خوارووی عێراق کراوە بۆ بەشدار بوون لە جەنگ دژی هێزەکانی ئینگلیز لە شوعێبە(شعیبة)، لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی عوسمانی بەرامبەر سوپای ئینگلیز، لە ئەیلولی ١٩١٧ چۆتە بەرەی جەنگ لە ڕومادی و دواتر بە خۆی و لەشکرەکەی بەرەو شاری(هیت) کشاونەتەوە.




لە ساڵی ١٩١٨ ڕەوانەی بەرەی جەنگی فەلەستینی کراوە و پلەی سەربازی بۆ(رائد-



ڕائید) بەرزکراوەتـەوە، جەنەڕالـە ئەڵمانییـەکان مەدالییـای قارەمانێتیـان داوەتـێ، چونکـە سـەرکردەکانی سـوپای عوسمانی بەشی زۆریان ژەنەڕالـی ئەڵمانـی بووینـە و هاوپەیمانییـان هەبـووە لەگـەڵ سـوپای تورکـی دژی سـوپای ئینگلیز و فەرەنسی و ئیتاڵی و ئەمەریکییەکان.

لـە مانگـی ١١ی سـاڵی ١٩١٨ کـە شـەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی هاتووە، تۆفیق وەهبی گەڕاوەتـەوە بەغدا و کراوەتـە قایمقامـی ڕانیـە، دواتـر چۆتـەوە بەغدا، ئـەو یەکێک بـووە لـەو(١٥) ئەفسـەرە پلـە باڵایـەی کـە بەشدار بووە لـە دامەزراندنی سـوپای عێراق لـە ٦ی کانونی دووەمی سـاڵی ١٩٢١ لـە کۆی(١٥) ئەفسـەری پلـە بـاڵا(٩) یـان کـورد بووینـە.

لە سـاڵی ١٩٢٢ ئەو کاتەی شـێخ مەحمودی نەمر لە هیندستان گەڕاوەتەوە سلێمانی بـووە و بـە مەلیکی کوردسـتان، تۆفیـق وەهبی لـە مانگـی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٢٢ چووەتـە بـەرەی بزووتنـەوەی ئـەم سـەرکردە نەمـرە،



**لە لای ڕاستەوە: تۆفیق وەهبی، شێخ مەحمودی حەفید**




دواتر کە فەرمانڕەوایی شێخی حەفیدیش بە دەستی ئینگلیزەکان لەناو بردراوە، تۆفیق وەهبی بۆ ماوەی (٤٢) ڕۆژ دەستگیرکراوە و خراوەتە بەندیخانە و پاش ماوەیەک ئازادکراوە و بۆتە (کارگێڕی بزووتنەوەکان- إدارة الحركات) لە وەزارەتی بەرگریی عێراق، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٥ بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەربازی(المدرسة العسكرية) لە بەغدا.

لە ساڵی ١٩٢٩ نێردراوەتە بەریتانیا بۆ بەشداربوون لە خولێکی شارەزابوون لە بواری سەربازی و لە ساڵی ١٩٣٠ پلەی(عەقید)ی دراوەتێ و کراوەتە موتەسەڕیفی سلێمانی، بەڵام پێش ڕوودانی شەڕەکەی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ کە بە شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی بەناوبانگە،





**لە لای ڕاستەوە: تۆفیق وەهبی، بەڕێز ڕەشید جەودەت، بەڕێز جەمال بابان، وێنەکە لە ساڵی ١٩٥٦ گیراوە، سەرچاوەی وێنەکە لە کوردیپیدیا- دکتۆر سامان ڕەشید جەودەت**



تۆفیق وەهبی و خاتوو ئاسیا خانی هاوسەری، لە تونێلەکەی دەربەندیخان ساڵی ١٩٥٧

لە کارەکەی دوور خراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٣١ لە دوای شەڕی شێخ مەحمود لە(ئاوباریک) دژی دەسەڵاتدارانی عێراق، بە هۆی هاندانی خەڵک و جەماوەر بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دیسان تۆفیق وەهبی گیراوە و دواتر ئازاد کراوە و ماوەیەک بێ کار بووە.

تۆفیق وەهبی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦- ١٩٥٨ چەند جارێک کراوەتە وەزیری ئابووری، بەرگری و مەعاریف لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی دەوری مەلەکییەت، لە ساڵی ١٩٤٧ بۆتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری(کۆڕی زانیاری عێراقی - المجمع العلمي العراقي) و ساڵی ١٩٥١ سەرۆکی ئەنجومەنی خوێندنی باڵای عێراقی بووە، ئەندامی دامەزرێنەری حزبی ئوممەی ئیشتراکی- حزب الامة الاشتراکی) عێراقی و جێگری سەرۆکی ئەو حیزبە بووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ کراوەتە ئەندامی(ئەنجومەنی پیاوماقوڵانی عێراق - عضو مجلس الاعیان العراقي) پاش ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ عێراقی





**گڵکۆی تۆفیق وەهبی لە پیرەمەگرون**

بەجێهێشتووە و چۆتە لەندەن.

ئەو ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی بەریتانی بووە، شەش زمانی زانیوە و بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخی نووسیوە لە بوارەکانی زمانەوانی و شوێنەوارناسی و مێژوو کە ئەمانەن.

**بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی:**

- دەستووری زمانی کوردی، بەغدا ساڵی ١٩٢٨، (١١٤) لاپەڕەیە.
- خوێندەواریی باو، بەغدا، ساڵی ١٩٣٣، (٤٤) لاپەڕەیە.
- قسنێک لە کوردستان، بەغدا، ١٩٤٧، (١٨) لاپەڕەیە.
- فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی، بە هاوبەشی لەگەڵ(ئەدمۆنز)، لەندەن ساڵی ١٩٦٥، (١٧٩) لاپەڕەیە.
- وتاری کوردییەکەمان بە چۆن حروفیک و چۆن بنووسین؟ لە گۆڤاری






**نووسەر و زمانەوان و مێژوونووس تۆفیق وەهبی لە سێ کاتی جیاواز**

دیاری کوردستانی ژمارە (٥ و ٦)ی ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

**بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی:**

- رجعية المانيا و عبادة القوة، بەغدا ١٩٤٢،(٣٦) لاپەڕەیە.
- الاصل والاستطراد فی اصل معنی بغداد، بەغدا ١٩٥٠، (٥١) لاپەڕەیە.
- قواعد اللغة الكردية، الجزء الاول، ١٩٥٦ (١١٢)لاپەڕەیە.
- قواعد اللغة الكردية، الجزء الثاني، ١٩٥٦ (٥٥) لاپەڕەیە.
- آلتون کوپری، بەغدا، ١٩٥٦، (٢٨) لاپەڕەیە.
- سفرة من دربند بازيان الی تاسلوجة، بەغدا، ١٩٥٦، (٣٦) لاپەڕەیە.






- حـول مقـال مسـؤولية الاديـب الكـردي للاسـتاذ عبدالمجيـد لطفـي، بەغـدا، ١٩٧٣، (٥) لاپەڕەیـە.


**بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیزی:**

- ئەشکەوتی گندۆک، بەغدا، ساڵی ١٩٤٩.
- پاشـماوەی میسـرازئیەکان(ئێزیدییەکان) لەندەن، ١٩٦٢، (یـان میتراییـەت لـە هاتـر و کوردسـتانی عێراقدا و جیاوازیەکانی لـە یەزیدییەتدا).
- خوێندنی کوردی، بەشی یەکەم، لەندەن، ١٩٦٨.

نووسـەر و توێـژەر و ڕەخنەگرانـی کـورد زۆریـان لەسـەر ژیـان و بەرهەمەکانی تۆفیق وەهبی نووسیوە، وا بەرگی هەندێ لەو کتێبانەم لەگەڵ نووسـینەکەم هاوێـچ کـردووە.


تۆفیق وەهبی پاش ئەوەی چۆتە لەندەن هەموو کاتی خۆی بە نووسینی مێـژووی کـورد و بابەتـی زمانەوانـی و بردۆتـە سـەر، لـە دوای دامەزراندنـی کۆڕی زانیاریی کورد لـە سـاڵی ١٩٧١ بۆتـە ئەندامی(شـانازی- فەخری) ئـەو کـۆڕە، گەلێـک وتـار و لێکۆڵینـەوەی لـە گۆڤـاری کـۆڕی زانیاریـی کـوردی بڵاوکردۆتـەوە، تـا ئێسـتاش شـوێنەواری نووسـینەکانی بەسـەر مێـژووی نووسـراوی کـورد دیـارە و لـە پرۆگرامـی خوێندنـی قوتابخانەکانـی هەرێمـی کوردسـتان وانەیـەک بـۆ ژیـان و بەرهەمەکانـی ئـەو تەرخانکـراوە.

تۆفیـق وەهبـی لـە کاتـی حوکمـی مەلەکـی زۆر جەختـی لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە کـە نووسـینی کـوردی بـە پیتـی لاتینـی بنووسـرێت لـە جیاتـی




پیتـی عەرەبـی، بـەڵام ڕەخنەگرانـی بـە لایەنگـری تورکەکانیـان زانیـوە، لەسـەر دەمـی پاشـایەتی کەسـێکی بـە ڕەگـەز سـووری هەبـووە و هەمـوو کارەکانـی وەزارەتـی مەعاریفـی لـە دەسـت بـووە، ڕازی نەبـووە و پێـی وابـووە دەبێـت پیتـی عەرەبـی بۆ نووسـینی کوردی بەکاربێـت، بۆ ئەوەی کـورد هـەردەم لـە ژێـر کاریگەریـی ڕۆشـنبیریی عەرەبیدا بێـت، ئـەو پیـاوە ناوی(حصری- حوسـەری)بووە، بۆ






مەبەستە گڵاوەکەی پەنای بردۆتە بەر شێخ و مەلا کاریگەرەکانی ئەوسای کوردستان و نامەی بۆ نووسیون و وتویەتی:(تۆفیق وەهبی دژە دینە و ماسۆنییە، دەیەوێت ئەلف و بێی قورئانی پیرۆز بگۆڕێت بە ئەلف و بێی کافران و کورد لە ئیسلام دابڕێنێت)، مەلاکانی کوردستانیش لە وتاری هەینی باسیان کردووە و نامەیان بۆ وەزیری مەعاریف ناردووە و وتویانە کە ئەلف و بێی لاتینییان ناوێت، بۆیە وەزیری مەعاریف بڕیاری داوەو ئەلف و بێی عەرەبی بەسەر کتێبە مەنهەجییەکانی کوردی سەپێندراوە.

هێمن موکریانیی شاعیر لە نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی(زۆرزانیش بە هەڵە دەچێ) ڕەخنە لە زمانە کوردییەکەی تۆفیق وەهبی دەگرێت و دەڵێت:(وتارەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی زۆر شپرزە و شێرزەر هاتە بەرچاو، ڕەنگە دەریای بێ بەستێنی زانستی مامۆستا وا شەپۆلان بدا کە ئەدەبی تێدا نوقم بووبێ، مامۆستا هێندە زمانی بێگانە فێر بووبێ، کە کوردییە ساکارەکەی خۆمانی لەبیر نەمابێ).

تۆفیق وەهبی شاری سلێمانی و هەموو کوردستانی زۆر خۆشویستووە، بۆیە لە وەسیەتنامەکەیدا نووسیویەتی(مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی پێشوازی لە تەرمەکەم بکات، دوای ئەوە بمبەن بۆ پیرەمەگرون لەوێ بمنێژن)، تۆفیق وەهبی لە ڕۆژی ٥ -١٢- ١٩٨٤ لە شاری لەندەن لە تەمەنی (٩٣)ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی برداوەتەوە شاری سلێمانی لەسەر وەسییەتنامەکەی خۆی لە چیای پیرەمەگرون لە تەنیشت پیاوچاکی کورد پیرەمەگرون بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، هەرواش بوو مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و هەڤاڵ مام جەلال لە پێشوازی تەرمەکەی و ناشتنی ئامادە

ببوون، وا وێنەکەشم هاوپێچکردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ناوەندی ڤەژین بۆکس.

٢- کوردپێدیا.

٣- ئینسکلۆپیدیای- ئازاد.

٤- ماڵپەڕی کەناڵی کوردسات.

٥- ماڵپەڕی ئەکادیمیای کوردی.

٦- پەیسەر، ماڵپەڕێکی ئیلیکترۆنییە، وتارێک لەسەر تۆفیق وەهبی بە ناونیشانی(تۆفیق وەهبی پیاوی ماسۆنییەت یان خەمخۆری ئەلف و بێی کوردی) لە ٤-١- ٢٠٢١، خاوەنەکەی دیار نییە.

٧- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# ئیبراهیم ئەحمەد

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و چیرۆکنـووس و ڕۆماننـووس و سیاسـەتمەداری گـەورەی کـورد ئیبراهیـم ئەحمـەد...


نـاوی تەواوی(ئیبراهیـم ئەحمـەد فەتـاح)ە، لـە ٦ی مانگـی ئاداری سـاڵی ١٩١٤ لـە گەڕەکـی گۆیـژەی شـاری سـلێمانی لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری سـلێمانی تـەواو کـردووە، بـە هـۆی دەسـتکورتیی ماڵـی باوکییـەوە ڕەمـزی فەتاحـی مامـی کـە ئەفسـەرێکی کوردپـەروەر بـووە بردوویەتییـە بەغـدا بـۆ بـەردەوام بـوون لـە خوێنـدن، ئـەو زۆر حـەزی لـە ڕۆژنامـە و ڕۆژنامەگـەری بـووە، ئـەو کات کەسـێ بڕوانامـەی(مـاف- حقـوق)ی نەبوایـە مۆڵەتـی دەرکردنـی ڕۆژنامـە و گۆڤاریـان نەداوەتـێ، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٣٤-١٩٣٧ کۆلیـژی مافـی تـەواوی کـردووە و ماوەیـەک خەریکـی کاری پارێزەری بـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٢ بووەتـە حاکـم لـە بەغـدا و هەولێـر و هەڵەبجـە، لـە سـاڵانی سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو لەگـەڵ کۆمەڵێـک خوێنـدکاری دیکـەی کـورد لـە بەغـدا گرووپێکیـان پێکهێنـاوە بـە نـاوی گرووپـی (لاوانـی کـورد) گۆڤارێکیشـیان هەبـووە بـە نـاوی گۆڤـاری (دیـاری لاوان).

مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد دامەزرێنـەر و لێپرسـراوی کۆمەڵـەی(ژ.ک)



**لە لای ڕاستەوە: نەمر سەرۆك مەلا مستەفای بارزانی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد**

ی باشووری کوردستان بووە کە لقێکی کۆمەڵەی(ژ. ک)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، ئیبراهیم ئەحمەد و لقی کۆمەڵەی(ژ. ک)ی باشووری کوردستان دەچنە ناو پارتی دیموکراتی کورد، لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک دەستگیر کراوە، کە ئازاد کراوە ڕێگای خەباتی نهێنی گرتۆتەبەر، تا شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد ساڵی ١٩٥١ لەسەر پێشنییاری ئەو ناوەکە گۆڕدراوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی





عێراق، لە کۆنگرەی سێیەمیش ساڵی ١٩٥٣ بۆتە سکرتێری ئەو حیزبە و هەر لەو کۆنگرەیەش بڕیاری دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی و لاوان و قوتابیانی کوردستان دراوە، لە ساڵی ١٩٦١ ئیبراهیم ئەحمەد وەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی(خەبات) بووە، لەگەڵ داخستنی ڕۆژنامەی خەبات و ڕاگرتنی مۆڵەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو بەغدای بەجێهێشتووە و خۆی شاردۆتەوە،

لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ ڕووی لە شاخ کردووە، لە ساڵی ١٩٦٤ تا ساڵی ١٩٧١ سکرتێری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ چۆتە لەندەن و تا کۆچی دوایی کردنی لەوێ ژیاوە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە تەمەنی(١٨) ساڵیدا دەستی بە نووسین کردووە لە ڕۆژنامەی(ژیان)ی شاعیری نەمر پیرەمێرد، نۆبەرەی نووسینەکانی پەخشانێکی ئەدەبی بووە بە ناوی(لە شەوا) لە ژمارە(٣٢٦) ی ڕۆژنامەی ژیانی ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ بڵاوکردۆتەوە، هەر لەگەڵ ئەو پەخشانەدا نامەیەکی بۆ پیرەمێردی شاعیر نووسیوەو دەڵێت:(کە بیستم چاکی ژیانیان گرتووە، ویستم یارمەتیتان بدەم، ئەوەی لە دەستم دێت نووسینی هەندێ مەقالەی ئەدەبییە بە کوردی پەتی، وە یا وەرگێڕانی مەقالاتە لە ڕۆژنامەکانی عەرەبەوە بۆ کوردی، ئەمەم لە دەست دێت، بەڵام شەرت ئەوەیە کە یارمەتییەکەم قبوڵ بکەن، نامەوێ بەرامبەر بەو چەند شیعرەی کە بۆتان ئەنێرم، یا بەرامبەر بەو مەقالانەی کە بۆتان تەرجومە دەکەم چ تەشەکورێکم بکەن، چونکە دەردی عەرەب ئەڵێن: لا شکر علی الواجب، وا ئەم جارە ئەم مەقالەیەم بۆ ناردن و وا بزانم بەشی



**مامۆستا ئیبراهیم و هاوسەرەکەی خاتوو گەلاوێژ و منداڵەکانی.**





**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ، خاتوو گەلاوێژ**

زۆری کوردی پەتییە، ئەگەر لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەکەتان نووسیتان وا دیارە یارمەتییەکەم قبوڵ دەکەن، وا دیارە کە هەر وەکو خۆتان بە پیری دەستتان داوەتە چاکی ژیان ناتانەوێ بە گەنجی هاووڵاتییان دەستی لێ بەردەن، قبوڵتانە ئامادەم هەموو وەختێ بۆ خزمەت، قبوڵتان نییە کارتان ڕاست بێت، ئیتر خۆشی سەری ئێوەم).

پیرەمێردیش بە ناوی ژیانەوە لە وەڵامدا نووسیویەتی:(هەمیشە چاوەڕێی ئەم شێوە شیرینە کوردییە ڕەوانەیە، پیرەمێردیش بە هیوای نەوجەوانانە). ئیتر بە بەردەوامی پەخشان و نووسینی ئەدەبی بۆ ژیان ناردووە لەوانە(شیرین لەسەرە مەرگا، شینی گوڵێ، لە بەیانا، ئاواتی دڵ:گەشتێک بەسەر باڵی پەڕبەندی خەیالەوە)، هەر لە ساڵی ١٩٣٢ زنجیرەیەک وتاری دیکەی بە ناوی(شاعیرەکانمان بڵاوکردۆتەوە کە دەچێتە خانەی ڕەخنەگرتن و هەوڵێک بووە بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی کە دواتر لە نووسینی هۆنراوەی (یادگار و هیوا) پەیڕەوی کردووە.

ئەو لە ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٩ لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی گۆڤاری




گەلاوێژ دەردەکەن، هەر بۆیەش لە ساڵی ١٩٤٤ ناچار دەبێت دەست لە کاری میری بکێشێتەوە، پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕزگاری دراوەتێ و لێپرسراوی ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانیش بووە و پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١هەمووی داخراوە.

بەشی زۆری نووسینەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نیشتمانپەروەری نەتەوایەتین، هەموو نووسینەکانیشی لەم ڕوانگەوە نووسیوە، دژی زوڵم و زۆرداری بووە، دژی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرییەتی عێراق بووە، هەمیشە هەوڵی داوە خەباتی چینایەتی بە خەباتی نەتەوەیی ببەستێتەوە، فەلسەفەی سیاسەتی خۆی لەسەر ئەم بنەمایە داڕشتووە، بۆ نموونە لە هۆنراوەی هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین کە بە یەک لە شاکارەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دادەنرێت داوای یەکێتیی کوردو دژایەتی دوژمنان دەکات و دەڵێت:

**داگیرکەری دڵپڕ لە قین**

**دڕندەی بێ ویژدان و دین**

**ناتوانی واکەی کورد نەبین**

**هەر کورد بووین هەر کورد ئەبین**

**نە عەرەبم نە ئێرانی نە تورکێکی شاخستانیم**

**نەک هەر من خۆم مێژووش ئەڵێ**

**کە کوردم و کوردستانیم.**

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کۆمەڵێک نووسینی ئاست بەرز و بەنرخی نووسیوە لەوانە(ژانی گەل، کوێرەوەی، دوا تیری کەوانی...) و نامیلکەی( الاکراد و العرب) کە لە ساڵی ١٩٣٧ بە زمانی عەرەبی نووسیوە کە هەوڵێک بووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا.

لـە بەرهەمـە دیارەکانـی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمەد(یـادگارو هیوا)یـە، کـە چەند جارێک بڵاوکراوەتەوە، یەکەمین جار بە ناو نیشانی(یادگارو دڵداری) بـە نـاوی خـوازراوی(م. و) بـە پێشـەکییەک هـەر بـە نـاوی خـوزراو(س) لـە ژمـارە(١)ی گۆڤاری(هـاوار) لـە سـاڵی ١٩٣٣ کـە لـە شـام جـەلادەت بەدرخـان دەریدەکـرد بڵاوکراوەتـەوە، ئـەو بەشـی زۆری بەرهەمەکانـی بـە نـاوی خـوازراوی وەکو(بلـە، ە ل ب، أ.أ، ن.أ) بڵاوکردۆتـەوە، پەخشـان و شـیعرەکانی لـە (گەلاوێـژ و دیـاری لاوان)یـش هـەر بـە نـاوی خـوازراو بڵاوکردووەتـەوە، وا چەنـد کۆپلەیـەک لـە هۆنـراوەی یـادگار و هیواتـان بـۆ دەنووسـمەوە، ئـەم هۆنـراوە لـە نـاو جەمـاوەری کـورد لـە هەمـوو کوردسـتان بـە ناوی(شـیرین بەهـارە) بەناوبانگـە کـە مامۆسـتای مەقامـی کـوردی ڕەوانشـاد تایـەر تۆفیـق هـەر لـە سـاڵی ١٩٤٦ەوە، لـە هەمـوو ئاهەنـگ و بۆنـە نیشـتمانی و نەتەوەییـە کوردییـەکان گوتوویەتییـەوە.

هۆنراوەی یادگارو هیوا:

**شیرین بەهارە، بەهاری شادان**
**بێ بەهرەن لەژین، گەل نامورادان**
**جەژن و بەهار و سەیران و خۆشی**
**گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان**
**شیرین ئەزانم کە تۆش زاماری**
**وەک من عەوداڵی خونچەی بەهاری**
**هیوای تۆ یەکە، هیوای من هەزار**
**من بێزار نەبم، تۆ بۆ بێزاری؟**
**مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان**
**چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیان!**
**لە زڕەی زنجیر، دڵت نەلەرزێ**
**پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان**
**بێ دابنیشین جە بن هەناران**
**کۆڕێ ببەستین چون مەی گوساران**

با ساتێ ناوی لە ناوا نەبێ
مەرگی جوانان، ناڵەی هەژاران
بێ دابنیشین جە بن داری بەی
نەختێ بنۆشین جە خۆشاوی مەی
ئینجا بزانە، کامیان جوانن
بەی ڕەنگی گەردن، مەی ڕەنگی گۆنەی!
بێ با بۆت بکەم باسی جوانیم
رۆژانی بەرخیم ،شەوانی شوانیم
وەفای ئازیز بووم شوان کارەی شادی
ژیام  بە خۆشی هەتا توانیـــــم
ژیان سەردەمێ بە کیف و خۆشی
بەشادی کڕین بە خەم فرۆشی
تاکو پێم کرا شەرابم نۆشی
هەتا توانیم روومەتم مژی
ئەوساکە چوومە ڕیزی دڵداران
پێی وتم سەردار، هۆزی هەژاران
بێ دابنیشین جە پای دیواران
زنجیر لە گەردن، چوون گوناهکاران
شیرین هەتاکەی دووری بچێژم؟
فرمێسکی خوێنین، تا کەی بڕێژم؟
تاکەی لە گۆشەی دڵی زارمدا
خونچەی جوانی و گەنجی بنێژم؟
بێ دابنیشین، دیدە پڕ ئەسرین
تۆ بگری بۆ خۆت، منیش بۆ شیرین
وا بەهاریش هات، کەژ و کێو ڕەنگین

**دڵەی عالەم شاد، دڵ خۆمان غەمگین.**

ئێوارەی ٨ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە تەمەنی(٨٦) ساڵیدا لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی گەیاندراوەتەوە شاری سلێمانی و لە ڕێورەسمێکی شایستە لە گۆڕستانی گردی سالم بە خاکی نیشتمان سپێردراوە.

لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ خاتوو ساجیدە ساڵح فەتاح هاوسەرگیری کردووە، دوو کوڕو پێنج کچیان هەیە، بە ناوەکانی(هەڵۆ، هاوڕێ، هێرۆ، شانان، هەتاو، لیلۆز، مژدە) خوا تەمەن درێژیان بکات، ڕوحی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

ساڵانە لە لایەن ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد(فاوندەیشن)ەوە، یادی مامۆستا دەکرێتەوە و خەڵاتی(بلە) دابەش دەکرێت.

سەرچاوەکان:

١- تێکستی گۆرانی، ئەرشیفی تێکستی گۆرانی، لە ٢٤-٩- ٢٠١٨.


٢- کوردیپیدیا.

٣- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیROjneus، وتارێکی نووسەر بەرهەم لەتیف.

٥- - Kurdish history، لە ٨-٤- ٢٠٠٠.

٦- نووسین و دارشتنی خۆم.



## جگەرخوێنی شاعیر

شاعیر و مرۆڤ و کوردپەروەر، زماننناس و فەرهەنگناس، نەمر جگەرخوێن ...

ناوی تەواوی(شێخ مووس کوڕی حەسەن کوڕی محەمەد)ە، ناسراوە بە جگەرخوێن، لە ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی(حەسار)ی دەوروبەری شاری مێردین لە باکووری کوردستان لە خانەوادەیەکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، بۆ بژێوی ژیانیان بە منداڵی شوانی و گاوانیی کردووە، هێشتا زۆر منداڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، خوشکە گەورەکەی بەخێوی کردووە، لە ساڵی ١٩١٤هەر لەبەر هەژاری و بێ دەرامەتی لە گوندی حەسار باریانکردووە بۆ گوندی (عاموودە)ی کوردستانی ڕۆژئاوا لە سووریا.


جگەرخوێن هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی خوێندن و خوێندنەوەی کردووە، چۆتە بەر خوێندنی حوجرە و زانستە ئاینییەکانی خوێندووە و هەر چوار پارچەی کوردستان گەڕاوە بۆ ئەوەی ببێتە مەلایەکی دوانزە عیلم تا بە ئامانجی خۆی گەیشتووە و لەسەر دەستی مەلا عوبێد مۆڵەتی وەرگرتووە و بووەتە مەلا، ماوەیەک مەلایەتی لە ڕۆژئاوا و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە.

جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٤٦ دەچێتە شاری قامیشلی دەست بە کاری




**شاعیر جگەرخوێن و چەند لاوێکی ڕۆژئاوا**

سیاسی دەکات و دەبێتە ئەندامی پارتی (جڤاتا ئازادی و یەکیەتییا کورد) و لە ساڵی ١٩٤٨ دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمینستی سووریا، لە ساڵی ١٩٥٤ دا پاڵێوراو بووە بۆ ئەندامێتیی پەرلەمانی سووریا، لە ساڵی ١٩٥٧ واز لە پارتی کۆمینست دەهێنێت و ڕێکخراوی(ئازادی) دادەمەزرێنێت، ئەو ڕێکخراوەش پاشتر دەچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا، پاش شۆڕشی ١٤ تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ جگەرخوێن ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و لە ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە(وانەبێژ- محاضر) لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، دواتر دەگەڕێتەوە قامیشلی خەریکی نووسین و کاری سیاسی دەبێت، هەر لەهەمان ساڵدا لە شاری دیمەشق دەگیرێت و دەخرێتە بەندیخانە پاش ماوەیەک ئازاد دەکرێت.




جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ خزمەکردنی شۆڕشی کورد دێتە باشووری کوردستان و چالاکیی خۆی پێشکەش بە شۆڕشی کورد دەکات.

لە ساڵی ١٩٧٣ دەچێتە لوبنان و لەوێ




هۆنراوەی(کیمە ئەز) دەنووسێت و پاشان لە ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە سووریا و لە ساڵی ١٩٧٩ ناچار دەبێت ڕوو لە وڵاتی سوید بکات و لەوێ وەکو پەناهەندەیەک جێگیردەبێت و خەریکی نووسین دەبێت و بەشداریی چالاکییە سیاسییەکانی کوردی ئەوێ دەکات. جگەرخوێن پاش هەستکردن بە زوڵم و زۆرداری دژی میللەتی کورد، وا بە باش دەزانێت واز لە مەلایەتی بهێنێت و بە گیانێکی نیشتمانپەروەری ڕوو لە کوردایەتی بکات و بکەوێتە نووسین و دانانی شیعری نیشتمانپەروەری و سیاسی، ئەو شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی خوێندۆتەوە و بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و شۆڕشە نەتەوایەتییەکەی شێخ سەعیدی پیران، بۆتە شاعیرێکی لێهاتووی نەتەوەیی، یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە شیعری لە گۆڤاری(هاوار) بڵاوکردۆتەوە، هۆنراوەی نەتەوەیی نووسیوە و هانی لاوان و ژنانی داوە بۆ هوشیاربوونەوەیان و ڕوو لە خوێندن و



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر جگەرخوێن، تەیموری خەلیل، قەناتی کوردۆ**




خەباتی کوردایەتی بکەن، سەرەتای هۆنراوە نەتەوایەتییەکانی هۆنراوەی(شام شەکرە وەلات شیرنترە)ی نووسیوە، نیشتمانی خۆی بە بووکی جیهان شوبهاندووە، سروشتی جوانی کوردستان، ئاوە سازگارەکەی بە بەهەشتی سەر زەمین چواندووە، با بەیەکەوە تەماشا بکەین چۆن وەسفی کوردستان و دەڵێت:

**وەلاتی من تووی بووکا جیهانی**
**هەمی باغ و بهشت و مێرگ و کانی**
**سەری تاجا سەلاحەددینی کوردی**
**ئەنی ڕۆژە دەبورجا ئاسمانی**
**دوو چاڤێن تە وەکی دەریایی هورمز**
**کەپوو ئەلماسە کاری کووش و وانی**



شاعیر جگەرخوێن، یەڵماز گۆنەی، کەنداڵ نیزان



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر جمشید حەیدەری، شاعیر جگەرخوێن، قەناتی کوردۆ**

**دوو زولفێن تە کتێبا حاجی قادر**

**زمانێ تە ژ بەندا شێخی خانی**

**جگەر خوینە کورێ تە هەر دنالی**

**ژ بەرنەزانی و خزانی!!**

جگەرخوێنی شاعیر بە بەردەوامی هانی ژنانی کوردی داوە کە ڕوو خوێندن و خوێندەواری بکەن و خۆیان پێبگەیەنن و ڕوو لە خەباتی سیاسی و کوردایەتیش بکەن، با بزانین لەم بوارەدا چ بە ئافرەتانی کورد دەڵێت:

**ئەی کچێ ڕابە بخوێنە دا تو سەربەست هەر بژی**

**زوو ژ خەو توو سەرهلینە بەس بمینە بێ مەژی**

**گەر بخوێنی دێ بدی خواندن تو ئێ هونەرتەڤا**

**گەر نەخوێنی کەس ژ بوومە ئێش و دەردان ناکوژی**

**وا جگەر خوین خووەش دنالی دا کوژن پیشڤەهەڕن**

**دا ببیژن هەر بژی کورد هەر بژی کورد هەر بژی!**

جگەرخوێن بەو باوەڕەی کە هەیبوو توانی خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بە نەمری لە دڵی هەموو کوردێکی کوردپەروەر بمێنێتەوە، کۆمەڵێک دیوانی شیعری کە پڕن لە هۆنراوەی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی، چەند




نەناسراوە لە میهرەجانی قامیشلی باسکردنی ژیان و بەرهەمی شاعیر جگەرخوێن

پەخشانێک و فەرهەنگێک بە دوو بەرگەوە و هەندێ نووسینیش دەربارەی ڕێزمانی کوردی، ئەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە:

- دیوانی یەکەم: پریسک و پەتی (Prîsk û Pêtî)، ساڵی ١٩٤٥ لە دیمەشق.
- دیوانی دووەم: سەورا ئازادی (Sewra Azadî)، ساڵی ١٩٥٤ لە دیمەشق.
- دیوانی سێیەم: کیمە ئەز (Kîme Ez)، ساڵی ١٩٧٣ لە دیمەشق.
- دیوانی چوارەم: ڕۆناک (Ronak)، ساڵی ١٩٨٠ لە ستۆکهۆڵم.
- دیوانی پێنجەم: زەند ئاڤستا (Zend-Avista)، ساڵی ١٩٨١ لە ستۆکهۆڵم.
- دیوانی شەشەم: شەفەق (Şefeq)، ساڵی ١٩٨٢ لە ستۆکهۆڵم.
- دیوانی حەوتەم: هێڤی (Hêvî)، ساڵی ١٩٨٣ لە ستۆکهۆڵم.
- دیوانی هەشتەم: ئاستی (Astî)، ساڵی ١٩٨٥ لە ستۆکهۆڵم.
- دەستوورا زمانێ کوردی (Destûra Zimanê kurdî)، ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا.
- فەرهەنگ (پەرچێ یەکەم) (Ferheng، perçê yekem)، ساڵی ١٩٦٢ لە






بەغدا.

- فەرهەنگ (پەرچێ دوەم) (Ferheng، perçê diwem)، ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا.

نووسەر هەڤاڵ زاخۆیی کتێبێکی لەسەر شاعیری کوردپەروەر جگەرخوێن نووسیوە بە ناونیشانی (جگەرخوێن شاعیر و مرۆڤ و کوردپەروەر) کە ڤەگۆهاستن و بەرهەڤکرنە، لە ساڵی ٢٠٠٤ چاپی کردووە، وا بەرگەکەم هاوپێچ کردووە.

نووسەر (عبدالوهاب الكرمي) کتێبێکی لەسەر شاعیر جگەرخوێن نووسیوە بە ناوی(من روائع جگرخوين الشعرية) وا بەرگی ئەویشم هاوپێچ کردووە.

لە ڕۆژی ٨-٤-٢٠٢٢ بۆ ماوەی(٣٠) ڕۆژ ڕۆشنبیرانی کوردی ڕۆژئاوا لە قامیشلی میهرەجانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبییان ئەنجام داوە کە هەر ڕۆژەی باسی شاعیرێک یان کەسایەتییەکی کوردییان کردووە، ڕۆژێکی تایبەتیشیان تەرخان کردبوو بۆ ژیان و بەرهەمەکانی شاعیری نەمر جگەرخوێن.

شاعیر جگەرخوێن لە ٢٢-١١- ١٩٨٤ لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسییەتی خۆی تەرمەکەیان بردۆتەوە قامیشلی، لەوێ بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، گیانی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

.سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣- Wikiwand.

٤-Kuridi zanist..

٥- Zaniary.com.

٦- نووسین و دارشتنی خۆم.



# ڕەفیق حیلمی

لە کەرکووک و سلێمانی و کفرییەوە بۆ ئەستەنبوڵ......شاعیر و نووسەر و مێژوونووس، وەرگێڕ و ڕووناکبیری گەورەی کورد، ڕەوانشاد ڕەفیق حیلمی...

محەمەد ساڵح عەبدوڵڵا ئەفەندی هاوسەرگیری لەگەڵ(حەلاوەخانی)کچی مارف ئاغای عەزیز ئاغا کردووە، نۆبەرەی ئەم هاوسەرگیرییە لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری کەرکووک، کوڕێک بووە ناویان لێناوە(ڕەفیق)، کە دواتر بە(ڕەفیق حیلمی) ناسراوە، ئەو یەکێکە لە ڕووناکبیرترین مامۆستاکانی ئەو سەردەمی کوردستان و عێراق، بۆتە پێشڕەوی خەباتکردن و کۆڵنەدان دژی دوژمنانی میللەتی کورد و بەگژیاندا چۆتەوە.


باوکی ڕەفیق حیلمی فەرمانبەر بووە هەر ڕۆژەی لە شوێنێک بووە، ڕەفیق حیلمی لە ساڵی ١٩٠٩ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(سەلاحییە) لە کفری تەواو کردووە، پاشان ماڵیان چۆتەوە کەرکووک ماوەیەک دەرسی ئایینی خوێندووە، بە هۆی گواستنەوەی باوکی چوونەتە سلێمانی لەوێ خراوەتە قوتابخانەی(ڕوشدییەی عەسکەری) لە سالانی ١٩١٢- ١٩١٣ پۆلەکانی چوار و پێنجی ئامادەیی سەربازی تەواو کردووە، ساڵی ١٩١٤ چووەتە مەکتەبی (الهندسة العالي- ئەندازیاریی باڵا) لە ئەستەنبوڵ و ساڵی ١٩١٨ تەواوی کردووە، لەوێ فێری زمانەکانی تورکی و فەرەنسی



**لە لای ڕاستەوە: ئەمر شێخ مەحمودی حەفید، مامۆستا ڕەفیق حیلمی**

و ئینگلیـزی بـووە و خەتیشـی زۆر خـۆش بـووە، بەهـرەو توانایەکـی باشـی هەبووە لـە نەخـش و وێنەکێشـان، لـە سـاڵی ١٩١٩ گەڕاوەتـەوە سـلێمانی، بۆتـە مامۆسـتا و بـەردەوام بـووە لـەم کارەی تـا سـاڵی ١٩٥٨.

لـە مانگـی دوانـزەی سـاڵی ١٩٢١ ڕەفیـق حیلمـی لـە مامۆسـتا شـوکری عەبدوڵـڵا بەڕێوەبـەری قوتابخانەی(ظفـر)ی سـەرەتایی لـە کەرکـوک تەلەگرافێکـی پێدەگات و داوای لێدەکات کە بێتە کەرکووک و ببێتە مامۆستای




بیـرکاری لـە قوتابخانەکەیـان، ڕۆژی ١٦-١٢-١٩٢١ گەیشـتۆتە کەرکـووک، بـەڵام ئینگلیـزەکان داوایـان لێکـردووە ببێتـە سـەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (نجمـة) ئـەو داواکـەی ئەوانـی ڕەتکردۆتـەوە، بۆیـە لـە ٢٠-٨-١٩٢١ فەرمانـی گواسـتنەوەی بـۆ قوتابخانـەی (سـەعادەت)ی سـلێمانی بـۆ دەردەکـەن، ڕەفیـق حیلمـی دیسـان فەرمانەکـەی ڕەتکردۆتـەوە، بۆیـە بۆ ڕۆژی دواتر هـەر بە تەلەگراف لە بەغداوە لە وەزیفـە دەرکـراوە.



پەیکەری ڕەفیق حیلمی

ڕەفیق حیلمی دەچێتە بەغدا و پاش ماوەیەک لە ڕێگای کاپتن(جیرۆم فارل) کە ڕاوێژکار بووە لە وەزارەتی مەعارف و دەگەڕێتەوە مامۆستایەتی و ڕەوانەی قوتابخانەی سەعادەتی سلێمانی دەکرێت.

لە ١٠-١٠-١٩٢٢ لە کابینەی دووەمی حکومەتەکەی شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان بە موچەی(٢٥٠)ڕوپییە دەبێتە بەڕێوەبەری ئامادەیی مەحموودییە، لەو ماوەیەدا زمانی کوردی بووە بە زمانی خوێندن و دەرس وتنەوە و هەموو قوتابیان یەک جل و بەرگیان پۆشیوە و لە ڕۆژانی هەینییدا پارەیان لە خەڵک کۆکردۆتەوە و جل و بەرگییان بۆ هەژارەکان پێ کڕیوە و تیپێکی مۆسیقاشیان دامەزراندووە، ژمارەی قوتابیان ئەو کات لە سلێمانی(٨٠٠) قوتابی بووە.


لە لای ڕاستەوە: محەمەد ئەمین دەربەندفەقەرەیی، ڕەشید باجەلان، عەزیز پشتیوان، ئەوەی دانیشتووە:ڕەفیق حیلمی، سەرۆك و ئەندامانی حزبی هیوا،
وێنەکە لە ساڵی ١٩٤٣ لە خانەقین گیراوە




دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی، ئینگلیزەکان ڕەفییق حیلمی- یان گواستۆتەوە بۆ کەرکووک، هێشتا لەوێ جێگیر نەبووە بە تاوانی پڕۆپاگاندە کردن بۆ تورک، چونکە هەندێ شیعری خۆی بە زمانی تورکی چاپکردبوو، لە ١٤-٩-١٩٢٤ دووریان خستۆتەوە بۆ گوندی(المجر الکبیر) لە خوارووی عیمارە و دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە، لە ١-٩-١٩٢٦ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە کەرکووک لە قوتابخانەی(العلمیة) دەست بەکار بووە، لە ساڵی ١٩٢٨ حکومەتی عێراقی ڕازی بووە بە وەزیفەوە بگەڕێتەوە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٣٠-١٩٣١ ماوەیەک مامۆستای ئامادەیی بووە لە هەولێر، لە ساڵی ١٩٣٢ گەڕاوەتەوە سلێمانی، هەر بۆ هەراسانکردنی دووریان خستۆتەوە بۆ ناسرییە، دواتر بۆ موسڵ، لە ساڵی ١٩٣٤ ڕەوانەی بەسرە کراوە و دواتر بۆ ناسرییە و لە ١-١٠-١٩٣٦ گەڕاندوویانەتەوە بۆ کەرکووک، لە ساڵی ١٩٣٨ گواستراوەتەوە بۆ بەغدا و بووە بە موفەتیشی مەعاریف، لە ساڵی ١٩٤٣ بۆتە موفەتیشی مەعاریف لە کەرکووک و هەولێر، لە ساڵی ١٩٤٧ بۆتە بەڕێوەبەری مەعاریفی دیالە



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، مامۆستا کامل ژیر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حافز مستەفا قازی، مامۆستا ڕەفیق حیلمی**



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا ڕەفیق حیلمی ، شاکر مەجروم**

تا ساڵی ١٩٥٢، لە پاشان وەکو بەڕێوەبەری مەعاریفی عیمارە و لە ساڵی ١٩٥٦ کراوەتە یاریدەدەری ئەمانەتی بەغدا و دواتریش وەک بەڕێوەبەری ئامادەیی مەرکەزی بەغدا دەست بەکار بووە.

ڕەفیق حیلمی مامۆستا و نووسەر و خەباتگێڕێکی گەورەی کوردە، ئەو یەکێک بووە لە ڕێکخەرانی شەڕی بەر دەرکی سەرای سلێمانی ساڵی ١٩٣٠ بەم هۆیەشەوە ماوەیەک گیراوە.

ئەو کاتەی دەستەیەک لە قوتابیان و لاوانی کوردی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و کۆیە و کفری و خانەقین، ڕێکخراوێکی سیاسییان دامەزراندووە بە ناوی(کۆمەڵەی دارکەر) کە ئامانجیان ڕزگارکردنی کوردستان بووە، بەڵام نەبووەتە ئەو پارتە سیاسییە و جەماوەرییە تا لە ساڵی ١٩٣٩ ڕەفیق حیلمی نە بووە بە سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە و هەر لەسەر داخوازی و پێشنیاری ئەو کراوە بە(پارتی هیوا) کە شێواز و شیرازەیەکی نوێ و نوێخوازی هەبووە لە ڕێبازی کوردایەتیی هاوچەرخمان، هەر لەسەر بنەما و بنچینەی ئەو حیزبەش بوو لە



١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کورد دامەزراوە و دواتر لە ساڵی ١٩٥١ ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

ڕەفیق حیلمی کۆمەڵێک وتاری سیاسی و ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە گۆڤاری گەلاوێژ، هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی لە بوارەکانی شیعر و مێژوو و وەرگێڕان لە دوای خۆی بۆ نەوەکانمان جێهێشتووە کە ئەمانەن:


- کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ساڵی ١٩٢٠، بە زمانی عەرەبی.
- خولاسەی مەسەلەی کورد، لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، ساڵی١٩٤١.
- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم ساڵی ١٩٥٦.
- پاش تەمموز، دیوانی شیعر.
- کوردستانی ئێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، شەش بەرگەو هەمووشی چاپکراوە.

ڕەفیق حیلمی لە ٤ ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ بە خاک سپێردراوە.

ڕوحی مامۆستا ڕەفیق حیلمی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم لاپەڕەکانی(٤١٩-٤٣٢) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ٢٠٠٦.
٢- ڕووداو نیت، بەرنامەی پەنجەمۆر.
٣- ماڵپەڕی خۆزگە.
٤- کوردیپیدیا- ئیسکلۆپیدیای ئازاد.
٥- کتێبی پۆرترێکی مونەوەرێکی کورد، لە نووسینی نووسەر مەجید ساڵح لە ساڵی ٢٠١٨ لە سلێمانی چاپکراوە.
٦- نووسین و دارشتنی خۆم



# سەبری بۆتانی

هەست و شعوری کوردایەتی لە دیداری و ئاشنا بوونی بە میرجەلادەت بەدرخان و شاعیری گەورەی کورد جگەرخوێن وەرگرتوو، شاعیر و نووسەری خەباتگێڕ ڕەوانشاد سەبری بۆتانی..

ناوی تەواوی(سەبری ئەحمەد تەمەر)ە، لە ساڵی ١٩٢٥ یان ١٩٢٦ لە گوندی(لۆدێ)ی سەر بە شاری سیرتێی دەڤەری بۆتان لە بنەماڵەیەکی هەژار و کاسبکار، دڵ دەوڵەمەند بە مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی لە دایک بووە، ئەو تەمەنی لە نێوان(٤-٥) ساڵیدا بە هۆی ستەم و زوڵم و زۆرداری کاربەدەستانی ئەوسای تورکیا، بە تایبەتی پاش دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی کورد لە(ئاگری داغ) لە ساڵی ١٩٣٠ بەسەرکردایەتیی ئیحسان نوری پاشا، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردوو باوکی سەبری بە خاووخێزانەوە زێدی باوک و باپیرانییان بە جێدێڵن و دەچنە ڕۆژئاوای کوردستان، دایکی سەبری حەزی لێ بووە بچێتە بەر خوێندنی ئایینی، بەڵام ئەو حەزی لە قوتابخانە بووە، سەبری بۆتانی دەچێتە بەر خوێندنی ئایینی، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت مامۆستاکەی(مەلایەکە)ی کۆچی دوایی دەکات، ئەو دەچێتە قوتابخانە تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندووە لە بەر سەختیی ژیان و دەست کورتی درێژەی بە خوێندن نەداوە.


سەبری بۆتانی لە ڕۆژئاوای کوردستان بە دیداری میر جەلادەت



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر هەژار موکریانی ، شاعیر سەبری بۆتانی**

بەدرخان شاد و ئاشنا دەبێت و هەر لەوێش شاعیری کوردپەروەر جگەرخوێن دەبینێت و ڕوح و هەست و نەستی کوردایەتی و کوردپەروەری لەوان فێردەبێت، دەست دەکات بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکیی کوردی لە شیعرەکانی جگەرخوێن و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێی تەیران و بێکەس و قانع و نالی و گۆران، ئەو خۆی خۆی پێگەیاندووە و گیانی کوردایەتی لای گەیشتۆتە لووتکە.

لە گەرمەی شەڕی جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٥ بە ماڵەوە هاتوونەتە باشووری کوردستان و لە زاخۆ جێگیر بووینە و خەریکی کار و کاسبی و بژێوی ژیانیان بوونە، ئەو هەر لەو ماوەیەدا بۆتە ئەندامێکی چالاکی حیزبی(هیوا)، لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی لە ساڵی ١٩٤٥ بە تاوانی پشتگیری کردنی شۆڕشی دووەمی بارزان لە شاری موسڵ ماوەیەک دەستگیر کراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ کە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە بۆتە ئەندامێکی ئەو حزبە، هەر لەو سەردەمیشەوە بەهرەی نووسین و شیعر دانانی لا دروست





بووە و هۆنراوەی نیشتمانپەروەری نووسیوە.

سەبری بۆتانی لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و ئەرکی پێشمەرگایەتی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لە ناو شۆڕشدا بەجێهێناوە، لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ هاتۆتە شاری هەولێر، دوای ماوەیەکیش دەچێتە بەغدا لەوێ دەست بە نووسین و بڵاوکردنەوەی پارچە شیعر و وتاری سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان دەکات لەوانە (التأخی، برایەتی، بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و نووسەری کورد).

لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ دووبارە دەگەڕێتەوە ناو شۆڕش و لە دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش دەست بەکار دەبێت، پاش نسکۆی شۆڕش، لە بەر باری تەندروستی دەگەڕێتەوە بەغدا، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کورد دەچێتە دەرەوەی وڵات، لە ساڵی ١٩٩٢ لە وڵاتی(نەرویج) وەکو پەنابەر نیشتەجێ دەبێت.

سەبری بۆتانی شاعیرێکی هەست ناسک و بە توانا بووە، شاعیری کوردایەتی و سروشت و جوانی بوو، شیعرەکانی کە سێ کۆمەڵە شیعرن بە ناوەکانی(شین و شادی، دڵستان، بلورا چیایێ) یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک لە دیوانێکی قەشەنگدا بۆیان لە چاپداوە بە ناوی(دیوانی بۆتانی) کە بڕیتییە لە(٢٦٢) لاپەڕەی قەوارە ناوەنجی، زۆربەی هۆنراوەکانی سەبری بۆتانی لەسەر (کێش- عروض)ی سووکی (حەوت)بڕگەیی و لەسەر کێشی (٣-٤) خۆماڵی کوردین.

سەبری بۆتانی باوەڕی بە خەباتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەبووە، نیشتمانپەروەرێکی بێ هاوتا بووە، ئەو لە شیعری خەیاڵی دوور بووە، هەموو خەم و پەژارە و ئازار و ئەشکەنجەی گەلەکەی لە شیعرەکانی زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕەنگی داوەتەوە، ئاواتی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی کوردستان بووە.

- ئـەو پەیوەندییەکـی باشـی هەبـووە لەگـەڵ هەمـوو ئەدیـب و ڕۆشـنبیران لەسـەرتاسـەری کوردسـتان.
- چەندین هەڵبەستی شاعیر سەبری بۆتانی کراونەتە گۆرانی بە تایبەتی لە لایەن گۆرانیبێژی بە ناوبانگ محەمەد شێخۆ.
- مامۆستا حەمدیە حەسەن محەمەد لە زانکۆی دهۆک نامەی ماستەری لەسەر بەرهەمەکانی شاعیر سەبری بۆتانی وەرگرتووە، کۆڕی زانیاریی کورد بۆی چاکردووە.
- دکتۆر شەوکەت سندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی لەسەر دیوانە شیعرییەکەی سەبری بۆتانی کردووە و لە گۆڤاری(پەیڤ)ی ژمارە(٧٧) دا بڵاوکراوەتەوە.
- چەند بەرهەمی هەمەڕەنگی بڵاونەکراوەی هەیە، لەوانە ڕۆمانێکی گەورە کە زیاتر لە(٧٨٠) لاپەڕە بووە، بەڵام ساڵی ١٩٩١ لە کاتی کۆچکردنی بۆ دەرەوەی وڵات دیار نەماوە و چاپیش نەکراوە.
- چەند چیرۆکیک و چەند نووسینێکی بۆ زارۆکان نووسیوە.
- سەبارەت بە شاعیر و نووسەر سەبری بۆتانی، شاعیر و نووسەری گەورەی کورد کەریم شارەزا دەڵێت:(سەبری بۆتانی لەو ڕۆژەی کە دەستی کردووە بە خەبات لە هەر شارێکی کوردستان بووبێ، لە



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، سەبری بۆتانی**



پەیکەری شاعیر
سەبری بۆتانی

دەرەوەی کوردستان بووبێ، لە ناوەوەی کوردستان بووبێ، هەڵوێستی جێگیر و نەگۆڕ بووە)ە.

- لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول و خەباتی پێشمەرگایەتی سەرکردەیەکی پێشمەرگە بە ناوی(عەلی هالۆ سندی) هەر بانگی کردووە سەبری بۆتانی تا ئەم نازناوەی وەرگرتووە.
- لە ١٨-٦- ٢٠١٣ بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیری و لاوانی دهۆک پەردەی لەسەر هەر دوو پەیکەری (ئیحسان نوری پاشا و سەبری بۆتانی) لە پارکی ئازادی لاداوە.

سەبری بۆتانی لە ٢٥-١٠-١٩٩٨ لە وڵاتی نەرویج لە غەریبی کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

وا پارچە هەڵبەستێکی شاعیر سەبری بۆتانی- تان بۆ دەنووسمەوە.

عانشقان پەردە دڕاندن چەپ و ڕاست
مە ل پێ نامێ شاندن چەپ و ڕاست
پەیک و مزگێنی دهاتن پێل و پیل
ب ئاوازەک نوو ستراندن چەپ و راست
جوتیار و ڕێنجبەر و پالان شەڤ و ڕۆژ
ژ دەمێ هەڤ درەڤانەن چەپ و راست
شلیپان دهاتن مەیدانێ کت و جۆت
وەک بازان شەپەڕ شەقاندن چەپ و راست
خورشید و شێر و شاهینان ڕاهێنانێ
کۆزک و چەپەر شکاندن چەپ و راست
خوەش د خوەندن قەق بوو هەی قەقە بوو
کافر دخوونێ گەڤزاندن چەپ و راست
ئەڤینداران جان و دل دان دلستانێ



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، سەبری بۆتانی**

تەڤنا ژینەک نوو ڕاچاندن چەپ و راست
ترس و لەرزا ڤێ خەبات و کێڤە ڕاتێ
بەگ و دوژمن لەرزاندن چەپ و راست
خوە پەرستان ئەڤ سەرو ئەو سەر لەیزتن
خوە ب دۆلارا وەڕماندن چەپ و راست
تۆڤی ڕک و کەرب و کینا ڕەش ڕەشاندن
دوەلاتێ مەدە چاندن چەپ و راست
ئەڤ هەموو دەرد و خەم و زۆر و ستەم
دوژمنا ل مە باراندن چەپ و راست


سەرچاوەکان:
١- کوردیپیێدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٢- کەناڵی کوردستان ٢٤، بەرنامەی قەڵەندەرخانە.
٣- لاپەڕەی فەیسبووکی سەبری بۆتانی لە ٢٩-١١-٢٠١٩.
٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# جەمال عیرفان

زۆرجار بە یەکەم تیرۆرکراوی سیاسیی کورد دەناسرێت، ئەفسەری لێهاتوو و نووسەری پێشکەوتنخوازی کورد شەهید جەمال عیرفان

ناوی تەواوی(جەمال عیرفانە ئەفەندی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای مەلا ڕەسوڵی کاژاوی)یە، لە ساڵی ١٨٨١ لە بنەماڵەیەکی ئایینیی کوردپەروەر لە دایک بووە، مەلا عەبدوڵڵای باوکی زانایەکی ئایینیی گەورە بووە و شارەزاییەکی زۆر باشیشی لە بواری بیرکاری و فەلەکناسیی هەبووە.

جەمال عیرفان دەستی بە خوێندنی ئایینیی لای باوکی و خوێندن لە قوتابخانەی(ڕوشدییە)کردووە، دواتر بۆ خوێندن چۆتە بەغدا و لەوێشەوە بۆ ئەستەنبوڵ، لە ساڵی ١٩٠٦ پلەی ئەرکانی سەربازی وەرگرتووە لە ناو سوپای عوسمانیدا، لە ساڵی ١٩١٩ بۆتە فەرماندەی هێزی(سوارە)ی سوپای عوسمانی کە بە سوپای(لیڤی) ناسرابوو، لە ساڵی ١٩٢١ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا بڕیار دەدات ئەنجومەنێک بۆ بەڕێوەبردنی شاری سلێمانی دابمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵبژاردنیان کردووە، چوار کەس لە هەڵبژاردنەکە دەرچووینە یەکێکیان جەمال عیرفان بووە و بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەدانی شاری سلێمانی، ماوەیەکیش بووەتە بەڕێوەبەری ناحییەی(مەرگە)، هەروەها بە نوێنەرایەتی کورد بەشداری لە کۆنگرەی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر تەها ڕەسوڵ، دکتۆر مەغدید سەپان**

گەلانی ڕۆژهەڵات کردووە، کە بە سەرپەرشتی(لینین) بەڕێوەچووە.

جەمال عیرفان لە ڕووی فیکر و بیروباوەڕەوە باوەڕی بە سۆشیالیستی و ئابووریی سەربەخۆ هەبووە، لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیرییش دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی(پێشکەوتن) بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکی شاری سلێمانی و کوردستان، لە کاتی حوکمی مەلیک شێخ مەحمودی نەمر، ئەو کۆمەڵێک ڕێکخراوی نەتەوەیی و پەروەردیی پێکهێناوە وەکو(تەعالی کوردستان، وەتەنییەکان، فیدائییانی کوردستان، (خۆرهەڵاتن- شروق)، ئەو بە دەربڕینی خۆی خەباتی فیکری کردووە بە مەبەستی نەهێشتنی درۆ ودەلەسە و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان.


جەمال عیرفان دەسەڵاتی لە لای عوسمانییەکان هەبووە، بەڵام هەر زوو هەوڵدراوە سنوورێکی بۆ دابنێن، بۆیە لە پیلانێکدا ڕۆژی ١٢-١٢- ١٩٢٢ لە ماڵەکەی خۆیدا دەستڕێژی گوللەی لێکراوە و تیرۆریان

کـردووە، تیرۆرکردنەکـەی بـە تەمومـژاوی ماوەتـەوە، چەنـدیـن بۆچـوون لـەم بارەیـەوە هەیـە:

- هەندیـک بڕوایـان وایـە کـە بـە هـۆی کێشـەو پشـێوییەکانی نێـوان عوسـمانییەکان و ئینگلیزەکان لـە ناوچەکـەدا لـە لایـەن ئـەوان تیرۆرکـراوە.

- لایەنێکی دیکە دەرەبەگەکان و شێخ مەحمودی حەفید تاوانبار دەکەن بە بەرپرسی سـەرەکی لە تیرۆرکردنەکەی، بۆ ئەمەش ئاماژە بە قسـەیەکی خێزانەکەی(خەدیجـە ئیسـماعیل) دەکـەن کـە وتوویەتـی:( لـە سـەردەمی دووەمین حوکمڕانیی شێخ مەحمود و لە سایەی حوکمی کوردیدا لەسـەر بیـروڕای ئـازاد لـە ماڵەکـەی خـۆی تیرۆرکـرا، لەگـەڵ ئـەوەی باسـی لـە نزیکیی شێخ مەحمـود و جەمـال عیرفان کـردووە)، هـەر خەدیجـەی خێزانی لـە شـوێنێکی دیکـەدا دەڵێت:(کـەم کـەس هـەن کـە شـێخ مەحمـود گـۆرانـی بۆ وتـوون، بـەڵام شـێخ ئەوەنـدی جەمـال عیرفـان خۆشـدەویست...زۆربەی




پێشکەوتن

ڕۆژ دەهاتـە ماڵەکەمـان و لەسـەر قەنەفەیـەک دادەنیشـت، گۆرانیی(ئەڵـڵا وەیسـی) بـۆ جەمالـی خۆشەویسـت دەوت، هەمـوو جارێکیش بە گاڵتە پێـی وتـووە: جەمـال لەبـەر ئـەوەی تـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە تورکیا بوویت میزاجی کوردەواریـت تێکچـووە، بۆیـە ئەڵـڵا وەیسـیی خۆمانـەت بـۆ ئەڵێـم).

لـە هەنـدێ سـەرچاوەی دیکـەدا هاتـووە کـە جەمـال عیرفـان تیرۆرکـراوە، شـێخ مەحمـود فرمێسـکی لـە چـاوی قەتیـس مـاوە و وتوویەتـی: خوێنەکـەی وون نابێـت. بۆیـە برازایەکـی جەمـال عیرفـان بـە نـاوی سـەلاحەدین عەلـی عیرفـان دەڵێـت:( ئـەو بـۆ چوونـەی کـە شـێخ مەحمـود تاوانبـار دەکات دوورە لـە ڕاسـتی).

تیرۆرکردنـی جەمـال عیرفـان تـا ئێسـتا بـە لێڵـی ماوەتـەوە، بـەڵام بـە لای




دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان



**خاتوو خەدیجە ئیسماعیل هاوسەری جەمال عیرفان**

زۆربەی چاودێران ئەو یەکەم تیرۆرکراوی سیاسیی کوردە لە مێژووی هاوچەرخمان و بە شەهیدی فیکر و قەڵەمیش دەناسرێت.

خاتوو(خەدیجە ئیسماعیل) کە خێزانی ڕووناکبیر جەمال عیرفان بووە، باوکی(شەرکەسی) بووە لە ئەنقەرە لە دایک بووە، پاش ماوەیەک هاتوونەتە شاری موسڵ، تەمەنی(٣)ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە سەرەتا دایکی پەروەردەی کردووە، دواتر دایکی شووی کردۆتەوە، ئەو لەگەڵ جەمال عیرفان هاوسەرگیرییان کردووە و کوڕ و کچێکیان هەبووە بە ناوەکانی(عادل و جەمیلە)، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە، جەمال عیرفانیش دوو براو چوار خوشکی هەبووە بە ناوەکانی(ئەحمەد ، عەلی، نائیلە، حەفسە، کامیلە، حەبیبە).

لە شاری سلێمانی شەقامێک بە ناوی ڕووناکبیر جەمال عیرفان کراوە وا وێنەکەم هاوپێچکردووە.

هەر لە شاری سلێمانی دەزگایەکی گەورەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کراوەتەوە بە ناوی(مەڵبەندی ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان) کە ڕووناکبیر دکتۆر تەها ڕەسووڵ خاوەنیەتی، هەموو چالاکییەکانی ئەم دەزگایە لە

پشتگیری کردنی نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان و بڵاوکردنەوەی ئەم دەزگایە هەمیشە و هەرگیز دریغی نەکردووە، هەر هەمووشی لەسەر ئەرک و خەرجیی دکتۆر تەها ڕەسووڵ بووە و دەبێت، یا خوا نموونەی هەر زۆر بێت لەم کوردستانە جوان و ڕەنگینەمان، گیانی پاکی نووسەر و ڕووناکبیر جەمال عیرفان شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ -ماڵپەڕی تەڤدا- پریس، چاوپێکەوتنێکی نووسەر کەمال نوری مەعروف لەگەڵ خاتوو خەدیجە ئیسماعیل هاوسەری جەمال عیرفان لە ٦-٢-١٩٨٠، پێش کۆچی دوایی کردنی بە چەند مانگیک.

٢ - ئەفسەری لێهاتوو و نووسەری پێشکەوتنخوازی کورد جەمال عیرفان، لە ماڵپەڕی مێژووی کورد لە ١-٧-٢٠١٧.

٣ - خاک تیڤی، فیلمێکی دوکیۆمێنتاری لەسەر جەمال عیرفان، لە ٢٢-٥-٢٠٢٠.

٤ -ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٥ -ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیRoJ، فلمێکی دوکیومێنتاری - جەمال عیرفان، یەکەمین تیرۆری سیاسی.

٦ - کوردیپیدیا.

٧- Wekewand.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی

مامۆستای ئەکادیمیی مێژووی عێراقی نوێ و هاوچەرخ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و توێژەر و پسپۆری ساغکردنەوەی تێکست و بەڵگەنامە مێژووییەکان، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی..

ناوی تەواوی(عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی)یە، مێژووی بنەماڵەکەیان بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە گوندی(شاخ) لە دامێنی چیای(جودی) لە باکووری کوردستان، پاشان چوونەتە(جزیرە) پایتەختی (میرنشینی- إمارة)ی (بۆتان)، لە ساڵی ١٨٤٧ لە کاتی دەسەڵاتی میر بەدرخان کە میرنشینی بۆتان ڕووخاوە منداڵەکانی نەیانتوانیوە دەسەڵاتی میرنشینەکە وەربگرنەوە، لە ساڵی ١٨٧٨ سوپای عوسمانی هێرشی کردۆتە سەر ناوچەی جزیرە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان ڕزگاری بووە و لە ئاوی دیجلە پەڕیوەتەوە و هاتۆتە باشووری کوردستان و سەرەتا لە شاری موسڵ گیرساوەتەوە، دواتر لە گوندی(هوستان) لە ناوچەی بارزان نیشتەجێبوونە، لە ساڵی ١٩٠٠ باپیرە گەورەیان کە ناوی عەلی محەمەد جزیری بوو کۆچی دوایی دەکات لە گوندی قادریە نزیک هەولێر، منداڵ و نەوەکانی بەسەر شارەکانی هەولێر و کەرکووک و مووسڵ بڵاودەبنەوە و دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن.



**ئەندامانی خولی یەکەمی ئەکادیمیای کوردی ٢٠٠٧- ٢٠١١**
**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری، دکتۆر ئازاد ئەحمەد مەحموود، ، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دکتۆر شەفیق قەزاز، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، مامۆستا جەمال عەبدول، دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، دکتۆر فاروق عومەر سدیق، شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی**

دکتۆرعەبدولفەتاح بۆتانی لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی(گردەپان)ی سەر بە قەزای ئاکرێ (عقرة) لیوای(موسڵ)ی جاران (ئێستا سەر بە پارێزگای دهۆک)ە، لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری مووسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بەشی مێژووی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ بە پلەی یەکەم لەسەر هاوپۆلەکانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی دبلۆمی باڵای پیشەیی لە شێوازی وانە وتنەوە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا بە پلەی دووەم لە بەشەکانی مێژوو و جوگرافیا بەدەستهێناوە، لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٨٨ وەکو مامۆستای وانەی مێژوو لە قوتابخانە ناوەندییەکانی(بەردەڕەش و تەلسقێف و ناو شاری مووسڵ) دەست بەکار بووە.

دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی لە ساڵی ١٩٩٠ بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی نوێ بە پلەی(ئیمتیاز) لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٥ دکتۆرای لە هەمان پسپۆڕی و بە هەمان پلەی ئیمتیاز هەر

لە زانکۆی مووسڵ بە دەستهێناوە، لە ١-١٠-١٩٩٥ وەکو مامۆستا لە زانکۆی دهۆک درێژەی بە خزمەتکردن داوە.

دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی لە ساڵی ١٩٩٦-٢٠٠٢ ڕاگر(عمید) ی کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک بووە، لە ساڵی ٢٠٠٦- ٢٠١٤ ڕاگر(عمید)ی مەڵبەندی دیراساتی کوردی و پاراستنی بەڵگەنامەکان بووە لە زانکۆی دهۆک، لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەندامی کارای ئەکادیمی کوردی بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠١٤ سەرۆکی لیژنەی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان بووە، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، مامۆستای موحازیر بووە لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نەورۆز لە دهۆک.

لە ١٩ -٩ -٢٠١٥ەوە، بۆتە سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر تا وەکو ئێستاش لە خزمەتکردن بەردەوامە.



**ئەندامانی خولی دووەمی ئەکادیمیای کوردی ٢٠١١- ٢٠١٥**
**لە ڕاستەوە لە ڕیزی پێشەوە: دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، مامۆستا جەمال عەبدول، دکتۆر محسن محەمەد حسێن، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، لە ڕاستەوە ڕیزی دواوە: دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دکتۆر نوری تاڵەبانی، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتۆر شەفیق قەزاز، دکتۆر ئازاد ئەحمەد مەحموود**

ئـەو(٣٧) کتێبـی لـە بوارەکانـی مێـژووی نـوێ و هاوچەرخـی کـورد و عێـراق، کـە(٥) کتێبیـان بـە هاوبەشـی لەگـەڵ نووسـەر و پسـپۆڕانی دیکـە، هەمـوو ئـەو بەرهەمانەشـی بـە زمانیێکـی عەرەبـی ڕەسـەن و جـوان نووسـیوە و چاپـی کـردوون و بڵاویشـکردوونەتەوە کـە ئەمانـەن:

- الملامـح الاساسـية لشـخصية مصطفـى البارزانـي القياديـة و الانسـانية، دهـوک، ١٩٩٦.
- جريـدة الحقيقة(ڕاسـتی)، اول جريـدة عربيـة كرديـة فـى مدينـة الموصـل، دراسـة و توثيـق، دهـوک، ١٩٩٨.
- موقـف الاحـزاب السياسـية العراقيـة مـن القضيـة الكرديـة ١٩٤٦- ١٩٧٠، اربيـل، ١٩٩٧، الطبعـة الثانيـة دهـۆک ٢٠٠٧، ئـەم کتێبـە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.
- مدرسـة ١١ اذار اول مدرسـة كردية فى مدينـة الموصـل، مع نبذة تاريخية عـن التعليـم فـى كردسـتان العـراق، چاپـی یەکـەم هەولێـر ١٩٩٩، چاپـی دووەم هەولێـر ٢٠٠٢.
- وثائـق عـن الحركـة القوميـة الكرديـة التحررية، ملاحظـات تاريخية و دراسـات اوليـة، هەولێر ٢٠٠١.
- الحياة الحزبية فى الموصل، ١٩٢٦-١٩٥٨، هەولێر ٢٠٠٣.
- الحركة القومية الكردية التحررية، دراسات و وثائق، هەولێر ٢٠٠٤.
- مـن كان وراء حـوادث الموصـل و كركـوك ٨ اذار، ١٤ تمـوز ١٩٥٩ ؟ هەولێـر ٢٠٠٤.
- بدايـات الشـعور القومـي الكـوردي فى التاريـخ الحديـث، دهۆک ٢٠٠٥، چاپـی دووەم هەولێـر ٢٠٠٥، لـە سـاڵی ٢٠٠٧ (وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی)، الطبعـة الثالثـة اربيـل ٢٠١٩.
- الكـورد و الاحـداث الوطنيـة فـى العـراق خـلال العهـد الملكـي ١٩٢١- ١٩٥٨ بالاشـتراک مع أ .د. غانـم محمـد الحفـو، الطبعـة الاولـى اربيل ٢٠٠٥، الطبعـة الثانيـة دمشـق ٢٠٠٧.



**له لای ڕاستەوە: دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا، نەژاد عەبدوڵڵا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مسەدەق تۆڤی، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی**

- لمحات من المسار السياسي للحزب الديموقراطي الكردستاني، صدر بأسم الفرع الاول للحزب الديمقراطي الكردستاني، دهوك ٢٠٠٥.
- دراسات و مباحث فى تاريخ الكرد و العراق المعاصر، اربيل ٢٠٠٧.
- التطورات السياسية و الداخلية فى العراق ١٤ تموز ١٩٥٨، ٨ شباط١٩٦٣، دهوك، ٢٠٠٧، الطبعة الثانية دمشق ٢٠٠٨.
- وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كردية مستقلة ١٩٢٤-١٩٢٧، دهوك ٢٠٠٨.
- من ارشيف جمهورية العراق الاولى، الحركة الشيوعية فى تقارير مديرية الامن العامة ١٩٥٨-١٩٦٢، اربيل ٢٠١٠.
- امير امراء كوردستان، ابراهيم پاشا الملي ١٨٤٥-١٩٠٨، (دراسة و تحقيق مخطوط)، اربيل ٢٠٠٩، بالاشتراك مع علي صالح الميراني.
- المعلم و الشاعر و الكاتب و الصحفي بشير مصطفى عبدالله الدركزلي ١٩١٧-١٩٧٩ صفحات من حياته، مع ديوانه الشعري(الحان قلبي)، دهوك ٢٠١٠.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، حەمید بۆز ئەرسەلان، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، عەبدوڵڵا زەنگەنە**

- صفحات من الذاكرة الموصلية، مجموعة مقالات و مقابلات و مواضيع عن تأريخ الموصل القريب، دهوك ٢٠١٠. الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠١٧
- وثائق بريطانية عن مشاركة كردستان- سوريا فى ثورة ارارات ١٩٢٧-١٩٣١، بالاشتراک مع علي صالح الميراني، دهوک ٢٠١٠.
- مەلا مستەفای بارزانی سەرکردە و ڕێبەری شۆڕشی کورد، وەرگێڕان نووسەر مەحمود زامدار، هەولێر ٢٠١١.
- الإسلام السياسي فى إقليم كردستان- العراق- ملاحظات و إنطباعات تاريخية و سياسية، دهوك ٢٠١٢، الطبعة الثانية دهوك ٢٠١٥، ط٣ دهوك ٢٠١٧، ط٤ اربيل ٢٠٢٢.
- ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكردية و ملهمها، دهوك ٢٠١٢.
- إتفاقية ١٠ شباط ١٩٦٤ بين الحكومة العراقية و قيادة الثورة الكردية الاسباب و النتائج، دراسة تأريخية و وثائقية، بالاشتراک مع الدكتور شيرزاد زكريا محمد، دهوك ٢٠١٣.
- بادينان فى سالنامات ولاية الموصل العثمانية، بالاشتراک مع الاستاذ الدكتور خليل علي مراد، اربيل ٢٠١٣.

- فى الذكرى(٦٢) لرحيل الامير جلادت بدرخان، دهوك ٢٠١٣.
- صفحات من تاريخ الكورد فى الوثائق العثمانية، بالاشتراك مع الاستاذ الدكتور خليل علي مراد، اربيل ٢٠١٤.
- ثلاث سنوات دراسية فى(بردەڕەش)، نبذة تاريخية، ذكريات، مشاهدات، ملاحظات، دهوك ٢٠١٥، ط٢ اربيل ٢٠١٩.
- منطقة بادينان ١٩٢٥-١٩٧٠ دراسة فى الوقائع السياسية جزء ١-٢، اربيل ٢٠١٧.
- في الكوردولوجيا العربية، الكورد و كوردستان فى المخيال السياسي العربي، اربيل ٢٠١٨. ترجم الى اللغة الكردية، أربيل، ٢٠٢٢
- حول إشكالية الوعى القومي الكوردي المعاصر، اربيل ٢٠١٩. ترجم الى اللغة الكوردية، أربيل،٢٠٢٢.
- ابطال الفصل المفجع، المأساوي و الأليم فى تأريخ الكورد المعاصر، اربيل ٢٠٢٠. (محدود التداول)
- نبذة إجتماعية و سياسية عن تأريخ اسرتنا و لمحات من ارشيف حياتي و ذكرياتي، اربيل ٢٠٢٠. (محدود التداول)



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، مامۆستا ئازاد عزەدین سەعدۆ، دکتۆر شێرزاد زەکەریا محەمەد - زانکۆی زاخۆ**

- من ارشيف جمهورية العراق الاول: حوادث الموصل و كركوك و تداعياتها ٨ اذار ١٩٥٩- ١٤ تموز ١٩٥٩ دراسة تاريخية وثائقية سياسيه، اربيل ٢٠٢٠.
- ثورة ١١ ايلول ١٩٦١ في كتابات و مذكرات عدد من كبار ضباط الجيش العراقي، ١١ ايلول ١٩٦١ - ١١ اذار ١٩٧٠، اربيل ٢٠٢١.
- القريب من تأريخ الموصل: قراءات في نصوص تأريخية معاصرة، اربيل ٢٠٢١.
- چەند بابەتێن كوردناسی، بە هاوبەشی، هەولێر ٢٠٢٢.
- تأريخ الحزب الشيوعي العراقي في لواء الموصل ١٩٣٤-١٩٦٩، دراسة تاريخية سياسية وثائقية(تحت الطبع).

دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی زیاتر لە(٣٠) لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکرنەوەی تێکست و بەڵگەنامە مێژووییەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە بوارەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و عێراق و بابەتی هەمەجۆر، لە گۆڤارەکانی زانکۆی مووسڵ و دهۆک و زانکۆکانی دیکە وە ئەکادیمیای کوردی بڵاوکردۆتەوە کە(٤) لێکۆڵینەوەیان بە هاوبەشی بووە لەگەڵ نووسەر و پسپۆڕانی دیکە.

لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی و پێشکەشکردنی بۆ(٥١) کتێبی نووسەرانی دیکە کردووە و کە ئەوانیش لە بواری مێژووی کورد و عێراق و بابەتی مێژوویی جۆراوجۆر بوونە.




**بەرهەمەکانی دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی**




**بەرهەمەکانی دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی**

دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی لە ساڵانی ١٩٧٣- ٢٠٢٢ زیاتر لە(٣٨٥) دیراسە و لیکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بابەتی مێژوویی و سیاسی و وتار لە بواری پسپۆڕیی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(گۆڤاری گوڵانی عەرەبی، التأخي، العراق، خەبات، گۆڤاری دهۆک، مەتین، کاروان، صوت الاخر، اربیل، کوردستان القرن العشرین، ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، وار، برایەتی، k٢١، گەل، باس، گۆڤاری لالش و چەندانی دیکە).

ئەو هەر نووسەر ومامۆستا ئەکادیمی نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناشە لە بواری ڕۆژنامەگەری ئەم چالاکییانەی نواندوە:

- لە ساڵی ١٩٧٣ موحەریری لاپەڕەی دیراساتی کوردی بووە لە ڕۆژنامەی التأخي.
- لە ساڵی ١٩٩٧- ١٩٩٩ سەرنووسەری گۆڤاری دهۆک بووە کە شارەوانیی دهۆک دەردەکرد.
- لە ساڵی ١٩٩٨- ٢٠٠٠ سکرتێری نووسینی گۆڤاری زانکۆی دهۆک بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ سکرتێری گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بووە.
- لە ساڵی ٢٠١٥- وە تاکو ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیە لە هەولێر.

دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی سەرپەرشتیی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرای قوتابیانی زانکۆکانی مووسڵ و دهۆک و وە سەلاحەددین و سلێمانی و

سۆران و زانکۆکانی دیکەی کوردستانی کردووە، بەشداریی زیاتر لە (٥٦) کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراس و خولی زانستی لە کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات کردووە، لەوانە بەشداریکردنی بۆ ماوەی(١٠) ڕۆژ لە (مەڵبەندی چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان) لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک لە ئەمریکا لە ١-١٠-٢٠٠٠، لە ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری بەیرووتیش بۆ ماوەی هەفتەیەک بەشداریکردووە لە کۆنفرانسێک دەربارەی(کێشە نێو دەوڵەتییەکان).

دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی لە ماوەی ژیانی وەزیفیی خۆیدا(٣٣) جار خەڵات کراوە و ڕێزی لێ گیراوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەوانە ڕێزلێنانی (سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆکی زانکۆی دهۆک، مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش لە دهۆک، ڕابیتەی کاوە، چەندین بنکە و مەڵبەند و لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ڕاگەیاندنی دیکە)، هەروەها لە ٣-١٠- ٢٠٠٨ لە لایەن ئەکادیمیای(قیرغستانی ڕووسی) خەڵاتی(نۆتی ئاشتی و هاوڕێیەتی) لەسەر مەسەلەی ئاسایش و ئاشتی و چارەسەرکردن پێ




بەرهەمەکانی دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی

بەخشراوە، لە ٢٤-٩- ٢٠٠٩ ەوە، بۆتە ئەندامی کارای ئەو ئەکادیمییایەش.


دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی ئێستا سەرۆکی ئەکادیمیای کوردییە لە هەولێر، کارەکانی خۆی زۆر بە چالاکی و سەرکەوتووانە ئەنجام دەدات و بەردەوامیشە لە نووسین لە بواری پسپۆری خۆی، خودی خۆی و هەموو بەرهەمەکانی کەرەستە و هەوێنێکی خەست و چڕوپڕن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسە لەسەرکردنی لە لایەن قوتابیانی کۆلێژەکانی ئاداب و زمان و بەشەکانی مێژوو و جوگرافیا و زانستە سیاسییەکان و ڕاگەیاندن بۆ نامەی ماستەر و دکتۆرا.

دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زانست و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی لەسەر داخوازیی من بۆیان ناردووم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەنوەر مائی

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و مێژوونـووس شـەهید ئەنـوەر مائـی...

نـاوی تەواوی(مـەلا ئەنـوەر شـێخ محەمـەد تاهیـر شـێخ عەبدولڕەحمـان مائی)یە، لـە سـاڵی ١٩١٣ لـە گوندی(مائی)ی سـەر بە دەڤەری بەرواری باڵای پارێـزگای دهـۆک لـە بنەماڵەیەکـی ئایینـی لـە دایـک بـووە، تەمەنـی(٣) سـاڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، دایکی بەخێوی کردووە سەرەتا چۆتە بـەر خوێندنـی ئایینـی، دواتـر خوێندنـی سـەرەتایی لـە گونـدی بامەڕنـی تـەواو کـردووە، لەبـەر ئـەوەی خوێندنـی ناوەنـدی تەنیـا لـە موسـڵ هەبـووە و دایکـی توانـای ئـەوەی نەبـووە بینێریتـە موسـڵ بـۆ بـەردەوام بـوون لـە خوێنـدن، بۆیـە جارێکـی دیکـە دەچێتـەوە بـەر خوێندنـی ئایینـی لـە ئامێـدی تـا سـاڵی ١٩٣٦ مۆڵـەتی مەلایەتـی لەسـەر دەسـتی مـەلا شـوکری ئەفەنـدی (موفتـی ئامێـدی) لـە (مدرسـة قوبـاد) وەردەگرێـت و ماوەیـەک مەلایەتـی دەکات، دواتـر لـە ساڵی ١٩٣٨خولێکی تایبەتی لە بەغدا دەبینێت و دەبێتە مامۆستا لە گوندی (شـێروان مـازن) سـەر بە قـەزای مێرگەسـۆر، لـە سـاڵی ١٩٤٠ دەگواسـترێتەوە بـارزان لەوێـش پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕەوانشـادان شـێخ ئەحمـەدی بـارزان و مـەلا مستەفای بارزانی پەیدا دەکات لێیان نزیک دەبێتەوە، لە ساڵی ١٩٤١ دەبێتە کارمەنـدی دائیرەی(تمویـن) لـە ئامێـدی و شـێخان تـا سـاڵی ١٩٤٥.




**شاندی کوردی بۆ وڵاتی چین**

شـێخ محەمـەد تاهیـری مائـی، باوکـی ئەنـوەر مائـی شـێخی تەریقەتـی نەقشـبەندی بـووە و سـەر بـە شـێخ حسـامەدینی تەوێڵـە بـووە، پەیوەندیشـی لەگـەڵ شـێخ عەبدولسـەلامی بارزانـی و شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری هەبـووە و چۆتـە ماردیـن و نەهـری و تەوێڵـە، مـەلا ئەنوەر مائی حـەزی لـە مەلایەتـی نەبـووە، ئـەو هـەر لـە منداڵییـەوە هەسـتی بـە ژیانـی ئـازار و ئەشـکەنجە و زوڵـم و زۆرداری داگیرکەرانـی کوردسـتان کـردووە، بۆیـە گیـان و ڕوحـی کوردایەتـی و نیشـتمانپەروەری لای نەشـونمای کـردووە و جموجۆڵـی سیاسـی نواندووە، بـەم هۆیـەوە لـە سـاڵی ١٩٤٥ ویستوویانە دەسـتگیری بکـەن، بـەڵام ئـەو ڕایکـردووە و چۆتـە تورکیـا و ئێـران، لـە سـاڵی ١٩٦١-١٩٦٣ لـە موسـڵ دەسـتگیر دەکرێـت  دوو سـاڵ حوکـم دەدرێـت و ڕەوانـەی(قلعـة صالـح) دەکرێـت لـە خـوارووی عێـراق.

لـە سـاڵی ١٩٥٨ هـەر لەگـەڵ بەرپابوونـی شـۆڕشـی ١٤ی تەممـووز دەچێتـە

موسڵ و لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ نووسەر پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا ڕۆژنامەی(ڕاستی) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەکەن، وەکو نووسەریش لە گۆڤاری(صدر الرواتب) و ڕۆژنامەی(فتی الموصل) وتاری هەمەجۆری بڵاوکردۆتەوە، ئەو کاتەی کە لە بەغدا بووە، یەکێک بووە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ڕۆناهی) کە ئەویش بە زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچوو، کە ڕەوانشاد حافز قازی سەرنووسەری بووە، ئەنوەر مائی بەشی زۆری وتار و هەڵبەستەکانی بە ناوی خوازراوی(لاوێ چیا) بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٩ شاعیر ئەنوەر مائی یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی ئەدیبانی عێراقی و وەکو نوێنەری کورد ئەندام بووە لەو شاندەی کە چوونەتە (چین) و جلی کوردی لەبەرکردووە و چەند کۆڕوکۆبوونەوە و سیمیناری بۆ کوردانی ئەوێ و خەڵکی دیکە ئەنجامداوە و باسی کێشەی ڕەوای کوردی کردووە، وا وێنەیەکی ئەو سەفەرەی ئەنوەر مائیم هاوپێچ کردووە.

ئەنوەر مائی چونکە مەلا بووە زمانی عەرەبی زۆر باش بووە، بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی و کوردی نووسیوە، هەتا خۆی لە ژیاندا بووە دوو بەرهەمی لەچاپداوە، ئەوانی دیکە دەستنووسن، دواتر بەڕێزان کوڕەکانی(عەبدولحەفیز مائی و مەعسوم مائی) بۆیان لە چاپداوە، تەنها دوو بەرهەمی لە چاپ نەدراون ئەویش(گوڵزار و الفردوس المجهول) بەرهەمەکانی مەلا ئەنوەر مائی ئەمانەن:

- محاضرة عن الاكراد في الصين، بغداد ١٩٥٩.
- الاكراد في بهدينان، ١٩٦٠.

دەستخەتەکانی کە دواتر چاپکراون:

- الدولة الايوبية، دوو بەرگە.
- الاكراد في التاريخ.
- مەتەلۆکێت کوردی.
- گرامیرا کوردی.

- دیارییا لاوا.
- دیوانێکی شیعری.

چیرۆکێکی چیرۆکنووس بەناوبانگی ڕووسی گریگۆری پێترۆڤ، لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

سەرەڕای دەیان وتاری جۆراوجۆر لە گۆڤارەکانی(دەنگی گێتیی تازە، هاوار، گەلاویژ، ڕۆناهی).

ئەنوەر مائی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول دەبێتە پیشمەرگەی کوردستان و لە ٢٢-٦-١٩٦٣ ئەو کاتەی سوپای عێراق و سووریا و بە پشتگیریی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و تورکی هێرش دەکەنە سەر کوردستان بە تایبەتی دەڤەری بادینان، ئەنوەر مائی لە یەکێ لە شەڕەکانی نزیک گوندی(سکرینێ) لە دەڤەری سەرسنگێ بە بۆمبای فڕۆکەکانی داگیرکەران شەهید بووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

وا پارچە هەڵبەستی ئەی وڵات هەر بژی، ئەنوەر مائیتان بۆ دەنووسمەوە:

ئەی وڵات سەربەستی هەردەم تو بژی
بڵند بیت ئاڵای ڕەنگین بهەژی
ئەم هەمی کوڕی ..... ،،،



**گلکۆی نووسەر ئەنوەر مائی**

ئەی وڵات هەر بژی بژی
کوردستان هەر بژی بژی
ئەی وڵات تە هەنە شێر و پڵنگ
ئەی وڵات تە هەنە ڕۆستەم و نەهەنگ
نەیارن بێ دەردو گزنگ
ئەی وڵات هەر بژی بژی
کوردستان هەر بژی بژی
ئەی وڵات ......بۆتە ڕۆژهەڵات
ئا ڤێری شینیی خورتان و خەبات
دێتە پاقژ کەی دێتەکن کەلار
ئەی وڵات هەر بژی بژی
کوردستان هەر بژی بژی
هەڕە دوژمن ببیە هەڕە بێدەنگ
ئەم هەمی لەشکرین زۆر جار جەنگین
ئەی وڵات هەر بژی بژی
کوردستان هەر بژی بژی

سەرچاوەکان:


١- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەولێر، وتارێک کە نووسەرەکەی دیار نەبوو لە ١٣-٩-٢٠٢٢.

٢- کەناڵی کوردستان ٢٤، بەرنامەی قەڵەندەرخانە، ئامادە و پێشکەشکردنی هەریەک لە میدیاکاران، خاتوو خەندە، بەڕێز حەمید بانەیی، مۆسیقاژەن بێکەس نوری، بە بەشداربوونی نووسەر عەبدولحەفیز مائی کوڕی مەلا ئەنوەر مائی.

٣- کوردیپیدیا.

٤- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# حافز قازی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، ڕەوانشاد حافز قازی...

ناوی تەواوی(حافز مستەفا عەلی قازی)یە، لە ٢٤-١-١٩٢٩ لە شاری دهۆک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ئایینپەروەر لە دایک بووە، ئەوان بە ڕەچەڵەک زێبارینە خەڵکی گوندی(نەپاخیێ)ین، باپیرە گەورەیان محەمەد زێباری پێش ئەوەی ساڵی ١٨٧٣ بێتە شاری دهۆک لە شنگال و کۆیە و موسڵ ماوەیەک قازی بووە، مەلا عوسمانی مامیشی ئیمام تابوری سوپای عوسمانی بووە.

حافز قازی تەمەنی چوار ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ١٩٣٥ مەلا عوسمانی مامی ناردوویەتییە بەر خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەمی لە دهۆک خوێندووە و پۆلی پێنجەم و شەشەمیشی لە شاری موسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٣٩ چۆتە ماڵی مامێکی لە بەغدا، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە ناوەندی و ئامادەیی(الاعظمیة) و(الشرقیة) تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٥ بڕوانامەی لیسانسی لە کۆلێژی(التجارة و الاقتصاد- بازرگانی و ئابووری)ی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ناجی تەها بەرواری، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حافز قازی**

حافز قازی لە ساڵی ١٩٦٣ ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان ماوەیەک لە مالومە و ماوەت بووە، لە مفاوەزاتی ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥ هاتۆتەوە بەغدا و لەگەڵ (١٤) کەسایەتیی دیکەی کورد بە تاوانی یارمەتیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەستگیرکراون، دواتر ئازاد کراوە، لە ساڵی ١٩٦٩ جارێکی دیکە(٧- ٨) مانگ دەستگیرکراوە و پاش ئازاد کردنی چۆتە ئەوروپا بۆ چارەسەری نەخۆشی، پاش ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ هاتۆتەوە بەغدا، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بە ئاسوودەیی لە بەغدا ژیاوە و وەکو فەرمانبەر بە پلەی(محاسب) لە کارگەیەکی چیمەنتۆ درێژەی بە خزمەتی خۆی داوە، لە ساڵی ١٩٨٣ هاتۆتەوە شاری دهۆک تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ چۆتە وڵاتی نەمسا تا کۆتایی ژیانی لەوێ نیشتەجێبووە.

حافز قازی هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی مامۆستایەکی بە ناوی(ڕۆفائیل باویسماق)، ئەو بە خوێندنەوەی

کتێبی(المطالعة العربیة) کە بابەتی بە ناوی(الصحافة)ی تێدا بووە لە نووسینی(مصطفی لطفي المنفلوطي)، لەگەڵ گۆڤاری(الهلال) کە مامۆستاکە بۆی هێناوە دەستی بە نووسین کردووە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و وتار و وەرگێڕانی هەندێ ڕۆمان بۆ سەر زمانی عەرەبی، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و بە نرخی نووسیوە و هەندێکی لە چاپداوە و ئەوانی دیکە لە پاش خۆی لە چاپدراون و هەندێکیشی هێشتا هەر لە چاپ نەدراون، ئەمانە بەرهەمە لە چاپدراوەکانین:

- خاتێ خانم، ڕۆمان، نڤیسینا عەلی عەبدولڕەحمان مامەدۆڤ، لە تیپی لاتینی- سلاڤی، وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی ١٩٨٩.
- کەسەر و گۆڤان، هۆزان، ئەو شیعرانە لە خۆدەگرێت کە لە ساڵانی ١٩٦٤-١٩٩٤ نووسیونی، ساڵی ١٩٩٥ لە چاپدراوە.
- دیوانا قازی، چاپی ئێکێ، چاپخانەی خەبات دهۆک ٢٠٠٤.



**٤- لە لای ڕاستەوە: نووسەر حافز قازی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی**



ڕۆژنامەنووس حافز قازی، ڕۆژنامەنووس وەسفی حەسەن ڕدێنی

- بیرەوەری، بەرگی ئێکێ، چاپخانەی خەبات دهۆک، ساڵی ٢٠٠٤.
- بیرهاتن، بەرگی دووێ، چاپخانەی خەبات، ساڵی ٢٠٠٥.
- چارەنڤیسا مرۆڤەکی، نڤیسینا میخائیل شۆلۆخۆف، وەرگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٥.
- فەرهەنگا قازی، کوردی- عەرەبی، چاپا ئێکی و دووێ، دەزگای سپیرێز، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، ٢٠٠٥.
- قاموس القاضي. كردي- عربي، دار العربية للموسوعات، ٢٠٠٦.
- قەلا دمدم، چاپخانا خەبات دهۆک ساڵی ٢٠٠٥.
- مسألة توحيد اللغة الكردية، نووسینی عیسمەت شەریف وانلی بە زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانی دکتۆر سدیق ئەتروشی بۆ سەر زمانی عەرەبی و ئامادە و لە چاپدانی حافز قازی لە ساڵی ١٩٦٠.

بەرهەمە لە چاپنەدراوەکانی:

- گراماتیکا زمانی کوردی، قەناتێ کوردۆ، لە ساڵی ١٩٩١ لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر ون بووە.

- چەکۆ ب خاتراتە، ڕۆمانەکا هەمنگوای بووە، لە کاتی تالانکردنی ماڵەکەی ئەویش فەوتاوە.
- شەڤا ڕەڤێ، ڕۆمانا ل دۆر کۆچا ملیونی فەوتاوە، دوو بەرگە(٥٠٠) لاپەڕەیە.
- پەرتوکەک بابەتێن وێ سیاسی نە ل دۆر بزاڤا ڕزگاریخوازا کوردی، ب ناڤەک نهێنییە و بڕیار دابوو هندی یێ ساخ بیت لە چاپ نەدرێت.
- ناڤێ کوردی، ١٠٠٠-١٢٠٠، ناوێت کوردی نە.
- مێژوویا دهۆکێ؛ ل دۆر باژێڕی دهۆکێ د مێژوودا، ئەویش لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ فەوتاوە.

لای هەموو ڕۆشنبیرانی کورد ڕوون و ئاشکرایە کە نووسەر حافز قازی لە نیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە بەغدا دەورێکی زۆر گرنگی هەبووە لە بووژاندنەوە و وەرگرتنی مۆڵەت بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان و کردنەوەی بەشی کرمانجی ژووروو (بەهدینانی) لە ئێزگەی کوردیی بەغدا، ئەو وەکو نووسەر و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری دەستەی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حافز قازی، دایکی سیروان (خێزانی حافز قازی)**



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مسەدەق تۆڤی، نووسەر حافز قازی



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر حافز قازی



ڕۆژنامەنووس حافز قازی



ڕۆژنامەنووس حافز قازی

نووسین ئەم چالاکییانەی خوارەوەی هەبووە:

- لە ساڵی ١٩٥٦ لە گەڵ ئیحسان شێرزاد و هاشم دۆغرەمەچی یانەی(نادي الارتقاء- سەرکەوتنی کوردی) یان بووژاندۆتەوە، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەکە و بەڕێوەبەری دەستەی نووسینی گۆڤاری(هیوا) بووە.
- لە ساڵی ١٩٥٨ بەشی کرمانجی ژووروو(بەهدینانی) لە ئێزگەی کوردیی بەغدا کردۆتەوە و تا ساڵی ١٩٦١ کاری کردووە، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دەستی لە کار کێشاوەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٥٩ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بووە لە کۆمەڵەی ئاوازی کوردی.
- لە ساڵی ١٩٥٩ ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقی و ئەندامی نیقابەی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بووە.

- لـه سـاڵی ١٩٦٠ مۆڵەتی(ئیمتیـاز)ی گۆڤاری(ڕۆناهی)بـه نـاوی خـۆی وەرگرتـووه تـا سـاڵی ١٩٦٢ بـه بەردەوامـی دەرچـووه، کـه گۆڤارێکـی ئەدەبـی و زانیـاری و کۆمەڵایەتـی بـووه و مانگـێ جارێـک دەردەچـوو.
- لـه سـاڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ بەشـداریی هـەردوو کۆنگـرەی فێربوونـی زمانـی کـوردی کـردووه لـه شـەقڵاوه، ئەندامیـش بـووه لـه لێژنـەی زمـان.
- لە ساڵی ١٩٧٠ بەشدار بووه لە گەڵ لێژنەیەک لە دانانی کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.
- پـاش ڕێککەوتننامـەی ١١ ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ ئەنـدام بـووه لـه دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤاری(نووسـەری کـورد) کـه لـه بەغـدا دەردەچـوو، بەشـداریش بـووه لـه دامەزراندنـی کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیریی کـوردی کـه شـەهید سـەیدا ساڵح یوسفی سـەرۆک بووه و ئەویش ئەندامی دەستەی نووسـەرانی گۆڤـاری(ڕۆژی کوردسـتان) بـووه.
- لە ساڵی ١٩٧١ەوە، ئەندامی یاریدەدەر بووه لە کۆڕی زانیاریی کورد.
- هـەر چەنـدە ئـەو لـه دووره وڵات بـوو، بـەڵام خاوەنـی ئیمتیـازی دەزگای چـاپ و بڵاوکردنەوەی(سـپیرێزه) بـوو، کـه شـاعیر موئەیـەد تەیـب بـه پوختەیـی کارەکانـی بەڕێـوه دەبـات.

حافز قازی ئەو ماوەیەی کە لە وڵاتی نەمسا ژیاوە، ناوبە ناو بۆ ماوەیەکی زۆر هاتۆتـەوه شـاری دهـۆک، هەریـەک لـه نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـان( حەسـەن سلیڤانی و عیسـمەت محەمـەد بەدەل و مسـەدەق تۆڤی و ئیسـماعیل بادی و ناجی تەهـا بەرواری و خالید حوسـێن و بـەدەل ڕەفۆ) چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەرییـان دەربـارەی ژیانـی و بەرهەمەکانـی و چالاکییەکانـی دیکـەی ژیانیـان لەگەڵـدا کـردووه، هەمـوو ئـەو چاوپێکەوتنانـه کاتـی خـۆی لـه ڕۆژنامـه و گۆڤـاره کوردییـەکان بڵاوکراونەتـەوه، نووسـەر ڕۆژنامەنـووس ئیسـماعیل بادی هەمووی لـه کتێبێکی قەشـەنگ بـه قەبارەی(١٥٧) لاپـەره بـه ناونیشـانی(حافز قازی د چەنـد دیدارێن ڕۆژنامەڤانی دا)بـه پێشـەییەکی جوان سـاڵی ٢٠١٢ لەچاپداوەو بڵاویکردۆتـەوه.

لە ٢٨-٩-٢٠٠٥ لە لایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان - لقی دهۆک لە ئاهەنگێکی خنجیلانە لە باخچەی مۆزەخانەی دهۆک ڕێزی لێندراوە.

لە ٣-٣- ٢٠١٠ لە نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١- کوردیپیدیا.

٢ - نووسەر ئیسماعیل بادی، کتێبی(حافز قازی د چەند دیدارێن ڕۆژنامەڤانی دا)، ٢٠١٢.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عوسمان هەورامی

مامۆستای پەروەردەکار و شاعیر و نووسەر، زمانناس و لێکۆڵەر و میدیاکار، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و پسپۆڕی بواری ئەدەبی منداڵان ڕەوانشاد عوسمان هەورامی

ناوی تەواوی(عوسمان محەمەد ساڵح فەرەج)ە، بە عوسمانی محەمەد هەورامی ناسراوە، لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٠ لە شارۆچکەی(تەوێڵە)ی سەر بە ناوچەی هەورامان لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٤٧ چۆتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە تا پۆلی یەکەمی سەرەتایی خوێندووە و ماڵیان چۆتە شاری سلێمانی، لە قوتابخانەی(کانی ئاسکانی) پێشان کە ئێستا بۆتە قوتابخانەی (گۆیژە) خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بەشی(وێژەیی-ادبی) هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، وەکو مامۆستای(کاتی-مؤقت) لە قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵەی کوڕان دەست بەکار بووە.

لە ساڵی ١٩٥٨ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی و دەستکورتی تەنیا دوو مانگ خوێندوویەتی و بە ناچاری گەڕاوەتەوە سلێمانی و دیسان وەک مامۆستای کاتی لە قوتابخانەی گوندی(چناریێ)ی بناری ئاسۆسی سەر بە شارەدێی بنگرد دامەزراوە،




ساڵی دواتر گواستراوەتەوە قوتابخانەی گوندی(شێنێ)ی بناری قەندیل و دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە و دەیان وشەی ڕەسەنی کوردی لە دانیشتوانی ناوچەکە وەرگرتووە لەوانە وشەی(ئاماژە) کە بۆ یەکەمجار لە نووسیندا بەکار هاتووە و دواتریش چەسپاوە. لە ساڵی ١٩٦٠ خولێکی تایبەتی بۆ بەهێزکردنی پەروەردە و فێرکردن کراوەتەوە بۆ دەرچوانی خوێندنی ناوەندی، ئەویش بەشدار بووە و بە پلەی یەکەم لە ناو بەشداربووان تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ بەشداربوون لە خولێکی زمانی ئینگلیزی دەچێتە بەغدا و بە سەرکەوتوویی تەواوی دەکات، لەم ماوەیەشدا لەگەڵ مامۆستا (محەمەد ئەمین هەورامانی) لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا بەرنامەیەکی هەورامی ئامادە و پێشکەش دەکات.

مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی وەکو مامۆستای پەروەردە و فێرکردن بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری، لەوانە قوتابخانەی(زانستی ئێواران، سەیوان، هەورامان، تەوێڵە، ئەیوبییە، ئاراس، پەیمان، گزنگ، میدیا، هێمن، دوکان، دەربەندیخان و ناوەندی نەورۆزی کچان- وانەی ئینگلیزیشی وتووەتەوە).




ئەو لە ماوەی خزمەتکردنی لە بواری




پـەروەردەدا چەندیـن پێشـنیازی بـۆ پـەروەردەی سلێمانی کردووە سـەبارەت بە بژارکردنی هەندێک کتێبـی خوێندنـەوەی کـوردی بـە تایبەتی(ئەلـف وبێ)یەکـەی مامۆسـتا(ئیبراهیم باڵـدار) و دانـان و چاپکردنی کتێبی ئەلف و بێی کوردی بۆ منداڵانی گەورە، ئەو چەندین وتار و لێکۆڵینـەوەی لە بواری زمانناسـی و هۆنـراوەی پەروەردەیـی و میدیایـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردۆتـەوە، زیاتـر لـە(٢٥) کتێبـی لـە چاپـداوە کـە (١٧) یـان تایبەتـن بـە ئەدەبی منـداڵان، پێداچوونـەوەی بـۆ(٢٠) کتێبیـش کـردووە، داڕشـتنەوەی بـۆ(٥) کتێـب کـردووە و(٦) کتێبیشـی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ نووسـەرانی دیکـە نووسـیوە، کـە ئەمانـەن:


- خونچـە گـوڵ، هۆنـراوەی پەروەردەیی، چاپی یەکـەم ٢٠٠٠، چاپی دووەم ٢٠٠٨.
- شاهۆ، هۆنراوەی پەروەردەیی، سلێمانی ساڵی ١٩٧٠.
- مناڵ و گوڵ، هۆنراوەی پەروەردەیی، سلێمانی ساڵی ٢٠٠١.
- مافەگەشەکانم، هۆنراوەی پەروەردەیی، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٣.




**مامۆستا عوسمان هەورامی لەگەڵ پۆلێك قوتابیی قوتابخانەیەکی سەرەتایی**




**مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی لە کاتی وتار خوێندنەوە**



**پەیکەری نووسەر عوسمان محەمەد هەورامی**

- جیهانـە جوانەکەمـان، ئۆپەرێـت و شـانۆگەریی جیهانـی منـداڵان، هەولێـر سـاڵی ٢٠٠٤.
- چاوانی باوان، هۆنراوەی پەروەردەیی، هەولێر ساڵی ٢٠٠٤.
- شنەی شادی، هۆنراوەی پەروەردەیی، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٤.
- هەشتەمین دانا، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٤.
- مافـی مـرۆڤ، بـۆ پۆلـی پێنجەمـی بنەڕەتـی لەگـەڵ لیژنەیەکدا، سـلێمانی ٢٠٠٤.




- لایلایەی دایکانی کورد، لەگەڵ نووسـەر هاشمی سـەلیمی دا، سلێمانی ٢٠٠٥.
- لالەزار، هۆنراوەی پەروەردەیی، هەولێر، ٢٠٠٧.
- گوڵبژێرێک، هۆنـراوەی پەروەردەیی، بۆ باخچەی سـاوایان، هەولێر ٢٠٠٨.
- گوڵـزاری پـەروەردە، هۆنـراوەی هەڵبـژاردە، سـلێمانی ٢٠٠٩.
- ئاسۆی گەش، هۆنراوەی پەروەردەیی، سلێمانی ٢٠٠٩.






- ڕۆشنایی، هۆنراوەی پەروەردەیی، سلێمانی ٢٠٠٩.
- گەشە، هۆنراوەی پەروەردەیی، هەولێر ٢٠٠٩.
- چریکە، هۆنراوەی پەروەردەیی، سلێمانی ٢٠١٠.
- بۆقی گەشتیار، چیرۆک بۆ منداڵان، داڕشتنەوەی بۆ کردووە، سلێمانی ٢٠٠٧.
- دیوانی بەنگینەی شاعیر، عوسمان هەورامی کۆشیعرەکانی بۆ چاپکردووە.
- کەشکۆڵی حاجی مەحمودی یاروەیس.
- یادی شەوێکی بەکرەجۆ، کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا.


مامۆستا عوسمان هەورامی زیاتر لە (٤٧)ساڵ وەکو مامۆستا و پەروەدکار خزمەتی بە کۆرپەکانمان و نەوەی دوا ڕۆژمان کردووە، سەرەڕای ئەمەش ئەم چالاکییانەی نواندووە:

- ماوەی(١٢) ساڵ بە بەردەوامی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەرنامەیەکی پەروەردەیی بە ناوی(خەندە) ئامادە و پێشکەش بە منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠٠٦ وەک پسپۆڕ و شارەزایەک کاری وەرگێڕانی کردووە.
- بە بەردەوامی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و هاوکاریی و یارمەتی باخچەی









ساوایانی شاری سلێمانی کردووە و داوە.

- بانگهێشتی حەوتەمین کۆنفراسی زمانی دایک کە سەنتەری(فڕە زمان- ڤیستەڕۆس)کراوە کە لە وڵاتی سوید ئەنجامدراوە، پاشان لە وڵاتی( نەرویج)یش بەشدار بووە لە کۆڕێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری.
- لە چەند کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و زمانەوانیدا لە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی بەشدار بووە.
- لە گۆڤاری نووسەری کوردی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بە شێوەیەکی فراوان و تێروتەسەل باسی ئامانجی نووسینەکانی خۆی کردووە بۆ منداڵان، کە نووسەران و قوتابیانی کۆلێژەکانی زمان و ئەدەبی کوردی سوودی تەواویان لێ وەرگرتووە و وەردەگرن، زۆریش یارمەتی و هاوکاریی قوتابیانی ماستەر و دکتۆرای کردووە.

مامۆستا عوسمان هەورامی لە ژیانیدا چەندین جار خەڵات کراوەو و ڕێزی لێنراوە، لەوانە (وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دوو جار، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی، بنکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەلاوێژ، دووەمین فیستیڤاڵی هەورامان، گۆڤاری گوڵەکان، گۆڤاری جگەرگۆشەکان و چەندانی دیکە).

لە ٣٠-١٠-٢٠٢١ دیداری مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی بۆ ئەدەبی هەورامان بەسەرپەرشتیی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای مارگرێت سازکراوە.

لە ١١-٦-٢٠٢٢ دیداری پەروەردەکار عوسمان محەمەد هەورامی بە ئامادەبوونی نووسەران و ڕۆشنبیرانی سلێمانی لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان بەڕێوە چووە.

عوسمان محەمەد هەورامی لە ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ خاتوو گەلاوێژ حاجی ئیسماعیل مەلا بەکر تەوێڵەیی هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی شەش کچ و چوار کوڕن، خوا تەمەن درێژیان بکات.

وەکو ڕێزلێنانێک لە مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی لە ١-٢-٢٠٢١

پەیکەرێک لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە دروستکراوە و لە حەوشەی بەڕێوەبەرایەتییەکە داندراوە، کە هونەرمەندی پەیکەرساز عومەر جەمیل دروستی کردووە.

مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی لە ڕۆژی ١٥-١٠- ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١- دکتۆر وریا عومەر ئەمین، وتارێک بە بۆنەی دووەمینساڵیادی کۆچی دوایی کردنی مامۆستای پەروەردەکار عوسمان محەمەد هەورامی لە ١٥-١٠-٢٠٢٢.

٢- ماڵپەڕی شیعری شاعیرانی هەورامان، لە ١٥-١٠-٢٠٢٠.

٣- ماڵپەڕی شانشینی هەورامان.

٤- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی دەنگەکان، گفتوگۆیەک لەگەڵ عوسمان محەمەد هەورامی، ئەنجامدانی نووسەر ڕۆستەم خامۆش.

٥- کوردیپیدیا.

٦- ANF News، لە ١٥-١٠-٢٠٢٠.

٧- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر کامل ئەلبەسیر

لـە ١٥-٥-١٩٦٢ یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆسـاتایانی کوردستان لە ماڵەکەی ئەو بەستراوە.

مامۆسـتای ئامادەیـی و مامۆسـتای ئەکادیمیـی زانکۆکانـی کوردسـتان و عێراق، نووسـەر و ڕەوانبێـژ و زمانەوانـی ڕێزمانـی کـوردی و عەرەبـی و توێـژەر ڕەوانشـاد پرۆفیسـۆر دکتـۆر کامـل ئەلبەسـیر

نـاوی تەواوی(کامـل حەسـەن عەزیـز ئەلبەسـیر)ە، بـە کامـل ئەلبەسـیر ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٣٣ لـە گەڕەکی(سـیڕاجەدین)ی ناوچەی(بـاب الشـیخ) ی شـاری بەغـدا لـە خانەوادەیەکـی کـوردی فەیلیـی هـەژار لـە دایـک بـووە، هـەر منداڵ بـووە بـە هـۆی نەخۆشـیی(خوریکە- ئاوڵـە- الجـدري) چاوەکانـی لەدەستداوە و نابینا بووە، ئەو وتویەتی:(من بە نینۆکەکانم و عەقڵم دەبینم، هیـچ چاوەڕوانیـی موعجیـزەش ناکـەم بـۆم بێتـە خـوارەوە، زۆریـش بێـزارم لـە بەزەیی، گەورەیـی مـرۆڤ لەوەدایـە کـە ڕازی بێـت بـە شـەنش و قـەدەری خـۆی)، لـە ١٥-٩-١٩٤٣ خوێندنـی سـەرەتایی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٥٣-١٩٥٤ خوێندنـی ئامادەیـی لـە قوتابخانەی(الهاشـمیة الاهلیـة) لـە بەغـدا تەواوکردووە و یەکەم بووە لەسەر هەموو قوتابیانی قوتابخانەکانی عێراق، مەلیـک فەیسـەڵی دووەم خەڵاتـی کـردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مەحمود زامدار، نووسەر دکتۆر نافع ئاکرەیی، دکتۆر کامل ئەلبەسیر و هاوسەرەکەی**

لە ساڵی ١٩٥٧-١٩٥٨ لە بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە پلەی(ئیمتیاز) وەرگرتووە، لە ٢٧-١٠-١٩٦٦ هەر لە هەمان کۆلێژ بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە و نامەی ماستەرەکەشی بە ناونیشانی(رسائل الإمام علي- دراسة ادبية نقدية) بووە، لە ساڵی ١٩٧٥یش بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی قاهیرە بەدەستهێناوە و نامەی دکتۆراکەشی بە ناو نیشانی(المجازات القرآنية و مناهج بحثها- دراسة بلاغية نقدية) بووە.

مامۆستا کامل ئەلبەسیر لە ٩-٣-١٩٥٨ بۆ یەکەمین جار وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری بەغدا و سلێمانی دەست بەکار بووە، لە ١٩-٧-١٩٧٣ بۆتە(معيد) لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی، هەر لە ساڵی ١٩٧٢- ١٩٨١ چەندی کارێکی دیکەی پێ سپێردراوە لەوانە(سەرۆکی بەشی دیراساتی کوردی، سەرۆکی بەشی زمانی کوردی، عەمیدی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی) لە ١١-١١- ١٩٨٥

پلەی (استاذ)ی وەرگرتووە، لە ٤-٧-١٩٨٧ بۆتە (استاذ- مامۆستا)ی مادەی نقد و بلاغة- ڕەخنە و ڕەوانبێژی) لە بەشی خوێندنی بالا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موستەنسریە.

مامۆستا کامل ئەلبەسیر لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی بە نووسین بە هەردوو زمانی کوردی عەرەبی کردووە لە بوارەکانی ئەدەب و زمانەوانی و ڕەوانبێژی و ڕەخنەسازی و لیکۆڵینەوە و توێژینەوە و بەشداریش بووە لەگەڵ چەند مامۆستا و نووسەری دیکە لە دانانی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی قوتابخانەکانی کوردستان، ئەو نزیکەی (٤٠) کتێبی نووسیووەو چاپی کردوون، دیارترینیان ئەمانەن:

- کامران شاعر من کردستان، ١٩٦٠.
- الدعوة إلى الالتزام فی شعرنا المعاصر بین أراء افلاطون و مقاییس قرآنیة ١٩٧٧.
- تطویر تعلیم اللغه الکردیة فی منطقة الحکم الذاتي-عواقبه و السبل إلى تذلیلها ١٩٧٧.



**نەوەکانی دکتۆر کامل ئەلبەسیر**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر فوئاد مەعسوم، نە ناسراوە، دکتۆر کامل ئەلبەسیر، ئەوانی دیکە نەناسراون**

- قصائد معاصرة من الخليج العربي بين الاصالة و التقليد فى الصور الفنية ١٩٧٧.
- الترابط الفني بين العرب و الاكراد فى قضية الإخاء و الاسلام ١٩٨٠.
- المنهج القرآني فى صياغة المصطلحات- قسمان، ١٩٨٠.
- من قضايا المرأة بين أيات قرآنية و إتجاهات شعرية ١٩٨٠.
- البلاغة و التطبيق بالإشتراک مع الدكتور احمد مطلوب ١٩٨١.
- القرآن الكريم و منهج البحث العلمي فى التراث العربي ١٩٨٢.
- من مشكلات اللغة الكردية و آدابها، ١٩٨٣.
- القرآن الكريم فى موضوع الجريمة و العقاب ١٩٨٦.
- منهجية الادب المقارن بين النقد الإغريقي و التراث العربي ١٩٨٥.
- القرآن الكريم و نظرية الادب بين الإغريق و العرب١٩٨٣.
- بناء الصورة الفنية فى البيان العربي - موازنة و تطبيق ١٩٨٧.
- الشاعر فائق بيكەس ١٩٨٥.
- ابو ذرالغفاری ١٩٨٦.

هەندێ لەبەرهەمەکانی بە زمانی کوردی:

- شێخ نوری شێخ ساڵح- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ١٩٨٠.
- بنچینەی ڕەخنەسازی و شیعری کوردیی کۆن ١٩٨١،
- ڕەسانەیەتی و لاساییکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ١٩٨١.
- خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی.
- ڕێزمانی کوردی ١٩٦٠.
- ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی ١٩٩١، (٢٨)جار چاپکراوەتەوە.
- ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی ١٩٩٢، (٢٧) جار چاپکراوەتەوە.
- ڕەخنەسازی، مێژوو و پەیڕەویکردن، ١٩٨٣.
- زاراوەی کوردی: لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن.
- زارەوە کوردییەکان١٩٨٧.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کامل ئەلبەسیر، نە ناسراوە**

- زانستی ئاوەڵواتا لە ڕەخنەسازی یۆنانی و ڕۆمانی و عەرەبی و ئەورۆپییەوە بۆ ڕەخنەسازیی کوردی ١٩٨١.
- زمانی نەتەوایەتیی کوردی ١٩٨٤.
- زمانی کوردی بۆ دەستپێکەران ١٩٧٧.

مامۆستا کامل ئەلبەسیر لە کاتی لاوێتیدا بەشداری بەشی زۆری خۆپیشاندان و چالاکییە سیاسییەکانی دژی حوکمی مەلەکی کردووە، هەموو ئەوانەشی لە کتێبی(مذکرات طالب من کردستان) تۆمارکردووە، لە ساڵی ١٩٦١ لێپرسراوی لێژنەی فەرمانبەران و مامۆستایان بووە، لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لێکراوە ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دابمەزرێنێت، لە ١٥-٥-١٩٦٢ کە دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان بووە، یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە ماڵی دکتۆر کامل ئەلبەسیر بەستراوە، یەکەم بڕیاریشیان دەرچوواندنی گۆڤارێک بووە بە ناوی(ئامانج)، لە بەر ئەوەی ئەو لە ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٢دەستگیرکراوە مامۆستا(ئەنوەر دارتاش) لە شوێنی ئەو داندراوە، پاش لە سێدارەدانی ئەنوەر دارتاش، بەڕێز مامۆستا محەمەد باقی سەعید) بۆتە سکرتێری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان تا ئازاد بوونی مامۆستا کامل ئەلبەسیر لە بەندیخانە.

لە ساڵی ١٩٦٢ داوای لێکراوە سەرپەرشتیی گۆڤاری (دایکایەتیی نوێ) بکات و یەکەم وتاری(إفتتاحي)یشی نووسیوە، لە ساڵی ١٩٦٣ داوای لێکراوە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی ئافرەتان بکات، لە ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتەی جێگری(ڕاگر-عمید)ی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی بووە، لە بەڕێوەبەرایەتیی(الامن العام)ی ڕژێمی ئەو کات بانگکراوە و موحاسەبەیان کردووە، لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥ کە لە زانکۆی قاهیرە بووە هەمیشە و هەرگیز لە جموجۆڵی و چالاکییە سیاسییەکانی دانەبڕاوە.

ئەو ئەندامیش بووە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانە:

- ئەندام بووە لە دەستەی کوردی لە کۆڕی زانیاری عێراقی.




**بەرهەمەکانی دکتۆر کامل ئەلبەسیر**

- بڕیاردەری(مقرر) لیژنەی ڕێزمانی کوردی بووە لە کۆڕی زانیاریی عێراقی- دەستەی کوردی.
- لە ٦-٣-١٩٨٠ ئەندامی هاوکاری بووە لە کۆڕی زانیاریی ئوردنی.
- لە ساڵی ١٩٨٠ ئەندامی کۆڕی زانیاریی سووری بووە.
- بڕیاردەری لیژنەی زاراوە مرۆڤایەتی بووە لە کۆڕی زانیاریی عێراقی.
- ئەندامی لیژنەی زمانی عەرەبی بووە لە کۆڕی زانیاریی عێراقی.
- ئەندامی لیژنەی سەلامەتی زمان بووە لە کۆڕی زانیاریی عێراقی.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ) بووە کە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەریدەکرد.

- ئەندامی دەستی نووسەرانی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراقی - دەستەی کوردی بووە.

قوتابخانەی مامۆستا کامل ئەلبەسیری تێکەڵاو لە بەغدا هەیە.

مامۆستا کامل بەسیر سەرپەرشتیی نامەی ماستەر و دکتۆرای سەدان قوتابی خوێندنی باڵای زانکۆکانی سلێمانی و موستەنسریە و بەغدای کردووە، لە ٢٢-١٠-١٩٨٧ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- گۆڤاری(مجلة العربي) وتارێکی نووسەر ماجد السوريدي، لە گۆڤاری گلگامشیش بڵاوکراوەتەوە.

٣- ماڵپەڕی العلامة كامل حسن البصير.

٤- مدرسة كامل البصير المختلطة.

٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# كامیل ژیر

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و توێژەر و یاساناس کامیل ژیر...

ناوی تەواوی(کامیل نیزامەدین جەلال)ە، بە کامیل ژیر ناسراوە، لە ٢٠-١٢- ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواکردووە و چۆتە بەغدا لەوێ(٥) کۆرسی زمانی ئینگلیزی خوێندووە و کۆرسێکی زمانی ئەڵمانیشی لە پەیمانگای(گوتە) وەرگرتووە، ساڵێک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا هونەری نواندن و شانۆ و دەرهێنانی خوێندووە، دوو بڕوانامەی کارگێڕی بەدەستهێناوە، ماوەیەکیش لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بەرنامەی(لەهەر تەلەی دەنگێ)ی ئامادە و پێشکەشکردووە، ئەو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئاوازی کوردی لەگەڵ شەمال سائیب و ئەحمەد دەنگ گەورە و تایەر تۆفیق، ڕەوانشادان کامەران بەدرخان و هاوسەرەکەی و جەمال نەبەز بانگهێشتی سویسرایان کردووە، بەو هیوایەی ڕادیۆی کوردی لە باریس بکەنەوە ئەو سەرپەرشتی بکات، بۆیە ئەویش بۆ ماوەی(٥) مانگ خەریکی فێربوونی زمانی فەرەنسی بووە، دواتر بە فشاری ڕژێمی ئێران حکومەتی فەرەنسی پاشگەزبۆتەوە، ئەویش هاتۆتەوە تورکیا لە ساڵی ١٩٦٢ ساڵێک لە تورکیا لە کۆلێژی مافی خوێندووە، پاشان هاتۆتەوە بەغدا کۆلێژی مافی ساڵی ١٩٦٦ لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نەقیب مەدحەت موفتی، نووسەر کامل ژیر، بەڕێز محەممەد نوری عارف، نووسەر جەمال نەبەز، دکتۆر عەلی تۆفیق، مامۆستا بەشیر موشیر، شاعیر هەژار موکریانی**

لـە سـاڵانی ١٩٤٨-١٩٥٧ ئەندامـی حیزبـی شـیوعیی عێراقـی بـووە، بـە هـۆی چالاکییـە سیاسـییەکانی چەندیـن جـار دەسـتگیرکراوە و لـە خوێنـدن دابڕاوە، لـە سـاڵی ١٩٥٧-١٩٥٨ وەکو دوورخراوەیەکـی سیاسـی نێردراوەتـە (ئەبـو غرێـب)، لـە سـاڵی ١٩٦٣ حاکمـی عەسـکەری(ڕەشـید موسـڵح) فەرمانـی دەسـتگیرکردنی بـۆ دەرکـردووە بـە تاوانـی ئـەوەی گوایـە (ئۆتۆمۆبێلێکـی بـۆ نەمـر مـەلا مسـتەفای بارزانـی) کڕیـوە، ئەویـش لـە کاتـی دادگایـی کـردن دەڵێت:(ئەگـەر بمبوایـە پایسـکلێکم بـۆ خـۆم ئەکـڕی).



**ڕێزلێنانی نووسەر کامیل ژیر**

لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤ ڕوو لـە شـاخ دەکات و دەبێتـە پێشـمەرگەی کوردسـتان و لـە ئەمینداریێتیـی داد و ئەوقـاف وەکـو دادوەری پشـکنەر دەسـت بـەکار دەبێـت لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی شـۆڕش، پـاش نسـکۆی شـۆڕش دەگەڕێتـەوە سلێمانی، دەچێتـەوە سـەر وەزیفەکـەی خـۆی لـە بەڕێوەبەرایەتیی (مـەوادی ئینشـائی) تـا خانەنشـینبوونی.




کامیل ژیر لە کۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردووە دەستی بە نووسینی شیعر و شانۆگەری و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٧ یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی(نازەنین) نووسیوە و چاپی کردووە، لە ساڵی ١٩٥٦ شانۆگەریی(ئافرەت و نوشتە)ی نووسیوە کە شانۆگەرییەکی کۆمیدییە و لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان لە سلێمانی نمایشکراوە، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی لە بوارەکانی شیعر و شانۆ و ئەدەب و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و کوردایەتی و بیرەوەرییەکانی بە زمانێکی کوردیی کۆن و شێوازێکی تایبەتی بە خۆی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویشیکردوونەتەوە، کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- بەشیر موشیر : ئەو سەرۆکەی نە درۆی کردووە، نە ڕاستی وتوە، چاپی ئەلیکترۆنی ٢٠١٤.
- کوردایەتی و جوانی، شیعر.



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز محەممەد ئەحمەد قادر، ڕەفیق پشدەری، نووسەر جەمال نەبەز، نووسەر کامیل ژیر**



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە،
نووسەر کامیل ژیر



نووسەر
مامۆستا کامیل ژیر

- کوردایەتی و کۆمیدیای گەندەڵی، کە(٢٠) کورتە چیرۆکی سیاسیین لە بەرگێکدا بە شێوازی(گاڵتەجاڕی- سخرية) لە سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە.
- کوردایەتی بیر و بزاڤە، هەندێ باری سەرنج و بیرەوەرییە سیاسییەکانی خۆیەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨-١٩٩٤.
- کوردایەتی و سەربەخۆ: باسی پێناسەی کورد و کوردستان و کوردایەتی دەکات و بە شێوەیەکی زانستییانە هانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەدات کە لە بازنەی سەپاو دەرچن.
- أفكار، بە زمانی عەرەبییە، زۆر ئازا و بوێرانە ڕەدی هەندێ نووسەر لێکۆڵەوەر دەداتەوە و ڕای خۆشی دەردەبڕێت بۆ یەکگرتنەوە و نەهێشتنی دوو ئیدارەیی.
- کوردایەتی و دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، لە ستۆکهۆڵم ساڵی ١٩٩٤ لە چاپدراوە، کە هەمان کتێبی کوردایەتی و سەربەخۆیە بە هەندێ دەستکارییەوە.
- هەڵبەستەکانی ژیر، کۆی هۆنراوەکانێتی تا ساڵی ١٩٩٣ لە سوید کۆیکردۆتەوە لەگەڵ توێژینەوەیەک بە ناوی (پراوەکانم لە هەڵبەستدا و وانەیەک لە بارەی هەڵبەستەوە) کە (٤٦٣) لاپەڕەیە.
- گەورە پیاو، شانۆگەرییە بە هۆنراوە، لەگەڵ چاپی دووەمی

شـانۆگەریی(ئافرەت و نوشـتە).

- جوانی، تایبەتە بەو هۆنراوانەی بۆ جوانیی ئافرەت نووسیویەتی، ساڵی ١٩٨٣ لە سلێمانی چاپکراوە.
- کوردایەتی، هۆنراوەیە، تایبەتە بەو هۆنراوانەی بۆ کوردایەتی نووسیویەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠ کە نووسەر جەمال نەبەز پێشەکی بۆ نووسیوە.
- کاژیک، کە وەڵامی(٦٢) پرسیاری هەڵۆ بەرزنجییە، چاپی ئەلیکترۆنی ساڵی ٢٠١٤.
- یادەکانم، بیرەوەرییەکانی لە نێوان ساڵانی ١٩٣٤-٢٠١٩، بەشی یەکەم ساڵی ٢٠١٩ سلێمانی.

چەندین کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ لە چاپدان لەوانە:

- حوار، بە عەرەبی.
- یاداشتەکانم ، بەشی دووەم.
- سەرجەم هۆنراوەکانم.

کامیل ژیر وەکو ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداریش لە ژیانیدا ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- لە ساڵی ١٩٥٧- ١٩٥٨ سەرپەرشتیاری گۆڤاری(هیوا) بووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٣ سەرپەرشتیاری گۆڤاری(سەربەخۆیی)یش بووە، کە ئۆرگانی پاسۆک بووە.











- ئـەو لـە دامەزرێنەرانی(کاژیـک- کۆمەڵـەی ئـازادی و ژیانـەوەی کـوردی) بـووە، زیاتـر لـە(١٥) سـاڵ خەباتـی نهێنـی و ژێرزەمینـی کـردووە.
- پەیوەندیـی نهێنـی لەگـەڵ پاسـۆکدا هەبـووە، دوای ڕاپەڕیـن لەگـەڵ (٥) سـەرکردایەتیی دیکـە مەکتەبـی سیاسـیی پاسـۆکیان پێکهێنـاوە.

ئـەو لـە ژیانیـدا چەندیـن جـار لـە لایـەن دەزگا ڕۆشـنبیری و ئەدەبییـەکان خەڵاتکـراوە و ڕێـزی لێنـدراوە.

- لـە سـاڵی ٢٠٠٤ یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی کـۆڕی سـەربەخۆیی کوردسـتان.

مامۆسـتا کامیل ژێر هەرچەنـدە بە تەمەنـدا چـووە، بـەڵام هـەر بەردەوامـە لـە خزمەتی ئـەدەب و زمانـی کـوردی.


سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣- کتێبی یادەکانم، کامل ژیر، ٢٠١٩.

٤- - Rudaw، بەرنامـەی پەنجەمـۆر، لـە ئامـادە و پێشکەشـکردنی میدیـاکار کاوە ئەمیـن.

٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فەلەكەدین كاكەیی

حەلاجی كورد، نووسەر و ڕۆژنامەنووس بە زمانی كوردی و عەرەبی، ڕۆماننووس و وەرگێڕی ناسراو و دیاری كورد، ڕەوانشاد فەلەكەدین كاكەیی..

ناوی تەواوی(فەلەكەدین سەید سابیر كاكەیی)یە، بە فەلەكەدین كاكەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی(ئەلبۆگەسە)ی سەر بە شارۆچكەی حەویجە لە خانەوادەیەكی سەید زادەی كاكەییەكان لە دایك بووە، لە هەفتەی یەكەمی لە دایكبوونی بوومەلەرزەیەك لە گوندەكەیانی داوە و بەشی زۆری خانووەكانی خاپوور كردووە، چوونەتە گوندی تۆبزاوە و ماوەیەك لەوێ بووینە، ئینجا بۆ بژێویی ژیانی خۆیان ڕوویان لە ناوچەی كفری كردووە و لە دێی(زەنگاباد) گیرساونەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٤ گەڕاونەتەوە گوندی تۆبزاوە، باوكی پیاوێكی خۆشەویست بووە لە ناو كاكەییەكان، نەنكی فەلەكەدین زۆر كاریگەری لەسەری



نووسەر فەلەكەدین كاكەیی بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شێخ محەمەد شاکەلی، نووسەر فەلەکەدین کاکەیی، شاعیری گەورەی عێراقی محەمەد مەهدی جەواهیری، ئەوانی دیکە نەناسراون**

هەبووە، هەموو جارێ ئامۆژگاری کردووە پێی وتوە: (فەلەکەدین ڕۆڵە پێویستە پشت بە خۆت ببەستیت وا ڕەفتار بکەی کە بتوانی بە دەرزی بیر هەڵکەنی).

فەلەکەدین کاکەیی پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە لای باوکی فێری خوێندن و نووسین بووە، کە بردوویەتییە قوتابخانەی(تۆبزاوە) بە مامۆستاکانی وتوە: کوڕەکەم خوێندن و نووسین دەزانێت، ئەوانیش تاقییان کردۆتەوە و یەکسەر لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییان وەرگرتووە، هەر ئەو ساڵ و ساڵانی پاشتریش هەر لەسەر هاوپۆلەکانی بە یەکەم دەرچووە، لە ساڵی ١٩٥٦- ١٩٥٧ چۆتە کەرکووک بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لەوێش هەر یەکەم بووە لەسەر هاوپۆلەکانی، دواتر بۆ بژێویی خێزانەکەی بە ڕۆژ کاری کردووە و ئێوارانیش خوێندوویەتی.

فەلەکەدین کاکەیی هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە دەستی بە خوێندنی کتێبی ئیشتراکییەت کردووە بە زمانی عەرەبی، چونکە ئەو کات کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی کەم بوون، ئەو شاکاری نووسەرە عەرەبییەکانی خوێندۆتەوە لەوانە( کتێبەکانی سەلامە موسا و تەها حوسێن و مەحمود عەباس عەقاد و چەندانی دیکە)، پیاوێک بە ناوی عەبدولقادر نەخشەی کوردستانی گەورەی پێشان دەدات و پێی دەڵێت: ئەوە نەخشەی

کوردستانی گەورەیە و کوردستان کراوەتە چوار پارچە، فەلەکەدین کاکەیی گیانی کوردایەتی لای نەشونما دەکات پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتر یەکێتیی لاوان و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردی دەکات، ئەو بیروباوڕی(چەپڕەوی) هەبووە، بۆیە هەموو کات پشت و پەنای هەژاران و کاسبکاران بووە، بە چاوی خۆی بینیویەتی چۆن زوڵم و زۆرداری و ئازار دەدرێن لە لایەن ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو کات، لە ساڵی ١٩٦٢ یەکەم نووسینی، چیرۆکێک بووە بە ناوی خوازراوی(لاو) لە ڕۆژنامەی(ژین) بڵاویکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٦٤ دەچێتە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا، بەڵام لەبەر دۆخی سیاسی ئەو کات نەیتوانیوە بەردەوام بێت، ئەو لە ڕێگای چەند برادەرێکی توانیویەتی هەموو پرۆگرامی کۆلێژی ڕاگەیاندن بخوێنێتەوە و خۆی پێ بگەیەنێت.

لە ساڵی ١٩٦٣ چەند وتارێکی بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (الثورة) بە ناونیشانی (ضعف الريف عقبة كبرى فی طريق الإصلاح الزراعي) بڵاوکردۆتەوە، ئەم وتارە کێشەی بۆ دروستکردووە و دەرەبەگەکان بە شیوعیی ئینفیساڵییان لە قەڵەم داوە، بۆیە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، بەڵام خۆی حەشار دەدات و دەربازی دەبێت، دواتر وازی لێ دەهێنن، هەر ئەو کات دەبێتە کارمەند لە دائیرەی(المنتوجات النفطية- بەروبوومی نەوت) لە کەرکووک، چونکە بە نهێنی نەوتی بۆ ناوچە کوردییەکان و پێشمەرگە ناردووە بە تاوانی ئیختیلاس و ناردنی نەوت



**نووسەر فەلەکەدین کاکەیی لە کردنەوەی پیشانگایەکدا**

بۆ شۆڕشی کورد دەگیرێت و لە بەندیخانەکانی کەرکووک و مووسڵ و دواتر بۆ (ئەبو غرێب) و حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و دواتر بۆتە حوکمی ئەبەدی، لەگەڵ دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کە یەکێک لە بەندەکانی لێبووردنی گشتی بووە بۆ زیندانە سیاسییەکان ئەویش ئازادکراوە. ڕێکەوتنی سەرکردایەتیی کورد لە کاتی حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز و وتووێژی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ حکومەتی ئەوسا کە لە ئەنجامدا بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی لێ هاتەدی، یەکێک لە بەندەکان ئەوە بووە کە کورد دەبێ ڕۆژنامەیەکی هەبێت، بۆیە مۆڵەت درا ڕۆژنامەی(التآخي) دەربچێت کە خاوەنی ئیمتیازی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی بوو، فەلەکەدین کاکەیی ئەو کات لە بەندیخانەی ئەبوغرێب بووە لە ڕێگای هاوسەرەکەی خاتوو(وەسفیە) کە لە بەندیخانە سەردانی دەکرد بەنهێنی و بە بەردەوامی وتاری سیاسی و ڕۆشنبیری بە ناوی خوازراوی(ئەبو پرشنگ) بۆ ڕۆژنامەی(التآخي) ناردووە و گۆشەیەکی تایبەتی هەبووە بە ناوی(حلاجیات)، کە لە بەندیخانە ئازاد کراوە وەکو نووسەر و پەیامنێری رۆژنامەی(التآخي) لە کەرکووک کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بۆتە بەڕێوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی (التآخي)، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان ڕۆژنامەی(التآخي) و (الثورة)، دەستی پێکرد، ئەو کات بەندە لە بەغدا قوتابی کۆلێژی ئاداب




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر نەوزاد ڕەفعەت، دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی**

نووسەر فەلەکەدین کاکەیی

بووم، هەموومان وتارە ئاگرینییەکانی فەلەکەین کاکەییمان بە بیر دێتەوە کە چۆن بە بەڵگە و دیکۆمێنت وەڵامی ڕۆژنامەی (الثورة)ی دەدایەوە، لە ئاداری ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردووە، فەلەکەدین کاکەیی ئاخیر کەس بووە کە ڕۆژنامەی(التآخي) لە بەغدا بەجێهیشتووە و ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەکو موحەریر دەست بەکار بووە، پاش نسکۆی شۆڕش ڕووی لە وڵاتی ئێران کردووە و نەچۆتە دەرەوەی وڵات باوەڕی بە مانەوە و خزمەتکردن هەبووە و هەرگیز لە نووسین دانەبڕاوە.

فەلەکەدین کاکەیی لە ٤-١١-مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٩ لە کۆنگرەی پارتی لە(مەرگەوەڕ) لە ئێران بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوی ڕاگەیاندن، پاش ڕاپەڕینیش کە هاتوونەتەوە کوردستان، ئەو لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندام پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ چۆتەوە بەغدا بووەتە سەرنووسەر و سەرپەرشتکاری ڕۆژنامەی(التآخي)، نووسینەکانیشی بۆ هەموو عێراقییەکان بووە، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخی نووسیوە لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان کە ئەمانەن:

- لە بارەی خوێندن لە کوردستان و شاخ، ١٩٨٥.
- ڕۆمانی یانسیب، بە زمانی عەرەبی، بەغدا، ساڵی ١٩٦٧.



نووسەر فەلەکەدین کاکەیی و خاتوو وەسفییەی هاوسەری و دوو لە کچەکانییان

- کورتەیەک لە شانۆی کوردی، (مقرات الجبلي فی کردستان) بە زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٨٤.
- گەلێک بێ ڕۆژنامە، ڕۆژانە، ١٩٨٨.
- ڕۆمانی(کیف علمونا الحقد) نووسەری سۆڤییەتی چۆلۆخۆف، لە فارسییەوە کردوویەتی کوردی لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاوکراوەتەوە.
- کورتەیەکی بۆ لاوان نووسیوە..لە شاخ، بە زمانی کوردی و عەرەبی.
- الضمیر و الحرية، بەشی یەکەم و دووەم، ٢٠٠٧ ، ٢٠٠٨.
- ڕۆناهی زەردەشت بە کوردی.
- ڕۆناهی زەردەشت بە کوردی ، هەولێر ٢٠٠٩.
- موطن النور.
- دفاتر کاف.
- ايام راژان.
- احتفالا الوجود.
- البيت الزجاجی للشرق الاوسط.
- لمن تتفتح الزهور.
- عەلەوییەکان.
- جۆڕنالیزم.

- شۆڕشی رۆحی.
- بێداری.

فەلەکەدین کاکەیی لە ساڵانی ١٩٦٥- ١٩٧٤ دەورێکی زۆری هەبووە لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و جووتیاران و کرێکاران.

- لە ساڵی ١٩٩٢- ٢٠٠٥ چەند خولێک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٦ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بووە و ساڵی ٢٠٠٠ دەستی لەکار کێشاوەتەوە و بۆتە وەزیری هەرێم.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ جارێکی دیکە بووەتەوە وەزیری ڕۆشنبیری لەسەردەمی ئەو، دەزگا ڕۆشنبیرییەکان بووژانەوەی زۆریان بە خۆیانەوە دیوە، دەزگای سینەما و تەلەفزیۆنی نەورۆزیش هەر لەسەردەمی ئەو دامەزراوە.


نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ فەلەکەدین کاکەیی مرۆڤێکی دیموکرات و ئاشتیخواز بووە، هەموو نووسینەکانی لە شاخ لە کاتی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ بۆ یەکگرتنەوەی لایەنەکان بووە، ئەو پشت و پەنای هەژاران و غەدرلێکراوان و لێقەوماوان بووە، پیاوێکی زۆر کوردپەروەر بووە و ڕێزی هەموو ئایینەکانیشی گرتووە بە بێ جیاوازی و گیانێکی تەسەوفیشی هەبووە و زۆر بە عیرفانیش بووە بۆ ئایینی( یارسان)



کچەکانی نووسەر فەلەکەدین کاکەیی لەسەردانی گڵکۆی باوکیان لە مەسیف سەڵاحەدین






وتەیەکی گرنگیشی هەیە کە دەڵێت:(ژیان گەشتێکە و مردن گەڕانەوەیە بۆ ماڵ).

فەلەکەدین کاکەیی لە ڕۆژی ٣١-٨- ٢٠١٣ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، لە دوای خۆی هیچی بە جێ نەێشتووە تەنیا قەڵەمەکەی و نووسینەکانی نەبێت، .

ئەو لە ساڵی ١٩٦٥ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(وەسفیە) کردووە و خاوەنی(٥) کچ بووە بە ناوەکانی(پڕشنگ، ناز، ڕاز ، ئاشتی، لیزا) دایکیان خاتوو (وەسفییە) لە ساڵی ٢٠١٧ و (ڕاز)ی خوشکییان لە ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دواییان کردووە و ڕەوانیان شاد بێت و ڕوحی پاکی فەلەکەدین کاکەییش شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١- (ئاژانسی هەوالدەری کوردستان) ، لە ١-٨- ٢٠٢٢.


٢- کوردیپیدیا.

٣- ویکیپیدیا- ئیسکۆلۆپیدیا ئازاد.

٤- Rudaw net، حەلاجی کورد بەسەرهاتی فەلەکەدین کاکەیی، ئامادەکردنی میدیاکار ئەمیر تەها، خوێندنەوەی میدیاکار ئارام مستەوفی.

٥- yuotybe فلمێکی دوکیۆمێنتاری، تۆڕی میدیای زەرگەتە.

٦- زانیاری نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس، میدیاکار و ڕۆژنامەنووس و توێژەر و پسپۆری کەلتوور و ئەفسانەی کۆن و نوێ و هاوچەرخی کوردی و فارسی، پرۆفیسۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن..

ناوی تەواوی(مەولود ئیبراهیم حەسەن)ە، لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (عەبدوڵڵا گوجیلان-عاڵڵا)ی سەر بە ناوچەی کەندێناوە (دیبەگە) ی سەر بە پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی پێنجەم لە قوتابخانەی عاڵڵا خوێندووە، بە هۆی کودەتایەکەی شوباتی ساڵی ١٩٦٣(حەرەس قەومی) و سووتان و دەربەدەربوونی بەشی زۆری گوندەکانی کەندێناوە و کۆچی دوایی کردنی باوکی،ماڵیان هاتۆتە شاری هەولێر، هەر ئەو ساڵیش خوێندنی پۆلی شەشەمی لە قوتابخانەی ئازادیی کوڕان لە هەولێر تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندیشی لە ناوەندیی(هەولێر-متوسطة اربیل و زازای ئێواران) تەواو کردووە، دیارە لەبەر دەستکورتی و هەژاری نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن، بۆیە بە(چاودێریی هونەری- مراقب فني) لە ئەمینداریێتیی گشتیی کشتوکاڵ لە هەولێر دامەزراوە،



دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن بە جلی کوردی و بە جاجێلی



له لای ڕاستەوە: دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ وەکو بەشی زۆری ئەدیب و ڕۆشنبیران و لاوانی دیکەی کورد ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، پاش نسکۆی شۆڕش هاتۆتەوە هەولێر و خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەشی زمانی فارسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو لە ساڵی چوارەم بە یەکەم دەرچووە لەسەر هاوپۆلەکانی، ئەو زۆر حەزی لە خوێندن بووە و ویستوویەتی درێژە بە خوێندنی باڵا بدات و ناویشی دەرچووە بۆ (تاجیکستان)، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد بووە و فۆرمی حیزبی بەعسی نەبووە و شەڕی عێراق و ئێرانیش دەستی پێکردووە ڕێگایان نەداوە سەفەر بکات.




پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دیسان ویستوویەتی بچێتە خوێندنی باڵا، بەڵام دیسان هەر ڕێگەیان پێنەداوە چونکە حیزبی نەبووە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٨- ١٩٩٩ هەلی بۆ ڕەخساوە لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی بڕوانامەی ماستەری لە(گەڕان بە دوای نەمریی ئەفسانەی کوردی)



وەرگرتووە، بڕوانامەی دکتۆراشی لە بەشی کوردیی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە، مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی بووە تا لە ساڵی ٢٠٢١ پلەی زانستیی پرۆفیسۆری وەرگرتووە، ئێستاش خانەنشینە، بەڵام هەر بەردەوامە لە سەرپەرشتیکردنی نامەی قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا لە کۆلێژەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی لە کۆلێژ و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

دکتۆر مەولود ئیبراهیم لە بوارەکانی چیرۆک بۆ مێرد منداڵان و ڕۆمان و مێژوو و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کەلەپوور و کەلتوور و ئەفسانەی کۆنی کوردی وفارسی و گەلانی دیکە، کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخی لە چاپداوە و هەمووشی بە زمانیکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان و جوان نووسیوە و بڵاویشیکردوونەتەوە کە ئەمانەن.

لە بواری لێکۆڵینەوە:




**لە لای ڕاستەوە: دانیشتووەکان؛ دکتۆر ئیبراهیم شوانی، دکتۆر مەولود ئیبراهیم، دکتۆر فەرهاد، نە ناسراوە، لەلای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان نەناسراون**

- قەدەغە شکێنی، لێکۆڵینەوەی گشتی لە ئەفسانەی کوردی، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠.
- گەڕان لە دوای نەمریدا لە ئەفسانەی کوردی و فارسی، هەولێر ساڵی ٢٠٠٢.
- پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٧.
- نەورۆزی کورد لە ئەفسانەوە بۆ بە جیهانی بوون، ساڵی ٢٠١٢.
- ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟ هەولێر ساڵی ٢٠١٢.
- فێربوونی زمان بە لەگرتنەوە، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پێشبینکارە، سلێمانی ساڵی ٢٠١٥.

لە بواری کۆکردنەوەی کەلتورو فۆلکلۆر:

- هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٦.
- هێلکەی نامێ، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٦.
- تێرنەخۆرە، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٨.
- زیاتر لە عیشقێک، بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٨.

بەرهەمە ئەدەبییەکانی:



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر هاوژین سڵێوە، دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**
**لە سیمینارێك لە کتێبخانەی کۆیە**




**بەرهەمەکانی دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

- وریابن خەوتان لێ نەکەوێ، چیرۆک بۆ مێرد منداڵان، بەغدا ساڵی ١٩٨١.
- گۆرانی ئازادی، چیرۆک بۆ مێرد منداڵان، هەولێر ساڵی ٢٠١٢.
- خۆت لە من بزر مەکە، شیعر، بەغدا ساڵی ١٩٨٥.
- بەردەژن، ڕۆمان، سلێمانی ساڵی ٢٠٠١.
- پیری کێوان، ڕۆمان، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٤.
- پێڵاوی شنگالییەکان، شیعر، هەولێر ساڵی ٢٠١٥.
- مەرگی سەگ، کورتە چیرۆک، هەولێر ساڵی ٢٠١٧.
- بەڕێوەبەری ئینسکلۆپیدیای هەولێر بووە، لەگەڵ لێژنەیەک، هەولێر ساڵی ٢٠٠٩.

لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن:

- ئەندامی دامەزرێنەری دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە لە هەولێر ساڵی ١٩٩٢.
- بەڕێوەبەری گشتیی گۆڤاری(پەڕەسێلکە)ی منداڵان بووە لە هەولێر ساڵی ١٩٩١.
- سکرتێری نووسینی گۆڤاری پەریسان بووە، لە هەولێر ساڵی ١٩٩٢ .
- سکرتێری نووسینی گۆڤاری هەنگ بووە، لە هەولێر ساڵی ١٩٩٣.
- لە ساڵی ١٩٩١ بەرنامەی(دەنگی زارۆکان)ی بە ناوی یەکێتیی نووسەران لە هەردوو ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ڕەواندز ئامادە و پێشکەشکردووە.
- دەیان وتار و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لە بەشی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە

کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

- چەندین چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لەگەڵ زۆر لە کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە.

چەندین جاریش خەڵات کراوە و ڕێزی لێندراوە لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستان.

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دەژیت و خەریکی نووسینەوەیە لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆی و بەردەوامیشە لە سەرپەرشتی کردنی نامەی ماستەر و دکتۆرا بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی لە کۆلێژ و زانکۆکانی کوردستان، بەشداریش دەبێت لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان، لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆیشی زۆر چالاکانە نووسینی هەمەجۆر بڵاودەکاتەوە، جار و باریش ئەدەبدۆستان و هەوادارانی بە پارچە شیعرێکی ناسک و جوان بەسەر دەکاتەوە.

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژوو و کەلەپور وکەلتوور و ئەفسانەی کوردی.



سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیانی دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- کوردیپیدیا.

٣- ماڵپەڕی فەیسبووکی دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس و ئایناسی کوردی ناوچەی هەورامان، ڕەوانشاد دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی..

ناوی تەواوی(محەمەد ئەمین غەفور عەبدوڵڵا)یە، بە محەمەد ئەمین هەورامانی بەناوبانگ و ناسراوە، لە ١٥-١٠-١٩٢٨ لە ناحیەی(بیارە)ی سەر بە دەڤەری هەورامان لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٧ هەر لە بیارە چووەتە بەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٥٢ بۆتە مامۆستا، ئەو لە مامۆستا پێشەنگ و پێشڕەوەکانی ناوچەی هەورامان بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ گواستراوەتەوە قوتابخانەی گوندی هاوار، هەر لە ماوەیەدا دەستی بە نووسین کردووە و توانیویەتی کتێبێکی تایبەت بە ژیان و مێژوو و وردەکارییەکانی ئایینی(یارسان و کاکەیی)بە زمانی کوردی ئامادە بکات، لە ساڵی ١٩٦١ گواستراوەتەوە قوتابخانەی شارەدێی(سیروان)ی سەر بە قەزای هەڵەبجە(ئێستا پارێزگای هەلەبجەیە)، لە هەمان کاتدا توانیویەتی بەکالۆریۆس لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موستەنسریەی بەغدا بەدەست بهێنێت.

لە ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی دکتۆرای (فخری- شانازی) لە زمان و ئەدەب لە زانکۆی (الاسکندریة)ی وڵاتی میسر وەرگرتووە، لە نیوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ماوەیەک لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو....نوێنەری کەس و کاری دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی، دکتۆر ئامانج عەبدوڵڵا سەعید نوێنەری وەزیری خوێندنی باڵا، نووسەر ئەیوب ڕۆستەم نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری، دکتۆر مهاباد کامل عەبدوڵڵا سەرۆکی زانکۆ هەڵەبجە، لە کاتی کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی**

دەست بەکار بووە و لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتیی بەشی شێوەزاری هەورامانی دەکرد لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا کە ماوەیەک بوو ڕۆژانە بۆ ماوەی یەک سەعات کرابووەوە.

لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆڕەوە گەورەکەی کورد چۆتە ئێران و ماوەیەک ماوەتەوە و دواتر چووەتە وڵاتی سویسرا تا ساڵی ٢٠٠١ بەیەکجاری هاتۆتەوە و لە زانکۆکانی عێراق و کوردستان و ئێران مامۆستا بووە.

ئەو شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئاڤێستا و دەوڵەتی ماد و میدیا و زاگرۆسنشینەکان و دەوڵەتی حەوزەی سیروان هەبووە، زمانەکانی عەرەبی کوردی و ئینگلیزی زۆر باش زانیوە.

زماناس و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس محەمەد ئەمین هەورامانی زیاتر لە(٢٥) کتێبی چاپکراوی هەیە لە بوارەکانی ئەدەب و مێژوو و ئایینناسی و کەلتووری ناوچەی هەورامان، کە بە زمانی عەرەبی کوردی و شێوەزاری هەورامانی نووسیوە، سەرەڕای دەیان وتاری ئەدەبی ڕۆشنبیری دیکە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی و لە بەشی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان

بڵاویکردوونەتەوە، ئەمانە بەشێکن لە بەرهەمە چاپکراو و بڵاوکراوەکانی:

- چۆن دەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتووی زمانی ئینگلیزی، وەزارەتی کاروباری باکوور یارمەتیی چاپکردنی داوە، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)– بەغدا، ساڵی ١٩٧٢ زایینی.
- فۆنەتیکی زمانی کوردی (دار الجاحظ) ساڵی١٩٧٤ بەغدا بە یارمەتیی کۆڕی زانیاریی کورد.
- سەرەتایەک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی (چاپخانەی مەعاریف)ساڵی ١٩٧٤ بەغدا .
- ما كتب عن اللغة الكردية، (مطبعة المجمع العلمي الكردي) ساڵی ١٩٧٨ بەغدا.
- زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ) ساڵی١٩٨١ بەغدا.
- کاکەیی، لەسەر ئەرکی عەلی بۆسکانی (لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردی) ساڵی ١٩٨٤ بەغدا.



گڵکۆی دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی

- دیوانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی (لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد) ساڵی ١٩٨٤ بەغدا.
- ڕۆشنبیریی وەلی دێوانە، ئەمینداریێتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری، چاپخانەی(علاء) ساڵی ١٩٧٩ بەغدا.
- فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی(سومر) ساڵی ١٩٨٧ بەغدا.
- زمانی ئاڤێستا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ( دار الحریة) ساڵی ١٩٨٨ بەغدا.
- لەیلێ و مەجنوون، ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان چاپخانەی (علاء) ساڵی ١٩٨٥ بەغدا.
- مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی (زانکۆی سەلاحەدین) ساڵی ١٩٩٠ بەغدا.
- زارە کوردییەکان چاپخانەی(صلاح الدین) ساڵی ١٩٨٧بە هاوکاریی (کامیل بەسیر، کوردستان موکریانی، سادق بەهائەدین).




**بەرهەمەکانی دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی**




**نووسەر ئەیوب ڕۆستەم لە کاتی خوێندنەوەی وتاری ڕێزلێنان**
**لە دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی**

- فەرهەنگی زار و ئیدیۆمی زمانی کوردی، ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی سومر ساڵی ١٩٨٩ بەغدا.
- کوردی شێوەزار (لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد) ساڵی ١٩٩٠ بەغدا.

-فەرهەنگی ئینگلیزی – کوردی بە هاوکاریی (ئیحسان فوئاد، عەبدوڵڵا شاڵی، خەلیل حەماش) بۆ قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی، ساڵی ١٩٨٩ بەغدا.

- مێژووی هەورامان، چاپخانەی (بلخ)، تاران ١٣٨٠ی هەتاوی، بەپێی ڕۆژژمێری ئێران.
- گوڵزاری هەورامان، بەشی یەکەم و بەشی دووەم، ساڵی (٢٠٠٤ چاپخانەی ئاراس- هەولێر).
- ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە، ساڵی٢٠٠٥(چاپخانەی ئاراس- هەولێر).
- بەراوردی نێوان زمانی کوردی و ئاڤێستادا (چاپخانەی سەردەم) ساڵی ٢٠٠٥سلێمانی.

- مێـژووی جوگرافیـای کوردسـتان لـە ئاڤێسـتادا سـاڵی ٢٠٠٦ (چاپخانـەی ئـاراس- هەولێـر).
- فەرهەنگی ئاریانڤاچ - کوردیی کۆن و کوردی نوێ، ساڵی ٢٠٠٨(وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر).
- مێـژووی هەورامـان بەرگـی دووەم، چاپخانـەی چـوار چـرا، سـاڵی ٢٠١٦ سـلێمانی.
- هەندێ لە لاپەڕەکانی ژیانم، چاپخانەی چوارچرا، ساڵی ٢٠١٤ سلێمانی.

ئـەم وتـار و نووسینانەشـی دەربـارەی زمانەوانـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردۆتـەوە:

- ئامرازی (لـە) لـە ترازووی بـەراورددا، گۆڤاری کاروان، (ژ ٣٨) سـاڵی ١٩٨٥ ی زایینی.
- پرییپۆزیشـنی (بـە) لـە زمانـی کوردیـدا (گۆڤـاری ڕۆشـنبیریی نـوێ (ژ ١٠١) سـاڵی ١٩٨٤ی زایینـی.
- تەماشـاکردنێکی سـەرپێیی زاری سـۆرانی و زاری هەورامـی ( گۆڤـاری کـۆڕی زانیاریـی کـورد، ب٢،ژ ٢، بەغـدا سـاڵی ١٩٧٤ لاپـەڕە ( ١١٧ -١٦٥.
- (دا) لـە زمانـی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا (گۆڤاری کاروان (ژ ٢٠) لاپـەڕە (٣٨- ٤٧) سـاڵی ١٩٨٧ی زایینی.
- ڕێنـووس پەیـڕەوی زمانناسـی بـکات باشـە، گۆڤـاری (ئاسـۆی زانکۆیـی) ژمـارە ١٠ ٢، لاپـەڕە( ٨٨-٩١ ) سـاڵی ١٩٨٧ی زایینـی.
- زاراوەی ناتـەواو، گۆڤاری (ئاسـۆی زانکۆیی) ژ ٣ سـاڵی سـێیەم، سـلێمانی سـاڵی ١٩٧٩ی زایینی.
- زمانەکـەت لـە کوێـوە هاتـووە (گۆڤـاری بەیـان بەشـی یەکـەم، ژ ١٧ بەغـدا سـاڵی ١٩٧٣، بەشـی دووەم (ژ ١١) بەغـدا سـاڵی ١٩٧٣، بەشـی سـێیەم، (ژ ١٣) بەغـدا سـاڵی ١٩٧٤، بەشـی چـوارەم ژ ١٧) بەغـدا سـاڵی ١٩٧٤ی زایینـی.
- کـورد واتەنـی، گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نوێ، بەشـی یەکـەم (ژ ٦٤) بەغدا سـاڵی ١٩٧٨ی زایینی.

- (کە) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری کاروان (ژ ١٢) ساڵی ١٩٨٣ی زایینی لەگەڵ وتاری بەیان و ڕێنووسی کوردی بەیان، گۆڤاری بەیان، (ژ ٣٠) بەغدا ساڵی ١٩٧٥ی زایینی.
- وشەی (هەورامان) لە چییەوە هاتووە، گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) بەغدا ساڵی ١٩٧٥ی زاینی.

هونەرمەندی مۆسیقاژەن دارا محەمەد عوسمان لە ٣-١٢-٢٠١٩ بە بۆنەی ساڵیادی دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامی دەڵێت:( مامۆستا هەورامانی کتێبخانەکەی کە دوو هەزار کتێب بوو لەگەڵ خانووەکەی کە سێ نهۆم بوو، پێشکەشی بە زانکۆی هەڵەبجەی شەهید کرد، بەڵام زانکۆش وەک پێویست یادی نەکردەوە، بۆیە داوام وایە ئەمساڵ کۆنفرانسێکی ئەدەبی و مێژوویی بۆ ئەو زاتە فەرهەنگییە لە زانکۆی هەڵەبجەی شەهید بگێڕن).

لە ١-١٢-٢٠١٩ بە ئامادەبوونی بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئامانج عەبدوڵلا سەعید نوێنەری وەزیری خوێندنی باڵا و بەڕێز ئەیوب ڕۆستەم نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری و دکتۆر مهاباد کامل عەبدوڵلا سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە و خێزانی دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی و چەندین لێپرسراو و کەسانی دیاری ناحیەی بیارە، ساڵیادی ئەو زاتەیان کردۆتەوە و پاشان سەردانی سەنتەری ڕۆشنبیریی کۆچکردوویان لەماڵەکەی کردووە، کە وەکو دیارییەک پێشکەشی بە زانکۆی هەڵەبجەی کردووە.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستای گەورە دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ ئەو کاتەی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا وەکو بێژەر کارم دەکرد، مامۆستا لەوێ بوو کە تازە بەشێکی شێوەزاری هەورامانی بۆ ماوەی یەک سەعات کرابووەوە، ئەو لە ڕووی زمانەوانی سەرپەرشتیی ئەو بەشەی دەکرد، ڕۆژان هات و ڕۆیشت ئەمجارە لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو کاتەی لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری سەر بە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لێپرسراوی بەشی (تألیف و نشر)بووم، مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی هاتە لام و دووبارە بە یەک شادبووینەوە و

(٢٠٠٠) دانــە کتێبی(وەلـی دیوانــە)م لـە چاپخانەی(الاحـداث) لـە بەغـدا بـۆ لـە چاپدا.

مامۆسـتا محەمـەد ئەمین هەورامانی زیاتـر لـە (٦٠) سـاڵ خزمەتی زمـان و ئەدەبـی کـوردی و بەتایبەتیـش شـێوەزاری هەورامانـی کـردووە، ئـەو بەرگـی یەکـەم دووەمـی گوڵسـتانی هەورامانـی لـە چاپداوە و بەرگـی سـێیەم و چوارەمیشـی ئامادەکردبـوو خەریـک بـوو بیانێرێتـە تـاران بـۆ چاپکـردن، کتێبێکـی دیکەشـی لەبـەر دەسـتدا بـووە کـە قـەوارەی(٨٠٠) لاپـەڕە بـووە لەسـەر زانسـتی ئایینەکانی کاکەیی و زەردەشـتی بووە، بەڵام مـەرگ ڕێگای پـێ نـەدا ئەمانـە لـە چـاپ بـدات، ڕۆژی ٢٣-١١-٢٠١٨ کۆچـی دوایـی کـردووە و تەرمەکـەی لـە بیـارە بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

نووسـەر دکتـۆر محەمـەد ئەمیـن هەورامانـی ، دیوانێکـی شـیعری بـە شـێوەزاری هەورامـی نووسـیوە بـە نـاو نیشـانی هەورامـان وەشـەن....:

ئەمە چەند کۆپلەیەک لە شیعرەکانی:

**هەورامان وەشەن بووم و مەزدایا**

**هەورامان پیرۆز بە ئاڤێستایا**

**یاگی زەمزەمە و**

**مەزدا یەسنایا**

**پەنا واو زێدو**

**ماناو مادایا**

*****

**هەورامان زادگا و ئاریزانتەکان**

**ئاتەشگاو دینی مانا و مادەکان**

**بەیەری دوگێ رەویەش وەستەرە**

**دوسی و برایەتی نیازی پاکی**

*****

**هەورامان پیرۆز،**

**ئاریانڤاچ زەمین زادگای سپیتام**

**،پیرۆز دنیا و دین**

**یەکەم دەستوورش کاری کرداریی**

**پەی ئاوا کەردەی زەمین و زاریی**

*******

**هەورامان کانگاو حەکیم و ژیران**

**یاگێ دانایا و زانایا و پیران**

**دووەم دەسوورش واچەی بەسوودا**

**یانێ موچیاریی و یۆ گرتەی خەڵکش**

*******

**هەورامان ( زەم ) و هورمز یەسنایا**

**ئاریانڤاچ (بووم) و مەزدا پەرسایا**

**موچیاری یەرەم نیاز و نیهادەن**

**خاس باریش بەرهەم پێوە گرد بە جەم**

سەرچاوەکان:


١ - هەفتەنامـەی گـوڵان، وتارێکـی هونەرمەنـد دارا محەمـەد عوسـمان لـە ٣-١٢-٢٠١٩.

٢- شار پرێس، لە ٢٣-١١-٢٠١٨.

٣- - knn tv، چاوپێکەوتـن لەگـەڵ دکتـۆر ئیبراهیـم هەورامـی، لـە ٢٣-١١-٢٠١٨.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سەلیم بەرەکات

شاعیری گەورەی عەرەبی(سووری) نزار قەبانی لە نامەیەکدا بۆ ئەو دەنووسێت و تکای لێ دەکات و دەڵێت:( مەولا چیت بۆ ئێمە هێشتەوە، دەست لە شیعر هەڵبگرە).


شاعیر و ڕۆماننووس و پەخشاننووس و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کوردی(عەرەبیینووس) سەلیم بەرەکات

شاعیر سەلیم بەرەکات لە ١-٩-١٩٥١ لە گوندی(موسیسانا)ی سەر بە شارۆچکەی(عامودا)ی ناوچەی قامیشلۆ لە دایک بووە، ژیانی منداڵی و گەنجێتی لە گوندەکەیان و شاری قامیشلۆ بەسەر بردووە، شێوەی ژیان و کەلتوور و داب و نەریتی کوردی و ئێزیدی و ئەرمەنی و ئاسووری و عەرەبی لە دڵ و دەروونیدا چەسپیوە، لەبەر باری سیاسی و قەدەغەکردنی زمان و ناسنامەی کوردی، ناچار بووە بە زمانی عەرەبی بنووسێت، لە ساڵی ١٩٧٠ دەچێتە دیمەشق لە زانکۆی دیمەشق ئەدەبی عەرەبی دەخوێنێت، بەڵام هەر یەک ساڵ بەردەوام بووە لە خوێندن و وازی هێناوە و چۆتە بەیروت تا ساڵی ١٩٨٢ لەوێ ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا(٥) دیوانی شیعری و دوو کتێبی بیۆگرافی و کتێبێکی بیرەوەری ڕۆژانەی خۆی بڵاوکردۆتەوە، هەر ئەو ماوەیەی کە لە بەیروت بووە، خۆبەخشانە



لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، شاعیرو ڕۆماننووس سەلیم بەرەکات

چۆتە پاڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی و وەکو چالاکوانێک بەشدار بووە لە کاری سیاسی و فیکری و وەکو شاعیر و شەڕکەرێکیش شەڕە(ناوەخۆییەکانی لوبنان-الحرب الاهلیة اللبنانیة)ی بینیوە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە گەڵ بەرەی بەرگریی فەلەستینی لە بەیروتەوە بەرەو تونس چووە، لە پاشان چووەتە(قوبرس) لەوێ تا ساڵی ١٩٩٢ بە هاوبەشی لەگەڵ شاعیری گەورەی فەلەستینی مەحمود دەروێش گۆڤاری(الکرمل)یان دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٩٩ ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە لە دارستانەکانی(سکوغاس) لە دەرەوەی ستۆکهۆلم دەژییێت.




لە بەشی زۆربەی بەرهەمەکانی شاعیر سەلیم بەرەکات، باری سەخت و ناهەمواریی کورد و نەهامەتی و دەردەسەریەکانی کەمەنەتەوایەتییەکانی دیکەی وەکو (ئەرمەنی و ئێزدی و شەرکەسی) یش ڕەنگی داوەتەوە،



پاڵەوانی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانی هەموو خوو ڕەوشت و ڕەفتاریان کوردین، بەسەرهاتەکانیش بەشی زۆریان لە شارە کوردییەکانی وەکو(قامشلۆ و مەهاباد و سلێمانی)ڕوودەدەن، باسی نەهامەتییەکانی کورد دەکات، لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە کوردبوونی خۆی ئەو دەڵێت:(داخۆ من کوردم؟ دەی با بە سادەیەکی هاوارکەرەوە بۆم هەبێت کە بڵێم کوردم کە باوکم ناوی کوردی هەیە، کە ئێمە بە کوردی قسە دەکەین کە بە کوردی لەگەڵ مریشکەکانمان، بەرخەکانمان، مانگاکانمان، هەنگەکانمان و بیستانەکانماندا قسە دەکەین هەر ئەوەندە!).

سەلیم بەرەکات لە ڕۆمانی(الریش- پەڕ)دا لە زاری مام ئازاد کە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە لە نامەیەکدا بۆ باوکی دەڵێت:(کوردەکان نادۆڕێن



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی فەلەستینی مەحمود دەروێش،**
**شاعیرو ڕۆماننووس سەلیم بەرەکات**




وایـان پـێ بڵـێ باوکـە، پاشـان لـە جگـەرە داگیرساوەکەت ڕابمێنە جا بڵێ کوردەکان نادۆڕێن چونکە خاوەن ئازادیی خۆیانن).

لـە هۆنراوەی(مەهابـاد لـە ئۆلۆمپیـادی خودا)کـە دەقێکـی درێـژە لـە بـارەی ئێـش و ئـازار و دەردەسـەرییەکانی کـوردەوە، بـەرەکات ڕوو لـە خـوادا دەکات و دەڵێت:(خوایـە گیـان خـۆ ئەوانـە کـوردی تـۆن!!).

سـەلیم بـەرەکات خـاوەن خەڵاتـی جیهانیی(ماکس جاکـۆب) ەو پاڵێـوراو بـووە بـۆ خەڵاتـی (بوکـر) کـە لێژنـەی(دادوەری- تحکیـم)ی خەڵاتـە لـە کاتـی کـەم کردنـەوەی نـاوی پاڵێوراوەکان نـاوی سـەلیم بەرەکاتیان لا بردبوو، کـە ئەمـەش کاتـی خـۆی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە عەرەبییـەکان زۆر باسـکرا و لێژنـەی خەڵاتەکەیـان بە(نـەزان و نـا عەدالـەت) لـە قەڵـەم دا.

هـەر سـەبارەت بـە خـەڵات و خەڵاتـی نوبێـڵ، شـاعیر و نووسـەری دیـاری کـورد فەرهـاد شـاکەلی لـە نووسـینێکیدا بـە ناونیشـانی(ئەگـەر خەڵاتـی نۆبێـل



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەری دیار و ناسراوی کورد فەرهاد شاکەلی، شاعیرو ڕۆماننووس سەلیم بەرەکات**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیرو ڕۆماننووس سەلیم بەرەکات، شاعیر مەحمود دەروێش، نووسەر ئەمجەد ناسر**

وەربگرم...) کە لە گۆڤاری(دیوان)ی ژمارە(١٢)ی ئایاری ساڵی ٢٠٢٢، لاپەڕەکانی(٨٢-٩٨)بڵاوکراوەتەوە، تێیدا دەڵێی:( من ئەوە باش دەزانم کە هەرگیز خەڵاتی نوبێڵ وەرناگرم، بەڵام لە پێناوی پرسیارەکەی ئێوەدا با وای دابنێین کە لە ڕۆژی پێنجشەممەی مانگی تشرینی(ئۆکتۆبەر)ی ساڵێکدا بڕیاردرا خەڵات بکرێم ئەگەر پێم وا بێت، لەو کاتەدا، نووسەرێکی کورد لە من شایانتر هەیە، دەڵێم دەبوو بدرێت بە ئەو نووسەرە، ئەگەر ئێستا ئەوە ڕوو بدات، من تەنیا یەک نووسەر بە شایانی ئەو خەڵاتە دەزانم کە ئەویش[سەلیم بەرەکات]ە، بە داخەوە بە کوردی نا نووسێت، بەڵام کوردێکی باش و نووسەرێکی گەورەیە).




سەلیم بەرەکات یەکەم بەرهەمی خۆی کە هەڵبەستێک بووە بە ناوی(نقابة الانساب) ساڵی ١٩٧١ لە گۆڤاری(الطليعة) بڵاوکردۆتەوە، یەکەمین کۆمەڵە شیعریشی بە ناوی((كل داخل سيهتف







لاجلي و كل خارج ايضا) لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکردۆتەوە، ئەو زیاتر لە(٦٠) کتێبی لە دیوانی شیعری و ڕۆمان و یاداشتەکانی منداڵیی خۆی لە چاپداوە، ئەو لە شاعیر و ڕۆماننووسە باشەکان هەژمار دەکرێت، کە بە زمانێکی عەرەبی ڕەوان و قووڵ و بەکار هێنانی شێوازی تەشبیە و ئیستیعارە و سوودیشی لە وشەی شاعیرە کلاسیکییە عەرەبەکان وەرگرتووە لەم بارەیەوە نووسەر(ستیفان جی مایر) دەڵێت:(ئەو یەکێکە لەو نووسەرانە کە شێوازی نووسینەکانی نزیکە لە شێوازی نووسینە سیحراوییەکانی نووسەرانی ئەمەریکای لاتینی، لەوانەیە ئەمڕۆ یەکەم پەخشاننووسی عەرەبی بێت، چونکە شێوازی(گرێیاوی- معقد)و جێبەجێکردنی هونەرییانەی هەیە و سوودی لە ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی وەرگرتووە).

زۆر لە بەرهەمەکانی سەلیم بەرەکات وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە بێگانەکانی وەکو(سویدی، ئینگلیزی، فەرەنسی تورکی، ئیسپانی، کوردی... هتد)، هەر بۆ نموونە ئەم نووسەرە کوردانە ئەو بەرهەمانەی سەلیم بەرەکاتیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

- دڵشاد، قۆناغە چۆڵەکانی نەمری، وەرگێڕانی شاعیر و نووسەر جەوهەر کرمانج، سلێمانی ٢٠٠٥.
- شێرە کولـلەی ئاسنین، وەرگێڕانی نووسەر عیسا چیایی، دەزگای سەردەم ٢٠٠٣.

- فەقێکانی تاریکی، ڕۆمان، وەرگێڕانی نووسەر غەفور سالّح عەبدوڵڵا.
- مەهاباد لە ئۆلۆمپیادی خوادا، وەرگێڕانی نووسەر هەندرێن، سوید ٢٠٠٤.
- هەرێمەکانی جنۆکە، وەرگێڕانی نووسەر زاموا محەمەد ٢٠٢٢.

نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگرانی عەرەبی و کوردی و هەتا تورکیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی عەرەبی و کوری و تورکی زۆریان لەسەر شاعیر و ڕۆماننووس سەلیم بەرەکات نووسیوە، با بزانین چۆن باسیان کردووە:

- شاعیری گەورەی عەرەبی(ئەدۆنیس) دەڵێت:( زمانی عەرەبی لە گیرفانی ئەم شاعیرە کوردە دایە).
- شاعیری گەورەی سووری(عەرەبی) نزار قەبانی لە نامەیەکدا بۆ سەلیم بەرەکات نووسیویەتی و تکای لێدەکات و دەڵێت:(مەولا چیت بۆ ئێمە هێشتەوە، دەست لە شیعر هەڵبگرە).
- شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس دەڵێت:( کاتیک شیعر و نووسینەکانی دەخوێنمەوە، ئەوە ئێمە خودی نهێنییەکان و نەزانراوەکان دەخوێنینەوە).
- سەعدی یوسف شاعیری نوێخوازی عێراقی دەڵێت:(تۆ مەزنترین کوردی لە پاش سەلاحەدینی ئەیوبی).

شاعیر سەلیم بەرەکات لە شوێنێکدا نووسیویەتی و دەڵێت:

**ذهبت فی اتجاه شریک منعني**
**عن اللغة الكردية. ذهبت إليه**
**متسامحا بلغته التي هي إقتداري**
**على تدبير حريتي فی بلاغتها،**
**و تدبيري هويتي فی نبلها الاعمق.**

**ئەمانەن بەرهەمە بڵاوكراوەكانی شاعیر و ڕۆمانووس سەلیم بەرەكاتن:**

- كل داخل سيهتف لأجلي وكل خارج أيضا (شعر).
- هكذا أبعثر موسيسانا (شعر).
- ميدوسا لا تسرح شعرها: رواية.
- موسوعة الكمال بلا تحريف: نشوء المعادن.
- الشظايا الخمسمائة: أين يمضي هذا الذي لا تلمسه يداي؟
- الأبواب كلها: ترديد الصدى في التلاغب بأخلاق الليل.
- تنبيه الحيوان إلى أنسابه: شعر.
- مغانم الرياضيين والتعاليم كما التزموها.
- سيرة الوجود وموجز تاريخ القيامة: رواية.
- للغبار، لشمدين، لأدوار الفريسة وأدوار الممالك (شعر).
- الجمهرات (شعر).
- الجندب الحديدي (سيرة الطفولة) (سيرة))
- الكراكي (شعر).
- هاته عاليا، هات النفير على آخره (سيرة الصبا) (سيرة).
- فقهاء الظلام.
- بالشباك ذاتها، بالثعالب التي تقود الريح (شعر).
- كنيسة المحارب (يوميات).
- أرواح هندسية.
- الريش (رواية).
- البازيار (شعر).
- الديوان (مجموعات شعرية في مجلد واحد) (شعر).
- معسكرات الأبد (رواية).

- طيش الياقوت (شعر).
- الفلكيون في ثلثاء الموت: عبور البشروش (رواية).
- الفلكيون في ثلثاء الموت: الكون (رواية).
- الفلكيون في ثلثاء الموت: كبد ميلاؤس (رواية).
- المجابهات، المواثيق الأجران، التصاريف، وغيرها (شعر).
- أنقاض الأزل الثاني (رواية).
- الأقراباذين (مقالات في علوم النظر).
- المثاقيل (شعر).
- الأختام والسديم (رواية).
- دلشاد (فراسخ الخلود المهجورة) (رواية).
- كهوف هايدراهوداهوس (رواية).
- المعجم (شعر).
- ثادريميس (رواية).
- موتى مبتدئون (رواية).
- السلالم الرملية (رواية).
- الأعمال الشعرية (مجموعات).
- شعب الثالثة فجرا من الخميس الثالث (شعر).
- لوعة الأليف اللا موصوف المحير في صوت سارماك (رواية).
- ترجمة البازلت (شعر).
- هياج الإوز(رواية).
- التعجيل في قروض النثر (مقالات).
- حوافر مهشمة في هايدراهوداهوس (رواية).
- السيل (شعر).
- السماء شاغرة فوق أورشليم (رواية).
- عجرفة المتجانس (شعر).

- السماء شاغرة فوق أورشليم ٢ (رواية).
- آلهة (شعر).
- حورية الماء وبناتها (رواية).
- شمال القلوب أو غربها (شعر).
- سجناء جبل أيايانو الشرقي (رواية).
- سوريا (شعر).
- أقاليم الجن (رواية).
- الغزلية الكبرى (شعر).
- سبايا سنجار (رواية).
- الأبواب كلها (شعر).
- زئير الظلال في حدائق زنوبيا (رواية).
- ماذا عن السيدة اليهودية راحيل (رواية).

سەرچاوەکان:


١- کوردیپیدیا.
٢- ويكيبيديا- الموسوعة الحرة.
٣- مجلة العربي الجديد، مقال للكاتب محمود الرحبي بعنوان(بوجه جائزة بوكر) فی ١٧-٢-٢٠٢٠.
٤- ماڵپەڕی زانیاری، وتارێکی نووسەر ئیسرا بورهان لە ٢٩-٩-٢٠٢١.
٥ - جريدة القدس العربي، مقاله للكاتب راشد عيسى فى ١٣-٥-٢٠٢٠.
٦- صحيفة العربي، مقاله للكاتب السوري هيثم حسين فى ١٢-٦-٢٠٢٠.
٧- فلم وثائقي برنامج(بورتريه)، إعداد الكاتب حسن برد.
٨- زانیاری و نووسینی خۆم.



# دکتۆرخەسرەو جاف

نووسـەر و ڕۆماننووس و ئەندازیاری بیناسـازی، هونەرمەندی پەیکەرسـاز و وەرگێڕ و توێژەر دکتۆرخەسـرەو جاف

نـاوی تەواوی(خەسـرەو محەمـەد حەمـە سـەعید بەگـی جـاف)ە، بـە خەسـرەو جـاف ناسـراوە، لـە شـەوی جەژنـی نـەورۆز، لـە ٢١-٣-١٩٤٤، هەنـدێ سـەرچاوە دەڵێـن: ٢١-٣-١٩٤٥ لـە بنەماڵەیەکـی بەگزادەی جـاف لـە گوندی(کـەلار)ی ئـەو کات، (ئێسـتا کـەلار بۆتـە شـارۆچکەیەکی خنجیلانـە)، لـە داوێنـی قەڵای(شـێروانە)ی مێژوویـی لـە دایـک بووە، خوێندنی سـەرەتایی لە گونـدی کەلار تـەواو کـردووە، خوێندنی ناوەندیشـی لـە شـاری خانەقین خوێنـدووە و بـۆ خوێندنـی ئامادەیـی چۆتـە شـاری بەغـدا و لـەوێ تـەواوی کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٣ ماوەیـەک بۆتـە پێشـمەگەی شـۆڕشـی ئەیلـول لـە ناوچـەی گەرمیـان، بەهـۆی سـەختی ژیانـی پێشـمەرگایەتی توشـی نەخۆشیی(شـەوکوری- عمی اللیل) بووە، لە ڕێگای (سـەردار جاف)ی ئامۆزای و سـەرکردایەتیی کـورد چۆتـە وڵاتـی ئێران، لـەوێ عیلاجـی وەرگرتـووە و بەشی(تەلارسـازی- الهندسـة



نووسەر و هونەرمەند خەسرەو جاف بە جاحیلی



المعمارية)ی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران تەواو کردووە و دواتر ماجستێریشی هەر لەوێ بەدەستهێناوە، پاشخانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەریی ئەو لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی ئێرانی هەڵقوڵاوە.

نووسەر و هونەرمەند خەسرەو جاف، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس ماوەیەک ئەندام پەرلەمانی عێراق بووە، ئێستا خەریکی نووسین و سەرپەرشتی کردنی مۆزەخانەکەیەتی لە ماڵەکەی خۆی لە هەولێر.

خەسرەو جاف یەکەمین دەستپێکی نووسینی خۆی(٥) چیرۆک بووە بە ناو نیشانی(کاکەی جاف) لە ڕۆژنامەی(پێشکەوتن) کە لە بەغدا بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچوو بڵاوکردۆتەوە، یەکەمین بەرهەمیشی لە بواری وەرگێڕان لە ئەندێشەکانی(مۆریس متێرلیک) نووسەری و فەیلەسوفی بەلجیکی بووە، ئەو ڕۆماننووسێکی بە توانایە، بە تیکڕایی زیاتر لە(٨٠) کتێبی چاپ کردووە، لە بوارەکانی شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، فەلسەفە، جوگرافیا، مێژوو و تەلارسازی و وەرگێڕان و بابەتی هەمەجۆری دیکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری، وا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

- زانستنامەیەکی(٢١) بەرگی.

- ڕۆمانی دەربار، کە(٨) بەرگە.
- بەرگە حەوتەوانە.
- مەولانا و ڕازی نەی.
- شازادە و شاعیر.
- ڕۆمانی گەماڵ.
- درۆیە کاوە زۆهاکی نەکوشتووە.
- ڕۆمانی پاشایان کوشت.
- حەرەمسەرا و خەساوەکان.
- بۆ...؟ بۆیە...!.
- وەلی دیوانە.
- وڕێنە.
- من و خۆم.
- لوڕ کوردە یان لوڕە.
- ڕاز.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی، نووسەر و هونەرمەند خەسرەو جاف**

- ڕۆمانی دەغدو.
- مێژووی هۆزی جاف.
- هونەری تەلارسازی جیهان.
- مێژووی ئەفسانەی جیهان.
- شاکارسازی جیهان.
- کورد و خەیام نە ناسین.
- هەرێمی دۆزەخ.
- دەڵە دێوەکەی سوڵتان.
- مێژووی مزگەوت و منارە و میحراب و مینبەر و مەزار.
- مەحموود دەوڵەت ئابادی و خەڵکە.
- خوسرەو جاف و ئەو خەڵکە.

چەندین کتێبێ دیکەش، هەروەها چەندین کتێبی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دیکە.

نووسەر و هونەرمەند خەسرەو جاف بەشی زۆری داهات و بژێوی












**بەرهەمەکانی دکتۆر خەسرەو جاف.**

ژیانی خۆی لەسەر تەلارسازی بووە، وەکو هونەرمەندی پەیکەرسازیش کۆمەڵێک پەیکەری ناوازە و پڕ مانا و مەبەست دروستکردووە کە ئەمانە هەندێکیانن:(مۆنۆمێنتی شەهیدان- کیمیا باران، من ناوم تۆیە، باوکی شەهید، ئەفسانەی گا، غەمی ژنی کورد، ڕاپەڕین، لەیلا قاسم، کۆڕەو، قەقڵ و سێکس، کۆڵبەر، ئیدی بەسە ژن کوشتن، یا حەق من یارسانیم، سەمای مەولانا، کوردستانی باشوور، کوردستانی ڕۆژئاوا).

دکتۆرخەسرەو جاف ماڵەکەی خۆی کردۆتە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی جگە لە کارە هونەرییەکانی خۆی، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی مێژوویی و دەگمەنی تێدا پاراستووە لە (وێنە و نووسراو و نیگاری بنەماڵەی جاف)، هەندێک لە کتێب و دەسنووسەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی قاجارییەکان و عوسمانییەکان، بەشێکیش هی وڵاتانی دیکەی دەوروبەرن، سەرەڕای ئەوە خاوەنی(٤) کتێبخانەی گەورەیە بە تێکڕایی(٣٠-٣٢) هەزار کتێب دەبێت، هەمیشە و هەرگیز دەرگای ماڵەکەی و کتێبخانەکەی کراوەیە بۆ دۆستانی و قوتابیانی کۆلێژی زانکۆکانی کوردستان بۆ سوود وەرگرتن لێیان.

خەسرەو جاف لە ژیانی ئەدەبی و هونەری خۆیدا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەیان جار ڕێزلێنراوە لەوانە:(خەڵاتی ملوانکەی زێڕینی یەکێتیی ئەوروپا لە ئەدەب و هونەر- ساڵی ٢٠١٦، خەڵاتی دکتۆرای(شانازی- فخري)

لـه زانکۆی(کامبریـج)ی بەریتانـی، خەڵاتـی فخـري ئەکادیمیـای ئەمەریکـی لـە قاهیرە و زانکۆکانی کوردستان و عێراق و دەزگا ڕۆشـنبیرییەکانی کوردسـتان و چەندین خەڵاتی دیکە).

خەسـرەو جـاف لـە سـاڵی ١٩٦٧ لەگـەڵ ئامـۆزای خـۆی ڕەوانشـاد خاتوو(خورشـیدە داود بەگی فەتـاح بەگی جاف) هاوسـەرگیرییان کردبوو،(٥٢) سـاڵ بەیەکـەوە لـە سـاردی و گەرمیـی ژیـان بەیەکـەوە ژیـان، تـا لـە ٢-٦-٢٠١٩ کۆچـی دوایـی کـردووە، گیانـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت، دکتۆرخەسـرەو جافیـش هـەر سـەرکەوتوو و سـەرفراز بیـت بـۆ خزمەتـی ئـەدەب و هونـەری کـوردی.

سەرچاوەکان:
١- کوردیپێدیا.
٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣- - Rudaw، بەرنامەی پەنجەمۆر، بەشی یەکەم.
٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی War، فلمێکی دوکیومێنتاری بەرنامەی(ڕێبەر).
٥- ماڵپـەڕی VOA، دکتـۆر خەسـرەو جـاف ماڵەکـەی دەکاتـە مۆزەخانـە، لـە ٣٠-٨-٢٠٢٠.
٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەیوب هەورامی

هونەرمەند و نووسەر و میدیاکار، لێکۆڵەر و توێژەری مێژوویی و ئایینی و زمانەوانی و پسپۆر بە ناوچەی هەورامان، مامۆستا ئەیوب هەورامی

ناوی تەواوی(ئەیوب کوێخا ڕۆستەم کەریم)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ئەیوب هەورامی ناسراوە، لە ٢٤- ١٠- ١٩٥٤ لە شارەدێی(تەوێڵە)ی سەر بە ناوچەی هەورامانی پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای ڕاهێنانی کشتوکاڵی لە تەوێڵە و بەکرەجۆ و سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە.

نووسەر ئەیوب هەورامی هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی چۆتە خوێندن و خوێندەوەی زمان و ئەدەب و هونەری کوردی، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی(مەولەوی و وەلی دێوانە و نالی و حاجی قادر و گۆران و شاعیرانی نوێخوازمان، شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر قادر جاف و چەندانی دیکە) و مێژووی کەڵە پیاوانی ناوچەی هەورامان و هەموو کوردستان بیر و هزری خۆی پێگەیاندووە، بۆیە بە لێکۆڵینەو ە و توێژینەوەی ئەدەبی و مێژوویی و ئایینی و زمانەوانی و هونەری چۆتە ناو دنیای نووسینەوە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخ و ئاست بەرزی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان و بە تام و چێژی ناوچەی هەورامان نووسیوە، تا



**له لای ڕاستەوە: نووسەر ئەیوب هەورامی، نووسەر حەمەی حەمە سەعید وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مێژوونووس و شوێنەوارناس عەبدولرەقیب یوسف، ڕاگەیاندکار فریشتە مستەفا.**

ئێستا(٢٩) کتێب و نامیلکەی لە چاپداوەو بڵاویشیکردوونەتەوە کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- مەولەوی و هونەری شیعر، لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەیە.
- هەگبە و هەوارگە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە.
- هەورامان، بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کەلتوورییە.
- هەورامان، بەرگی دووەم، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کەلتوورییە.
- هەورامان بەرگی یەکەم و دووەم بەیەکەوە، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کەلتوورییە، سێ جار لەچاپدراوەتەوە.
- یارسان، لێکۆڵینەوەی دینییە، پێنج جار چاپکراوەتەوە.
- سروودە دینیی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، لێکۆڵینەوەی هونەرییە.
- کاریگەریی ئاڤێستا بەسەر ڕابەران و پیرانی یارسانەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ئایینییە.
- ئازگا، بەرگی یەکەم.
- ئازگا، بەرگی دووەم.
- گۆران وەک زمانێکی ئەدەب، لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە.




- گوڵبژێرێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی شارەزوور، توێژینەوەیەکی هونەرییە.
- هونەری ژیان لە هەورامان، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کەلتوورییە.
- تیرەی وەلی لە مێژوو، لیکۆڵینەوەی مێژوویی و کەلتوورییە.
- گەوهەری ژمارەیەک لە تێکست و دەستنووسەکانی-کتێبی یەکەم و دووەم و سێیەم.

یەکێک لە کتێبەکانی نووسەر ئەیوب هەورامی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی(ئەڵمانی، سویدی، فارسی) ، یەکێکی دیکەشیان بۆ سەر زمانی فارسی.

ئەیوب هەورامی هەر نووسەر و لیکۆڵەوەر و توێژەر نییە، بەڵکو هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی زۆر بە تواناشە، ئەو دەیان وتاری و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژوویی و هونەری و کەلتووری لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، زیاتر لە(٢٤) ساڵە وەکو میدیاکار لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کوردستان دەستبەکارە




**لە لەی ڕاستەوە نەناسراوە، نووسەر ئەیوب هەورامی، ڕاگەیاندکار نامیق هەورامی**



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالقی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەیوب هەورامی



له لای ڕاستەوە: نووسەر ئەیوب هەورامی، بەڕێز کەریم کوێخا ڕۆستەم برا گەورەی نووسەر ئەیوب هەورامی



نووسەر ئەیوب هەورامی لەسەر گڵکۆی شاعیر مەولەوی تاوەگۆزی



نووسەر ئەیوب هەورامی و خانەوادەکەی

و تا ئیستاش هەر بەردەوامە، ئەو وەکو هونەرمەندیش لە چەندین کاری شانۆیی وەکو نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر بەشداریی کردووە و لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و شارەزوور و سەید سادق و تەوێڵە و بیارە نمایشکراوە.

نووسەر ئەیوب هەورامی لە ژیانی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریی خۆی ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- چەندین کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کەلتووری لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی کوردستان ئەنجامداوە.



بەرهەمەکانی نووسەر ئەیوب هەورامی

- بەشداریی ژمارەیەک کۆنگرەو کۆنفرانسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و زمانەوانی و کەلتووری لە وڵاتانی دەوروبەر وەکو(لوبنان و تورکیا و ئێران) کردووە.
- سەرپەرشتیی دەیان دیدار و فیستیڤاڵی هونەری و ڕۆشنبیری و کەلتووری کردووە لە شارەکانی سلێمانی هەڵەبجە و تەوێڵە و ناوچەکانی دیکەی هەورامان و کوردستان.
- چەندین خەڵاتی پێبەخشراوە و چەندین جاریش ڕێزلێنراوە لەلایەن دەزگا ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکانەوە.

خێزاندارە و خاوەنی دوو کوڕو دووکچە، بە ناوەکانی(هەردی، هەڵمەت، خەرمانە، شۆخان)خوای گەورە تەمەن درێژیان بکات.

نووسەر و هونەرمەند و میدیاکار ئەیوب هەورامی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر ئەیوب هەورامی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر نەزەند بەگیخانی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر و توێژەر و مامۆستای ئەکادیمی بواری توند و تیژیی دژی ژنان(جێندەر)، پڕۆفیسۆر دکتۆر نەزەند بەگیخانی...

دکتۆر نەزەند بەگیخانی لە ساڵی ١٩٦٤ لە داوێنی چیای باواجی سەرکەش، لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیە لە خانەوادەیەکی هەژار و شۆڕشگێڕ لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کۆیە تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە بەشی زمانی ئینگلیزیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٨٧ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، ئەو لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕە، دوو برای لەسەر دەستی رژێمی بەعس لە سێدارە دراون، لە ساڵی ١٩٨٢ لە کاتی خۆپیشاندانەکانی شاری کۆیە ماوەیەک دەستگیرکراوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆریان داوە و دواتر ئازادکراوە.

دکتۆر نەزەند بەگیخانی لە ساڵی ١٩٨٧ بە ناچاری بە پیادە ڕوو لە وڵاتی ئێران و لەوێش بۆ تورکیا و بولگاریا، لە ئەنجامدا دەگاتە وڵاتی دانیمارک و لەوێ وەکو پەنابەر نیشتەجێ دەبێت.

لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڕێگای ئەنستیوتی کوردی لە پاریس سکۆلەرشیپی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو نەزەند بەگیخانی، شاعیری گەورەی عەرەبی ئەدۆنیس**

حکومەتی فەرەنسی وەردەگرێت، بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە زانکۆی(سۆربۆن)ی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٩٧ ماستەر و دکتۆرا بەدەست دەهێنێت و نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی(وێنەی ژنی کورد لە ناو ئەدەبیاتی ئەوروپی لە سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم)ە.

شاعیر و نووسەر و توێژەر نەزەند بەگیخانی، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ئەوەندە ئازار و سەختیی ژیانی دیوە، خەمی خۆی و خەڵک و کوردستانەکەی زۆر کاری تێ کردووە و بۆتە سەرچاوە و ئیلهامی هەڵقوڵانی شیعر لەلای، ئەو ئێستا بە شاعیرێکی کوردیی جیهانی دەژمێردرێت، بە هەر سێ زمانی کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی شیعری نووسیوە و دەنووسێت، سەبارەت بە شیعر لە شوێنێکدا دەڵێت:(دەنگی زۆر جوان هەیە لەناو شیعری کوردی بە گشتی و شیعری ژنانی کورد بە تایبەتی، لەهەمان کاتیشدا تایبەتمەندیی شیعری کوردی هەست پێدەکەم و کاریگەریی شیعری جیهانی لەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری کوردی، ئەو شیعرانەم لا جوانن کە زۆر ڕاستگۆیانە ئەوەی دەیانەوێت یا خود ئەو ڕوانین و فەلسەفەی کە لە پشتەوەی وشەکانیانن زۆر بە سادەیی دەری دەبڕن).




ئەو تا ئێستا(٦)دیوانی شیعری بە زمانی کوردی و(٣) دیوانی شیعریش بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی چاپ کردوون و و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- دوێنێی سبەینێ. شیعر، پاریس، کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فەرەنسا، ١٩٩٥.
- ستایش، شیعر، هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
- ڕەنگی خۆڵ، (بەهاوکاری لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی)، هەولێر دەزگای ئاراس ٢٠٠٥.
- عەشق غیابێکە ئیلهام ڕایدەژەنێ، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٨.
- دیوانی زەنگوڵی وتن، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧.
- پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن، تاران- سلێمانی، غەزەلنووس ٢٠١٧.

بەرهەمەکانی بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی:

- Bells of speech, Ambit, London,2000.
- Coulerde seble. Lttarmatten, paris, 2011.



دکتۆر نەزەند بەگیخانی لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی

- Resonarce de parotes, Maison de Amadier , Paris 2012.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆڕۆنا، ئەو تا ئێستا سێ کۆڕۆنانامەی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە و بەردەوامیشە، لەگەڵ هونەرمەند ڕێبوار سەعید خەریکی پرۆژەیەکی شیعری و هونەرییە بۆ وشیارکردنەوەی هاووڵاتیان.

چەندین وتاری بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە کە هەندێکیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لەوانە (کوشتنی ژن لەسەر بنەمای شەرەف لە کوردستانی عێراق) کە خۆی سەرپەرشتیی وەرگێڕانەکەی کردووە و لە دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠١١ چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

دکتۆر نەزەند بەگیخانی سەرەڕای ئەوەی شاعیرو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و توێژەرێکی بە توانایە، پسپۆڕیشە لە بواری توند و تیژی دژی ئافرەتان (جێندەر)، لە ماوەی کارکردنی لەم بوارانەدا گەلێک چالاکی نواندووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- یەکەمین نووسەری ژنە لە ناو کورددا کە بۆ ماوەی(٥) ساڵ



لەلای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە، خاتوو نازدار هاوسەری شاعیر قوبادی جەلیزادە، شاعیر و نووسەر نەزەند بەگیخانی




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر دڵشاد عەبدوڵلا، شاعیر و نووسەر دلاوەر قەرەداغی، شاعیر نەزەند بەگیخانی**

سەرنووسەری مانگانەی(لۆمۆند دبلۆماتیک) بووە، کە ئێستا لەبەر کێشەی دارایی ڕاوەستاوە.

- ئەندامی بۆردی ئیدیتۆڕمالیJournal of Kurdish Literrature، کە زانکۆی کوردستان لە سنە دەریدەکات، لە ئەوڕوپاش ئەندامی ئیدیتۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە گۆڤاری Journal Dendar based Violence، کە زانکۆی بریسیڵ دەریدەکات،
- لە ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ لە لایەن (کوردیش ستادیش جۆڕنال) بانگهێشتکراوە بۆ دەرکردنی ژمارەیەکی تایبەت بە(ژن و جەنگ) بە هاوکاریی بەڕێزان(وەندی هەملیت و تێرینا وەیس) لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٨ ژمارە تایبەتەکە دەرچووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراس و کۆنگرەی دەربارەی توندوتیژی دژی ژنان کردووە لەوانە (کۆنگرەی نێو دەوڵەتی UN دەربارەی ژن لە پەکین- چین، ساڵی ١٩٩٥ و ڕێپێوانی جیهانی ژنان لە واشنتۆن و کۆنفراسی نێو دەوڵەتی UN لە نیویۆرک و سوید و چەندانی دیکە).
- لە ساڵی ٢٠٠٤ وەکو پسپۆڕ لەگەڵ UN و یمێنی و یونەر لە حکومەتی



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر نەزەند بەگیخانی**

سویدی و سکۆلەنیاری بەریتانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە، ماوەیەکیش ڕاوێژکاری نێو دەوڵەتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە.

- ئەو ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە دامەزراندنی پرسی(جێندەر) لە هەرێمی کوردستان، کردنەوەی سەنتەری چێندار لە زانکۆکان و یەکەمین سەنتەریش لە ساڵی ٢٠١٠ لە زانکۆی سلێمانی کراوەتەوە، بە هاوکاریی( بریتیش کاونسڵ) و وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان.
- لە ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٨ بە هاوکاریی دارایی ئەنجومەنی بەریتانی بۆ توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بریتش کاونسڵ سەرپەرشتیی توێژینەوەی نێودەوڵەتی کردووە دەربارەی بار و دۆخی ژنانی ئاوارە لە ناو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان.
- ئەندامی بۆردی بەڕیوەبەرایەتیی ئەنستیوتی کوردییە لە پاریس و سەرۆکی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لە دەزگای ناوبراو.

شاعیر نەزەند بەگیخانی چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لە ناوە و دەرەوەی وڵات لەوانە:

- خەڵاتی ئێما هەمفریس بۆ چالاکی و خەبات دژی تاوان بە بیانووی شەرەف.




نە ناسراوە، شاعیر نەزەند بەگیخانی، نە ناسراوە، نووسەر و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، نە ناسراوە، نە ناسراوە



نە ناسراوە، نە ناسراوە، شاعیر و نووسەر نەزەند بەگیخانی

- خەڵاتی سەید برایم بۆ سەرجەم بەرهەمەکانی، ساڵی ٢٠٠٩.
- خەڵاتی فێمێنی شیعری فەرەنسی بە ناوی سیمۆن لاندری ساڵی ٢٠١٢.
- لە ساڵی ٢٠١٦ کە دیوانە شیعرییەکەی بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی(ڕۆژێکی ئاسایی) بڵاوکردۆتەوە، لە لایەن Fornard Poetra ، بە یەکێک لە (٤٠) باشترین شیعری ساڵ لە بەریتانیا هەڵبژێردراوە و خەڵاتکراوە.

ئەو ئێستا لە زانکۆی سیانسیۆ لە پاریس کۆرس بۆ قوتابیانی ماستەر و لینساس دەربارەی توندو تیژی دژی ژن(جێندرە)دەڵێتەوە.

بۆ دکتۆر نەزەند بەگیخانی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامەی دکتۆرە نەزەند بەگیخانی، کە بەڕێز شاعیر خاتوو سروە عوسمان بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- کوردیپێدیا.

٣- ماڵپەڕی جام کوردی لە ١٨-٦-٢٠٢٢.

٤- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دكتۆر مەغدید سەپان

نووسـەر و لێکۆڵـەوەر و توێـژەری ئەکادیمـی بـواری ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەوانی و مامۆستای زانکۆ، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر مەغدید سـەپان...

دکتۆر مەغدید سەپان لە ١٠-١-١٩٦١ لە گوندی(گڕاو)ی نزیک شاری هەولێر لـە خانەوادەیەکی هـەژار و کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، هەمـوو قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تـەواو کردووە، لەبـەر سـەختیی باری ژیـان و دەسـتکورتی، (٧)سـاڵ وەکو کرێکار لـە چاپخانەکـەی ڕەوانشـاد مامۆسـتا گیـو موکریانـی بـە ڕۆژ کاریکـردووە و ئێوارانیش خوێندوویەتی.

لـە سـاڵی ١٩٨٣ کە خوێندنی ئامادەیی ئێوارانی تـەواو کردووە لە ڕێگای وڵاتـی ئێرانـەوە هەمـان سـاڵ گەیشـتۆتە وڵاتـی سـوید و لـەوێ نیشـتەجێ بووە، لـە سـاڵانی ١٩٨٧-١٩٩٨ لە ڕووسیا لە شاری(سانکت پیتربوورگ) بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و ماسـتەر و دکتـۆرای بەدەسـتهێناوە، لـە سـاڵی ١٩٩٩ گەڕاوەتـەوە سـوید، پاشـان لـە سـاڵی ٢٠٠٤ گەڕاوەتـەوە کوردسـتان لەگـەڵ چەنـد مامۆسـتایەکی دیکـە بەشـی ڕاگەیاندنیـان لـە کۆلێـژی ئادابـی



له لای ڕاستەوە: بەڕێز عەلی نانەوازادە، دکتۆر مەغدید سەپان ، دکتۆر ئازاد حەمە شەریف ، مامۆستا فوئاد سەدیق

زانکۆی سەلاحەدین کردۆتەوە، سەرەتا وەکو سەرۆکی ئەم بەشە و دواتر وەکو مامۆستا بەردەوام بووە لە خزمەتکردن تاوەکو ئێستا.

دکتۆر مەغدید سەپان هێشتا قوتابیی ناوەندی و ئامادەیی بووە کە لە چاپخانەکەی مامۆستا گیو موکریانی کاریکردوە، حەز و خولیای چۆتە سەر چاپ و چاپەمەنی و مێژووی چاپخانە و ڕۆژنامەگەری، حەزیشی بە درێژەدان بە خوێندنی باڵا کردووە، بۆیە لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٩٨ بۆ ئەم مەبەستەی ڕووی لە وڵاتی ڕووسیا کردووە، کۆلێژی ڕاگەیاندنی لە زانکۆی(سانکت پیتربوورگ) تەواوکردووە و ماستەر و دکتۆراشی هەر لە هەمان زانکۆ تەواوکردووە نامەی ماستەرەکەی بە ناو نیشانی(چاپەمنی جالیای کورد- مێژووی سەرهەڵدانی و قۆناغی ئێستا) بووە.

دکتۆر مەغدید سەپان ئەو کاتەی قوتابی بووە لە زانکۆی پیتربوورگ لەگەڵ نووسەر خالید عوبێد و هاوسەرەکانیان بیرۆکەی دەرچواندنی ڕۆژنامەی (نۆڤی کوردستان) یان بە زمانی ڕووسی بۆ هاتووە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٧ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (نۆڤی کوردستان)New Kurdistan- Kurdistani niwe، دەردەکەن،

کە ڕۆژنامەیەکی مانگانەی بێ لایەن بووە، سەرنووسەرەکەی مەغدید سەپان و جێگری سەرنووسەریشی خاتوو یولیا سەعید بووە کە (١٩) ژمارەیان لێدەرکردووە.

یەکەم بەرهەمی چاپکراوی دکتۆر مەغدید سەپان کتێبی(چەند چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) بووە، لە ساڵی ١٩٩٤ بڵاویکردۆتەوە، زیاتر لە(١٤) کتێبی لە بواری ڕاگەیاندن و مێژووی ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و شێواز و مێژووی ڕۆژنامەنووسی و میدیاکاران بۆ گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی، هەمووشی لە چاپداوە و بڵاوکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- تیوری ڕۆژنامەوانی ستۆکهۆڵم ساڵی ٢٠٠٠، ئەم کتێبە باس لە ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی دەکات، دواتر هەمان کتێب بە دەستکارییەکی زۆرە لە ژێر ناونیشانی ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە(١٤٥٠-١٥٠٠)دەردەکات، چاپی یەکەم کۆڕی زانیاریی کوردی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر مەغدید سەپان، شاعیری نەمر هێمن موکریانی**
**(لە پێش چاپخانەی کوردستان- چاپخانەی نەمر گیو موکریانی)**

ساڵی ٢٠٠٥ چاپی کردووە، چاپی دووەمیشی دەزگای موکریان بە کەمێک دەستکارییەوە ساڵی ٢٠٠٨ لە چاپی داوەتەوە.

- پەیامنێری تەلەفزیۆن، هەولێر ٢٠١٣، ئەم کتێبە بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز سێرگێ میخایلۆف بە زمانی ڕووسی نووسیوە، لە هاوینی ساڵی ٢٠١٣ ئەم کتێبە لە ڕووسیا بە ناوی(زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی سانکت پیتربوورگ) چاپکراوەتەوە.
- بنەمەکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردی، دەزگای جەمال عیرفان لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٥.
- پەخشی ڕادیۆی کوردی، بە هاوبەشی لەگەڵ سێرگێ میخایلۆف بە زمانی ڕووسی نووسراوە و لە بەهاری ٢٠١٥ لە ڕووسیا بە ناوی(زانکۆی سیکتیڤاسک و زانکۆی سەلاحەدین) چاپکراوە.
- کوردستانی نوێ، بە زمانی ڕووسی ژمارە(١-١٩) لە بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ ٢٠١٩.
- ئاژانسەکانی دەنگوباس، چاپی یەکەم دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠٦.
- ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات، دەزگای سەردەم سلێمانی ٢٠٠٨.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر سەباح ڕەنجدەر، دکتۆر مەغدید سەپان**



دکتۆر مەغدید سەپان

- ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ، دوو بەرگ چاپخانەی ئازاد هەورامی کەرکووک ٢٠١٢.
- ڕۆژنامەی کوردستان، هەلومەرجی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ٢٠٢١.
- گوتارە تەمەن درێژەکان، هەولێر ٢٠١٩.
- مێژووی تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانیی زاگرۆس، هەنگاوێک بۆ نووسینەوەی مێژووی تەلەفزیۆنی کوردی، هەولێر ٢٠٠٩.
- چاپەمەنی جالیای کورد، مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغی سەردەم، ئەم کتێبە (نامەی دکتۆراکەی دکتۆر مەغدید سەپان)ە، کە بەدەستکارییەکی زۆرەوە بە زمانی ڕووسی ساڵی ١٩٩٨ لە زانکۆی سانکت پیتربوورگ چاپکراوە.



دکتۆر مەغدید سەپان




**بەرهەمەکانی دکتۆر مەغدید سەپان**

وەکو یەکەمین ڕاگەیاندکاری ئەکادیمی لە کوردستان هەرگیز درێغی نەکردووە لە لێدوان و چاوپێکەوتن لە گەڵ ڕادیۆ و کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی شێواز و ئەتەکێتی میدیاکاری و ڕۆژنامەگەری و چۆنێتیی گواستنەوە و ڕووماڵکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان، بەردەوامیش بووە لە ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژ و زانکۆکانی کوردستان.

لە ڕۆژی ٢٢-٤-٢٠١٧ لە کتێبخانەی کوردی لە وڵاتی سوید بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی یادی ڕۆژنامەگەریی کوردی کۆڕێک بۆ دکتۆر مەغدید سەپان و نووسەر و پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن ئەکرەم ئۆنەن سازکراوە، کە تێیدا دکتۆر مەغدید سەپان باسی(لایەنی تیۆری و پراکتیکی ڕەوشی ڕاگەیاندنی لە باشووری کوردستان) کردووە، ئەکرەم ئۆنەنیش باسی(ڕادیۆکانی کوردی لە سەدەی٢٠- ٢١) کردووە.

دکتۆر مەغدید سەپان خودی خۆی و هەموو بەرهەمەکانی کەرەستەو هەوێنێکی خەست و چڕو پڕن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی لە لایەن قوتابیانی بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی لە کۆلێژ و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش، دکتۆر مەغدید سەپان هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ڕاگەیاندن و میدیا و ڕۆژنامەوانی و زمان و ئەدەبی کوردیمان.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی دکتۆر مەغدید سەپان کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم،


٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئەمڕۆ لە ١٦-٤-٢٠١٧.

٣ - ماڵپەڕیMawda Midia، لە ١٦-٦-٢٠٢٠.

٤- کوردیپیدیا، وتارێکی نووسەر فەخرەدین تاهیر.

٥- - KhakTv، کتێبی(پەخشی کوردی) نوێترین بەرهەمی دکتۆر مەغدید سەپان و سێرگێ میخالۆف لە ٢٩-١٠-٢٠٢٠.

٦- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد ڕەسوڵ هاوار

(١)


خاوەنـی دەقـی هــەردوو سـروود
کوردسـتان جێـگای بەچکـە شـێرانە
جێـگا هەوارگـەی کـورد و گۆرانــە

(٢)

ئێمــە نەتــەوەی مەردیــن
هیــوای دوا ڕۆژی کوردیــن

شاعیر و نووسـەر و چیرۆکنووس و مێژوونووس و لێکۆڵـەر، ڕەوانشاد محەمـەد ڕەسـوڵ هـاوار...

محەمـەد ڕەسوڵ هـاوار لـە ٣ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٣ لـە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هـەر لـە سلێمانی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٤٤ بۆتـە فەرمانبـەر لـە دائیرەی(إنحصـار)ی سلێمانی، پاش چەند جارێک گواستنەوە لـە بەغدا جێگیر بووە، بـە هەڵی زانیـوە و درێـژەی بـە خوێنـدن داوە و کۆلێژی(القانـون و السیاسـة- یاسـا و





ڕامیاری) هەر لە بەغدا تەواو کردووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ کاری فەرمانبەری بەجێهێشتووە و چۆتە ناو شۆڕشی کورد، لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە بەغدا، لە ساڵی ١٩٨٠ بە خۆی و ماڵ و منداڵی چوونەتە لەندەن و لەوێ نیشتەجێ بووینە.

محەمەد ڕەسوڵ هاوار ئەو کاتەی لە دایک بووە، بارودۆخی کوردستان زۆر هەستیار بووە، شێخ مەحمودی نەمر تازە نەفی کراوە و کوردستانی بەجێهێشتووە، فڕۆکەکانی ئینگلیزیش هەر بەسەر ئاسمانی کوردستان سووڕاونەتەوە و مەشقیان کردووە بۆ بۆردومانکردنی، ئەو چاوی بە ڕۆژی ڕەشی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ (شەڕی بەر دەرکی سەرا)ی سلێمانی کردۆتەوە، سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو بزووتنەوەی کوردایەتی لە بووژاندنەوەدا بووە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەی(ژ. ک) دامەزراوە و لە کوردستانی باشووریش حزبی(هیوا) دامەزراوە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هیوای ئەوە بووینە کورد شتێکی بەدەست بکەوێت، لەهەمان کاتیشدا بزووتنەوەی چەکدارییش(١٩٤٣-١٩٤٥) لە ناوچەی بارزان بەرپا بووە، بۆیە هاوار هەست و گیانی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لای دەگاتە لوتکە و بەشی زۆری بەرهەمەکانی ئەو سەردەمی مۆرکی ئەو ڕووداوانەی پێوە دیارە.




هەر لەسەرەتای چلەکان گۆڤاری گەلاوێژ پێشڕەوی ئەو گۆڕانکارییە بووە، سەرەڕای چیرۆکەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و هۆنراوەکانی هەر یەک لە(گۆران و دڵدار و دڵزار و هەردی و شێخ حوسێن بەرزنجی ) محەمەد ڕەسوڵ هاواریش هەر ئەو ڕێچکەیەی گرتووە.

ئەو لە تەمەنی(١٨) ساڵیدا یەکەمین بەرهەمی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە بە ناوی(وێنەی




کوردستان)لە ساڵی ١٩٤٢ لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٤٢ تا ١٩٦٠، (٧) چیرۆکی لە ڕۆژنامەی (ژین) و گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە و یەکەمین چیرۆکیشی بە ناوی (دوو دڵ) هەر لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە(٢٢) ی مانگی مایسی ١٩٤٩ بڵاوکردووەتەوە، پاش داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٤٩ هاوار هۆنراوەکانی خۆی و چەند چیرۆکێکی لە ڕۆژنامەی(ژین) لە سلێمانی بڵاوکردۆتەوە، یەکەمین بەرهەمی چاپکراویشی کۆمەڵە شیعری(یادی بادینان) بووە کە لە ساڵی ١٩٥٩ هەر لە سلێمانی بڵاویکردۆتەوە.


محەمەد ڕەسوڵ هاوار هەر لە سەرەتاوە مرۆڤیکی کوردپەروەر بووە، ناڵەی لێقەوماوان و هەژاری و دەسکورتیی جووتیاران و ڕازو و هیوای ئازادیخوازان هەمووی لە شیعر و بەرهەمەکانی ڕەنگی داوەتەوە، شیعرەکانیشی بەشی زۆری نیشتمانپەروەری و ڕۆمانسی و کۆمەڵایەتین، هەندێکیشیان نیشتمانپەروەریی ڕیالیزمیی شۆڕشگێڕین، ئەو کوردێکی زۆر ئازا و بوێر و ڕاستگۆ و هەقبێژ بووە، کورد و کوردستانی زۆر خۆشویستووە، تەماشاکەن لە وەسف و ستایشی کوردستان چی دەڵێت:

**من دارستانێکی سەوزی**
**چڕوپڕی بێ سنوورم**
**من سەنگەری قەڵای سەختم**
**لەشکری دوژمن بەزێنم،**
**بە مشار و بە تەوراس و**
**تەوری دوژمن لەبن نایەم،**
**هەر چی شاڵاوم بۆ بێنێ**
**تیا ئەچێ و لووتی ئەشکێنم.**





هاوار کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و چیرۆک

و مێژوو و بیرەوەری و لێکۆڵینەوە نووسیوە و لە چاپیداون بڵاویکردوونەتەوە لەوانە:




- بیرەوەری و کوێرەوەری، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی نووسەر سدیق ساڵح، بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٧.
- دیوانی پیرەمێری نەمر، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، ئەم کتێبەی هاوار لە ساڵی ١٩٧٠ خەڵاتی یەکەمی کتێبی کوردی وەرگرتووە لە فیستیڤاڵی (المربد) لە بەسرە.
- دیوانی محەمەد ڕەسوڵ هاوار، ئامادەکردنی دکتۆر عوسمان دەشتی و نووسەر سەدیق ساڵح، بنکەی ژین ٢٠٠٧.
- سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شکاک بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک- ستۆکهۆڵم ١٩٩٥.
- کوردی باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی جیهانیی دووەم، بەرگی یەکەم دووەم و سێیەم، سلێمانی ٢٠٠٠- ٢٠٠٤.
- یادی بادینان، بەشی یەکەمی دیوانی شیعری هاوار، ساڵی ١٩٦٩.
- (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)، دوو بەرگ، ١٩٩٠-١٩٩١.





محەمەد ڕەسوڵ هاوار مرۆڤێکی بیر و ئاسۆ فراوان بووە و بیروباوەڕی مارکسیشی هەبووە، ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس کوردستانی بۆردومانکردووە و کوردی جینۆساید دەکرد، ڕۆژنامەی (براڤدا)ی زمانحاڵی حزبی شیوعیی سۆڤیەت پشتگیریی ئەو ڕژێمەی کردووە، بۆیە محەمەد ڕەسوڵ هاوار بە شیعر دژی ئەو هەڵوێستەی حزبی شیوعیی سۆڤیەت وەستاوەتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

**بۆ چنگێک پارەی ڕژێمی فاشیست**




**شەرەف و وشەو پێنووست دۆڕان**
**لای خۆت ئینجیل و ئاڵای مەبدەئبووی**
**ناوی خۆت نابوو، پاڵپشتی گەلان**
**دەک خەجاڵەتی بیرو بڕوابی**
**هەتاکو ماوی سووک و ریسوابی.**




نووسەر و ڕووناکبیر دکتۆر کەمال فوئاد دەربارەی محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەڵێت:( ئەو خاوەنی دوو سروودی نیشتمانییە(کوردستان جێگای بەچکە شێرانە) لەگەڵ(ئێمە نەتەوەی مەردین) کە موتەسەڕیفی ئەو کاتەی سلێمانی (بەهائەدین نوری) ئاوازی بۆ داناون، بەڵام ڕاستییەکەی مامۆستایەکی سەرەتایی (شەوکەت محەمەد) ئاوازی بۆ داناون، هاوار بەشی زۆری بەرهەمەکانی لە سەرەتای چلەکان لە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردۆتەوە).

نووسەری گەورەی کورد مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی دەربارەی نووسەر و مێژوونووس محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەڵێت:(محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە بواری شیعر و چیرۆک و وتاری ڕەخنەیی و مێژووی هاوچەرخی کوردیدا بەرهەمێکی زۆری هەیە، کتێبی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی) کە لە دوو بەرگ و بە قەوارەی(١٤٣٩) لاپەڕە لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ بڵاوی کردۆتەوە، کە دەیان سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەکار هێناوە).





لە ڕۆژی ٣٠-٥- ٢٠٠٣ کۆمەڵەی کوردی لە (هامر سمیث) کۆمەڵەی کوردی لە تاراوگە(کیا)

و کۆمەڵـەی نیشـتـەجێبوونی کـوردی و دەزگای (ئابرنـکل)ی بەریتانـی ئێوارەیەکی ڕۆشـنبیرییان بۆ ڕێزلێنان لـە نووسـەر و مێژوونووسـی گـەورەی کورد محەمـەد ڕەسـوڵ هـاوار سـازکردووە، بـە ئامادەبوونی ڕەوانشـاد دکتـۆر ئەمین موتابچی و بەڕێز نووسـەری گـەورەی کـورد دکتـۆر کەمـال میراودەلی و چەندین ڕۆشـنبیری دیکـەی کـورد.

شـاعیر و نووسـەر و مێژوونـووس محـەمـەد ڕەسـوڵ هـاوار زیاتـر لـە(٦٠) سـاڵ لـە تەمەنـی خـۆی بـۆ خزمـەتـی شـیعر و ئـەدەب و مێـژوو و لێکۆڵینـەوە و سـاغکردنەوەی تێکسـتە ئەدەبـی و مێژوویـیـەکان تەرخـان کردبـوو، ئـەو کوردێکـی نیشـتمانپەروەر و بوێـر بـوو، لـە ڕۆژی ٣٠-١١- سـاڵی ٢٠٠٦ لـە شـاری لەندەن کۆچـی دوایی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئارام و ئاسـوودە بێت.

سەرچاوەکان:
١- Khak Tv. ناوەندی ڕاگەیاندنی خاک، وتارێکی نووسـەر عومـەر مارف بەرزنجی.
٢- کتێبـی بیـرەوەری محەمـەد ڕەسـوڵ هـاوار، نووسـینێکی دکتـۆر کەمـال فوئـاد.
٣- کوردیپیدیا.
٤- ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط) لە ٣٠-٥- ٢٠٠٣.
٥- نووسین و دارشتنی خۆم.




## هەژار موکریانی


**«بـە کـوردی دەژیـم بەکـوردی دەمـرم**
**بەکـوردی دەیـدەم وەرامـی قەبـرم**
**بەکـوردی دیسـان زینـدوو دەبمـەوە**
**لـەو دنیـاش بـۆ کـورد تێهەڵدەچمـەوە“**

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێڕ و فەرهەنگساز و لێکۆڵەر ڕەوانشـاد مامۆسـتا هەژار موکریانی...

نـاوی تەواوی(عەبدولڕەحمـان شـەرەفکەندی کـوڕی مـەلا مەحمـود)ە، لـە




نیسـانی سـاڵی ١٩٢١ لـە شـاری مهابـاد لـە دایـک بـووە، لـە تەمەنـی لاوێتیـدا لـە گـەڵ بنەماڵەکـەی چوونەتە(تەرغـە)، بـە منداڵـی لـە لای بـاوی زانسـتی ئایینـی خوێنـدووە، دواتـر لـە حوجرەکان لەسـەر دەسـتی چەنـد مامۆسـتایەکی ئایینی(گوڵسـتان و بووسـتان)ی سـەعدی شـیرازی خوێنـدووە، بـەڵام بە پێـی وتـەی خـۆی لە(چێشـتی مجێـور) سـوودێکی وای لـێ وەرنەگرتـووە، باوکـی هـەژار پیاوێکـی خوێنـدەوار بـووە، خوێنـدن و نووسـینی کـوردی




**لە لای ڕاستەوە: هەژار موکریانی، شاعیر هێمن موکریانی**

زانیوە و هەژاری فێرە خوێندن و نووسینی کوردی کردووە.

هەژار لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و وەفایی کردووە و زۆر کاریان تێیکردووە، لە سەرتای دامەزراندنی(ژ. ک) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ئەندامێکی چالاکی ئەو کۆمەڵەیە بووە، زۆریش باوەڕی بە ئامانجەکانی هەبووە، پاش دروستبوونی کۆماری مهاباد لەگەڵ هێمن موکریانی شاعیر دەوریان هەبووە و بە شاعیری نەتەوەیی کوردستان ناسراون.





لە ئاداری ساڵی ١٩٤٧ کە کۆماری مهاباد ڕووخاوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتووە و هاتۆتە باشووری کوردستان، لە نێوان بەغدا و کوردستاندا ژیاوە، هەر لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ چارەسەری نەخۆشی چۆتە لوبنان، دواتر گەڕاوەتەوە عێراق، لە ساڵی ١٩٥٣ بەشداری لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهانی لە بوخارێست- وڵاتی




ڕۆمانیا کردووە، پاشان دەکەوێتە ژێر فیشاری حکومەتی عێراقی بۆ ماوەی دوو سێ ساڵ دەچێتە سووریا لە گوندی(تورپەسپیان) لایماڵی(حاجۆ) ئاغای دەوڵەمەندی کورد ژیاوە، تا ساڵی ١٩٥٧ لەوێ ماوەتەوە، پاشان هاتۆتەوە بەغدا، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بارودۆخی بەرەو باشتر چووە بە تایبەتی پاش گەڕانەوەی سەرۆکی نەمر مەلا مستەفای بارزانی لە ڕووسیا، دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١، ئەو لە ساڵی ١٩٦٢ چۆتە پاڵ شۆڕش تا ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی ئەوسای عێراق مۆرکراوە، هەژاری شاعیر ڕەوانەی بەغدا کراوە بۆ سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی کاروباری یەکێتیی نووسەرانی کورد کە تازە لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ دامەزرابوو، ئەو سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی یەکەمی



**لە لای ڕاستەوە: هەژار موکریانی، خاتوو مەعسومەی هاوسەری و یەک لە منداڵەکانیان**





**هەژاری شاعیر**

یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە و هەر ئەو کاتیش بۆتە ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد، لە ساڵی ١٩٧٢ توانیویەتی کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی لە فارسییەوە بکاتە کوردی و هەر لە چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد بۆیان لە چاپداوە.

دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ لە بەغدا ماڵەکەی تاڵانکراوە و ئەویش چۆتەوە شاری(کەرەج) لە ئێران تا کۆتایی ژیانی لەوێ ماوەتەوە، ئەو لە پاش کودەتایەکەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٧٩ هەموو کاتی خۆی تەرخانکردبوو بۆ دانانی فەرهەنگی زمانی کوردی و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئەدەبی.

هەژار وەکو شاعیر لە سەرەتای چلەکان تا ساڵی ١٩٤٧ شیعرەکانی هەموو شیعری نەتەوەیی و ستایش بووە بۆ پێشەوا قازی محەمەد و هێرشکردنە سەر عەجەم و ڕژێمی ئەوسای ئێران، لە پەنجاکانیش تا سەرەتای شەستەکان دیسان شیعرەکانی زیاتر هێرش بردنە سەر دوژمنانی کورد بووە لە عەرەب و تورک و فارس، لە سەرەتای شەستەکانیش بەشی زۆری شیعرەکانی نەتەوەیی و ستایش بووە بۆ سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی، پاش ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٩٠ هەر خەریکی نووسین و وەرگێڕان و دانانی فەرهەنگ بووە شیعری کەمتر نووسیوە، لە پاش کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی تا ساڵی ١٩٩٠






هەموو ساڵێک شیعرێکی ستایشی بۆ یادی مەلا مستەفا بارزانی نووسیوە.

هەژار موکریانی کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و بە سوودی هەیە لە شیعر و وەرگێڕان و فەرهەنگ و مێژوو، کە هەمووی بە زمانیکی زۆر سادە و ساکار و بێ پێچ و پەنا نووسیوە کە ئەمانەن:

**بەرهەمەکانی:**

- بەیتی سەرەمەڕ، چیرۆکە شیعرێکی درێژە بیرۆکەکەی لە چیرۆکێکی کورتی نووسەری تورک سەباحەدین عەلی وەرگرتووە، لە شام چاپکراوە ساڵی ١٩٥٧.
- چێشتی مجێور، یاداشتەکانی خۆیەتی.
- ئاڵە کۆک، دیوانی شیعری، سەردەمی کۆماری مهابادە.





- مەم و زین، بە شیعر لە کرمانجییەوە گۆڕیوەتە سەر شێوەزاری سۆرانی.
- بۆ کوردستان، دیوانی شیعر، ساڵی ١٩٦٥.
- فەرهەنگی وشەی هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی و فارسی، تاران ساڵی ١٩٩٠.

**بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی بۆ سەر زمانی کوردی:**

- شەرەفنانەی شەرەفخانی بەدلیسی، دوو بەرگ، لە فارسییەوە بۆ کوردی.
- چوارینەکانی خەیام، لە فارسییەوە بۆ کوردی.
- مێژووی ئەردەڵان، گردکۆ و وەرگێڕان لە چەند سەرچاوەیەکی فارسی بۆ کوردی.
- یەک لە پەنای خاڵ و سیفری پێ بڕایەوە، نامیلکەیەکی شیعری نووسینی عەلی شەریعەتی لە فارسییەوە بۆ کوردی.
- دایە، باوە، کێ خراوە؟ نامیلکەیەکی عەلی شەریعەتی لە فارسییەوە بۆ کوردی.
- عیرفان، بەرامبەری، ئازادی، نامیلکەیەکی دکتۆر عەلی شەریعەتی لە فارسییەوە بۆ کوردی.
- وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆ کوردی.





**گڵکۆی هەژار موکریانی لە شاری مەهاباد.**

- هۆزی لە بیرکراوی گاوان، نووسینی مستەفا جەواد، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

**بەرهەمەکانی لە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە بە فارسی:**

- تاریخ السلیمانیة، مێژووی سلێمانی.
- روابط فرهنگی ایران و مصر(پەیوەندییە کەلتوورییەکانی نێوان ئێران و میسر).
- قانون در طب، نووسراوی ئیبن سینا، لە عەرەبییەوە بۆ فارسی.
- اثار البلاد و اخبار العباد، نووسینی زکریا قزوینی لە عەرەبییەوە بۆ فارسی.

**ستایشی شاعیر هەژار موکریانی بۆ مەرگی شاعیری کوردپەروەر هێمن موکریانی:**

**بۆ مەرگی*** هێمن موکریانی*****

**هەر یەکێک بوو هەژار هێمن**
**منیش هەر تۆ بوم تۆش هەر من**
**ڕۆحێک بووین دابەش لە دوو لەش**
**دوو لەشی ماندوی بەخت ڕەش**
**پەیمان بوو بەجێم نە هێڵی**
**وێڵم نەکەی لە شوێن خێڵی**
**باری خەم وێکڕا هەڵبگرین**
**دوواجاریش پێکەوە بمرین**
**تۆی کوردی وا خاوەن بە لێن**
**چی تۆی کردە پەیمان شکێن**
**ژیانی پڕ ژانی بێ دەرمان**
**گەیشتیە هەواری هەرمان**
**بۆ ئەو کۆچەی بێ من کردت**
**ئەو بەشە خۆشیەی تۆ بردت**
**زامی گیانو دڵ بە سۆیە**
**شین بۆ خۆمە نەک بۆتۆیە**
**خۆزگە بەر لەتۆ دەمردم**
**تۆ شیوەنت بۆ دەکردم**
**دوور لەتۆ دل گۆمی خوێنم**
**بە گازندەوە دەت دوێنم**
**منیش وەک تۆ قەلسم لە ژیان**
**بۆچی جێت هێشتم هێمن گیان ؟**

**هەژار موکریانی.**

**چەند نموونەیەک لە ڕووداو و قسەی خۆش و نەستەق لە کتێبی چێشتی مجێوری هەژار موکریانی:**

**"با ئەوەش لە حەمەد بگێڕمەوە:**

**لە کەرکووک چووبووە چاخانەیەک، گوتبووی کەباب دەخۆم. ناردبوویان کەبابیان بۆ هێنابوو، کە خواردی و هەستا، بە خاوەن چاخانەکەی گوت:**

**ـ دەست خۆش**

**ـ یانی چی؟**

**ـ لە وڵاتی ئێمە پیاو ئەگەر پوولی نەبوو، دەڵێ دەست خۆش!**

**ـ جوابەکەی چییە؟**

**ـ سەر خۆش!**

**ـ بەو شەرتە سەر خۆش، هەموو ڕۆژ بێیەوە لام و «دەس خۆش، سەر خۆش» بکەین!"**

**هەژار موکریانی**

"نە ڕەزیل و چرووک بە، نە دەست بڵاو. بابم دەیگوت: « دەوڵەمەندی خەسیس و فەقیری سەخی دەبێ هەردووکیان بۆ بابیان عاقڵ کرێن».

ئەگەر هەتە، ببەخشە، بەڵام بە ئەندازە. پاشەڕۆژت لەبەر چاوبێ؛ دنیا بێ ئیحتوبارە. ئەگەر بتوانی شتێکت پەزمەندە هەبێ بۆ لێ قەومان و نەداربوون . ئەگەر نیتە و فەقیری، چاو لەوانە مەکە زۆریان هەیە و زۆر خەرج دەکەن.

ئەو وردە نسحەتانەی من هەموو زیادین، کتێبی باش زۆر بخوێنەوە. بەتایبەتی لە بیرت نەچێ ئەدەبیات و نووسراوی ڕابردووان، لە هەموو بابەتێکەوە پڕن لە پەندی زۆر بە قیمەت؛ دەتوانی بەرنامەی ژیانی ئابڕوومەندانە لەوانە فێر بی و دەکاری بێنی."

هەژار موکریانی، چێشتی مجێور.

**هۆنراوەی هەر کوردم**

**بە دەربەدەری یان لەماڵی خۆم**

**لە خاکی عەرەب لە ئێران و ڕۆم**
**کۆک و پۆشتە بم، ڕووت و ڕەجاڵ بم**
**کۆشکم دەقات بێ وێرانە ماڵ بم**
**ئازا و ڕزگار بم شادان و خەندان**
**یان زەنجیر لە مل لە سووچی زیندان**
**ساغ بم جحێل بم بگرم گوێ سوانان**
**یان زار و نزار لە نەخۆشخانان**
**دانیشم لەسەر تەختی خونکاری**
**یان لە کۆلانان بکەم هەژاری**
**کوردم و لە ڕێی کورد و کوردستان**
**سەرلەپێناوم گیان لەسەر دەستان**
**بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم**
**بە کوردی دەدەم وەرامی قەبرم**
**بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە**
**لەو دونیاش بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە.**

هەژار بۆ قازی محەممەد لە شیعری «پاڵەوانان ناترسن»دا دەڵێ:
**پاڵەوانان ناترسن**
**دەرگای شێران کرایەوە دار و بەرد دەنگی دایەوە**
**گوێ لە زرەی زنجیر بگرن پاڵەوان ناترسن بمرن**
**بۆ مەرگ دێن بەئازایی دەڵێی دەرۆنە سەرشایی**
**مەردانە هەنگاو هەڵدێنن بەدکار بەتوندی دەدوێنن**
**ڕوو گرژن بەرامبەر دوژمن دەم بە بزەن بەرەو مردن**
**وا پێشەوای کوردان قازی پێشەوایە بۆ گیان بازی**
**کوڕەی ماتی شەو دەشکێنێ دڵی زۆردار دەلەرزێنێ.**
**هەژار موکریانی.**

هەژار موکریانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو مەعسومە کردبوو، چوار منداڵیان بە ناوەکانی(شێرکۆ، ئاگری، زاگرۆس، خانی) هەیە، لە ڕۆژی ٢١-٢- ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی(باغی فیردەوسی- گۆڕستانی بەهەشت) لە شاری مهاباد بە خاک سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و یاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١- دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم لاپەڕەکانی(٣٣٧-٣٨٤)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٦.

٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣- کوردیپیدیا.

٤- - K٢٤، بەرنامەی قەلەندەرخانە، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکاران، حەمید بانەیی، خاتوو خەندە، بە ئامادەبوونی عەبدوڵلا تایەر بەرزنجی.

٥- کتێبی چێشتی مجێور، هەژار موکریانی.

٦- ڤەینبۆکس.

٧- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# هێمن موکریانی

**کیژ و کوڕ بگێڕن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک**
**من کە شینگێڕی شەهیدانم لە کوێ شینم دەوێ**

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و خەباتگێڕی گەورەی کورد، ڕەوانشاد ماموستا هێمن..

ماموستا هێمنی شاعیر ناوی تەواوی(محەمەد ئەمین کوڕی سەید حەسەن شێخولئیسلامی موکری)یە، ناوی دایکی زەینەب کچی شێخ بورهانە، لە شەوی ٥/٤ مانگی ٥ی ساڵی ١٩٢١ لە گوندی(لاچین)ی نزیک شاری مهاباد لە دایک بووە، هەر بە منداڵی چۆتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی(سەعادەت)ی شاری مهاباد و چەند ساڵێکی خوێندووە، پاشان باوکی لە قوتابخانە دەریهێناوە و ناردوویەتییە خانەقای شێخی بورهان، بەو هیوایەی ببێتە مەلا و جێی باپیرە گەورەی، مەلا جامی بگرێتەوە، چوار ساڵ لەوێ دەخوێنێت و چاو و گوێچکەی بە گیان و هەستی نەتەوایەتی دەکرێتەوە و گۆش دەبێت، لە پاشان باوکی دەینێرێتە گوندی(کولیجە) لای مەلا ئەحمەد فەوزی، ساڵ و نیوێک



هێمن موکریانی



**لە لای ڕاستەوە: پێنجەم کەس هێمن موکریانی،**
**لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لەوێش دەخوێنێت، شارەزاییەکی تەواو پەیدا دەکات لە زمان و ئەدەب و ڕوحی کوردایەتی و حەز و ئارەزووشی بۆ شیعر دانان پەرەدەسێنێت، مەلا فەوزیش خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوەیی لە ناخیدا دەچەسپێنێت.

لە ساڵی ١٩٣٨ دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە گوندی(شیلاناوێ) و بە ڕۆژ لەگەڵ باوکی خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبێت و شەوانیش خۆی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە فارسییەکان خەریک دەکات، وردە وردە هاتوچۆی شاری مهاباد دەکات دەبێتە هاوڕێی کۆمەڵێک لاوی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر، ئەوانیش کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری دەدەنێ و ئەویش دەیانخوێنێتەوە.




هێمن لەتەک کاری کشتوکاڵیدا دەست بە نووسینی شیعر دەکات، بەڵام باوکی زۆر پێی ناخۆش بووە، هەتا ڕۆژێک دەفتەرەکەی شیعری هێمنی چنگ دەکەوێت و لێی دەسووتێنێت و لێشی زویر دەبێت.

ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی




سوپای سووریا، (جیش الاحمر)ی سۆڤییەت لە سەرووی ئێران و سوپای بەریتانیا لە خوارووو و ناوەڕاستی وڵات، ئازار و ئەشکەنجە و زوڵم و زۆرداری ڕژێمی ئەوسای شای ئێران هێمنی شاعیر پەریشان دەکات، لەو کاتەدا چەند ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری دیکە لە ١٦-٨-١٩٤٢ کۆمەڵەی (ژ.ک- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دادەمەزرێنن و حوسێن فەرهور بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێرن، هێمنی شاعیر لە ڕێگای ڕووناکبیر عەبدولڕەحمان زەبیحی دەبێتە ئەندامێکی چالاکی ئەم کۆمەڵەیە و ناوی نهێنیی(هێمن) هەڵدەبژێرێت، ژمارەی ئەندامێتیشی(٥٥) بووە.

لە کۆبوونەوەی مانگی چواری ساڵی ١٩٤٣ کە لە بناری چیای (خواپەرست) ئەنجامدراوە، کۆمەڵەی ژ.ک بڕیار دەدات ئۆرگانی خۆی بە ناوی(نیشتمان) دەربکات، هێمن وەک ئەندامێکی چالاک و شاعیرێکی کوردپەروەر لە دووەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان تا دوا ژمارەی بەشداری



**لە لای ڕاستەوە: هێمن موکریانی، دکتۆر وریا عومەر ئەمین**




تێدا کردووە، دواتر لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژ. ک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دادەمەزرێنن، هێمنیش وەکو ئەندام و شاعیر و نووسەر، چالاک بووە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو حزبە.

لە ١٧-١٢-١٩٤٦ سوپای ئێران هاتۆتە ناو شاری مهاباد و دەکەوێتە گرتن و ڕاونانی تێکۆشەران، ئەویش دەچێتە لای کوڕی خاڵی، محەمەدی کوڕی شێخی بورهان، ماوەیەک لەوێ خۆی حەشار دەدات و کە بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان، لە ٣١-٣-١٩٤٧ ئەو کاتەی شەو لە ماڵەکەی خۆی خەریکی خوێندنەوە دەبێت، هەواڵی لە سێدارە دانی( قازی محەمەد و سەدری برای و موحسین حوسێنی ئامۆزای) لە شاری مهاباد پێ دەگات، زۆر پەرێشان دەبێت، پاش سێ ڕۆژ لەگەڵ کەسێکی دیکە خۆی دەگەیێنێتە قەڵادزێ و لەوێش پۆلیس دەیگرن، بەڵام بە هاوکاریی




**لە لای ڕاستەوە: هێمن موکریانی، هونەرمەندی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی**




دوو کەس کە یەکێکیان مەلا بووە، بەریدەدەن و مەلا دەیباتە لای خۆی و دەرسی ئایینی پێ دەڵێت، کە بارو دۆخەکە ئارام دەبێتەوە ئەو دەگەڕێتەوە ناو کەس و کاری خۆی دەست دەکاتەوە بە کار و کاسبی خۆی.

لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەست بە جموجۆڵی سیاسی دەکاتەوە، دەستەیەک لاو و ڕۆشنبیر خەباتی سیاسی تێکەڵ بە خەباتی چەکداری دەکەن و شەڕی پارتیزانی دەست پێ دەکەن، ئەویش ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکات و دەبێتە پێشمەرگە و ماوەیەک لای هەژار موکریانی دەبێت و درێژە بە خەباتی خۆی دەدات لە ڕیزی




حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩ لە کۆنفراسی دووەمی ئەو حیزبە کە لە گوندێک لە نزیک قەڵادزێ بەستراوە بەشدار دەبێت و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت، پاش ماوەیەک دەست بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەنەوە، لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٧٠ یەکەم ژمارەی لێ دەردەکەن و هەر لەهەمان کاتدا لە باشووری کوردستان یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزراوە و




هێمن بۆتە ئەندام و چالاکیی زۆری تێدا نواندووە و لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا بەشدار بووە و پارچە شیعر و وتاریشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو کات بڵاوکردۆتەوە، لە ٢١-٤-١٩٧١ کە کۆنفراسی سێیەمی حزبی دیموکراتی ئێران لە شاری کۆیە بەستراوە، هێمن بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئەندامی کۆمیتەی ڕاگەیاندن هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ بۆتە ئەندامی کۆڕی زانیاریی کوردی لە بەغدا و زۆر کاری بە بە نرخی ئەنجامداوە، لەوانە وەرگێڕانی کتێبی(تحفة مظفرية)کە نووسەر ئۆسکارمان نووسیویەتی.


مامۆستا هێمن لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دەستی بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی کردووە و لە ٢٤-١-١٩٧٤ تەواو بووە و لە کتێبێکدا بە ناوی(تاریک و ڕوون) لە چاپی داوە، لە ١٨-٢-١٩٧٩ لە



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو ئایشە هاوسەری هێمن موکریانی، هێمن موکریانی**





**هونەرمەند محەمەدی ماملێ**
**لە تەنیشت گڵکۆی هێمن موکریانی**




**پەیکەری**
**هێمن موکریانی**

کۆمەڵگای(بەستەستێن) لە نزیک قەلادزێ لە ماڵی دۆستێکی دەمێنیتەوە و نامەیەک دەنووسێ بۆ دۆست و برادەرانی هەموو خەڵکی باشووری کوردستان تییدا دەڵێت: نەمتوانی ماڵئاواییتان لێ بکەم، بۆیە لە نامەکەدا خواحافیزی لە هەمووان دەکات وا نامەکەم هاوپێچ کردووە.




لە ڕۆژی ٢٠-٢-١٩٧٩ دەگاتە سەردەشت و ڕۆژی ٢١-٢-١٩٧٩ دەگاتە شاری مهاباد پێشوازییەکی گەرمی و گوڕی لێ دەکرێت لە لایەن ڕۆشنبیران و نووسەران و جەماوەری شاری مهابادەوە، لە ١٩-٢-١٩٨٠ لە مهاباد کۆنگرەی چوارەمی حزبی دیموکراتی ئێران




دەبەسترێت و هێمنی شاعیر دەبێتەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕاگەیاندن و پاش ماوەیەک لە کاری سیاسی دوور دەکەوێتەوە و خۆی بە نووسین خەریک دەکات.


هێمنی شاعیر لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٦ لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە و ئەدەبی ڕۆشنبیرییەکانی شاری مهاباد و کرماشان و ورمێ بەشدار و ئامادە بووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هەندێ لە ڕۆشنبیر و نووسەران ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی سەڵاحەدینی ئەیوبی (ئینتیشاراتی صلاح الدين الايوبي) لە ورمێ دادەمەزرێنن، گۆڤارێکیش بە ناوی(سروە) دەردەکەن، هەتا خۆی لە ژیاندا بووە چوار ژمارەی لێ دەرچوو، لە شەوی ١٨-لەسەر ١٩-ی نیسانی ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە شاری مهاباد لە گۆڕستانی(بوداق سوڵتان) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە.

هێمنی شاعیر کۆمەڵێک دیوانی شیعری نیشتمانپەروەریی نووسین و وەرگێڕانی هەیە، ژمارەیەکی زۆریش لە نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەری کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، بەرهەمەکانی هێمنیان کۆکردۆتەوە و لێکۆڵینەوە و دیراسات و ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەیان بۆ کردووە، تێکڕای بەرهەمەکانی و ئەو کتێبانەی لەسەر هێمنی شاعیر نووسراون ئەمانەن:

- تاریک و ڕوون، ساڵی ١٩٧٤.
- بلێسە و فرمێسک، نووسەر بارزان مەحمەد کۆیکردۆتەوە و چاپی کردووە، ساڵی ٢٠١٦.
- بارگەی یاران، هەموو بەرهەمەکانی هێمن، بەرگی یەکەم، بە سەرپەرشتیی نووسەر بەدران ئەحمەد و دکتۆر عوسمان دەشتی، ساڵی ٢٠٠٣.
- توحفەی موزەفەرییە، بە زمانی کوردی، لە نووسینی ئۆسکارمان،

وەرگێڕانـی هێمـن.

- تۆم هـەر لـە بیرە، بەشێک لـە وتارنامـە و دەسـتخەتەکانی هێمـن موکریانی، کۆکردنـەوەی نووسـەر فـاروق فەرهاد.
- چریکەی کوردستان، لە ئامادەکردنی نووسەر سیامەک فەزلۆڵڵا، ٢٠١٤.
- چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، ٢٠١٣.
- دیاری بۆ مام هێمن- پەخشان - هۆنراوە، نووسەر خالد کۆچەر.
- سۆزی دەوران، دیوانە شیعر، شوێنی و دەستنووسەکە دیار نییە، ١٩٧٧.
- ناڵەی جودایی، ١٩٧٨.
- ڕۆمانسیزم لـە شـیعری هێمـن و محەمـەد نوریدا، نووسـەر ڕزگار عومـەر فەتـاح، ٢٠١٤.
- ڕێزی نان بگرن، کۆمەڵە بەرهەمێکی بڵاوکراوەیە، بەغدا، ١٩٨٠.
- سـەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن، هەولێر ٢٠١٤.
- فەرهەنگۆکی دیوانی هێمن- سـەرجەم بەرهەمەکانی هێمن، هەولێر ٢٠١٤.
- لـە شـاخەوە تـا شـار شـیعری نوێـی کـوردی، ئامادەکردنـی نووسـەر فەخرەدیـن ئامێدیـان.
- لـە ماتەمینی هێمنـدا، چەنـد دەقێکـی شـین و لاواندنـەوە، دکتـۆر عوسـمان دەشـتی و نووسـەر عەلـی بداغـی، هەولێـر ٢٠١٤.
- لـە یـادی ئەسـتێرەیەکی پڕشـنگداری ئاسـمانی هونـەری کـوردی - شـاعیری نیشـتمانپەروەر مامۆسـتا هێمـن، ئامادەکردنی نووسـەر ڕەحمـان نەقشـی، ٢٠١٢.






- مامۆسـتا هێمـن ڕێبـواری عەشـق و ئـازادی، کۆکردنـەوەی نووسـەر ڕەحمـان نەقشـی.
- ناڵـەی جودایـی، توێژینـەوە، نووسـەر عەزیـز ئالـی.

- هێمن – بیر و هەڵوێست و شیعر، نووسەر خالید دلێر، سلێمانی ١٩٩٣.
- هێمن لە نێوان نوێخوازی و نوێبوونەوەدا، دکتۆر بەختیار سەجادی.
- هێمن و بۆنی غەریبی، نووسەر محەمەد فەریق حەسەن، سلێمانی ٢٠٠٨.
- هێمن ساز و ناساز، بەرگی یەکەم و دووەم ئامادەکردنی نووسەر فاروق فەرهاد.
- هەواری خاڵی، هەموو بەرهەمەکانی هێمن، بەرگی دووەم، نووسەر بەدران ئەحمەد و دکتۆر عوسمان دەشتی، ٢٠٠٣،
- یادی هێمن ، کەریمی حسامی، سوید ١٩٨٧.

مامۆستا هێمن لە نامیلکەی (زۆرزانیش بە هەڵە دەچێ)کە دەربارەی ڕووناکبیری گەورەی کورد(تۆفیق وەهبی) نووسیبووی دەڵێت:( وتارەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی زۆر شپرزە و شیرزەر هاتە بەرچاو، ڕەنگە دەربارەی بێ بەستێنیی زانستی مامۆستا وا شەپۆلان بدا کە ئەدەبی تێدا نوقم بووبێ، مامۆستا هێندە زمانی بێگانە فێر بووبێ کە کوردییە ساکارەکەی خۆمانی لە بیر نەمابێ).

هەژار موکریانی شاعیری لە پێشەکی دیوانی سەیفولقوزایدا، بەم جۆرە باسی خۆی و هێمن دەکات:

(هێمن و من دوو منداڵی کرچ وکاڵی لەڕ و قرخن، بە تەمەن دە دوازدە ساڵ بووین، لە خانەقا گەیبووینە یەک، نا خێری گیانمان دەرس بخوێنین، خویندنی چی؟ دوو گێل و حۆلی پەڕ بڵاو، لە یەک دەمدا لە لای دوو مامۆستا دامەزراین، یەکی ریش پان، لە عەرەبی شارەزایە و خەتی نییە، ئەوی دی گەردەڵ، فارسی زانە و خەتی خۆشە. جا وەرە شەق و دار بخۆ، خۆ جنێو هەر باسی ناکرێ، سوێندی کەسم لە سەر نییە، ئەگەر بڵێم تلپاتی تەڕیش فێر نەبووین، نیسکێک درۆی تێدا نییە، ماڵم هەقە لە ترێ


دزینـی نـاو ڕەزی، لـە پلـلار دەداران گرتـن، لـە ڕاوی دووپشـک و ئەسـپێ و کێچ و جوجە و قوڕ شـێلان و هێلکە لە هێلانـە دەرهێنـان، هیـچ کـەس تۆزی نەدەشـکاندین. بۆ نەگبەتـی هێمـن وە شـێعر هاتبوو، هەروا گارە گارەی دەهات، جـار و بـارە شـێعرێکی نیـوە و کۆڵـەی خـواری لاپانـی دادەنـا، بـە فیـزەوە نیشـانی دەدام. یانـی ها بـم ناسـە، مـن چیـم، منـی کلـۆڵ نەمدەتوانـی مێعریـش بکـەم).

هەنـدێ لـە شـیعرەکانی هێمـن موکریانـی کراونەتـە گۆرانـی بـە تایبەتـی لەلایـەن مەقامبێـژی گـەورەی کـورد نەمـر تایـەر تۆفیـق.

هێمنـی شـاعیر لـە ١٦-١١- ١٩٤٦ هاوسـەرگیری لەگـەڵ خاتـوو ئایشـەی کچـی خاڵـی کـردووە و کوڕێکیـان هەیـە بـە ناوی(سـەلاح).

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێڕی گەورەی کورد هێمن موکریانی ڕەوانتشـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

وا چەنـد کۆپلـە شـیعرێکی هێمنـی شـاعیر- تـان بـۆ دەنووسـمەوە لەگـەڵ دوو پارچـە لـە هۆنـراوەی ناڵـەی جودایـی:

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن**
**عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم**
**عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**
**گەر لەبرسان و لە بەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەریی بێگانە ناکەم ، تا لەسەر ئەردم ئەمن**
**من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە**
**لەت لەتم کەن ، بمکوژن ، هیشتا دەڵێم کوردم ئەمن"**
**هێمن موکریانی**

**ناڵەی جودایی:**
**ساقییا! وا بادەوە، وا بادەوە**

ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێخەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟
ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە
بۆ کەسێکە مەی: چزیلکی پێوەنێ
بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوەنێ؟!
بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کارییە
بێخەمێک بیخواتەوە، زۆردارییە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ؟!
ئەو کەسەی بێ کەس نییە و خانە خەراب
دەک بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب!
ئەو کەسەی نەیچێشتوە دەردی ژیان،
ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان،
ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم،
شانی دانەخزا لەبن باری ستەم،
ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد،
تیخی زۆرداری بریندار‌ی نەکرد،
ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکێ بەردرا،
ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا،

ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی
نیری یەخسیری لە ئەستۆ داڕنی,
ئەو کەسەی هێندە نەبوو زویر و زگار,
وا نەکەوتە بەر چەپۆکی ڕۆژگار,
ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان,
ئەو کەسەی ((زیڕەی نەگەییە ئاسمان))
ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی,
تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی
تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت,
لێی نەگیرا دەوروپشت و چوار تەنیشت,
ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر کەوت
شەو لەبۆ کەیفێ لە ماڵێ دەرکەوت:
بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ؟!
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ...

*******

ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرە و لەوێ,
ئەو کوڕەی ماچی کچانی دەس کەوێ,
ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە,
سەیرە, زۆر سەیرە کە ئالودەی مەیە.
ئەو کوڕەی دۆی داوەتی دەستی دەنێ
بێتە ئێرە, چۆنە هەی دێی ناکەنێ!؟
ئەو کەسەی ((دەستی لە مەمکان گیر ببێ))
ئەو کەسەی ((تفلّی دڵی بۆ ژیر ببێ))
ئەو کوڕەی کیژێک بەرەو ڕووی پێکەنێ
ئەو کەسەی هەر سووکە ئاوڕێکی دەنێ

**ئەو کەسەی پەنچۆڵە بکوشێ جار و بار,**
**ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار,**
**ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمی تاسولووس,**
**ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس**
**ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردەنێ**
**کوفرە یەک قەترە شەرابی گەر دەنێ**

***********

**هێمن موکریانی ١٩٧٤**

سەرچاوەکان:

١ - www,shehid.se.

٢- زانیاری- گەورەترین ئینسکلۆپیدیای کوردی، وتارێکی نووسەر ڕاوێژ نورەدین لە ٩-٣-٢٠٢١.

٣- Goodreads.

٤- بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نووسینی نووسەر جووتیار تۆفیق هەورامی.

٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# تەیب جەبار

شـاعیری شـیعری نوێخـواز و هاوچەرخـی کـوردی، داهێنـەری وشـەی ناسـک و جوانـی کـوردی  نووسـەر و ئەندازیـار تەیـب جەبـار

ناوی تەواوی(تەیب جەبار ئەمین عەبدوڵڵا)یە، بە تەیب جەبار ناسراوە، لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە گوندی(تەپەلـوو)ی سـەر بـە ناوچەی(قەرەحەسـەن)ی پارێـزگای کەرکـووک لـە بنەماڵەیەکـی ڕۆشـنبیر و کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، خوێنـدنـی سـەرەتایی تـا پۆلـی پێنجـەم هـەر لـە گونـدی تەپەلـوو خوێندووە، ساڵی ١٩٦٥ پۆلی شەشـەمی سـەرەتایی لە قوتابخانەی(شۆڕیجە) ی سـەرەتایی کـوڕان تـەواو کـردووە، قۆناغـی ناوەنـدی لـە سـاڵی ١٩٦٩ لـە ناوەندی(ئیمام قاسم) تەواو کردووە، پۆلی چوارەم و پێنجەمی لە ئامادەیی (مصلـی) و پۆلـی شەشـەمیشـی لـە ئامادەیـی کوردسـتان سـاڵی ١٩٧٢ هـەر لـە شـاری کەرکـووک تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٦ کۆلێـژی ئەندازیـاری بەشی(شارستانی-مدنی) لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٧٨ وەکو ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی سلێمانی دەست بەکار بووە، لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ١-٨-١٩٩٧ لە کابینەی یەکەم و دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریکاری وەزیری(کاروبار و نیشتەجێکردن- وزارة الاشغال و الإسکان)بووە، لـە سـاڵی ١٩٩٧ لەسـەر ئـارەزووی خـۆی خانەنشـین کـراوە، لـەو کاتـەوە تاوەکو ئێسـتا لـە کەرتـی تایبـەت کار دەکات.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر تەیب جەبار، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس**

شاعیر و نووسەر تەیب جەبار هەر لە لاوێتیدا حەز و خولیای چۆتە سەر شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، هەرچەندە ئەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی عەرەبی خوێندووە، بەڵام هەردەم دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد و شیعری شاعیرە نوێخوازەکانی وەکو(گۆران، هەردی، ئیبراهیم ئەحمەد، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت و جەلالی میرزا کەریم و چەندانی دیکە)ی خوێندۆتەوە، سەرەڕای شاکارە عەرەبی و جیهانییە وەرگێردراوەکان، پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پوختەی پەیدا کردووە.




شاعیر تەیب جەبار لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە شیعر نووسین کردووە، یەکەم نۆبەرەی شیعرەکانی خۆی ساڵی ١٩٧٣ لە ڕۆژنامەی (برایەتی) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی شعیر و ئەدەبیاتەوە، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری ناوازە و ئاست بەرزی چاپکردوون، لە شیعر نووسیندا شێواز و ستایلێکی تایبەتیی هەیە لە بەکارهێنانی

وشـەی کوردیی ڕەسـەن و سـادە و سـاکار و پڕ ئاواز و مۆسـیقا، ئەمانـەش بەرهەمەکانییەتـی:

- لاواندنەوەی خۆڵەمێش، شیعر، سلێمانی ٢٠٠٨.
- ئەو ڕۆژەی من دەمرم، شیعر، سلێمانی ٢٠١١.
- ئەو شیعرانەی ئاوڕ بۆ پێشەوە دەدەن، شیعر، سلێمانی ٢٠١١.
- سەردەمانێ تاریکی سپی بوو، سێ کۆمەڵە شیعر، سلێمانی ٢٠١٥.
- گەڕان بە دوای ئیقاعی وشەدا، وتاری ئەدەبی و هونەرییە، ٢٠١٠.
- چەنـد پڕۆژەیـەک بـۆ تێکدانـی ڕەوشـتی ئـاو، وتـار دەربـارەی شـاڕ و شـوێن، هەولێـر.

سێ کۆمەڵە شیعری لە لایەن نووسـەر مامۆستا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی وەرگێڕدراونەتە سـەر زمانی عەرەبی کە ئەمانەن:

- ذات زمان...الظلام كان ابيض، شعر، دار الغاوون، بيروت ٢٠١٠.
- قصائد تلتفت إلى الامام، شعر، دار الغاوون بيروت ٢٠١٢.
- لا احد يأخذ الظل إلى بيته، شعر، دار شهريار، البصرة ٢٠١٨.

نووسـەر و شـاعیر و لێکۆڵـەر و ڕەخنەگرانی کـورد و عـەرەب لێکۆڵینـەوە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر تەیب جەبار، شاعیر لەتیف هەڵمەت، شاعیر و نووسەر محەمەد کوردۆ**

و توێژینەوە و تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمە کوردی و وەرگێڕدراوەکانی شاعیر تەیب جەبار و لە چەند کتێبێکدا بڵاویان کردوونەتەوە، وا دەیانخەینە ڕوو:

نووسەرە کوردەکان بە زمانی کوردی:

- ئەزموونی تەیب جەبار لە شیعر و ڕەخنەدا، نووسەر دڵشاد جەلال محەمەد ئەمین، نامەی ماستەر لە زانکۆی(وان) لە تورکیا، ٢٠١٨.
- ئەندازەی وێنە(لە بارەی ئەزموونی تەیب جەباری شاعیرەوە) نووسەر عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، سلێمانی ٢٠١٦.
- جوانی مەحاڵ( دەروازەیەک بۆ ناساندنی نوێگەری لە شیعری تەیب جەبار) نووسەر نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، سلێمانی ٢٠١٦.
- ئەو ڕۆژەی من دەمرم (لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر شیعرێکی تەیب جەبار) نووسەر حوسێن بەفرین، سلێمانی ٢٠١٦.

لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی لەسەر بەرهەمەکانی شاعیر تەیب جەبار بە زمانی عەرەبی.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت، شاعیری دیار و ناسراوی کورد فەرهاد شاکەلی، شاعیری نوێخواز تەیب جەبار**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی شێوەکار و نیگارکێش مەدحەت کاکەیی، شاعیر تەیب جەبار**

- في الطريق إلى الشاعر المهندس طيب جبار، فاروق مصطفى، دراسة و مختارات، كركوك ٢٠١٣.
- يرشد الظلام إلى طريق جانبي(في تجربة طيب جبار الشعرية)تحرير: صفاء ذياب، البصرة، دار وراقون ٢٠١٦.
- رائحة الإلتفات(في تجربة طيب جبار الشعرية) تحرير: حسن علاءالدين، البصرة، دار شهريار ٢٠١٧.




- شعر طيب جبار و صلاح فائق(دراسة مقارنة) ساره جلال عبدالله، رسالة ماجستير- جامعة كركوك، ٢٠٢١ لم يطبع لحد الآن.

چەندین لێکۆڵینەوە و دیراساتی دیکە لەسەر بەرهەمەکانی کراون، بەڵام هێشتا وەکو کتێب چاپ نەکراون.

شاعیر تەیب جەبار دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی ڕەخنەیی و ئەندازیاری(هندسي) لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا

بڵاکردۆتەوە، دوو کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ، یەکێکیان دیوانێکی شیعرییە بە زمانی کوردی و عەرەبی ئەویتریان کتێبێکی ڕەخنەی ئەدەبییە،

تەیب جەبار نەک هەر لەناو شاعیرانی کورد ناسراوە، بەڵکو لەناو نووسەر و شاعیرانی عێراقی و عەرەبیش تا ڕادەیەکی بەرچاو دیار و ناسراوە، با بەیەکەوە بزانین ئەم شاعیر و نووسەرانە دەربارەی شاعیر تەیب جەبار، هەر لەسەر زمانی ئەوان چ دەڵێن:

- دکتۆر حاتم الصکر دەڵێت:(حيث الطبيعة اولا تتسيد مقياس الإحتكام إلى حضور السعادة وغيابها، وثانيا ما تحفل به من هيمنة الذات بشكل واضح).
- دکتۆر فريد امعضشو دەڵێت:(إن تجربة الشاعر طيب جبار متميزة، ضمن خارطة الادب الكردي المعاصر، بعدد من المميزات مضمونا وشكلا وصياغه فنية، وغنية على اكثر من صعيد).
- نووسەری کوێتی تهاني فجر دەڵێت:(إن قارىء طيب جبار لن يبحث عن المعنى او الفكرة بالقدر الذي سيستمتع بالصور المبتكرة ذات الإيقاع الحداثي غير المألوف).
- نووسەر فاروق مصطفى دەڵێت:(فضيلة شاعرنا الاولى تكمن في تفجير لغته بعناقيد من الانزياحات اللغوية التي تحلى جمله شعرية).


شاعیر تەیب جەبار سەرەڕای کاری ئەندازیارێتی و نووسینی شیعر و بابەتی ئەدەبی، ئەندام بووە لەم ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و پیشەییانە:

- ئەندامی یەکێتیی گشتیی نووسەران و ئەدیبانی عێراق.










**بەرهەمەکانی نووسەر تەیب جەبارو ئەو بەرهەمانەی لەسەر شیعریکانی نووسراون**

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی.
- ئەندامی سەندیکای ئەندازیارانی عێراق.
- ئەندامی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئەو یەکێتییە.
- ئەندامی ئەنجومەنی لیژنەی باڵای کۆنفراسی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک بووە، ساڵی ١٩٩٥.
- جێگری سەرۆکی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٩٢.

شاعیر و نووسەر تەیب جەبار خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە خوا تەمەن درێژیان بکات، بە خۆشی هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و بەردەوامە لە نووسینی شیعر و وتاری ڕەخنەیی و بابەتی هەمەجۆری دیکە، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ووشەی کوردی.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر تەیب جەبار-تان بۆ دەنووسمەوە:
یەکەم: لە دیوانی شیعری(ئەو شیعرانەی ئاوڕ بۆ پێشەوە دەدەن)

ئەوەتانێ
ئەوەتانێ،
باوە شێن...
داوای با دەکا.
ئاگر بۆ گەرمایی...
دەگەڕێ.
ئاو وێڵی هاژەیە،
دارستان سێبەری...
دەست ناکەوێ
ئەوەتانێ،
گەردەلوول....
لە ملبادان دەترسێ،
زریان سەرگەردانە،
نازانێ بۆ کوێ دەچێ
پارچە شیعری دووەم: لە دیوانی شیعری(ئەو ڕۆژەی من دەمرم):
ئەو ڕۆژەی من دەمرم
ئاگر لە سەرمانا دەلەرزێ،
دێتە بەر دەرگای ماڵ،
زمانی گۆ ناکا،
چاو دەگێڕێ، بەڵکو....
لە یەکێ بپرسێ!
بۆ چی مردووە!؟

بۆ چی مردووە!؟
پاشای عەرشی سەدەی بیست و سێ؟

******

ئەو ڕۆژەی من دەمرم،
کچەکانم نەبێ.
بۆم ناگری ..... لەم شارە...
هیچ کچێ!!

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر تەیب جەبار کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# قەدری جان

شاعیری نوێخواز و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس و وەرگێڕی ناسراو و دیاری کورد ڕەوانشاد قەدری جان....

ناوی تەواوی(عەبدولقادر عەزیز جان)ە، بە پێی سەرچاوە جۆربەجۆرەکان ساڵی لە دایکبوونی دەگێڕنەوە بۆ ١٩١٣، ١٩١٤، ١٩١٦، بەڵام نزیکترین و ڕاسترینیان ساڵی ١٩١١- یە لە گوندی(دێریک)ی سەر بە بناری چیای(مازی)ی دەوروبەری شاری(ماردین- مێردین) لە دایک بووە، هەر لە هەمان گوند خوێندنی تەواو کردووە و چۆتە خانەی مامۆستایان لە(ئەزمیر) و بۆتە مامۆستا لە نێوان ئەسکەندەرۆنە و ئەنتاکیا، باوکی بازرگان بووە، لە ساڵی ١٩٣١ بەهۆی هەستکردنی بە گیانی کوردایەتی و بارودۆخی خراپی کورد لە تورکیا لەگەڵ هاوڕێی و هاوخەباتی ڕەشیدێ کورد چۆتە جزیرێ، ماوەیەک لەوێ ژیانی بردۆتە سەر، پاشان چووەتە دیمەشق و ئاموودێ(عاموودێ) و قامیشلۆ، هەر زوو فێری زمانی عەرەبی بووە و ماوەیەک بۆتە مامۆستا و دواتر وەکو فەرمانبەر گوازراوەتەوە وەزارەتی پەروەردە لە دیمەشق، هەر لەو کاتانەدا لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و ناودارانی کورد ئاشنا بووە لەوانە: (دکتۆر کامیران بەدرخان، نورەدین زازا، جگەرخوێن، ئۆسمان سەبری و چەندین ڕۆشنبیری



لە لای ڕاستەوە: قەدری جان ، هاوسەرەکەی خاتوو نیلوفەر

دیکەی کورد)، دەستی بە نووسینی شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٠ دەستی لە کارکێشاوەتەوە لە وەزارەتی پەروەردە لە دیمەشق، لە ساڵی ١٩٥٧ یەکێک بووە لەو شاندە کوردەی کە بەشداربووینە لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ و لەوێ چاوی بە نەمر مەلا مستەفای بارزانی کەوتووە و هەڵبەستێکی ستایشی پێشکەشکردووە بە ناوی(سەرداریَ کوردان بارزانی)، کە دواتر بۆتە سروود، پاشان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر کاری حکومی و تا لە ساڵی ١٩٧١ خانەنشینکراوە.




شاعیر قەدری جان شارەزایی لە زمانی کوردی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروو هەبووە و زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و ڕووسیشی زۆر بە باشی زانیوە، لە ساڵی ١٩٣٦ یەکەم دەستپێکی نووسینی خۆی کە هەڵبەستێک بووە لە گۆڤاری(هاوار) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان، ئەو بە یەکێک لە ڕابەرەکانی شیعری نوێخوازیی کوردی




هەژمـار دەکرێـت، کۆمەڵێـک بەرهەمـی نـاوازەی نووسـیوە هەندێکـی لـە چاپـدراوە و هەندێکیشـی هـەر بڵاونەکراونەتـەوە، بەرهەمـە دیارەکانـی:

- داستان بە شیعر.
- ئەلف و بێی کوردی.
- ڕێبـازی ڕووسـی، لـە نووسـینی گریگـۆری پیێتـرف لـە ڕووسـییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی و بـە زنجیـرە لـە ڕۆژنامـەی (ڕۆژانـوو) ژمارەکانـی (٤-١٧) سـاڵی ١٩٤٤-١٩٤٥ بڵاویکردۆتـەوە.
- دیوانی هەڵبەست، ساڵی ١٩٥٧، لە دیمەشق چاپکراوە.

- ڕۆمانی(شڤانی کورد)ی عەرەبی شەمۆی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە پیتی لاتینی ساڵی ١٩٤٧.

هەندێـک لـە هەڵبەسـتەکانی لەوانە(هـاوار هەبـە، بەردێلـک، هەسـنگەر، د شـورەزارەکی دە، تابووتـا بخوێـن، جگەرخوێـن، خەونـا هشـیاریێ، دادێ، دەسـت ژێ بـوو، جوهابـا لاوانـی ژ دیبـا هـاوارێ، هـەی دنیـا فانـی، دێـرک، ڕەشـبەلەک، شـین، رەیـا تـازە، کاروانـێ مـە، سـەردارێ کـوردان بارزانـی،



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر قەدری جان، هاوسەرەکەی خاتوو نیلوفەر و یەك لە منداڵەکانی، نەناسراوە**

شێرێ ولات ...بارزانی هات، شێرهات وەلات، وەختی نییە، شینا پێشەوایی مەزن قازی محەمەد، هەیڤا سۆر، چاردەی گەلاوێژ....چەندانی دیکە).

قەدری جان شیعری بۆ مەلا مستەفای بارزانی و بۆ ستایشی پێشەوا قازی محەمەد نووسیوە، چەندین شاعریش شیعریان بۆ ستایشی قەدری جان وتوە لەوانە(جگەرخوێن، لادێ فندی، هاوار، ئۆسمان سەبری).

قەدری جان شاعیرێکی نوێخواز و کوردپەروەر بووە، بەشداریی لە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخستنی کوردایەتیدا کردووە، ئەو ئەندام بووە لە(کۆمەڵەی خۆیبوون)، و دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ حیزبی هیوای کوردی هەبووە و پەیوەندییەکی زۆر باشیشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەبووە، لە ساڵی ١٩٥٠ بووەتە سکرتێری کۆمەڵەی (پێشڤەچوون) دواتر لە ساڵی ١٩٥٧ ئەم کۆمەڵەیە ناوی دەگۆڕێت و پارتی دیموکراتی کوردی سووریای لێ دروست دەبێت.

لە ساڵی ١٩٥٩-١٩٦١ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەندیخانەی(مەزە) زیندانیکراوە.

بەشی زۆری نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی هاوار و ڕۆناهی بە ناوی خوازراوی (نەوزاد) بڵاوکردۆتەوە.

ڕەوانشاد نووسەر شوکر مستەفا سەبارەت بە قەدری جان دەڵێت:(لەو کاتەی لە سووریا بووم لە ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٦ ئەوەی دیقەتم دەکرد لە کوردەکانی سووریا، لە هەموویان زیاتر قەدری جان و دکتۆر نورەدین زازا کوردایەتییان دەکرد و کوردپەروەربوون بە تایبەتی قەدری جان کە زۆر پاک بوو لە کوردایەتییەکەی).

ڕەوانشاد دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەربارەی شاعیر قەدری جان دەڵێت:(هۆنراوەکانی قەدری جان بە زمانێکی کوردیی ساکار نووسراون، بەڵام پاراو جوان و ڕەوان، ئەوەی جوانییشی بەو وشە ساکارانە بەخشیوە، ئەو مۆسیقا شیعرەیە کە هونەرمەندانە دەنگی شاعیرانەی قەدری جانی بەرزکردۆتەوە، وشەکانی لەگەڵ یەکدا کردووە بە ئاوازێکی یەکگرتووی

دەنگدار....هتد).

خاتوو ڕەوشەن بەدرخان لە کتێبی(صفحات من الادب الكردي) سەبارەت بە قەدری جان دەڵێت:(قەدری جان هەڵبەستڤانەکی نوێخواز و پەیڤ و رامان ناسکە).

– نووسەر ئازاد عەبدولعەزیز مزووری کتێبێکی بە ناوی(قەدری جان شاعیری داهێنەر و نیشتمانپەروەر) نووسیوەو لەساڵی ٢٠٠٢ لە چاپی داوە و تیشکی خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی بە تێرو تەسەلی.

– نووسەر سەرهەنگ حەمەساڵح کتێبێکی بە ناونیشانی(ڕەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان) نووسیوەو لە ساڵی ٢٠٠٦ لە چاپی داوە.

– نووسەر مەریوان عومەر دەوڵەت لە کتێبەکەی بە ناوی(قەدری جان ، ژیان و بەرهەم) ئەویش بە چڕو پڕی باسی ژیان و بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرە کردووە.

شاعیر قەدری جان لە ساڵی ١٩٣٩ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(نیلوفەر) کە لە ئەسڵدا کچە تورکێکی خەڵکی ئەستەنبول بووە، دوو کوڕ و کچێکیان هەبووە بە ناوەکانی(مزگین، سەروەر، شیرین)، قەدری جان لە ٩- ٨- ١٩٧٢ لە تەمەنی(٦١)ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مەولانا خالید نەقشبەندی لە دیمەشق بە خاک سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لەسەر کێلی گۆڕەکەی قەدری جان پارچە هەڵبەستێکی عیزەت ئاغای دێرەکی نووسراوە کە ئەمە کۆپلەیەکە:

**جەندەکێ دڤێ گۆڕی دا**

**زۆر نازک و جوانە**

**ژ دێرکا چیایێ مازی**

**ناڤێ وی قەدری جانە...**

**نموونەیەک لە شیعرەکانی شاعیر قەدری جان:**


دۆستێ من، دژمنێ پۆستێ من،
بەگی ئاخرزەمان!
ئەو زەنبیلا تو پێ هاتی،
نەماداتێ ژ ئەزمان
بەنێ وێ ڕزیایە،
لناڤارێ قەتیایە، ئوکەت
قەت ناکا دەریا سۆر،
دەریاسۆر ژێرا بوو گۆڕدەریاسۆر،
ژتیر خاوەن و خودایێ بچووک ڕا،
بوو کەفەن.
مووسا و موریدێن وی هەمی،
بی پر و بێ گەمی
ژووری دەرباس بوون
ژ جەور جەفایێ ل وەر خەلاس بوون
نەمروودێ بچووک،
مەبە ئاگر دترسینە
پڤ مەشکلاڤالا
ئەی کەڤنارێ ئێ سالا!
باوریا دلێ مە،
تاقەتا ملێ مە،
ژ ئیمانێ ئیبراهیم بێترە،
نە کێمترە.
ڤێ یانبراب،
ئەی پێغەمبەرێ دزان!

دۆستێ من،
دژمنێ پۆستێ من،
بەگی ئاخرزەمان!
ئەو زەنبیلا تۆ پێ هاتی،
نەماداتێ ژ ئەزمان
مەزناتی نە بپارە ئو مالە،
نەژی بگەرما کالە
مەزناتی بجەوهەرێ ئینسانە،
بعیلم و عیرفانە.
بەلێ ئەم خزانێ مالن،
لێ زەنگینێ کەمالن،
زەنگینێ ئیدئالن
ڕی ڕاستە، ڕیامە ئەو پێخەمبەریامە:
زنجیر شکاندن، ئارمانج گهاندن.
بابیلوسکان بستان، دیرۆکا ڕاستان،
دبێژە دبێژە:
گۆوە مەدە ئەفسانەیێ دێوان،
بشوندا نەمینە ژ کارڤان
کارڤانێ مەدەنییەت،
گرووهێ بەشەرییەت.
خولاسە، پیشی و پاشا فیلەسۆفە،
فیلەسۆفیامە ئەڤە
دین، مەزهەب، ئیمان
ببە ئینسان! ببە ئینان!

**دۆستێ من، دژمنێ پۆستێ من،**
**بەگی ئاخرزەمان!**
**ئەو زەنبیلا تو پێ هاتی،**
**نەماداتێ ژ ئەزمان**
**ک بازان شەپەڕ شەقاندن چەپ و راست**


سەرچاوەکان:

١- ڕەوشەن بەدرخان کتێبی(صفحات من الادب الكردي).
٢- کوردیپیدیا.
٣- ویکیپیدیا- ئینکلۆپیدیای ئازاد.
٤- ماڵپەرێ زانیاری.
٥- نووسەر ئازاد عەبدولعەزیز مزووری،(کتێبی(قەدری جان شاعیری داهێنەر و نیشتمانپەروەر) ٢٠٠٢.
٦- نووسەر مەریوان عومەر دەوڵەت، کتێبی(قەدری جان ، ژیان و بەرهەم).
٧- نووسەر سەرهەنگ حەمە ساڵح، کتێبی(ڕەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان) ٢٠٠٦.
٨- نووسین و داڕشتنی خۆم.



# ڕێبوار سیوەیلی

مامۆستای ئەکادیمی و پسپۆڕ لە بواری فیکر و هزر و فەلسەفە، شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و ڕەخنەگری دیار و ناسراوی کورد، مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی...

ناوی تەواوی(ڕێبوار حەمەئەمین حەسەن)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ڕێبوار سیوەیلی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی(بارێی بچووک) لە ناوچەی سیوەیلی سەر بە شارباژێری پارێزگای سلێمانی لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بەڵام لەبەر دەربەدەربوونی خانەوادەکەی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و بەرەو ئێران هەڵاتوون. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ بە تەنیا ڕووی لە وڵاتی دانیمارک کردووە، پەنابەریی مرۆیی وەرگرتووە و پاشان مافی هاووڵاتیبوونی بەدەست هێناوە.

ڕێبوار سیوەیلی لە وڵاتی دانمارک سەر لە نوێ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە و پاشان لە ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە و لە ساڵی ٢٠٠٠یش ماستەری لە بواری فەلسەفە لە زانکۆی(غۆسکیلRoskilde ) وەرگرتووە، هەر هەمان ساڵ



**لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە، نووسەر ڕێبوار سیوەیلی، لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: بەڕێز خاتوو ناز، بەڕێز خاتوو داستان، بەڕێز خاتوو نازدار هاوسەری شاعیر قوبادی جەلیزادە، بەڕێز مامۆستا عەزیز، بەڕێز خاتوو ژیان**

بە نیازی خزمەتکردن لە زانکۆکانی کوردستان گەڕاوەتەوە کوردستان و لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشی(فەلسەفە)ی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کردۆتەوە و وەکو مامۆستاش بەدەوام بووە لە خزمەتکردن.

شاعیر و نووسەر ڕێبوار سیوەیلی لە بوارەکانی هزر و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دیاردەناسیی شوێن و شوناسی و ڕەخنەی ئەدەبی زیاتر لە (٦٠) کتێبی بڵاوکردۆتەوە، کە (٥٤) بەرهەمیان دانراوی خۆین. هەروەها خاوەنی (٤)بەرهەمی گفتوگۆو هەیڤەپەیڤین و(٦) بەرهەمی وەرگێردراون، هەندێ لە بەرهەمەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی( ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی و فارسی)، سەرپەرشتیی زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی فەلسەفی بۆسەر زمانی کوردی کردووە، هەموو بەرهەمەکانی بە زمانێکی کوردیی جوان و ڕەوان نووسیون، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- دەروازەکانی کۆمەڵناسی، نووسینی مەنوچەهر موحسنی، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند وەرگێڕێکی دیکە.
- نووسین و بەرپرسیاری.
- دنیای شتە بچووکەکان.
- دیاردەگەرایی تاراوگە.
- خاڵبەندنی پراکتیکی.
- زمانی عشق، زەمەنی ئەنفال.
- ژیان کورتە (نامەیەک بۆ قەشە ئاگوستین)، نووسینی یۆستن گۆردەر، وەرگێڕانی ڕێبواری سیوەیلی.
- قەفەسی ئاسنین یان بۆ ببمە بە عێراقی؟
- لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ٢٠٠٤.
- یۆستین گۆردەر ٢٠٠٤.
- مرۆڤ وەک بەخشندە ٢٠٠٦.
- فەنتازیای خواردن ٢٠٠٦.
- نەتەوەو حەکایەت.
- زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع، زستانی ٢٠٠٦.
- دەنگی پێی ئاو (نوویسنی سوهراب سپێهری)، وەرگێڕانی بۆ کوردی ڕێبوار سیوەیلی.




نووسەر ڕێبوار سیوەیلی لە کاتی شرۆڤەکردنی بابەتێك



نووسەر
ڕێبوار سیوەیلی

- خودایە بۆ نەتکردم بە قۆخفرۆش ٢٠١١.
- ئێوارەیەک بۆ ژن و خودا ٢٠١٢.
- فەلسەفەی ئاکاری پزیشکی و مافەکانی نەخۆش ٢٠١٣.
- فەلسەفەی پێش سوکرات (لەتالیسەوە تا دیمۆرکریتۆس).
- سەد وانەی ڕیفڕاندۆم.
- کورد و کۆڕۆنا بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر مەعروف حەسەن.

شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگر ڕێبوار سیوەیلی سەرەڕای ئەو هەموو بەرهەمە بە نرخ و ناوزانەی، ڕەخنەگرێکی زۆر بە توانایە، ئەو ڕەخنەکانی لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، بە شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی، بە شیوەی ئەکادیمی و زانستی و دادپەروەرییانە دەنووسێت، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاویان دەکاتەوە، لە زۆر لە دیمانە و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردستان زۆر بوێر و ئازایانە کەم وکوڕییەکان دەستنیشان دەکات و ئاماژەش بە چارەسەرکردنیان دەدات، ئەو هەموو ڕەخنەکانی زۆر زیرەکانە دەخاتە ڕوو بە بێ (ئیحراج یان ئیستیفزا) کردنی هیچ کەس و لایەنێک، وا دوو نمونەی ئامۆژگاریی و ڕێنمایی دوو کەسایەتیی کوردیتان بۆ دەنووسمەوە کە نووسەر ڕێبوار سیوەیلی نامەی بۆ ناردوون، لەتەک ڕێنماییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و سنووردار ڕەخنەی لە کەس و لایەن و هەتا دەسەڵاتدارانیش گرتووە:




بەرهەمەکانی نووسەر ڕێبوار سیوەیلی




**بەرهەمەکانی نووسەر ڕێبوار سیوەیلی**

لە وتارێکیدا بۆ شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە وەکو تیشک خستنە سەر پارچە شیعری(حاجی لەق لەق) لەژێر ناونیشانی(بە قوبادی جەلیزادە بڵێن: ڕوونی مەترسیدارە)، ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت:( من ئەگەر ڕەخنەگری شیعر بوومایە، نامەیەکم بۆ قوبادی جەلیزادە دەنووسی و تیادا پێم دەگوت: ئەوەندە نەنووسێت!، پاشان وردتر بۆم ڕوون دەکردەوە، کە ئەوەندە ڕوون نەنووسێت..ڕوونی مەترسیدارە، نەک لەبەر ئەوەی هەموو کەس ناتوانێت ڕوون بنووسێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕوونی ڕای گشتی دروست دەکات و پەردە لەسەر سەرپۆش و ماسکی ئەوانیتر، کە بە بێ ماسک ناتوانن بدوێن، هەڵدەماڵێت).

لە نامەیەکی دیکەدا نووسەر و ڕەخنەگر ڕێبوار سیوەیلی کە بۆ(دکتۆر فەرهاد پیربال)ی ناردووە دەڵێت:(نازانم من لەو ئاستەدام کە تۆ هەڵسەنگێنم یان نا، بەڵام وەک هاوڕێیەک حەز دەکەم هەندێ قسەت بۆ بکەم، بە لای منەوە ئەوەی تۆ بۆ کوردت کردووە کەمتر نییە لەوەی شەرەفخانی بەدلیسی کردوویەتی، تۆ یەک لەو کەسانەی کە شەوبێداری و قوربانیت لە پێناوی ئەم میللەتە داوە، دواجار بوویتە قوربانیی بەشێک لەو ناهوشیارییەی کە لە ئێستادا لە ناو ئەم میللەتەدا بڵاوبۆتەوە، من لەوە باش تێدەگەم، بەڵام ئیرادەی تۆ گەورەتر ئەبینم لەوەی کە تەسلیمی ڕۆژگار و ئەو سایکۆلوجە باوەی جەماوەری خەڵک ببی، تۆ هێشتا وزەیەکی زۆرت پێ ماوە بۆ ئەم میللەتە و هوشیارییەکی بەرزت هەیە لە ئاست داگیرکاری و چەوسانەوەکانیان، بۆ زمانی کوردی دەستکەوت و شاکاری زۆرت بەرهەم هێناوە، لە بواری مەعریفەدا هەموومانت قەرزاربار کردووە، کتێبەکانت

لەسەر مێژووی کورد و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و لەسەر مێژووی هونەر و گێڕانەوەی جوانی بۆ ڕوحی ئینسانی کورد، کە ئەمە دەڵێم خۆم بە قەرزاردارت دەزانم ئەوەشم لە بیرە کە تۆ وەک هاوڕێیەک، لە پاریس بە یەک کرۆن کە دەتخستە ناو سندوقی تەلەفۆنەوە، لە درەنگی شەوان و لە بەیانیانی زوو، دوو هەتا پێنج هاوڕێی خۆتت بەسەر دەکردەوە و پێت دەوتن: خۆشم دەوێن، بۆ ئەوەی دڵنیا بیتەوە کە هاوڕێ ئاوارەکانت لە چ حاڵەتێکدا ئەژین و خۆت ئەکرد بە ساحێبیان، تۆ یەکێک نەبووی کە پشت لە کەس بکەیت و نەشتکرد، هەموو ئەوانەی ئێستا ناودارن لە نەوەی خۆت بگرە و ئەوەی پێش خۆت و دوای خۆت قەرزاری تۆن، من ویستم ئەوەت بیرخەمەوە....خۆشم دەوێیت، (لێرەدا ڕێبوار سیوەیلی لە فلیمە دوکیومێنتارییەکە قوڕگی پڕ گریانە و چاویشی بە فرمێسکە).

لەم دوو نمونەی سەرەوە نووسەر ڕێبوار سیوەیلی بە شێوەیەکی زۆر بلیمەت و زیرەک و دادپەروەرانە، ڕاز و نیاز و گلوگازاندەکانی خستۆتە ڕوو و ئاکام و ئامانجیشی پێکاوە.

لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمەی کورد ڕەخنەگری ئەکادیمی و زانستیمان کەمە، ئەگەر دکتۆر کەمال غەمبار لێ هەراوێم، زێدە ڕۆییش نەکەم دەتوانم بڵێم: ڕێبوار سیوەیلی یەکێکە لە هەرە باشترین ڕەخنەگرەکانی سەردەمی ئێستامان، هەر هەبێت و بمێنێت و نموونەشی زۆر بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوریمان.

سەرچاوەکان:
١ - کوردیپیدیا.
٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣ - Rudaw،بەرنامەی شەبەنگ ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار ڕەنج سەنگاوی، دیمانە لەگەڵ نووسەر ڕێبوار سیوەیلی.
٤ - لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر ڕێبوار سیوەیلی.
٥- ماڵپەڕی فەیسبووک ڕەخنەی چاودێر، لە ٨-٩-٢٠١٥.
٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕەفیق چالاك

هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژ و بێـژەری دەنگخـۆش، نووسـەر و شـانۆکار و ئاوازدانـەری بـە توانـا، ڕەوانشـاد ڕەفیـق چـالاک...

نـاوی تەواوی(ڕەفیـق تۆفیـق مەحمـوود ڕەسـووڵ)ە، لـە سـاڵی ١٩٢٥ لـە گەڕەکی(پیرەمەسور)ی شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار لە دایک بووە، خوێندنی سـەرەتایی لە قوتابخانەکانی(کۆیە و سەنگەسـەر و سلێمانی) تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٣٧ چۆتە(خانـەی مامۆسـتایانی ڕیفـی- دار المعلمیـن الریفـي) لـە سـاڵی ١٩٤١ بۆتـە مامۆسـتا لـە قوتابخانەکانی(مەڵکەنـدی و کانێسکان و خالیدیە) لەناو شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٤ ماوەیەک لـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغـدا کاری کـردووە، هـەر لـە هەمـان سـاڵدا لەگـەڵ شاعیری گەورەی کورد(عەبدوڵڵا گۆران و مامۆستا ڕەمزی محێدین قەزاز) دەچنە شـاری(یافا)ی فەلەستینی بۆ سـەرپەرشتی کردنی ئەو ڕادیۆیـەی کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی ئینگلیزەکان دایانمەزراند بوو، بۆ ڕاگەیاندن کـە بـە هـەر دوو زمانـی عەرەبـی و کـوردی بـووە، لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٤ دەگەڕێتـەوە ئێزگـەی کـوردی پـاش ماوەیەکـی کـەم بـە هـۆی خوێندنـەوەی وتارێکـی شۆڕشـگێڕانە بـە نـاو نیشـانی(گۆرانی ئـازادی چیـن) لـە ئێزگـەی کوردیی بەغدا دووردەخرێتەوە، دەگەڕێتـەوە سلێمانی و دەبێتەوە مامۆسـتا، لە ساڵی ١٩٤٧ لە ئەنجامی لەسێدارەدانی چوار ئەفسـەرە کوردەکە، لەسـەر



**له لای ڕاستەوە: کەریم زەند، قانیعی شاعیر، هونەرمەند ڕەفیق چالاک، شاعیر شێخ نوری شێخ ساڵح**

قەبران وتارێکی خوێندۆتەوە دیسان دەستگیر کراوە پاشان بە کەفالەت ئازادکراوە.

ڕەفیق چالاک لە ساڵی ١٩٥٠ تا ساڵی ١٩٥٦ دەگەڕێتەوە ئێزگەی کوردیی بەغدا لەوێ دەست بەکار دەبێت، لە ساڵی ١٩٥٧ دیسان دێتەوە سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە(کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان) دادەمەزێنن و دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە، لە ٩-٦- ١٩٦٣ لە گەڵ جەماوەری شاری سلێمانی لە حامییەی سلێمانی ماوەیەکی کەم



**له لای ڕاستەوە: ڕەفیق چالاک، نامیق چالاک کوڕی ڕەفیق چالاک، ڕەعنا خاتوون**

دەستگیر دەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت.

ڕەفیق چالاک لە تەمەنی(١٦) ساڵیدا پەیوەندی بە حزبی شیوعیی عێراقییەوە کردووە و دەبێتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بەغدا بووە، لە خۆپیشاندنەکانی ساڵی ١٩٤٨ لە ڕاپەڕینەکەی خەڵکی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق دژی(پەیماننامەی پۆرتسمۆس- معاهدة بورتسموث) وتارێکی دژ بە حوکمی پاشایەتی دەخوێنێتەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی شیوعی دەستگیر دەکرێت(زیاتر



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری نەمر عەبدوڵڵا گۆران، هونەرمەند ڕەفیق چالاک**



**هونەرمەند ڕەفیق چالاک، ئەوانی دیکە نە ناسراون**



**لە لای ڕاستەوە: قادر دیلان، نەجاتی عەبدە، هونەرمەند حەسەن زیرەك، نوری بەدەوی**

خەباتی سیاسیی ئەو بۆ خەڵکانی پسپۆڕ لە بواری سیاسی لێدەگەڕێین).



**هونەرمەند ڕەفیق چالاك**

ڕەفیق چالاک پاش ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کاروباری باکوور، لە مانگی(٥ )ی ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند و ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا (کومەڵی هونەر و وێژەی کوردی- لقی بەغدا) دادەمەزرێنن و دەبێتە ئەندام لە یەکەم دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایە نوێیە.

ئەو لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کە لە ئێزگەی کوردیی بەغدا بووە لەگەڵ

هونەرمەندانی دیکە تیپێکی هونەری نواندنی پێکهێناوە چەندین پەخشان و وتار و تەمسیلییە و شانۆگەریی(ڕادیۆیی) یان پێشکەشکردووە لەوانە(تەمسیلییەی چار چییە لە ساڵی ١٩٥٤)،هەروەها شانۆکانی(پیسکەی تەڕپیر) ساڵی ١٩٧٢ کە لە شانۆگەریی(البخیل) وەرگیراوە، هەر دوو هونەرمەند نوری وەشتی و ڕەفیق چالاک وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە سلێمانی نمایشکراوە، شانۆگەریی (دکتۆر دێم) لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا نمایشکراوە، شانۆگەریی(خەسووە یان ئەژدیها) کە لە نووسینی خۆی بووە و چەندانی دیکەش.

هونەرمەند ڕەفیق چالاک بێژەر و گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش بوو، کۆمەڵێک گۆرانیی ناوازەی تۆمارکردووە، هەمیشە






گڵکۆی هونەرمەند ڕەفیق چالاک



لە لای ڕاستەوە: ڕەمزی قەزاز، عەبدوڵڵا گۆران، ڕەفیق چالاک

بە زیندوویی دەمێننەوە، لەوانە(لەبەر نازی چاو بازان، گیانە ئەڕۆی، گیانە مردنە بێ تۆ ژیانم، بابە گیان، من بووم موشتەری، دوو ئاوان، بە بێ بەزمی حزوری تۆ، لای لایە، ڕەفیقان، ئەی چاوم...چەندانی دیکە)، ئاوازی بۆ چەند سروودێک داناوە لەوانە شیعرێکی زێوەری شاعیر، دوا بەرهەمیشی بە ناوی(شوێن کەوتن) کە شیعری شاعیر مستەفا بەگی کوردی بووە.

هونەرمەند ڕەفیق چالاک لە ڕۆژی ٣٠-١١- ١٩٧٣ لە نەخۆشخانەی(شاری پزیشکی- مدینة الطب) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بردراوەتە سلێمانی لە گردی سەیوان بە خاک سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:
١- کوردستان پۆست، وتارێکی نووسەر ئاوات ئابڵاخی بە ناو نیشانی(ئەستێرەیەکی نیشتمان)لە ٨-١١-٢٠٢٠.
٢- ماڵپەڕی عبدواب، ڕەفیق چالاک.
٣- کوردیپیێدیا.
٤- ماڵپەڕیRKHO، لە ١٢-١٠-٢٠١٦.
٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس

مامۆستای ئەکادیمی زمان و ئەدەبی کوردی، شاعیر و نووسەر و توێژەر، دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس...

ناوی تەواوی(عەبدولواحید ئیدریس شەریف)ە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی(دوستەپە- دوزتەپە)ی سەر بە ناوچەی(شەمامک)ی پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک بووە، خویندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ پەیمانگای پزیشکی(معهد الطب)ی لە هەولێر تەواوکردووە و ماوەیەکی کورت وەکو کارمەندی تەندروستی لە قەزای (شەرگات – الشرقاط) و دوزخورماتوو دەست بەکار بووە، دواتر لە هەمان ساڵدا ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە لە شاری کۆیە دەژیت.

لە ساڵی ٢٠٠٤ بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە و ناونیشانی نامەی ماستەرەکەی (سروودی نیشتمانی و بەرەنگاری لە کوردستانی باشوور ١٩٣٩-١٩٩١) بووە، وەکو مامۆستا لە





لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووسی گەورەی کورد کاکەمەم بۆتانی، دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس

لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدوڵڵای حەسەن زادە ، دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس






لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی مۆسیقاژەنی دیاری کورد وریا ئەحمەد، نووسەر دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس


لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس، هونەرمەندی نەمر حەمە جەزا

زانکۆی کۆیە دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠١٧ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی نوێی کوردی لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە و نامەی دکتۆراکەشی لە ژێر ناوی(بنیاتی هونەری و بیری ڕەخنەیی لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی خالید دلێردا) ە، تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن لە زانکۆی کۆیە.

دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس هەر لە لاوێتیدا خولیاو عەشقی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شاعیرە نوێخوازەکانی کوردی و هەندێ لە شاکارە وەرگێڕدراوەکانی عەرەبی و جیهانی دەست پێ کردووە، پاشخانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی پوختەو باشی پەیدا کردووە، دواتر گڕوگاڵی نووسینی شیعر و پەخشان




و وتاری هەمەجۆر کردووە، تا لە ٢١ ی ئاداری ساڵی ١٩٨٤ یەکەم نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی کە پەخشانێک بووە بە ناونیشانی (نەورۆز) لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و لێکۆڵینەو و توێژینەوەی ئەدەبی و هونەری و فیکری و بابەتی هەمەجۆری دیکە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ناوازەی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و پاراو بە تام و چێژی ناوچەی شەمامک و دەشتی هەولێر نووسیوەو هەمووشی لە چاپداون و بڵاویشیکردوونەتەوە کە ئەمانەن:




- وەرزە بێوازەکان، هۆنراوە و پەخشان، ساڵی ٢٠٠٨.
- هۆنراوەکانی هونەرمەند و پێشمەرگە(حەمە جەزا)، کۆکردنەوە و ئامادەکردن.
- سروود و گۆرانیی نیشتمانی و بەرەنگاری، توێژینەوە، ساڵی ٢٠١١.



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد عەبدوڵڵا عوسمان مەخمووری، هونەرمەند حەمە جەزا، دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس، حاجی مەکی(عەلییە فەندی)، بەڕێز سروود قادر**

- چریکە و سۆزی حەمە جەزا، گۆرانی و مەقام و سرووودەکانی، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ساڵی ٢٠١١.
- ئارامترین پەناگای ڕۆح، هۆنراوە، ٢٠١٨.
- حەمە جەزا جیهانێک لە هونەر، هەڵبەست، هۆنراوە، بەرەنگاری، کۆمەڵێک وتاری نووسەر خۆی، ساڵی ٢٠١٨.
- خالید دلێر باوەڕێکی نەگۆڕ، ئەدەب، هونەر، سیاسەت، ساڵی ٢٠٢٠.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولکەریم شێخانی، دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس، نە ناسراوە**



**لەلای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس بە جلی پێشمەرگایەتی، شەهید سەردار سەعید سۆفی**




**دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس**




بەرهەمەکانی دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس


- هەناسە لە ناو ئاگر، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٢٠.
- وێسەران، شەهید کاوەی حەمەتاتە، ئامادەکردن. ساڵی ٢٠٢١.

دکتۆرعەبدولواحید ئیدریس وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە بەردەوامە لە خزمەتکردن، هەروەها لە نووسینی شیعر و پەخشان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبی و لە ماڵپەڕی زانکۆی کۆیە و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاویان دەکاتەوە، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدوڵڵا سەڕاج

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، ڕۆژنامەنووس و شێوەکار عەبدوڵڵا سەڕاج

نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، ئەو بە ڕەچەڵەک لە بنەماڵەی بابانەکانە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کەرکووک تەواوکردووە، چۆتە خولێکی پەروەردە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە دەوروبەری کەرکووک و دواتر گواستراوەتەوە ناو شاری کەرکووک، پاش(٣٠)ساڵ خزمەتکردن لە بواری پەروەردە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خۆبەخشانە خۆی خانەنشین کردووە و بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی لە گەڕەکی ڕەحیماوە دوکانێکی داناوە، پاش ساڵی ١٩٨٥ لەژێر فشاری دام و دەزگاکانی ئەوسای ڕژێمی بەعس بە ناچاری چۆتە شاری هەولێر و لەوێ نیشتەجێبووینە.

عەبدوڵڵا سەڕاج لە ساڵی ١٩٩٧ ڕووی لە وڵاتی فنلەندا کردووە وەکو پەنابەر لەوێ ژیاوە و تاوەکو ساڵی ٢٠١٦ چۆتە وڵاتی سوید، لە ساڵی ٢٠٢٠ هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە و ئەویش چاوەکانی(نا بینا) بووە.

نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بە زمانی عەرەبی



**لە ناوەڕاست هونەرمەندی گەورەی کورد نەمر عەلی مەردان لە لای ڕاست لە تەنیشتی نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج**

خوێندووە، بەڵام ئەو حەز و خولیا و بایەخی بە زمان و ئەدەبی کوردی داوە، لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ یەکەمین جار پارچە شیعرێکی(فیکتۆر هیگۆ)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری(پەیام) بڵاوی کردۆتەوە، دواتر ڕووی لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان کردووە و (٦) کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە (٤)یان لە بەغدا چاپکراون و یەکێکیان لە هەولێر و ئەوی دیکەیان لە پاریس، (١١) ڕۆمانیشی نووسیوە، یەکەمین ڕۆمانی(هەڵکشان بەرەو لوتکە) و دوا ڕۆمانیشی(سلیکوک کۆکلێر عاجباتی هەشتەم) بووە، ئەمانەی خوارەوە بەشێک لە بەرهەمەکانییەتی:

- هەڵکشان بەرەو لوتکە، ڕۆمان.
- کاوڵاش، ڕۆمان.
- پەیڤستان، کۆ وتار.
- چۆن بوومە تیترواسک، ڕۆمان.
- سۆناتای ڕوح، ڕۆمان.
- کۆچڕەو کۆچڕەو، ڕۆمان.
- ئەژدەر، ڕۆمان.

- پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکانی ڕەوان، ڕۆمان.
- ناوی لەم تێکستە بنێ.
- ڕەنگستان ئەفسانە یان ئەفسانەی ڕەنگستان.
- سلیکۆک هۆکلێر عاجباتی هەشتەم،
- هەموو کۆمەڵە چیرۆکەکانی لە کۆبەرهەمێک بە ناوی( لاکێشە ڕووناکەکان المستطیلات المضیئة) لە چاپداوە.
- ٨ دەقی شانۆگەری، کۆمەڵێک تێکستی دراما، هەولێر ٢٠١١.
- مۆنۆدرامای(هل نحن مجانین- ئایا ئێمە شێتین)، ئەم مۆنۆدرامایە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لە سووریا نمایشکراوە.

یەک کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و هەندێ لە ڕۆمانەکانیشی بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی.


چیرۆکنووس و نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرەڕای نووسینی چیرۆک و ڕۆمان، ئەو وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار چەندین تابلۆی ڕەنگینی نەخشکردووە و بەشداریی چەندین پیشانگای شێوەکاری کردووە و



**لە لای ڕاستەوە: هاوسەری عەبدوڵڵا سەڕاج، خاتوو شیلان کچی نووسەر، دکتۆر کارا کوڕی نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج، نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج، ئەندازیار موحسین، ئەندازیار خاتوو ڕێزان کچە گەورەی نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج،**



٣ - له لای ڕاستەوە: ئەندازیار خاتوو ڕێزان کچی عەبدوڵڵا سەڕاج، هاوسەری عەبدوڵڵا سەڕاج، نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج، لە پێشەوە منداڵەکان لە لای ڕاستەوە: سایە، گارا، منداڵی ئەندازیار بەڕێز موحسین و ئەندازیار خاتوو ڕێزان کچی عەبدوڵڵا سەڕاج



نووسەر عەبدوڵڵا سەڕاج
بە جلی پێشمەرگایەتی

چەندین چالاکیی دیکەشی نواندووە کە ئەمانەن:

- عەبدوڵڵا سەڕاج لە ٢٠-٢٥ ئابی ساڵی ١٩٧٨ لە(دیداری یەکەمی چیرۆکی عێراقی- الملتقى الاول للقصة العراقية) بە چیرۆکی(هەشت و نیوی بەیانیان و هەشت و نیوی ئێواران) بەشداری کردووە، جێی ڕەزامەندی لیژنەی هەڵسەنگاندنی تێکستەکان بوو، بەندە ئەو کات لەگەڵ ڕەوانشاد

دکتۆر عەبدوڵڵا سەرپەرشتی ئەو دیدارەمان لە(سەری ڕەش) مەسیف سەلاحەدین بۆ ماوەی چوار ڕۆژ کرد، هەر کاتی خۆشی چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسی عێراقی(محمد خضير) وتارێکی لەسەر ئەو دیدارە نووسیبوو، بە سەرکەوتووترین(دیداری چیرۆکی- ملتقى قصة العراق)ی دانابوو، هەموو تێکستەکان و موداخەلەکانی ئەو دیدارە لە نامیلکەیەکدا لە(دار الرشيد)چاپکراوە.

- لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆ ماوەی(١٠)ساڵ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە.
- ئەو بەرپرسیاری یەکەمی سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەی(المؤتمر) بووە، کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە مەسیف سەڵاحەدین دەریاندەکرد.




بەرهەمەکانی نووسەر

- لەگەڵ ئەدیب و ڕۆشنبیرانی عەرەب و تورک لە کەرکووک بەشداریی دەیان کۆڕو کۆبوونەوەی چیرۆک خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کردووە.

ئەو ئێستا لە وڵاتی سوید دەژیت سەرەڕای نابینایی چاوەکانی، بەڵام هەر لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی چالاکە و(کچە گەورەکەی) هاریکاریی دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی چیرۆکنووس عەبدوڵلا سەڕاج کە بەڕێز کاک سان موحسین بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# فوئاد سەڕاج

نووسەر و چیرۆکنووس، و شانۆنووس و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر فوئاد سەڕاج

ناوی تەواوی(فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج)ە، لە ١٧-١٢-١٩٥٠، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مهاباد ساڵی ١٩٤٦، و ڕۆژی(بەفرە زۆرەکەی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٥٠)، لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (بێکەس)ی سەرەتایی تەواوکردووە و ناوەندیشی لە ناوەندیی سەلاحەدین تەواوکردووە.

نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد سەڕاج هەر لە لاوێتێدا سەوداو عیشقی خوێندنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، ئەو هەر زوو تێکەڵ بە کۆڕوکۆبوونەوەی ئەدیب و نووسەران بووە، بۆیە لە نیوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی نووسینی کردووە، ئەو لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە دەستپێکی نووسینەکانی بە چیرۆک و پەخشان و شانۆنامە دەستپێکردووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و ئاست بەرزی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، ئەو خەمی خۆی و خاک و گەل و نیشتمانەکەی بووە، هەموو ئەوانەش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و هەمووشی بە زمانێکی کوردی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە لە



**له لای ڕاستەوە: نووسەر فوئاد سەڕاج، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو**

چاپیداون و بڵاویشیکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- گوڵی هیوا، کۆمەڵە پەخشان، ساڵی ١٩٧٣.
- چەکەرە، بەهاوبەشی لەگەڵ دوو نووسەری دیکە، ساڵی ١٩٧٣.
- ئاوس، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٧٨.
- دەرزی ئاژنی خەمەکان، بە هاوبەشی لەگەڵ سێ نووسەری دیکە، ساڵی ١٩٨٧.
- لەیلا قاسم ، ژانی چەند پەڵە خوێنێ، شانۆنامە، ساڵی ١٩٧٤.
- کەڵەشیر، دراما، ساڵی ٢٠٠٥.
- پیرەمێرد و هۆشیاریی نەتەوەیی، لێکۆڵینەوە، ساڵی ٢٠٠٥.
- کوردایەتی بیری زیندووە، ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٠٦.
- دیوانی شێخ ئەنوەر، ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٠٨.
- ژیلەمۆی ئەوین، دراما، ساڵی ٢٠٠٧.
- ئەدەبیاتی بەرەنگاری لە شەڕی خۆکوژیدا، ساڵی ٢٠١٨.
- سندوقە بۆڕاقەکەی دایکم، ساڵی ٢٠٢١.

- هەڵەبجەکەم لە یاد ناچێت، لە ١٦-٣-٢٠٢٢.

نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد سەڕاج وەکو ڕۆژنامەنووسیش لە ساڵی ١٩٧٢ بە هاوکاریی دوو نووسەری دیکە گۆڤاری(دەنگی دەروون)یان دەرکردووە.

- لە ساڵی ١٩٧٦-١٩٨٠ بەهاوکاریی مەڵبەندی لاوان(٩) ژمارەی لە گۆڤاری(تریفە) بڵاوکردۆتەوە.

ئەو کۆمەڵێک شانۆ و زنجیرە درامای نووسیوە کە هەندێکیان بە شێوەی شانۆگەری نمایشکراون و هەندێکیشیان کراونەتە زنجیرە دراما و فیلمی سینەمایی، بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- مەشخەڵی نەورۆز، لە دەرهێنانی فوئاد سەڕاج، ساڵی ١٩٧٠ لەسەر شانۆی ئازاد لە گەڕەکی شۆڕش نمایشکراوە.

- باوی عەبا نەماوە، تیپی شانۆی زانکۆی سلێمانی بەسەرپەرشتیی دکتۆر کەمال فوئاد و دەرهێنانی هونەرمەند سمکۆ عەزیز بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ نمایشکراوە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد سەڕاج**

- داماوەکان، ساڵی ١٩٧٥، بەسەرپەرشتیی مەڵبەندی لاوان، مامۆستا کەمال سابیر بووە.
- شانۆنامەی یەک، لە دەرهێنانی هونەرمەند بەیاد عەبدولقادر، ساڵی ١٩٧١.
- من مرۆڤم، لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ لە لایەن تیپی شانۆی ئەزمر نمایشکراوە و لە دەرهێنانی هونەرمەند ئاسۆ نوری سەلیم بووە.
- یادێ لە بیابانی وشکا، تیپی ڕۆژ نمایشیکردووە و لە دەرهێنانی هونەرمەند عیزەدین قادر بووە، ساڵی ١٩٩٤.
- ژیلەمۆی زامێکی گەش، لە دەرهێنانی هونەرمەند ئاوات عوسمان، لە تەلەفزیۆنی ئازادی پەخشکراوە.
- عاشقێکی سەرشێت، تیپی سینەمایی و لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند کاوە جوتیار بووە ساڵی ٢٠١٢.
- هەر هەموومان ئەکتەرین، کراوەتە فیلمی سینەمایی لە دەرهێنانی هونەرمەند عەبدولکەریم حەمە غەریب، ساڵی ٢٠٠٥.



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا کەریم، مامۆستا تایەر، شاعیری گەورەی کورد عەلی کەمال باپیر ئاغا، نووسەر فوئاد سەڕاج، مامۆستا جەلال**



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز تاها عەزیز، چیرۆکنووس ع.ح.ب، نووسەر فوئاد سەڕاج



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا کەریم زەند، نووسەر فوئاد سەڕاج



کۆڕێکی شاعیر هێمن موکریانی لە یانەی مامۆستایانی سلێمانی ساڵی ١٩٧٦

- ژیلەمۆی ئەوین، لە لایەن بزاڤی ڕۆشنبیری کراوەتە فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی لە دەرهێنانی هونەرمەندان نەوزاد مەجید و عەباس ژاژڵەیی.

بەرهەمەکانی نووسەر فوئاد سەڕاج وەکو سەرچاوە لەلایەن زیاتر لە(١٠٠) نووسەر و لێکۆڵەوەر سوودیان لێوەرگیراوە و ئاماژەشیان پێکردوە.

ئەو لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی خۆی جگە لە بەرهەمەکانی، ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- لە کۆنگرەی ڕاپەڕین ساڵی ١٩٩١ بۆتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد.
- لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٤ سکرتێری ڕۆشنبیری بووە لە لقی سلێمانیی نووسەرانی کورد.



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر عەلی ئەمین، مامۆستا ئەحمەد ڕەزا، شاعیر شێرکۆ بێکەس، نووسەر فوئاد سەڕاج، چیرۆکنووسی گەورەی کورد حوسێن عارف**



**شانۆگەری داماوەکان، ئەکتەر نەوزاد غەفور**



**نووسەر فوئاد سەڕاج لە کاتی بەڕێوەبردنی میهرەجانی شیعری کوردی ساڵی ١٩٧٩**

- لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٨٢ خۆبەخشانە سکرتیری ڕۆشنبیری بووە لە مەڵبەندی لاوان.
- لە سەرەتای دروستبوونی بزاڤی ڕۆشنبیری لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ساڵی




**بەرهەمەکانی نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد سەڕاج.**

٢٠٠٧ جێگری سکرتێری ڕۆشنبیری بووە.

- دەیان چاوپێکەوتن و دیمانەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ کراوە و دەکرێت.
- لە کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد ساڵی ٢٠١٠ەوە، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانییە تاوەکو ئێستا.

نووسەر و چیرۆکنووس و شانۆنووس فوئاد سەڕاج، وەکو وەفایەک بۆ خزمەتکردنی ئەدەب و زمانی کوردی، هەر بە کاسبیی خۆی هەموو بەرهەمەکانی خۆی لەسەر ئەرکی خۆی و بەرهەمی هەندێ لە شاعیر و هونەرمەندانیشی هەر لەسەر ئەرکی خۆی چاپکردووە لەوانە( دوو دیوانی شیعری بۆ شاعیری ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت، سێ کتێب بۆ شەهید دڵشاد مەریوانی و دوو کتێبیش بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار و کتێبی مرۆڤ و جیهانبینی نووسەری گەورەی کورد مەسعود محەمەد کە لە ئامادەکردنی نووسەر هەڵۆ بەرزنجییە، دوو بەرهەمی نووسەر و شاعیر سەلام مستەفا)ش، یارمەتی چەندان شاعیر و نووسەرانی دیکە داوە بۆ لە چاپدانی بەرهەمەکانیان.


نووسەر فوئاد سەڕاج هێشتا زۆر چالاکە و ڕۆژانە، ئێوارەکان لە بارەگای نووسەرانی سلێمانی ئامادە دەبێت، بەشداریی بەشی زۆری کۆڕو

کۆبوونەوە و سیمیناره ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان دەکات و بەردەوامیشە لە نووسینە جوان و بە تام و چێژەکانی، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و ووشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر فوئاد سەڕاج کە لەسەر داخوازیی من لە ڕێگای شاعیر و نووسەر خاتوو کەژال ئەحمەد بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەزیزی مەلای ڕەش

مامۆستا و شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس عەزیزی مەلای ڕەش

ناوی تەواوی(عەزیز مەلا ئەحمەد ڕەحیم)ە، باوکی مەلا بووە لە ناوچەی کەندێناوە و قەراج و مرکییە و شەمامک بە مەلای ڕەش بەناوبانگ بووە، لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی(چەغەمیرە)ی سەر بە ناحیەی کەندێناوەی پارێزگای هەولێر لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە لە حوجرەی باوکی خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٥٩ بە بڕیارێکی عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی ئەو کاتی عێراق مەلاکان دەورەیەکی پەروەردەییان بۆ کراوەتەوە و بوونەتە مامۆستای سەرەتایی، ئەویش یەکێک بووە لەوانەی چۆتە ئەو دەورەیە و بۆتە مامۆستا، نزیکەی(٤٤) ساڵ خزمەتی کردووە لە بواری پەروەردە، وەکو مامۆستا لە گوند و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری هەولێر و دواجار هاتۆتەوە ناو شاری هەولێر، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر دادەنیشێت.

مامۆستا عەزیزی مەلا ڕەش هەر لا تافی لاوێتیدا حەزی لە زمان و ئەدەب و نووسین بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ یەکەم بەرهەمی خۆی کە کۆمەڵە شیعرێکی منداڵان بووە بە ناوی(پشیلۆکە) بڵاوکردۆتەوە، چەند



له لای ڕاستەوە: د. موحسین محەمەد حوسێن، نە ناسراوە، نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش

چیرۆکێکیشی هەر بۆ منداڵان نووسیوە، پاشان دەستی بە ڕۆماننووسین کردووە و لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە، تا ئێستا زیاتر لە(٢٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان و ڕۆمان و هەندێ بابەتی فۆلکلۆری و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەمەجۆر.

عەزیزی مەلای ڕەش لە نووسینەکانیدا شێواز و ستایلێکی تایبەتی هەیە، ئەو بە زمانێکی کوردی خۆماڵیی بەتام و چێژ و نەکهەی ناوچەی کەندێناوە و دەشتی هەولێر دەنووسێت و وشە و زاراوەی کرمانجێتی زۆر بەکار هێناوە و بەکار دێنێت، هەموو بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازار و دەردەسەری و دەربەدەری و نەهامەتیی ناوچەکەی و هەموو کوردستانە، ڕۆمانەکانی زۆر سەرنجڕاکێشن ، خوێنەر پەلکێش دەکات









کە دەستی پێکرد هەتا هەمووی تەواو نەکات وازی لێناهێنێت.

عەزیزی مەلای ڕەش کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی لە شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان و ڕۆمان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- پل، ڕۆمان، ٢٠١٧.
- چەواشە، ڕۆمان.
- خورجەیەک لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر و چەند واریقات و بابەتی دیکە، ساڵی ٢٠١٢.
- مێریێ دەرسیم، ڕۆمان، ٢٠١٣.
- مەلای ڕەش، ژیاننامە و بەسەرهاتی باوکی، ٢٠١٠.
- کوێخا سێوێ، ڕۆمان. ١٩٨٦.
- خاک و چەوسانەوە، ١٩٩٨.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش، مامۆستا محەمەد فاتحی نووسەر



نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش لە قاوەخانەی مەچکۆ

- فەرهەنگی ڕەش.
- غەوارە، ڕۆمان، ١٩٩١.
- حزبی کەران، ١٩٩٤.
- خاک و کێشەمان، ١٩٩٩.
- خاک و هەڵدێر، ڕۆمان، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم.
- بۆرە گورگ و بزن و تۆبەی گورگ مەرگە، چیرۆک بۆ منداڵان.
- گورز گورزانێ، ٢٠٠٨.
- پشیلۆکە، شیعر بۆ منداڵان، ١٩٧٩.
- قولە میتەر، ١٩٨٠.
- کرمانج، وتارە چیرۆک، ١٩٩٨.
- کۆڵنەدان، ٢٠٠٣.
- لێقەوماوان، ٢٠٠٥.
- خۆری پێغەمبەرانی، ٢٠١٦.





**له لای ڕاستەوە: عەشیرەتی سیان، نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش**

- نەفرەت له مین، ٢٠١٧.

مامۆستا محەمەد سەلیم پارچە شیعرێکی نووسەر عەزیزی مەلای ڕەشی کە بە ناونیشانی(قوتابیم) کردۆتە سروود بۆ قوتابیانی پۆلی سێی سەرەتایی.

لە چوارچیوەی چالاکییەکانی ئەکادیمیای کوردی لە کۆڕێکی دکتۆر محەمەد عەوێزی بۆ دابەشکردنی خەڵاتی(مەدالیای قەڵات) کە بڕیارە ساڵانە بە سپۆنسەری دکتۆر محەمەد عەوێزی خۆی دابەش بکرێت، نۆبەرەی ئەو




**بەرهەمەکانی نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش**

خەڵاتە درا بە ڕۆماننووس عەزیزی مەلای ڕەش لە ١٧-٤-٢٠١٩، هەر لە هەمان کاتدا ڕۆمانی خاک و هەڵدێری، ئەو نووسەرە نمایشکرا.

مامۆستا و شاعیر و ڕۆماننووس عەزیزی مەلای ڕەش تۆزێ بە تەمەندا چووە، هیوای تەندروستیی باشی بۆ دەخوازین و هەر ساغ و سەلامەت بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.


سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- لاپەڕەی فەیسبووکی هەولێر USb لە ١٧-٤-٢٠١٩.

٣- هەندێ زانیاری دەربارەی نووسەر عەزیزی مەلای ڕەش، هاورێی دێرینم نووسەر و ڕۆماننووس بەهرام محەمەد تاهیر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو

لە زانکۆی بەغداوە بۆ توژەڵەو ناوزەنگ، شاعیری شیعری بەرەنگاری(مقاومة)، وەرگێڕ و ڕووناکبیر و پێشمەرگەی کوردستان ڕەوانشاد دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو...

ناوی تەواوی(ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن حەمەد)ە، بە ئەبوبەکر خۆشناو ناسراوە، لە ١٩-١١- ١٩٥٦ لە دامێنی چیای سەفینی سەرکەش، لانە و بنکەی پێشمەرگە سەرەتایەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیمان (شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١) لە گوندی (خۆران)ی سەر بە قەزای شەقڵاوەی ڕەنگین لە بنەماڵەیەکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو چۆتە بەشی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، بە هۆی چالاکە سیاسییەکانی و باری سیاسی ئەو کات تەنیا دوو ساڵ بەردەوام بووە لە خوێندن، ئەو زۆر حەزی لە خوێندن بووە، بەڵام ئازادی و ڕزگاربوونی میللەتەکەی خستۆتە پێش خوێندنەکەی بۆیە ڕووی لە شاخ کردووەو بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ناوچەی توژەلە و ناوزەنگ لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی نوێی شۆڕشی گەلەکەمان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەست بەکار بووە،



**پۆلێك قوتابی لەگەڵ ئەبوبەكر خۆشناو**

ئەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی نووسەرانی كورد لە شاخ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پیرۆ) بووە.

لە ڕۆژی ١٨-١١-١٩٨٠ لە دەوروبەری گوندی(جەلكان) نزیک سەنگەسەر شاعیر و نووسەر جەمیل ڕەنجبەر و پۆلێک پێشمەرگە شەهید بوون، شاعیر و نووسەر ئەبوبەكر خۆشناویش بە سەختی بریندار بووە.

پاش ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ وەكو پێشمەرگە و شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لە چالاكییە سیاسییەكانی بەردەوام بووە، بەشی ڕاگەیاندنی لە كۆلێژی ئادابی سلێمانی تەواو كردووە، لە ساڵی ٢٠٠١ ماستەری لە زمان و ئەدەبی كوردی لە زانكۆی سلێمانی وەرگرتووە، نامەی ماستەرەكەی بە ناویشانی(شیعری بەرەنگاریی كوردی لە ١٩٧٥-١٩٩١) بووە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی دكتۆراشی هەر لە هەمان زانكۆ بەدەستهێناوە و نامەی دكتۆراكەشی بە ناو نیشانی(لێكچوون و جیاوازییەكانی نوێكردنەوە لای گۆران و نیمایوشیج) بووە، ماوەیەک وەكو مامۆستا لە زانكۆی سلێمانی خزمەتی كردووە، جموجۆڵی و كارە ڕێكخراوەیی و سیاسییەكانی بۆ پسپۆڕانی سیاسی لێدەگەڕێم.

پاش نسكۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئەبوبەكر خۆشناو قوتابی

بووە لە ئامادەیی کوردستان، وەکو قوتابییەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بەشدار بووە لە چالاکییە نهێنییەکانی ئەو کات، لە ساڵی ١٩٧٧ ڕژێمی بەعس بڕیاری داوە کتێبەکانی خوێندنی ئامادەیی بکاتەوە زمانی عەرەبی و قوتابیان ناچار بکات وانەکانیان  بە عەرەبی بخوێنین، ئەبوبەکر خۆشناو و چەند قوتابییەک زۆر ئازایانە بەرەنگاری ئەو بڕیارە بوونەتەوە و ناڕەزاییان دەربڕیوە و ڕەتیانکردۆتەوە ئەو بڕیارە جێبەجێبکەن، دواتر خوێندن و کتێبەکان هەر بە کوردی ماونەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٦ یەکەم دیوانە شیعری خۆی بڵاوکردۆتەوە کە بە



پۆلێك قوتابی و ئەبوبەکر خۆشناو و دکتۆر کەمال مەزهەر

ناوی(کۆلۆمبس کیشوەرێکی تر دەدۆزێتەوە) کە لە کاتی خۆی دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو، شیعرە ئاگرینییەکانی بە ڕەمزی باسی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و باسی دۆزینەوەی وڵاتی خۆی دەکات کە تێیدا دەڵێت:

دڵم کیشوەری ئاسیایە

چاوەکانت وەکو، هەڵۆن

بەسەر تیرەی ژان و لێوار

زامەکانما دێن و دەڕۆن...

دۆزیانەوە....


ئەم کیشوەرەش....

وڵاتێکی تری تێدایە...

ئەم شیعرەی لە کۆڕوکۆبوونەوە تایبەتییەکانی قوتابیان خوێندۆتەوە، بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕوح و هەستی کوردایەتی لە ناو قوتابییە هاوپۆلەکانی، ئەو کات ئەو بە ڕاستی شۆڕشگێڕێکی گەورەی ناو شار بووە.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو، بەڕێز خەیروڵڵا عەبدوڵڵا، بەڕێز نیاز محەممەد سلێمانی ساڵی ١٩٩٩**



دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو بە جلی پێشمەرگایەتی



دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو لە لای دیواری کۆنی سین(سور الصين القديم)

ئەبوبەکر خۆشناو لە ساڵی ١٩٧٨ نامیلکەیەکی بە ناوی(جیڤارای شۆڕشگێڕ)بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٧ دوو دیوانە شیعری دیکەی لە چاپداوە بە ناوکانی(تووڕەی شاخەکان و سروودی بەرەنگاری)، لە ساڵی ١٩٩١ لە شەقڵاوە لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە گۆڤارێکیان بە ناوی(مەم) دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ جێگری سەرۆکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بووە، ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی(ئاڵای ئازادی)بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ سەرنووسەری گۆڤاری (ڕێبازی نوێ) بووە کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و سیاسی بووە و خاوەنی ئیمتیازی دکتۆر ئەرسەلان بایز بووە، هەر لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تا کۆچی دوایی زیاتر لە (٤٠) کتێبی لە بوارەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مێژوو و ڕۆمانی بابەتی هەمەجۆری دیکە کە بەشی زۆریان لە شاکارە جیهانییەکانن و لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی بە زمانێکی کوردی سادەو ساکار و ڕەوان وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی چاپ کردوون، کە ئەمانەن:



شاعیر ئەبوبەکر خۆشناو لە کاتی شیعر خوێندنەوە

- کۆلۆمبس کیشوەرێکی تر دەدۆزێتەوە، شیعر، ١٩٧٦.
- گیڤارای شۆڕشگێڕ، شیعر، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ١٩٧٨.
- تووڕەیی شاخەکان، شیعر، ١٩٨٦.
- سروودی بەرەنگاری، شیعر، ١٩٨٧.
- خەناوکەیەک بۆ سەر مینازی من، وەرگێڕان ١٩٩٨.
- کۆماری مەهاباد، مێژوو، وەرگێڕان ١٩٩٨.
- سەبری ئاگرین، ڕۆمان، وەرگێڕان، ١٩٩٨.
- بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە، ڕۆمان، وەرگێڕان ١٩٩٨.
- ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ١٩٩٨.
- کوردو کوردستان، ١٩٩٩.
- کیمیاگەر، ١٩٩٩.
- ئازادی، دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی، ١٩٩٩.
- شۆڕشی ئاگری داغ ٢٠٠٠.
- ڕۆڵی ڕووناکبیر، بەشی یەکەم و دووەم ٢٠٠٠ و ٢٠٠١.

- پارتیزانەکانی لیڤانتیا، ٢٠٠١.
- قوربانی، ٢٠٠٢.
- دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ٢٠٠٢.
- مێژووی ڕێنێسانس، مێژوو ٢٠٠٢.
- ململانی و گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی ٢٠٠٢.
- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕان، مێژوو، بەرگی یەکەم و دووەم ٢٠٠٢ و ٢٠٠٥.

چەندین کتێبی دیکەش.

نووسەران و ڕۆشنبیران و هەتا سیاسەتمەدارانیش زۆر قسەیان لەسەر ڕاستی و پاکی و قارەمانێتی دکتۆر ئەبوبەکر خۆشنا کردووە و با بزانین هەندێکییان چی دەڵێن:

شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر دەڵێت:(دوای ڕاپەڕین ئەبوبەکر خۆشناو داوای لێکردم لە ڕۆژنامەی(ئاڵای ئازدی)کاری لەگەڵدا بکەم، کە خۆی سەرنووسەری




**بەرهەمەکانی نووسەر د. ئەبوبەکر خۆشناو**






بەرهەمەکانی نووسەر د. ئەبوبەکر خۆشناو

بوو، ماوەیەکی زۆر کارمان بەیەکەوە کرد، ئەو ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا و خاوەن ئەزموون بوو، جگە لەشیعر و نووسین کاری وەرگێڕانیشی دەکرد، زۆر لە شاکارە جیهانییەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەو نەخۆش بوو، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە وەرگێڕانی ڕۆمانی(گوڵەکانی هێروشیما) لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، خۆشی لە پێشەکییەکەی باشی نەخۆشی خۆی دەکات).

شەمال عەبدوڵڵا نووسەر و ڕۆشنبیریش سەبارەت بە دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو دەڵێت:( هاوڕێیەتی من و خۆشناو بۆ ناوەڕاستی ساڵی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، ئەوکاتە بەتایبەتی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، کۆمەڵێک گەنج بە گڕوتینێکی زۆرەوە هیوایان دەخواست هەرچی زووە دەست بە شۆڕش و خەبات بکرێتەوە و گەلی کورد لەو بارودۆخە ناهەموارە دەربازی ببێت، لە ساڵی ١٩٧٦ لە ئامادەیی کوردستان بووین شیعری (کۆلۆمبس کیشوەرێکی تر دەدۆزێتەوە)ی خوێندەوە، ئەو شیعرە لەوکاتەدا بووە هۆی بەرزکردنەوەی هەست و ورەی خوێندکاران، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەبوبەکر خۆشناو لە شاری هەولێر لە جووڵاندنی هەستی شۆڕشگێری و گەڕانەوەی ئومێد بۆ ئازادی و رزگاریی کوردستان بێ هاوتابوو).

نووسەر و ڕووناکبیر حەیدەر مەنتک بەم جۆرە باسی دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو دەکات:(سەرکردەو ڕووناکبیر و وەرگێڕ دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو ناوێکی دیار لە ناو توێژی ڕۆشنبیران و ئەدیبانە، ناوێکی ئاشنا لە ناو خوێندکارانی زانکۆ، کەسێکی سادە و نزیک بە خاک و نیشتمان و پێشمەرگە،

ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان لە زانکۆی بەغداوە بەرەو توژەلە و ناوزەنگ هەنگاوی ناوە، خۆشییەکانی ژیانی ناو شاری وەلا ناوەو ناو شاخی هەڵبژارد، ئەو دۆستی هەژار و زەحمەتکێش و لێقەوماوان بوو).

دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو کتێبخانەکەی خۆی بەخشیوە بە کتێبخانەی گشتیی هەولێر.

لە ڕۆژی ٢٥- هەندێک سەرچاوە دەڵێت: لە٢٧-٧ ٢٠١١ لە هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سروودی بەرەنگاری یەکێکە لە شیعرە بەرەنگارییەکانی(مقاومة)ی دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو وا بۆتان دەنووسمەوە:

**سروودی بەرەنگاری**

سەردەمێک بوو ڕەشەبایەک
هەڵیدەکرد
بەگوڕ دەهات و
شاباڵی لە چیاو بەندەکان دەدا
باڵی ڕەشی بەسەر دەشتەکان دادەدا
ڕەشەبا هات
درەختی پیری کەناری
لەگەڵ تەوژم ڕاپێچا
ئەی درەختە زەلامەکە
بۆ چیاو ڕووبارت بەجێ هێشت
بۆ هەڵاتی
بۆ لێ گەڕای
دەستگیرانە بریندارەکەت
بە دیل بگرن، بۆ هەڵاتی
ئێمەی جۆگا دەڕۆین دەڕۆین

تا بە ڕووباری خوێنی شەهیدانمان دەگەین
پێیان دەڵێین:
ڕەشەبایە و هاشەی زریان
گوندەکانمان دەتاسێنێ
دیسان هەمان ڕەشەبایە
ئەو ڕەشەبایەی ئەوێ ساڵ
درەختی پیری ڕاپێچا
دیسان هەمان ڕەشەبایە
بەڵام ئێمە خۆ بەفر نین
لە بەر هەتاو بتوێینەوە
تەم نین هەتا چێشتەنگاوان
بۆ سەر لوتکەکان هەڵکشێین
ڕووباریش نین سەر بەرەو خوار
ملمان نابێ و
پێمان نەکرێ بگەڕێینەوە سەرچاوەکان
دارە بەنین لەبەردەم ڕەشەبادا
گوللەین لە وەرامی ستەم
لوتکەین لە دژی زریان
پێشمەرگەشین بۆ وڵاتێ
کە کاروانی تێکۆشانی
لە ڕێگایە و
نەلورەی سەگ دەیوەستێنی
نە تیرۆڕی فاشستەکان
سەری بەرزی دادەنوێنێ

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- ماڵپەڕی ستاندەر، وتارێکی نووسەر مەریوان وریا قانع، لە ٢٧-٧-٢٠١٧.

٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وتارێک بە ناونیشانی(فیداکارێکی سەرڕاست)، لە ٦-٨-٢٠٢٢.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، وتارێکی دکتۆر جاسم خۆشناو، لە ٦-٨-٢٠٢٢.

٥- ناميلكەيەكی تايبەت بە چلەی دكتۆر ئەبوبەكر خۆشناو، بەسەرپەرشتيی نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەميد بەدرخان و نووسەر نەوزاد ڕەسوڵ، لە ٧-٩- ٢٠١١.

٦- ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، بەرنامەی(ئەفراندن)، ئەبوبەکر خۆشناو.

٧- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئەحمەدی مەلا

مامۆستای ئەکادیمی ئەدەبی بەراودکار(الادب المقارن)، شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس و لێکۆڵەر و وەرگێڕی ناسراوی کورد دکتۆر ئەحمەدی مەلا...

دکتۆر ئەحمەدی مەلا لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی(تۆمار)ی سەر بە ناوچەی شوان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەییشی لە شاری بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨١ ڕوو لە وڵاتی سویسرا دەکات و ماوەیەک لە شاری(جنێف) دەمێنێتەوە، هونەری دراما دەخوێنێت، پاشان بۆ خوێندن دەچێتە فەرەنسا ماستەر لە زانستەکانی زمان و لە ساڵی ١٩٩٩ دکتۆرا لە ئەدەبی بەراودکار(الادب المقارن) لە زانکۆی(فرانس کۆنت)ی فەرەنسی بەدەست دەهێنێت، ئێستاش مامۆستای مێژووی زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسییە لە زانکۆی(کاستییلا مانچا)ی ئیسپانی.

دکتۆر ئەحمەدی مەلا سەرەتای ژیانی ئەدەبیی و نووسینەکانی بە شیعر و هونەری شێوەکاری و شانۆ و دراما دەستپێکردووە و دواتر چۆتە ناو دنیای ڕۆماننووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان، یەکەمین بەرهەمی خۆی کە کۆمەڵە شیعری(زەردک) بووە لە ساڵی ١٩٨٨ بڵاوکردۆتەوە، لەم بوارانەدا


لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، د. ئەحمەدی مەلا

کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ناوازەی بە زمانێکی کوردیی جوان و ڕەوان و بە تام و چێژی ناوچەی شوان و بەکارهێنانی هەندێ وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی نووسیوە، بە تێکڕایی زیاتر لە(٣٠) کتێبن کە (٣)یان بە زمانی فەرەنسی و یەک کتێبیش بە زمانی ئیسپانییە، هەمووشی لە چاپداون و بڵاویشیکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- باران، شیعر، جنێف، ڤیڤان، ١٩٨٣.
- زەردک، شیعر، جنێف، ئاگرێ، ١٩٨٨.
- کتێبی شیعر، پاریس، ئاپکف، ١٩٩٦.
- ئاقیقی زڕو زستانێکی زۆر، شیعر، بزەنسۆن، ١٩٩٨.
- مانگ و هەڵپەڕین، شیعر، سیوداریال، ٢٠٠٠.
- ئاسمانمان لە شەققەی باڵ بێزار کرد، شیعر، دەزگای گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- خەونەکانی زلێخا: کتێبی هەنار، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- هەرمییەکانی فیرعەون، شیعر، نووسەرانی کەرکوک، ٢٠٠١.
- زاکیرەی با، ڕۆمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
- بلوژستان، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
- کەشتییەکان ناگەڕێنەوە، ڕۆمان.
- پەناهەندە، ڕۆمان، ڕەنج سلێمانی ٢٠٠٦.

ئەم بەرهەمانەی لە شیعر و شانۆ و ڕۆمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

- وەرزێک لە دۆژودرەوشانەوە، شیعری(ئارتور ڕامبۆ)، دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠١.
- گوڵی خراپە، شیعری(شارل بۆدلێر) دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠١.
- بەردی هەتاو، شیعری(ئۆکتاڤیو باس) دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠١.
- ئەکسیۆن ئیستی، شیعری(ئیلیتیس ئیستی) دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠٢.
- بورژوای نەجیبزادە، شانۆ لە نووسینی(مۆلییەر) دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠١١.
- وانە و ژنە گۆرانیبێژە کەچەڵەکە، شانۆ لە نووسینی(ئیۆنیسکۆ).
- سەمەرقەند، ڕۆمان لە نووسینی نووسەر(ئەمین مەعلووف)، دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠٢.







**بەرهەمەکانی نووسەر د. ئەحمەدی مەلا**

- خاتوون T، ڕۆمان لە نووسینی نووسەر(میلان کۆندێرا)، دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠٣.
- باوکە گۆریۆ، لە نووسینی نووسەر(بەلزاک).
- ڕووبار، ڕۆمان لە نووسینی نووسەر(فەواز حوسێن).
- مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت دا، وێنەی مەعشووق و سەرچاوەکانی عەشق، لێکۆڵیەوە، تێزی دکتۆراکەیەتی، دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠٢.
- لە ڕینیسانسی فەرەنسییەوە بۆ شکستی کوردی، لە مەعریفەی تاکرەهەندەوە بۆ کرانەوە، لێکۆڵینەوە.
- بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەس و چەند بابەتێکی دیکە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای نما ، ٢٠١٢.

بەرهەمەکانی دکتۆر ئەحمەدی مەلا بە زمانی فەرەنسی:

- دیوانی مەحوی بە زمانی فەرەنسی، ئارمەتان، پاریس ٢٠٠١.De Cette Nuit naissent des Aubes, Harmattan, paris ٢٠٠١.
- زەردک، لە وەرگێڕانی ئیسماعیل دەروێش، ئارمەتان، پاریس، ١٩٩٣. Zardik pomemes traduits d kurde pqr Ismeil derwish, Harmattan, paris ١٩٩٣.
- زاکیرەی با، La memoire du Vent, uarmetan, parys ٢٠٢١.




**بەرهەمەکانی نووسەر د. ئەحمەدی مەلا**









- زاکیرەی با، بە زمانی ئیسپانی، دەزگای ئەمازۆن، ٢٠٢٢.

دکتۆر ئەحمەدی مەلا بە یەکێک لە ڕۆشبیر و ڕووناکبیرە ئەکادیمییەکانی کوردی ئەو سەردەمەمان هەژمار دەکرێت، ئەو شێواز و ستایلی و بیرکردنەوەی تایبەتیی هەیە سەبارەت بە باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لە کوردستان، زۆر جار بە ڕاشکاوی بیرو ڕای خۆی لە نووسینەکانیدا دەدەبڕێت، لە نووسینێکیدا بە ناونیشانی(نووسین و خوێندنەوە) کە لە گۆڤاری (چاودێر) دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:(لە کاتێکدا تێکستە گەورەکانی دونیا زادەی مەعریفەن نەک ئیلهام، کە چی نووسەری ئێمە کەم دەخوێنێتەوە و زۆر دەنووسێت!!، نووسینی دوای ئەو هەموو نەخوێندنەوەیە ڕۆشنبیریی کوردی و بە تایبەتیش ئەدەبیات بەرەو سادەگۆیی و هیچ نەوتن نابات؟.. گەورە نووسەرانی کورد لە مزگەوت و حوجرەکاندا زمانیان پژاوە و دەبێ ئەو ڕاستییە تاڵەش بزانین کە مەعریفەی حوجرە پاشماوەی مەعریفەی چاخەکانی ناوەندە....هەروەها دەڵێت: خوێندن و نووسین دوو دەستە خوشکی یەکگرتوون و تێکڕا چەپکێک لە بواری دیداکتیک واتە لە بواری فێربوون و پێداگۆژی دا وەکو چالاکییەکی گرنگ دەناسرێنەوە).

دکتۆر ئەحمەدی مەلا زۆر چالاکانە بەشداریی لە کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەکات.

لە ٢٣-٢٤- ١٠-٢٠٢١ماڵی وەفایی و گروپی هاوڕێیانی خوێنەر لە هەولێر دوو کۆڕیان لە ژێر ناونیشانی(شاعیرانی حوجرە کێن) بۆ ئەحمەدی

مـەلا سـاز کـردووە، سیمیناریکیشـی لـە دەزگای غەزەلنـووس ئەنجـام داوە.

دکتـۆر ئەحمـەدی مـەلا خـودی خـۆی و بەرهەمەکانـی کەرەسـتەیەکی پوختـن بـۆ دیراسـە و لێکۆڵینـەوە لـە لایـەن و قوتابیانـی کۆلێژەکانـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی و کۆلێژەکانـی دیکـەی زانکۆکانـی کوردسـتان.

دکتـۆر ئەحمـەدی مـەلا هـەر بـەردەوام و سـەرکەوتوو بیـت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کوردیمـان.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- Rudaw -، بەشی ئەدەب و کەلتوور، لە ١٤-٧-٢٠١٩.

٣- ماڵپـەڕی کەلتـوور مەگەزین، وتارێکـی شـاعیر سـەباح ڕەنجدەر، لـە ١-١-٢٠٢١.

٤- ماڵپـەڕی VOA، دیدارێکـی تایبـەت لەگـەڵ دکتـۆر ئەحمـەدی مـەلا، لـە ٨-١٠-٢٠١٩.

٥- ماڵپـەڕی ڕوانگـە و ڕەخنـە، وتارێکـی دکتـۆر ئەحمـەدی مـەلا لـە ٣-٧-٢٠٢٠.

٦- دەنگی ئەمەریکا، بەرنامەی دیداری ڕۆژ.

٧- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## حەمە ساڵح فەرهادی

مامۆستا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و توێژەر حەمە ساڵح فەرهادی

ناوی تەواوی(حەمە ساڵح مەلا سادق فەرهاد مەولود مەمان)ە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی(جدیدە لەک)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایک بووە، سەرەتا لای باوکی قورئانی پیرۆزی خوێندووە و(ختم)ی کردووە، لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ تەمەنی(٩) ساڵان بووە چۆتە بەر خوێندن لە بەر زیرەکی لە پۆلی دووەم وەرگیراوە، ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ خوێندنی سەرەتایی و ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ خوێندنی ناوەندی و ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ ئامادەیی کشتوکالی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێگای(ئەنجومەنی ڕاژە- مجلس الخدمة) کە (١١) مامۆستایان پێویست بووە لە هەموو عێراق(١١٣) کەس تاقیکردنەوەکەیان کردووە، ئەو یەکێک بووە لەو یانزە کەسە کە بە مامۆستا وەرگیراوە و بۆتە مامۆستا لە ئامادەیی کشتوکاڵی ئاسکی کەڵەک کە خۆی پێشتر قوتابی بووە لەوێ.


مامۆستا حەمە ساڵح فەرهادی لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ڕێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە دەزگاکانی شۆڕش دەست بەکار بووە، پاش نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە هەولێر و بۆ ماوەی دوو ساڵ دوورخراوەتەوە شارۆچکەی(القرنة)ی پارێزگای بەسرە لە باشووری عێراق




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی، بەڕێز حامد محەمەد عەلی، نووسەر عەبدولکەریم شێخانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی، چیرۆکنووس مستەفا ساڵح کەریم**

وەکو مامۆستا بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، پاش ماوەیەک بە گۆڕینەوە هاتۆتە ئامادەیی کشتوکاڵی بەغدا، لەوێش ماوەی ساڵێک مامۆستا بووە و زۆر سوودی لە مامۆستاکانی ئەوێ وەرگرتووە، دواتر هاتۆتە هەولێر و لە ئامادەیی کشتوکاڵ و ئامادەیی بازرگانی مامۆستا بووە بە تێکڕایی نزیکەی (٤٠)ساڵ خزمەتی کردووە لە بواری پەروەردە، تا لە ١-٧-٢٠١٢ خانەنشین بووە.

نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی زیاتر لە (٣٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە، ئەو لە بوارەکانی پەروەردە و پەروەردەی منداڵان و ڕۆژنامەنووسی و زمانەوانی و بەشداری کردن لە نووسین و پێداچوونەوەی کتێبی قوتابخانەکان و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و ڕەخنەیی و وەرگێڕان بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە و هەر هەمووشیانی چاپکردوون کە ئەمانەن:




- چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسی کوردی،١٩٨٨.
- ڕۆژنامەنووسیی قوتابیان، هەولێر ١٩٩٢.
- فەرهەنگی خەرمانی کشتوکاڵ (کوردی- عەرەبی) هەولێر، چاپی یەکەم ١٩٩٧، چاپی دووەم ٢٠٠٩.




- چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی، هەولێر ١٩٩٨.
- یانەی منداڵان، هەولێر ٢٠٠٠.
- سۆزی غەریبی و سێ چامەی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٦.
- (٣٠) بابەتی پەروەردەیی، وەرگێڕان هەولێر ٢٠٠٦.
- چۆلەکەکە بۆی گێڕامەوە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان هەولێر ٢٠٠٧.
- چەپکێک لە زاراوەگەلی کشتوکاڵ، هەولێر ٢٠٠٧.
- لە بارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، هەولێر ٢٠١١.
- کسپەی دەروون، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، هەولێر ٢٠١٢.
- وشەنامە، کورتە بابەت هەولێر ٢٠١٢.
- کتێبێکی سەیر لە بارەی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە، ڕەخنە، کەرکوک ٢٠١٢.
- کتێبەکەم، کتێبی منداڵان، هەولێر ٢٠١٣.
- پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد(چوار بەرگە) هەولێر ٢٠١٣-٢٠٢١.



**نووسەر بوڕهان ئەحمەد، نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی، خاتوو ڕەنگینە مۆبیۆس لە نووسەرانی ئەڵمانیا، نووسەر ئەنوەر محەممەد تاهیر، بەڕێز ئیرانۆك سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئەڵمانیا، شاعیر حەمە عەباس، شاعیر محسن قۆچان، دکتۆر سال لە ئەڵمانیا**




- منداڵ و ئەدەبی منداڵان، هەولێر ٢٠١٣.
- لـە پشـووی هاویـندا، چەنـد سـیناریۆیەکە بـۆ منـداڵان، هەولێـر ٢٠١٨.
- ڕەنگدانـەوەی قورئانی پیرۆز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هەولێر ٢٠١٩.
- ژیانوەری(ژیاننامەو بیرەوەرییەکانم) تاران ٢٠٢٠.
- چەند وێستگەیەک لە مێژووی کورد، وەرگێردراوە، هەولێر٢٠٢١.

چەند بەرهەمێکیشی ئامادەن بۆ چاپکردن.

حەمـە سـاڵح فەرهـادی لەگـەڵ چەنـد مامۆسـتایەکی دیکـە بەشـداری کـردووە لـە وەرگێڕان و ئامادەکردنی کۆمەڵێک کتێب بۆ قوتابیانی پۆلە جۆربەجۆرەکانی خوێنـدن لەوانـە:

- سیپەل ، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، بەغدا ٢٠٠٥.
- پەلەور بە خێوکردن، بۆ پۆلی دووەمی کشتوکاڵ، دهۆک ٢٠٠٤.
- بەروبوومە ئالیکی و پیشەسازییەکان، بۆ پۆلی سێیەمی کشتوکاڵ ٢٠٠٤.
- تەندروسـتیی ئـاژەڵ و پەلـەور بـۆ پۆلـی یانـزەی بەشـی بەرهەمـی ئـاژەڵ،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی، دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز نەزمی حزووری کونسوڵی فەلەستین، نووسەر و چیرۆکنووس کاکەم بۆتانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ساڵح فەرهادی**

وەرزی یەکەم و دووەمی خوێندن، هەولێر ٢٠١٠.

- نەخۆشییەکانی پەلەور بۆ پۆلی دوانزەی بەشی بەرهەمی ئاژەڵ هەولێر ٢٠١٠.
- بەرهەم هێنانی مریشکی گۆشت، بۆ پۆلی یانزەمی بەشی بەرهەمی ئاژەڵ، هەولێر ٢٠١١.
- بەرهەم هێنانی مریشکی هێلکە، بۆ پۆلی یانزەمی بەشی بەرهەمی ئاژەڵ، هەولێر ٢٠١١.





- هەروەها پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ ئەم کتێبانەی ئامادەییە کشتوکالییەکان کردووە:
- بەرهەمی میوە، بۆ پۆلی سێی کشتوکاڵی هەولێر ٢٠٠٤.
- هەنگ بە خێوکردن، بۆ پۆلی دووەمی کشتوکاڵی هەولێر ٢٠٠٤.
- پیتیی خاک و خۆراکی ڕووەک بۆ پۆلی دەیەمی بەشی بەرهەم هێنانی ڕووەک، هەولێر ٢٠١٠.



**حەمە ساڵح فەرهادی ڕێزی لێ گیراوە**

- تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی بۆ پۆلی دەیەمی بەشی ئامێرە کشتوکاڵییەکان ٢٠١٠.
- بە ئامێرکردنی بەرهەمی ئاژەڵ، پەرتووکی دووەم و سێیەم بۆ پۆلی یانزە و دوانزەی بەشی بەرهەم هێنانی ئاژەڵ ٢٠١٠.
- دۆشین بە ئامێر، بۆ پۆلی دوانزەی بەشی بەرهەم هێنانی ئاژەڵ ٢٠١٠.
- وێنەکێشانی پیشەسازی بۆ پۆلی دوانزەی بەشی ئامێرە کشتوکاڵییەکان.

نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی هەر مامۆستا و زمانەوان و وەرگێڕ نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسیکی بە تواناش بووە، لە ماوەی ژیانی ڕۆژنامەگەریدا وەکو نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسین و بەڕێوەبەری نووسین و سکرتێری نووسین و سەرنووسەر لەم ڕۆژنامانە و گۆڤارانەدا کاریکردووە:





- لە ساڵی ١٩٩٣ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(هەنگ) بووە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان دەریدەکرد، لە ساڵانی ١٩٩٨-٢٠١١ سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(گوڵزار) بووە کە گۆڤارێکی تایبەتی بووە بە منداڵان و تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٧ لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دیکە لە ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر گۆڤارێکی




کشتوکاڵییان دەرکردووە بە ناوی(چرۆ) کە تەنیا(٤) ژمارەی لێ دەرچووە.

- لە ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٦ بۆ ماوەی نزیکەی(١٠) ساڵ بە بەردەوامی بەرنامەیەکی هەفتانەی منداڵانی بە ناوی (گۆڤاری منداڵان) بۆ ڕادیۆی هەرێم ئامادە کردووە، کە (٤٤٥) ئەڵقە بووە.
- ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٠ ئەندامی دەستەی نووسەران و پاشان سکرتێری نووسینی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بووە کە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر دەریدەکرد.
- سەرۆکی لێژنەی دەرچوواندنی ڕۆژنامەی(لانە) بووە کە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ دا لەلایەن یەکەمین فیستیڤاڵی جیهانیی منداڵانی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دەردەچوو و تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە.
- ئەو حەوت دیداری ڕۆژنامەگەری لەگەڵ ئەدیب و نووسەران و کەسایەتییەکان ئەنجامداوە.
- (٥١) دیدار و چاوپێکەوتنی لە لایەن ڕۆژنامەنووسان لەگەڵدا کراوە کە باسی لە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و لیکۆڵینەوە و پەروەردی منداڵان و بابەتی جۆراوجۆر کردووە.
- (٢٥) کۆڕو کۆبوونەوەی گێڕاوە کە باسی زمانەوانی و ڕۆژنامەوانی و پەروەردی منداڵان و مافی منداڵ و ڕەخنەی ئەدەبی کردووە.
- وەک شارەزایەک لە بواری منداڵدا چەندین جار کتێبی نووسەرانی دیکەی هەڵسەنگاندووە و بەشداریش بووە لە لێژنەی(تەحکیم)ی کێبڕکێی بابەتی تایبەت بە منداڵان.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندن و کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە لە هەولێر.
- لە تەممووزی ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٩ بۆتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی و سکرتێری کارگێڕی بووە، پاشان لە ٢٠١٩ دەستی










لەکار کێشاوەتەوە لەبەر نەبەستنی کۆنگرە.

- زیاتر لە(١٠) جار ڕێزی لێنراوە لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە فەرمی و نافەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و کونسوڵخانەی فەلەستین.
- لە ٢٥-٤-٢٠١٠ لە چوارچێوەی چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بۆ بە ناو کردنی(١١) هۆڵی کتێبخانەی گشتیی زەیتونە لە هەولێر هۆڵی خویندنەوەی مندالان بە ناوی نووسەر حەمە سالح فەرهادی کراوە.

مامۆستا و نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی هەر سەرکەوتووبیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی نووسەر حەمە ساڵح فەرهادی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢- Baha Tv، بەرنامەی خەرمانی خزمەت، لە ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار حەسەن دزەیی.

٣- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# ڕەشید فندی

مامۆستای پەروەردەیی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و مێژوونووس و توێژەر ڕەخنەگر ڕەشید فندی...

ناوی تەواوی(ڕەشید فندی یەحیا دۆسکی)یە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری دهۆک لە خانەوادەیەکی خوێندەوار و کوردپەروەر لە دیک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری دهۆک تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەییشی لە شاری موسڵ تەواو کردووە، دوو ساڵی لە بەشی(زیندەوەرناسی- بایۆلۆجی)ی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی خوێندووە و دوو ساڵەکەی دیکەشی لەهەمان کۆلێژ لە زانکۆی موسڵ تەواو کردووە، بۆتە مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری دهۆک، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش و وەکو(بێژەر- مذیع) و موحەریر لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەست بەکار بووە، لە پاش نسکۆی شۆڕش هاتۆتەوە سەر کارەکەی خۆی وەکو مامۆستاو بەڕێوەبەر لە بەشی زۆری قوتابخانە ناوەندیی و ئامادەییەکانی دهۆک، لە ساڵی ٢٠٠٩



دکتۆر ڕەشید فندی
بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: دووەم کەس دکتۆر ڕەشید فندی، پێنجەم کەس نووسەر حەجی جەعفەر، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

بڕوانامەی ماستەری لە(شێوازی وانەوتنەوەی زانستەکان- طرق تدريس العلوم) لە زانکۆی دهۆک وەرگرتووە و لە ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان پسپۆری و هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە و ماوەی (٨) ساڵیش وەکو جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر خزمەتی کردووە تا خانەنشین بوونی.

دکتۆر ڕەشید فندی هەر لە لاوێتیدا حەزی لە خوێندن و خوێندنەوە بووە، ئەو سەرەتا بە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و ئەحمەدی ناڵبەند و حاجی قادری کۆیی و هەندێ شاکاری




وەرگێڕدراوی عەرەبی و جیهانی دەست پێ کردووە، کتێبی فەلسەفیشی زۆر خوێندۆتەوە، یەکەم نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی ساڵی ١٩٧١ بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسین لە بوارەکانی زمانەوانی و فەرهەنگی و مێژوو و ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی تێکستی شاعیرە کلاسیکییەکان، تا ئێستا زیاتر لە(٣٥) کتێبی چاپکردووە و چەند کتێبێکیشی ئامادەن بۆ چاپ، ئەوانەی چاپی کردوون، هەندێکیان





بە زمانی عەرەبین و ئەوانی دیکەش بە زمانی کوردی شێوەزاری(کرمانجی باکوور- بەهدینانی) نووسیوە کە ئەمانەن:

- عەلی تەرماخی، ڕێزمان نڤیسی و پەخشان نڤیسی کوردی، بابەتێکی ڕێزمانییە، ١٩٨٥.
- مناقشات حول خانی، بە زمانی عەرەبییە، بابەتێکی ڕەخنەییە، ١٩٨٦.
- خانی و حاجي، ڤەکۆلینە (لێکۆڵینەوە)یە، ١٩٩٥.
- ئەلهۆ بلند فریت، ڤەکۆلین(لێکۆڵینەوە)، ١٩٩٦.
- چەند تیرۆژکەک لسەر ڕۆژنامەڤانیا کوردی، بابەتی ڕۆژنامەوانییە.
- من ینابیع الشعر الکلاسیکي الکوردي، بە زمانی عەرەبییە، ڤە کۆ لین ( لێکۆ ڵینـە و ە ).
- چل حیکایەتێد مەلا مەحمودی بایەزیدی، توێژەواندن(توێژینەوە).
- عادات و رسومەتنامەی ئەکرادییە، توێژینەوە و وەرگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی.



**لە کاتی ڕێزلێنان لە نووسەر دکتۆر ڕەشید فندی**




- دلیل محافظة دهۆک، بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەیەک.
- تویژاندنا دیوانا نالبەند، کە(٥) بەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەیەک.
- زاراوێن کارگێڕی، بۆ ئەکادیمیای کوردی، لەگەڵ لیژنەیەک.
- زاراوێن یاسایی بۆ ئاکادیمیای کوردی لەگەڵ لیژنەیەک.
- زاراوێن ڕاگەیاندن بۆ ئەکادیمیای کوردی لەگەڵ لیژنەیەک.
- گەریانەک د ناڤ باغێ ئەدەبی کوردیدا، ڤەکۆلین(لێکۆڵینەوە).
- کەسک و سوور و هەندەک هزرێت ئەدەبی، وتار.
- الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي، بە زمانی عەرەبی.
- هزرینەک د زمانێ کوردیدا، زمانەوانی.
- رحلة اوليا جلبي فی کوردستان، چاپا ئێکێ، مێژوو.
- ئێکەمین چیرۆکا کوردی، چیرۆکا مەلا مەحمودی بایەزیدی.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەجی جەعفەر، نووسەر دکتۆر ڕەشید فندی**



له لای ڕاستەوە: نووسەر مسەدەق تۆڤی، نووسەر دکتۆر ڕەشید فندی

- الوسائل التعليمية و معوقاتها في تدريس العلوم، نامەی ماستەرەکەیەتی.
- رحلة اوليا جلبي في كوردستان، چاپا دووێ، مێژوو.
- مێژوویا ئێکەتیا نڤیسەرانی کورد لقی دهۆک، مێژووی ئەدەبی.
- پەیدابوونا هزرا نەتەوەییا کوردی، ڤەکۆلین(لێکۆڵینەوە).
- ساڵح یوسفی(ژیان و بەرهەم)، ڤەکۆلین(لێکۆڵینەوە).





- خواندنەک د هزرا پارتی دیموکراتی کوردستان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
- فەرهەنگا زاراوێت کارگێڕی، زمانەوانی.
- فەرهەنگا زاراوێت ڕاگەهاندن(ڕاگەیاندن)، زمانەوانی.
- هندەک دیتنێت ئەحمەدێ نالبەند ژ دهۆکێ، ڤەکۆلین(لێکۆڵینەوە).
- مێژوویا پارێزگەهبوونا دهۆکێ، مێژووی سیاسی.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ڕەشید فندی، شاعیر دکتۆر بەدرخان سندی**

ڕەشید فندی نزیکەی(٣٠) ساڵ مامۆستا بووە ، هەموو خەڵکی دهۆک دەیناسن و بە سەدان قوتابی لەسەر دەستی ئەو فێر بوونە و ئەمڕۆ لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا خزمەت دەکەن و هەندێکیشیان خاوەن بڕوانامەی باڵانە، ئەو هەر مامۆستا نەبووە، بەڵکو میدیاکار و ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا‌ش بووە، لە ماوەی ژیانیدا و تا ئێستاش بەردەوامە لە کاری میدیایی و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیدا، ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ ئەو کاتەی لە شاخ بووە وەکو بێژەر و موحەریر لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاری کردووە و ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە لە شاخ.





- لە ساڵی ١٩٧١ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆکە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشە.
- نزیکەی(٨) ساڵ جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بووە لە هەولێر.
- ماوەیەک بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری و تایبەت بە زمانی کوردی بووە.

- لـه ڕۆژنامەکانـی پەیمـان و ئەڤـڕۆ و گۆڤارەکانـی مەتیـن و ئەکادیمیـای کـوردی کاری کـردووە.
- لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بۆ ماوەی دوو خول بەرنامـەی ئەدەبی ئامادە و پێشـکەش کـردووە، لـە تەلەفزیۆنـی کەرکووکیش بەرنامەیەکی ئەدەبی ئامـادە و پێشکەشکردووە.
- لە تەلەفزیۆنی دهۆک و خەباتیش بەرنامەی ئەدەب و ڕۆشنبیری هەبووە.
- لە ١٥-١١-٢٠١٨ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک ئەدیب و ڕۆشـنبیر، سـیمینارێک بۆ نووسـەر ڕەشـید فندی ڕێکخـراوە کـە تێیـدا لێکۆڵینـەوە و شـرۆڤەکردنی بـۆ (سـێ ڕێزێـن هەلبەسـتا کلاسـیکی) کـردووە و نووسـەر مامۆسـتا ئەحمـەد بەنـدی کۆڕەکـەی بەڕێـوە بـردووە.
- لـە پەرتوکخانـەی بەدرخـان ڕۆژی ٩-١٢-٢٠٢٠ لـە ئاهەنگێکـی خنجیلانـە نووسـەر ڕەشـید فنـدی خەلاتکـراوە و ڕێـزی لێنـدراوە.

نووسـەر و ڕەخنەگـر و لێکۆڵـەر ڕەشـید فنـدی ئێسـتا خانەنشـینە، بـەڵام لـە بەشـی زۆری چالاکییـە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییەکان ئامـادە دەبێـت و بەردەوامیشـە لـە لێـدوان و چاوپێکەوتـن لەگـەڵ کەناڵـە تەلەفزیۆنییەکانـی کوردسـتان، هیـوای سـەرکەوتن و سـەرفرازی بـۆ دەخوازیـن بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیـەک ژیاننامـەی نووسـەر ڕەشـید فندی کە لەسـەر داخوازیی مـن بۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٢- کوردیپیدیا.
٣- Youtube,MidiaDhok-، بەرنامەی کەسایەتی، بە یارمەتیی کۆمپانییای ساڵح سیرامکی.
٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سالار سەمین

نووسەر ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس، ڕۆماننووس و وەرگێڕی دیار و ناسراو سالار سەمین

ناوی تەواوی(سالار ئیسماعیل سەمین)ە، لە کۆتایی مانگەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە ساڵی ١٩٤٥ لە داوێنی لووتکە سەرکەشەکەی (باوەشاسوار) و تێکەڵ بە نرکە و هاژەی چەمی (قۆشە چاپان) لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست لە شاری (کفری) لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری کفری تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٧ چۆتە پەیمانگای وەرزشی لە بەغدا و لە ساڵی ١٩٦٩ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ وەک مامۆستا وانەی (وەرزش- ریاضة) لە قوتابخانەی سەربەستی سەرەتایی کوڕان لە دوزخورماتوو دەست بەکار بووە.

نووسەر سالار سەمین لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی و ئەدەبی و چیرۆک و ڕۆمان کردووە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، لە کۆتایی حەفتاکان حەز و خولیای چۆتە سەر چیرۆکنووسین، ئەو چیرۆکی نووسیوە هەر بۆ خۆی بە بێ ئەوەی بڵاویان بکاتەوە، تا لە سەرەتای هەشتاکان بۆ یەکەم جار نۆبەرەی نووسینەکانی کە چیرۆکیک بووە بە ناو نیشانی(نەزرگاو باج) لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) لە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سالار سەمین، نووسەر و هونەرمەندی ناسراو خوسرەو جاف



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سالار سەمین، نووسەر و ڕۆماننووس(زوهدی الداودي)

بەغدا بڵاوکردۆتەوە، دووەمین چیرۆکیشی بە ناوی(ئەسپەکەیان فڕاندم) هەر لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە، ئیدی چۆتە ناو دنیای چیرۆک و ڕۆمان نووسین و مێژوو وەرگێڕان و بابەتی هەمەجۆری دیکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(هاوکاری،العراق، باسەرە، کەرکوکی ئەمڕۆ، خۆرنەوەزان، ئاوەسپی، بەیان، ڕەنگین، ڕۆشنبیری، نەوشەفەق، بانەڕۆژ و چەندانی دیکە)، و هەندێ وتار و نووسینیشی بە ناوی خوازراوی(غولام گەرمیانی) بڵاوکردۆتەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی چاودێری کردنی نووسینەکانی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کەمتر بەرهەمەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە.

سالار سەمین کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و پڕ بەهای نووسیوە کە هەموو ئازار و ئەشکەنجە و زوڵم و زۆرداری و باری ناهەمواری خەڵکی ناوچەکە و هەموو کوردستان تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەندێکی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و بەشی زۆریشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان و بە تام و چێژی ناوچەی گەرمیان نووسیوە، ئەگەر ڕۆمانەکانی بخوێنیتەوە پەلکێشت دەکات تا تەواوی نەکەیت وازی لێ نەهێنیت، ئەو تا ئێستا(٨) کتێبی لە چاپداوە و دوو کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ لە چاپ کە ئەمانەن:

- ڕەشپێستێک، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٩٨.
- سمی دەسەلات، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٤.
- ئەشکەوتی خوێن، ڕۆمان، ساڵی ٢٠٠٦.
- زاڵگەی پردەکە، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٨.

- المتاهة، کۆمەڵە چیرۆک بە زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٩.
- شاری لە خەم ئاوسبوو، ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٠.
- المدينة الحبلى بالهم، ڕۆمانی شاری لە خەم ئاوسبوو(وەرگێڕدراو) بۆ سەر زمانی عەرەبی.
- باڵەخانەی فەیروز، ڕۆمان، ساڵی ٢٠٢٢.

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- ڕۆمانی گەلە گورگ، کە وەرگێڕانی ڕۆمانی(عويل الذئاب)ی نووسەر دکتۆر زوهدی داودییە.
- کۆمەڵە چیرۆکی گومن.

نووسەر سالار سەمین ماوەی زیاتر لە(٥٠) ساڵ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە و لەم ڕێکخراوە ئەدەبی ڕۆشنبیریانەش چالاکی نواندووە:

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقی بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووکە.
- ئەندامی وەرزشەوانە دێرینەکانی کەرکووکە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سالار سەمین، نووسەر و چیرۆکنووسی دیاری کورد مستەفا ساڵح کەریم**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سالار سەمین، شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت**




**بەرهەمەکانی نووسەر سالار سەمین**

- جێگری سەرۆکی(کۆڕبەند- منتدی)ی ئەدەبی دوزخورماتوو بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کەرکووک ئەمڕۆ بووە.

نووسەر سالار سەمین بەشداری لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق کردووە و دەکات.

خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە بە ناوەکانی( ئەڤین، سەفین و جیهان) خوا تەمەن درێژیان بکات، ئەو هەرچەندە تۆزێ بە تەمەن کەوتووە، بەڵام خۆی دەڵێت:( ئەگەر پایزی تەمەن لێم بگەڕێ هەرگیز درێغی ناکەم لە خزمەتی زمان و ووشەی کوردی).

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ سالار سەمین هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیانی نووسەر سالار سەمین کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ماڵپەڕی فەیسبووکەی نووسەر سالار سەمین.

٣- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سەباح ئیسماعیل

نووسـەر و ڕۆژنامەنووس، لیکۆڵـەر و وەرگێڕی ناسراوی کورد سـەباح ئیسـماعیل...

ناوی تەواوی(سـەباح ئیسـماعیل محەمەد)ە، لە سـاڵی ١٩٦١ لە گوندی(قوتان خەلیفە)ی دەوروبەری شاری کەرکووک لـە دایک بووە، خوێندنی سـەرەتایی لـە قوتابخانەی(سـەرکەوتن)ی کوڕان و قۆناغی ناوەنـدی لـە ناوەندیی(زێوەر) ی کـوڕان لـە گەڕەکـی ڕەحیمـاوەی کەرکـووک تـەواو کـردووە، ئامادەیـی پیشەسازی هـەر لـە شـاری کەرکووک تەواو کردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ کۆلێژی(ئەندازیار-هندسـة)ی لـە زانکـۆی تەکنەلـۆژی بەغـدا تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩٥ لـە پرۆژەی بەنداوی(عوزێـم- عظیم) وەکو ئەندازیـار دەسـت بـەکار بـووە، لـە سـاڵی ٢٠٢٠ بۆتـە جێگـری بەڕێوەبـەر لـە بەڕێوەبەرایەتیـی سـەرچاوەکانی ئـاو لـە کەرکووک، لـە ٢٠-٨-٢٠٢١ خانەنشـین کراوە.

نووسـەر سـەباح ئیسـماعیل هـەر لـە لاوێتیدا حـەز و ئـارەزووی لـە خوێندنـەوە و نووسـین و ڕۆژنامەگەریـی کـوردی بـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٨ یەکـەم بەرهەمـی خـۆی لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری بڵاوکردۆتـەوە، ئیتـر دەسـتی کردووە بـە نووسـینی لێکۆڵینـەوە و وەرگێڕان، کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمانـی لـە شـاکارە جیهانیـی و عەرەبیـی و تورکییـەکان وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، سـەرەڕای چەنـد لێکۆڵینەوەیەکـی ئەدەبـی و مێژوویـی و فیکـری،




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەباح ئیسماعیل، نووسەری گەورەی کورد**
**محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس**

هەمووشی چاپ کردوون، بەردەوامیشە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، تا ئێستا خاوەنی (٤١) کتێبی چاپکراوە لە بوارە جۆربەجۆرەکان کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئاوێزە، بەهاوکاریی حەمە سەعید زەنگەنە (کۆمەڵە بەرهەم)، ئامادەکردن، چاپخانە ئۆفیسی الادیب، کەرکوک٢٠٠٣.

٢- دیالۆگ (چاوپێکەوتنی ئەدەبی)، چاپخانەی ئەرەبخا، کەرکووک٢٠٠٥.

٣- ناعەقڵانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا، جەبار قادر، چاپخانەی ئەرەبخا، کەرکووک ٢٠٠٥ .

٤- هیزە وریابن (کۆمەڵە چیرۆک)، لە نووسینی نووسەری تورکی عەزیز نەسین، وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران (هەولێر)، چاپخانەی گەنج. سلێمانی٢٠٠٥.

٥- ژنێک بۆ شەش پیاو (کۆمەڵە چیرۆک)، نووسەری تورکی عەزیز نەسین، وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان، هەولێر٢٠٠٦.

٦- وەرزی کۆچ بەرەو باکوور (ڕۆمان)، ئەلتەیب ساڵح، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٧.

٧- درێژترین ساڵ (ڕۆمان) نووسەری عەرەبی زوهدی داودی، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس. هەولێر٢٠٠٨.

٨- شیکاگۆ (ڕۆمان) عەلا ئەسوانی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠٠٩.

٩ -باڵەخانەی یاقوبیان (ڕۆمان) عەلا ئەسوانی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠٠٩.

١٠ - چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، (لێکۆڵینەوە)، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩.

١١- مرۆڤێک ناوی لەناواندا نییە (ڕۆمان) واسینی ئەلئەعرەج، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١٠.

١٢- شەماعیە (ڕۆمان)، عەبدولستار ناسر، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١٠.

١٣- تاکسی (ڕۆمان) خالد ئەلخەمیسی، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس، هەولێر چاپی یەکەم ٢٠١٠. چاپی دووەم دەزگای ئەندێشە٢٠١٧.



**لە لای چەپەوە: دووەم کەس نووسەر سەباح ئیسماعیل، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

١٤- کەسێتیی تاکی عێراقی (لێکۆڵینەوە)، باقر یاسین، چاپی یەکەم دەزگای ئاراس هەولێر٢٠١١، چاپی دووەم دەزگای سەردەم سلێمانی ٢٠١٦.

١٥- موبارەک و سەردەمەکەی، محەمەد حەسەنێن هەیکەل، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر عومەر عەلی غەفور، ئاراس، هەولێر٢٠١٢.

١٦- مەکیاڤیللی لەتای تەرازوودا، د.موحسین محەمەد حوسێن، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١٣.

١٧- میرنامە( ڕۆمان) لە نووسینی( جان دۆست)، وەرگێڕان، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی رجایی ، تاران٢٠١٣.

١٨- عێراقییەک لە پاریس (ڕۆمان) نووسەر سەمۆئێل شەمعون، وەرگێڕان، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی رجایی، تاران٢٠١٤.

١٩- ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لەعێراقدا (لێکۆڵینەوە)، باقر یاسین، وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠١٥.

٢٠- عەشیقی وەرگێڕ (ڕۆمان)، نووسینی(جان دۆست)، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٥.

٢١- زەنگەکانی ڕۆما (ڕۆمان)، (جان دۆست)، وەرگێڕان، ناوەندی غەزەلنووس. سلێمانی٢٠١٥.



**نە ناسراوە، ڕێبوار سیوەیلی، نووسەر سەباح ئیسماعیل، نە ناسراوە، نووسەر و ڕۆماننووس بەختیار عەلی**



**لە لای چەپەوە: یەکەم کەس نووسەر سەباح ئیسماعیل، شاعیر سەرکەوت ڕەسووڵ، ئازاد حەمە شەریف، نەناسراوە.**

٢٢-ماڵە ئەندەلوسییەکە (ڕۆمان)، واسینی ئەلئەعرەج، وەرەگێران، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی٢٠١٥.

٢٣- وێرانەپیاو (ڕۆمان)، نووسینی عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٧.

٢٤- هەرەسی ژێرخانێک (ڕۆمان)، نەوزەت شەمدین، وەرگێڕان، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە سلێمانی ٢٠١٧.

٢٥- کوژرانی کابرای کتێبفرۆش (ڕۆمان)، نووسەر سەعد محەمەد ڕەحیم، وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠١٧.

٢٦- مارتینی بەختەوەر (ڕۆمان)، نووسەر جان دۆست، وەرگێڕان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە تاران ٢٠١٧ سلێمانی.

٢٧- ژنەی خوانەناس (ڕۆمان)، عەلی بەدر، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانە ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٨.

٢٨- سەماهانی (ڕۆمان) نووسەر بەرەکە ساکن وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم سلێمانی ٢٠١٨.

٢٩- کچانی چیرۆکخوان (ڕۆمان)، نووسەر مەها حەسەن، ناوەندی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد موکری، نووسەر سەباح ئیسماعیل

ڕۆشنبیریی ڕەهەند، چاپخانە ناوەندی ڕەهەند سلێمانی ٢٠١٩.

٣٠- مێژووی خوێنڕێژی لە عێراقدا (لێکۆڵینەوە) نووسینی باقر یاسین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە تاران ٢٠١٩ سلێمانی.

٣١ - سێبەرەکانی جەستە (ڕۆمان) نووسینی سەعد محەمەد ڕەحیم، وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپخانەی سەردەم سلێمانی ٢٠١٩.

٣٢- خەسێنراو (نۆڤلێت)، نووسینی نووسەر سەلاحەدین بولوت، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران ٢٠١٩.

٣٣- زریاب (ڕۆمان)، مەقبول ئەلعەلەوی وەرگێران، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند. سلێمانی. چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠٢٠

٣٤- گەمژەیی مارکیز (ڕۆمان)، عەواد عەلی. دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان. چاپخانە تاران ٢٠٢٠ سلێمانی.

٣٥- دەستنووسی پیترسبۆرگ (ڕۆمان)، جان دۆست، ماڵی وەفایی، هەولێر ٢٠٢٠.

٣٦- تراژیدیای نووسەرانی ڕووس (لێکۆڵینەوە)، جەودەت هۆشیار، وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٢٠.

٣٧- ڕۆمـان لـە نێـوان ئەندێشـە و واقیعدا(لێکۆڵینـەوە)، جـەودەت هۆشـیار، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی ٢٠٢٠.

٣٨- تـۆ هەمـوو شـتە جوانەکانـی منـی (ڕۆمـان)، ئەحمـەد ئـال حەمدان وەرەگێـڕان، ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی ڕەهەنـد سـلێمانی ٢٠٢١.

٣٩- سـیماکان (ڕۆمـان)، زەینـەب حفنـی، وەرگێـڕان، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس هەولێـر ٢٠٢٢.

٤٠- کەڕەنـا (ڕۆمـان)، محەمـەد ئەلئەسـفەر، وەرگێڕان،دەزگای ڕۆشـنبیریی




**بەرهەمەکانی نووسەر سەباح ئیسماعیل**

جەمال عیرفان، چاپخانە تاران ٢٠٢٢ سلێمانی.

٤١- لە حزووری کتێبدا (لێکۆڵینەوە)، نووسینی عەلی حوسێن، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

نووسەر سەباح ئیسماعیل وەکو ڕۆژنامەنووسیش ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری (نەوشەفەق)ی ئەدەبی بووە و ماوەیەکیش جێگری سەرنووسەری گۆڤاری(واتە) بووە، چەند ساڵێکیش ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکووک بووە.

ئەو بەردەوامە لە نووسینەکانی و بەشداریی زۆربەی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان دەکات.

نووسەر سەباح ئیسماعیل هاوسەرگیری کردووە و خاوەن چوار منداڵە بە ناوەکانی(ئۆژین، ڕێژین، زانا، دیار) خوا تەمەنی خۆی و خێزان و منداڵەکانی درێژ بکات و هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر سەباح ئیسماعیل لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سدیق شەرۆ

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر، ڕەخنەگر و میدیاکار ڕەوانشاد سدیق شەرۆ...

شاعیر سدیق شەرۆ لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی(شێخ حەسەن)ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە بنەماڵەیەکی کاسبکار و کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری دهۆک تەواو کردووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ بەدەستهێناوە، ماوەی(٤٠) ساڵ مامۆستا بووە لە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەر و ناو شاری دهۆک، دواتر بۆتە لێپرسراوی ڕاگەیاندن لە بەڕیوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی دهۆک.

شاعیر سدیق شەرۆ بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(شێخ هەسەن)ە ئەو گوندەی سەرکردەی گەورەی مێژوو ئەسکەندەر مەقدۆنی پێیدا تێپەڕیوە و قەڵای شێخ هەسەن داسنی تێدایە کە خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی بووە لەوانە(مژدەها ڕۆژ)، ئەمانە و خوێندنەوەی شیعرەکانی(ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری) ئەوەندە کاری لە ناخی کردوون، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەدەل ڕەفۆ لەگەڵی ئەنجامداوە، سەدیق شەرۆ دەڵێت:(ڕووسەکان دەڵێن: گەنجینەمان(پوشکین و چیخۆف و




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس بەدەل ڕەفۆ، شاعیر سدیق شەرۆ**

دیسۆڤیسکی)یە منیش دەڵێم:(خانی و جەزیری) گەنجینەی میللەتی کوردن)، بۆیە ئەو بۆتە عاشقی خاک و نیشتمانەکەی، بەشی زۆری شیعرەکانی بۆ خۆشەویستیی کوردستان و سروشتە جوانەکەی و بۆ ژنان و بۆ چینی هەژار و داماو و لێقەوماوان بووە، بەرهەمێکی زۆری هەیە وەکو دەستنووس  تا لە ژیاندا بووە بۆی نەلوایە لە چاپیان بدات، داخی گرانم لە پاش خۆشی لە بیرکراوە و تا ئیستا هیچ کەس و لایەنێکیش بۆیان لە چاپ نەداوە.

شاعیر سدیق شەرۆ وەکو ڕاگەیاندکاریش چەندین ساڵ بەرنامەی ئەدەبی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی گشتی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی دهۆک ئامادە و پێشکەش کردووە، دەیان کارمەندی ڕاگەیاندن و میدیاکاری پێگەیاندووە.



**شاعیر سدیق شەرۆ بە گەنجێتی لە گوندی شێخ هەسەن لە ساڵی ١٩٧٢ گیراوە**

ئەو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک بووە، بەشداریی لە زۆر کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان کردووە.


بە بۆنەی تێپەڕبوونی(٦) ساڵ بەسەر ڕووداوی کارەساتی(گرعزێر



و سیبا شێخدر)ی کە سەدان منداڵ و ژن و پیری کوردانی ئێزیدی بوونە قوربانی، لە ١٣-٨-٢٠١٣ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیب و ڕۆشنبیران (لالش مەڵبەندی باعەدرێ) ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەیان بۆ شاعیر سدیق شەرۆ ساز کردووە.

بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی و وێژەیی لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەریی دهۆک لە ڕۆژی ٥-١١-٢٠١٩ لە هۆڵی نالبەند لە پارانۆمای ئازادی لە دهۆک، بە ئامادەبوونی شاعیر و نووسەران، شاعیر سدیق شەرۆ خەڵات کراوە و ڕێزی لێندراوە.

پاش نەخۆش کەوتنی و چێشتنی ئازارێکی زۆر، سدیق شەرۆ لە ڕۆژی ١٤-٧-٢٠٢٠ لە شاری دهۆک کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سدیق شەرۆ، نووسەر دڵدار محەمەد**

وا سێ پارچە شیعری شاعیر سدیق شەرۆ کە شاعیر بەدەل ڕەفۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، تان بۆ دەنووسمەوە:

**ترجمة واعداد: بدل رفو**

**النمسا – غراتس**

**طيور الحر**

**١**

طيور الحرية
أن رايت طيور الحرية
قد هجرت ديارنا
فاستحال رونق الحياة مرارة كثيفة
فرجائي أن لا تنسى أن تأتينا
لنشبک ايدينا، معا ونطير الى الافق
ونملأ فراغ طيور الحرية
سنحلق، هنا وهناک، في سماء الوطن
لنحمي الحب ، والأمال، وكرنفال الحياة
اجل أنا وأنت. سنجري كالحفاة
ونعدو وراء قافلة الحرية
اجل سنجري .. وسنظل نجري

**٢**

**مسافر**

يا رواد سفينة الفضاء
لو أعددتم العدة، هذه المرة
لرحلة اخرى
فرجائي أن لا تنسوا أن تجلبوا

لي حبلا طويلا
اجل وشدوه بذيل سفينتكم الفضائية
وبذلك سيغدو لي طريقا سهلا
لمرافقتكم
وأرجو أن لا تخافوا علي
فلست من الذي يجرح صفحة النجوم
ولا ذاک الذي يبكي الغيوم
كل رجائي: إن ارسم الابتسامة
على ثغر الشمس
وهناک أود أن اصغي
لابتهالات الفقراء والمساكين ودعائهم
لاراهم اين هم يقبعون
واين هم يحتشدون
ووراء صرخات أي الغيوم
يذرفون الدموع
ولأرى لم اغروقت عينا المسيح
بالدموع والبكاء
ولاخبره بأن فاتنات العصر
متعلقات بامالهن المنشودة !
اجل ، سامضي للقاء أصحاب المسيرة
لكي ارى لم لم تبزغ نجمة الصباح
منذ أمد بعيد عليهم ؟
ولماذا لم نذق ، منذ زمن ،
رغيف خبز حار
من صنع ايديهم
من صنع ايديهم


٣

**الماء والدم**

لو أحببتم عصر قلبي
لما سقط في الكأس غير قطرتي دم
اجل فقد استحال دمي دخانا متطايرا
من حرارة الحب وحريقه.
بدت عظامي جبالا متراصه
وشعاع الشمس يكتب اسمي
وتغفو القطرتان على فتحة جرحي
لقد ذويت
وطفق صوت الحياة يغادرني
ها هي السماء تزفر شهبا
فترتعش اوصالي.
ويخطو طفل مبتسم الشفتين
الى الآفاق
فتحملني هذه الابتسامة بعيدا

سەرچاوەکان:


١- ماڵپەڕی گوڵان، کۆچی دوایی شاعیر سدیق شەرۆ، ١٥-٧-٢٠٢٠.
٢- مجلة النور، بە زمانی عەرەبی، چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ شاعیر سدیق شەرۆ، شاعیر بەدەل ڕەفۆ لە ١١-٨-٢٠١٣.
٣- ماڵپەڕیROJ Article، لە ٥-١١-٢٠١٩.
٤- ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە، وتارێکی نووسەر دڵدار محەمەد.
٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەلی کەندی

ئەو دەڵێت:(نە ئێرانیم و نە ئێراقیم، نە تورکیم و نە سووریم و نە کەنەدیم، بەڵکو کوردم و کوردستانیم، ئەگەر مردیشم پرسیار و وەڵامی گۆڕەکەم بە کوردی نەبێ ڕەتیدەکەمەوە)، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس و لێکۆڵەوەر و کۆمەڵناس، ڕەوانشاد عەلی کەندی...

ناوی تەواوی(عەلی هۆمەر عەلی فەتاح)ە، بە عەلی کەندی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی(سەربەشاخ)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە (کەندیناوە) ی پارێزگای هەولێر لە بنەماڵەیەکی هەژار و جووتیار لە دایک بووە، سەرەتا بە خوێندنی ئایینی لە حوجرەی فەقێیاتی لە مزگەوتەکان دەستی بە خوێندن کردووە، بە تایبەتی لە مزگەوتی گوندی(گردەچاڵ)ی سەر بە ناحیەی(قەراج)، دواتر چۆتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی(برایم باول) هەر لە قەراج و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە و لەناو هاوپۆلەکانی بە پلەی دووەم دەرچووە.

عەلی کەندی هەر زوو چۆتە ناو کاری سیاسی و ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعیی عێراقی بووە، بۆیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٦، ١٩٨٢، ١٩٨٥،




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر محسن ئاوارە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەلی کەندی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق جامباز، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

١٩٩٠، چەند جارێک دەستگیرکراوە و بانگی دائیرەکانی ئەمنی ڕژێم کراوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دیوە، بەڵام ئەو هەر لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی سوور بووە.

عەلی کەندی لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٦٧ بۆتە پیشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١، لەوێش پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی - لقی هەرێمی باشووری کوردستان کردووە، تا ساڵی ١٩٧٢ هاتۆتەوە لە قەزای مەخمور خەریکی کارو باری سیاسی بووە، زیاتر جموجووڵە سیاسییەکانی بۆ پسپۆڕانی سیاسی بەجێدێڵێن.




ڕەوانشاد عەلی کەندی لە ساڵی ١٩٧٥ چۆتە شاری (مۆسکۆ)ی پایتەختی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران، پەیمانگای زانستییە کۆمەڵایەتییەکانی لە




ئەکادیمیای سۆڤیەت تەواو کردووە، هاتۆتەوە کوردستان و لە بەڕێوەبەرایەتیی گەشت و گوزار لە هاوینەهەواری سەری ڕەش وەکو فەرمانبەر دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشینکراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە سەر کاری فەرمانبەری تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ بە یەکجاری خۆی خانەنشین کردووە و هەموو کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان کردووە.


سەرەتای نووسینەکانی عەلی کەندی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ ئەو کاتەی یەکەم بابەتی خۆی لە ڕۆژنامەی(طریق الشعب) کە زمانحاڵی حیزبی شیوعیی عێراقی بووە بڵاوکردۆتەوە، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخی لە بوارەکانی ئەدەبی و مێژوویی و جوگرافیا و کۆمەڵناسی و ڕەخنەیی و بابەتی هەمەجۆری دیکە چاپ کردووە، کە ئەمانەن:

- سالنامەی کوردستان، یەکەم بەرهەمی چاپکراویەتی.



**بەڕێز هیوا کۆمپیتەر، شاعیر و نووسەر و میدیاکار ئاری ئاغوك، نووسەر عەلی کەندی، نووسەر ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری**

- فەرهەنگی ڕووداوەکانی کوردستان و وڵاتانی جیهانی. ساڵی ٢٠٠٥.
- مێژوونامە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.
- نەخشەی جیهان بە زمانی کوردی لە نێو نەخشەی ڕامیاریی جیهان، لە ئێران چاپکراوە، لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتی ئێران دەستی بەسەرداگیراوە، دواتر وەکو دیاری دراوەتە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، ساڵی ٢٠٠٨ بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان لە چاپیان داوە.
- ساڵنامەی کوردستان، بە شێوەی بچووک (ساڵنامەی سەر مێز- تقویم منضدة) بۆ یەکەم جار لە کوردستان.
- ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، ٢٠٠٨.
- دەفتەری زانیاری، پەیوەندە بە پارکی شەهید(سامی عەبدولرەحمان) بە شێوەی شەریت.
- ئینسکلۆپیدیا یان مێژوونامە، چوار بەرگە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکراوە.






نووسەر عەلی کەندی بە جلی پێشمەرگایەتی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، نووسەر عەلی کەندی، نە ناسراوە**



بەکۆچی دوایی
مامۆستا عەلی کەندی
کانییەکی ئێجگار سازگاری کلتووری
وشک بووەوە...

[illegible]

مومتاز حەیدەری ٢٠١٧/٨/٧

**نامەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس**
**ممتاز حەیدەری**
**بۆ نووسەر عەلی کەندی**

- ئینسکلۆپیدیا یان مێژوونامە، بەرگی پێنجەم ، پاشکۆی بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمە و تەواوکەریانە، ساڵی ٢٠٠٧.
- ئینسکلۆپیدیا یان مێژوونامە، بەرگی شەشەم ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨.
- بڕیار و ڕاگەیاندنەکانی ڕێکخراوەکانی جیهانی وەک ئافرەتانی جیهانی، ڕێکخراوی یۆنیسکۆ، کۆمکاری عەرەبی، پەیمان و ڕێککەوتننامەی نێوان وڵاتانی عەرەبی، کە دوو بەرگە ئامادەیە بۆ چاپ ساڵی ٢٠١٠ نووسراوە.
- ئینسۆکلۆپیدیا- مێژوونامە، بە (١٠)



گڵکۆی نووسەر عەلی کەندی

بەرگ لە لایەن کۆمپانیای(عالم المعرفة) بە زمانی عەرەبی لە چاپدراوە، چاپی سێیەمی لە لایەن هەمان کۆمپانیا لە لوبنان لە چاپدراوەتەوە.

- هەڵوێستنامە، ئامادەیە بۆ چاپکردن.
- کوردستان لانکەی شارستانیەتییەکان، سێ بەرگە ئامادەیە بۆ چاپ.
- کەلتووری لادێ، کورتە شیکردنەوەیەک لە بواری کەلتوور و لاوکی کوردی.
- ئایین لە شارستانیەتییە کۆنەکاندا، ئامادەیە بۆ چاپ.

عەلی کەندی دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لە بواری سیاسی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئافرەت و توێژی لاوان و بابەتی هەمەجۆری دیکە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

عەلی کەندی وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و پێشمەرگە و سیاسەتمەدار لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەییانە چالاکیی نواندووە:

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە.
- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی بووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بووە.

- ئەندامی کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکانی کوردستان بووە.

- ئەندامی سەندیکای ژمێریاری و وردبینیی پارێزگای هەولێر بووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس عەلی کەندی خێزاندار بووە خاوەنی(٥) کوڕە خوا تەمەن درێژیان بکات، لە پایزی ساڵی ٢٠١٩ پێش نەخۆشکەوتنی ئەو دوو کتێبەی ناردۆتە چاپ و وتویەتی(دوو کتێبی نوێم ناردیە لۆ چاپ، ئەوجا نازانم دەیانبینم یان دەمرم)، بەڵام بە داخەوە نەیدیتن.

لە ڕۆژی ٦ی-٨-٢٠١٩ لە تەمەنی(٧١)ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆی کۆچی دوایی کردووە، گیانی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی نووسەر عەلی کەندی بەڕێز هونەرمەندی کاریکاتێری جەبار سابیر قادر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بڵند حەیدەری

ئەو رائد(پێشەنگ)ی شیعری(ئازاد- الحر)ی عێراقی بووە، چونکە کورد بوو، ڕەخنەگران و ڕاگەیاندنەکانی عێراقی پشتگوێیان خستوە، ڕەوانشاد شاعیر بڵند حەیدەری

ناوی تەواوی(بڵند ئەکرەم حەیدەری)یە، دایکی فاتیمە کچی ئیبراهیمە فەندی حەیدەرییە کە شێخی ئیسلام بووە لە ئەستەمبۆل لە ٢٦-٩-١٩٢٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، باوکی بڵند، ئەکرەم حەیدەری ئەفسەرێکی گەورە بووە لە سوپای عێراق، ئەوان لە بنەماڵەیەکی ناوداری کوردن، هەر لەم بنەماڵەیە چەند کەسێکی ناوداری دیکەیان هەبووە وەکو جەمال حەیدەری سەرکردەی ناسراوی حیزبی شیوعیی عێراقی کە لە کودەتایەکەی شوباتی ١٩٦٣ لەگەڵ موهیب حەیدەری برای هەدووکیان کوژراون، بڵند حەیدەری برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبووە بە ناوی(صفاء) ئەویش شاعیر بووە بەڵام کەسێکی یاخی بووە و باوەڕی بە(وجودییەت)هەبووە و زۆریش ڕکابەریی بڵندی برا بچووکی کردووە.

بڵند حەیدەری چونکە باوکی ئەفسەری سەربازی بووە و هەر ڕۆژەی لە شوێنێک بووە، بۆیە ژیانی ئەو بە منداڵی و لاوێتی هەمیشە جێگیر نەبووە، لە ساڵی ١٩٤٠ دایکی کۆچی دوایی دەکات و هەموو خێزانەکەیان




**لە لای ڕاستەوە: دووەم کەس شاعیر بڵند حەیدەری، شاعیری گەورەی سووری نزار قەبانی، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

دەچنەوە ماڵی داپیریان، دایکی و باوکی، مردنی دایکی زۆر کاری تێکردووە و نەیتوانیوە لەگەڵ ماڵی داپیری بگونجێت و هەوڵی(إنتحار- خۆکوشتنی)داوە، ئەو کات تەمەنی(١٦) ساڵان بووە و لە قوتابخانەی ناوەندی (التفیض)بووە و خوێندنی بەجێ هێشتووە و یاخی بووە و ماڵیشی هەر بەجێ هێشتووە و بەدەربەدەری ژیاوە لەگەڵ نووسەر و شاعیری عێراقی حوسێن مەردان ناوێک، شەوان لە شەقامەکان نووستوونە، لە ساڵی ١٩٤٥ باوکیشی کۆچی دوایی دەکات، نەیانهێشتووە ئەو لە ناشتنی تەرمی باوکی ئامادە بێت، سێ چوار شەو لە ژێر پردەکانی ناو بەغدا خەوتووە.




بڵند حەیدەری دیارە سەرومێشکی هاتۆتەوە سەرخۆ و ویستوویەتی خۆی پێبگەیەنێ، بۆیە هاتوچۆی کتێبخانەی گشتی کردووە و شەوان هەتا درەنگ هەر لەناو کتێبخانە بووە تا وای لێهاتووە لەگەڵ(حرس- پاسەوان)ی کتێبخانەکە ڕێککەوتووە کە ئەگەر کتێبخانەکە قەپاتیش بکات ئەو هەر بمێنێتەوە، دیارە پاسەوانی کتێبخانەکەش چاوپۆشی لێکردووە، ئەویش




خۆی بە کتێب خوێندنەوە خەریکردووە، زۆر لە کتێبەکانی(فرۆید)ی خوێندۆتەوە و پێی سەرسام بووە، فەلسەفە و کەلتوور و ڕەخنە و ئەدەب و زانستی دەروونی و کتێبە ئەدەبییە جیهانییە وەرگێردراوەکانیشی خوێندووتەوە، لە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی (سارتر و کۆلن ولسن) باوەڕی بە وجودییەت هەبووە، دواتر بۆتە مارکسی و دیموکراتخواز.

بڵند حەیدەری بیروباوەڕی چەپڕەو بووە، لایەنگری چینی هەژار و جووتیار و کاسبکاران بووە، بۆیە وەکو(تەحەددایەک) بۆ خانەوادە خواپێداوەکەی (عائلة ارستقراطیة) دەچێت لە پێش دەرگای (وەزارەتی داد- وزارة العدل) دەبێتە( عەریزەنووس-عرضوحالچي) کە ئەو کات وەزیری داد(داود حەیدەری) خاڵی بووە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٦ هەر لەماڵی خاڵی داود حەیدەری لە ڕێگای خوشکەکەی خۆی کە بە ناوی(ئەفسەر ) بانگیان کردووە، لە ڕاستیدا ئەو خوشکەی بڵند حەیدەری ناوی گوڵیزار بووە، هونەرمەندی( نەخشەساز و نیگارکێش- تشکیلي- دەلال



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر بڵند حەیدەری، ئەوانی دیکە نە ناسراون**





موفتــی) دەناسـێت و دیوانـی یەکەمی(خفقة الطیـن)ی بـە دیـاری دەداتـێ و دەبنـە هـاوڕێ، هـەر لـە ڕێـگای دەلال موفتییـەوە، کـە هونەرمەنـدی نیگارکێش و پەیکەرتاشـی گـەورەی عێراقـی جـەواد سـەلیم مامۆسـتای بووە، کارێک بۆ بڵند حەیدەری دەدۆزێتەوە وەکو موحاسیب لە( شرکة منصور لسباق الخیـول- کۆمپانییـات مەنسـور بـۆ کێبڕکێـی ئەسپسـواری)، پاشـان دەبێتـە جێگـری بەڕێوەبـەری گشـتیی پیشـانگای بەغـدای نێودەوڵەتی(معـرض بغـداد الدولـي) دواتـر لـە سـەرەتای پەنجـاکان دەبێتـە بەڕێوەبـەری مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیریی سـۆڤییەت لە بەغدا، لە ساڵی ١٩٥٣ هاوسـەرگیری لەگەڵ هونەرمەند خاتوو دەلال موفتـی دەکات.

بڵنـد حەیـدەری و دەلال موفتـی چونکـە هەردووکیـان دیموکراتیـی و ئازایخـواز بوونـە، لـە کودەتایەکـەی شـوباتی ١٩٦٣ هەردووکیـان بـە تاوانـی شـوعییەت دەسـتگیر دەکرێن، پاش ئازار و ئەشـکەنجەیەکی زۆر لـە کوشـتن ڕزگار دەبن و بـە ناچاری ڕوو لـە وڵاتـی لوبنـان دەکـەن، لـەوێ لـە سـەرەتا بڵنـد حەیـدەری وەکو(هەڵەچـن- مصحـح) لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی ئـەوێ




**پۆلێك نووسەر و ئەدیب لە شاری (اصیلة)ی مەغریبی**




**پۆلێك شاعیر و نووسەر لە كۆڕبەندی شاعیرانی ژن لە بەسرە**

کاردەکات، دواتر ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیرانی لوبنانی دەیناسن دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری(العلوم- زانستی) لوبنانی و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(الآفاق العربیة) و لە گۆڤاری(المجلة)ش کار دەکات و مامۆستای زمانی عەرەبیش بووە، خاتوو دەڵال موفتی هاوسەریشی دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەیەک، بەم جۆرە ژیانیان تۆزێ بەرەو ئاسوودەیی دەڕوات، لە ساڵی ١٩٧٣ خەڵاتی نووسەرانی لوبنانی پێ بەخشراوە، پاشان بە هۆی شەڕی ناوخۆی لوبنان ماوەیەک چوونەتە یۆنان و دواتر بۆ لەندەن، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ ماوەی سێ ساڵ هاتوونەتەوە عێراق، بەڵام دیسان لەژێر چاودێریدا هەراسانکراون و چوونەتەوە سووریا و لوبنان و جارێکی دیکەش بۆ لەندەن تا کۆتایی ژیانی.





بڵند حەیدەری یەکێکە لە پێشەنگانی شیعری نوێخوازی و(الحر- ئازاد) عێراقی و عەرەبی، ئەو هەقی

خۆی نەدراوەتێ و پشتگوێ خراوە، هۆیەکەشی ڕەخنەگرانی کورد و عەرەب دەیگێڕنەوە بۆ چەند هۆیەک لەوانە ئەو کورد بووە و بە زمانی عەرەبی شیعری نووسیوە، سێ بەشی ژیانی خۆی لە هەندەران لە لوبنان و سووریا و ئەسینا و لەندەن بەسەر بردووە و دوور بووە لە چاوی میدیا و ڕاگەیاندنەکانی عێراقی، خۆی زۆر بایەخی بەو پێشەنگییە نەداوە و نەیویستوە ڕکابەری لەگەڵ کەس بکات، بۆیە ڕەخنەگرانی عەرەبی ئەم دوورخستەوەی بڵند حەیدەری(پێشەنگی- ریادة) شیعری ئازادی عێراقی بە ناهەق دەزانن، بۆیە وا بیر و ڕای هەندێکییان دەنووسینەوە:

- نووسەر عەرەبی لوبنانی(نجم عبدالكريم) دەربارەی بڵند حەیدەری دەڵێت:(هذا الشاعر الفنان عملت معه سنوات فى مجلة(المجلة) لم اراه يوما إلا والإبتسامة تعلو محياه، إلا الكلمات الطيبة تصدر عن شفاه.. فإن الشهادة له بالريادة فى الشعر الحديث قد جاءت من المتعاركين انفسهم، فأنتصر لنفسه فى معركة الريادة فى الشعر الحديث دون ان يخوض تلك المعارك).

ڕەخنەگری عەرەبی(فضل النقيب) دەڵێت:(الشعراء بلند الحيدري ونازك الملائكة وبدر شاكر السياب وعبدالوهاب البياتي هم مواليد نفس السنة إنه بحق عام العبقرية العراقية كما مثلوه بتجسيد رائع للنموذج الشعري العراقي فى تنوعه وثقافته وطلاقته).

ڕەخنەگر(شوقي بزيع) دەربارەی بڵند حەیدەری دەڵێت:(وقد احدث رحيل امه البكير وابيه حزنه الشديد، وظروف حياتيه الصعبه اجبرته على ترك المدرسة و عدم دخوله إلى دار المعلمين العالية مثل نازك الملائک' والسياب و البياتي ولميعة عباس عمارة....والغبن اللاحق به وإبعاده عن دائرة الاضواء من جهة، ومن جهة اخرى تواضعه وعدم إكتراثه بالنجومية وتسويق نفسه للبزوغ فى الدوائر الإعلامية، ومفهوم الريادة الشعرية بحيث إنحصرت تلك الاسبقية


بلند الحيدري رائد الشعر الحر في العراق

أصدر الشاعر الكبير بلند الحيدري ديوانةالأول بعنوان (خفقة الطين )عام ١٩٤٦ وبعده أصدر الشاعر بدر شاكر السياب ديوانه الاول بعنوان (أزهار ذابلة )عام ١٩٤٧ وبعده أصدرت نازك الملائكة ديوانها الأول بعنوان (قرارة الموجة) وأصدر عبد الوهاب البياتي ديوانه الأول بعنوان (أباريق مهشمة) بذلك يكون بلند الحيدري أقدمهم في كتابة الشعر الحر ولكن الكتاب و النقاد ورجال الأعلام مع الأسف فرضوا تعتيما وتجاهلا و حصارا على شعر بلند الحيدري عند التحدث عن تاريخ الشعر الحر في العراق و السبب في ذلك ليست الشاعرية أو القدم ، بل لكونه كرديا يكتب الشعر بالعربية، وقد كان المرحوم يعرف ويشعر بذلك ببالغ الاسف والحزن والمرارة كما صرح بذلك مرارا ولكنه بحكم تاريخ الشعر الحر في العراق سيبقى الرائد الأول للشعر الحر في العراق.

جودت احمد ناجي




ما تبقى

كل ما ابقيت لي كان ذرائع ... كلمات ومقاطع
قلما .. بعض مراجع
ندما عض اصابع
وسطورا من حياة لونها كالوجه فاقع

كل شيء منك باق ، مثلما كان هنا يحيا ، يناجي ويصانع
نظرة العينين ظلت فوق مزلاج الشبابيك ، على مقبض بابي
فوق مرآتي تطالع .
وصدى صوتك باق ، في الستارات التي تهتز ، ليلى ، في اصيص الورد
مضغوطا على صمت المضاجع .
في الستارات التي سرتنا

بين قصيدتي(الكوليرا) لنازك الملائكه وقصيدة(هل كان حبا) للسياب، وهم بذالك غلبوا الشكل على المضمون...ولعل المعيار الزمني ذالك هو الذي فتح الباب على مصراعيه امام الكثير من المزاعم المتناقضة حيث بقيت هذه الاسبقية بين اسماء عدة مثل علي احمد باكثير ومحمود حسن إسماعيل وفؤاد الخشن واخرين..، كما ان بلند نفسه ما لبث ان دخل على خط السجال معتبرا في حوار له مع هاشم شفيق بأنه المبشر الاول بحركة التجديد من خلال باكورته الشعرية(خفقة الطين) ومشيرا إلى اقوال للسياب داعمه لما ذهب إليه).

نووسەر(عبدالرحمن مقلد) لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط) ی ڕۆژی ١٦-٤-٢٠١٨، بڵاوکراوەتەوە، وەکو تیشکخستنە سەر کتێبەکەی ڕەخنەگری کوێتی خاتوو(تهاني فجر) کە بە ناونیشانی(ضلع المثلث) دەڵێت:( تجاهل نازك الملائكة اسبقية بلند الحيدري رغم صدور ديوانه الاول(خفقة الطين) قبل قصيدتها الشهيرة(الكوليرا)، وفي مقابل نازك الملائكة اعترف بدر شاكر السياب بأسبقية بلند الحيدري...، رغم ذلك اسقطه كثير من النقاد من جيل الرواد وادخلوه بإلخطأ في الجيل الذي يليه.. وتود المؤلفة (تهاني



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو دەلال موفتی، شاعیر بڵند حەیدەری**

فجر) عن البعض سببا اخر لتجهيل دور بلند الريادة وهو( كرديته) التي وقفت حاجزا بمنع الاعتراف بأسبقيته).

ڕووناكبیری كورد مامۆستا جەودەت ئەحمەد ناجی لە نووسینێكدا كە بە زمانی عەرەبی لە كۆتایی شەستەكان بڵاویكردۆتەوە وا هاوپێچم كردووە دەڵێت:(اصدر الشاعر الكبير بلند الحيدری ديوانه الاول بعنوان(خفقة الطين) عام ١٩٤٦. بعده اصدر الشاعر بدر شاكر السياب ديوانه الاول بعنوان(ازهار ذابلة) عام ١٩٤٧، وبعده اصدرت نازک الملائكة ديوانها الاول بعنوان(قرارة الموجة) و اصدر عبدالوهاب البياتي ديوانه الاول بعنوان(أباريق مهشمة) بذالک يكون بلند الحيدري اقدمهم فی كتابة الشعر الحر ولكن الكتاب والنقاد ورجال الإعلام مع الاسف فرضوا تعتيما وتجاهلا وحصارا على شعر بلند الحيدري، عند الحديث عن تاريخ الشعر الحر فی العراق والسبب فی ذلک ليست الشاعرية او القدم، بل لكونه كرديا يكتب الشعر بالعربية وقد كان المرحوم يعرف ويشعر بذالک ببالغ الاسف و الحزن و المرارة كما صرح بذالک مرارا، لكنه بحكم تاريخ الشعر الحر فی العراق الرائد الاول للشعر الحر فی العراق هو بلند الحيدري).

وەكو ڕێزلێنانێک لەم شاعیرە گەورەیە شارِی(اصیلة) لە وڵاتی مەغریب ناوی شاعیر بڵند حەیدەرییان لەسەر خەڵاتی میهرەجانی شاعیرانی لاو نووسیوە و باخچەیەكیشیان هەر بە ناوی ئەو كردووە.

لە ڕۆژی ٢٩-٨-٢٠١٨(منتدی ادیبات البصرة- كۆڕبەندی شاعیرانی ژن لە بەسرە) لە ئێوارە كۆڕێكی ئەدەبیدا، میوانداریێتیی نووسەر(ضیاء الدین احمد) یان كردووە كە تیشكی خستۆتە سەر بەرهەمە شیعرییەكانی شاعیر بڵند حەیدەری و شاعیرە ژنەكانیش چەند هەڵبەستێكی بڵند حەیدەرییان خوێندۆتەوە.

بڵند حەیدەری چەند دیوانێكی شیعری لە چاپداوە و سەرِای هەندێ بەرهەمی ئەدەبی فیكری و ڕەخنەیی لەوانە:

- زمن لكل الازمنة، ١٩٧٩.
- نقاط الضوء، ١٩٧٩.

- مدخل إلى الشعر العراقي الحديث ١٩٨٧.
- ديوان خفقة الطين، شعر، ١٩٤٦.
- ديوان أغاني المدينة الميتة، شعر بغداد ١٩٥١.
- ديوان خطوات فى الغربة، شعر بيروت ١٩٦٥.
- ديوان رحلة الحروف الصفر، شعر بيروت ١٩٦٨.
- ديوان حوار عبر الابعاد الثلاثة، شعر بيروت ١٩٧٢
- ديوان أغانى الحارس المتعب، شعر، بيروت ١٩٧١.
- ديوان الى بيروت مع تحياتي
- ديوان أبواب الى البيت الضيق
- ديوان آخر الدرب.
- المعجم الشعري، بلند الحيدرى نموذجا، للكاتب ابراهيم جعفر علي،
- ضلع المثلث، للكاتبة و الناقدة الكويتيه تهانى فجر.

دوو دیوانی شیعری بڵند حەیدەری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و چەندین شیعریشی وەرگێڕدراوتە سەر زمانە بیانییەکانی دیکە.

شاعیر بڵند حەیدەری لە ڕۆژی ٦-٨- ١٩٩٦ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەشی هەر لەوێ لە گۆڕستانی(های جیت) نێژراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

**نموونەیەک لە شیعرەکانی:**

**أنا أهواك ولكن**

**غير ما تهوين أهوى**

**أنا أهواك جراحا في حياتي تتلوى**

**كلما هدهدتها**

**أهدت إلى العالم نجوى**

*

**أنا أهواك نشيدا**

**أزليا**

**يتغنى**

**فيه ذوبت شبابي الرائع الألحان لحنا**

**ولنفن بعده**

**فالحب عمر ليس يفنى.**


سەرچاوەکان:

١ - مجلة الناقد العراقي، مقالة للكاتب نجم عبدالكريم بعنوان(الشاعر و الانسان بلند الحيدري).

٢- الصفحة الاليكترونية(جهة الشعر) مقابلة اجراه الكاتب هاشم شفيق فى لندن مع الفنانة التشكيكية(دلال المفتى).

٣- ضفة ثالثة صفحة اليكترونية ، مقالة للكاتب سليمان بخيتي فى ١-٨- ٢٠٢١.

٤- صحيفة الشرق الاوسط مقالة للكاتب عبدالرحمن مقلد تحت عنوان(بلند الحيدري الريادة المفقودة) فى ١٦-٤-٢٠١٨.

٥- صحيفة الشرق الاوسط ، مقالة للكاتب شوقى بزيع تحت عنوان(بلند الحيدري ريادة لم ينصفها النقاد) فى ٢-٥- ٢٠١٨.

٦- ويكيپيديا - الموسوعة الحرة.

٧ - شبكة الإعلام العراقي، برنامج(بروفايل)من إعداد و تقديم حافظ علي.

٨- مجلة البيان، الكويت، العدد ٤١٢، نوفمبر ٢٠٠٤.

٩- هەندێ زانیاری لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری وەرگیراوە.



# محەمەد موکری

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ ڕەوانشاد محەمەد موکری..

ڕۆماننووس محەمەد موکری لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی قەڵای شاری کەرکوک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، لە سەرەتای ژیانی لاوێتیدا خولیای نووسینی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، مرۆڤێکی کوردپەروەر و بە هەڵوێست بووە، چۆتە ڕیزی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە چەک و قەڵەمەکەی(٩) ساڵ بەرگری لە مافە ڕەواکانی میللەتەکەی کردووە، هەر لەو کاتەی لە شاخ بووە بایەخێکی زۆری بە کاری نووسین و ڕۆژنامەگەری داوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی شاخ بەرهەمەکانی بە بەردەوامی بڵاوکردۆتەوە، گۆڤاری کەلتوری لە شاخ و گۆڤاری پەیڤینی لە شار دەرکردووە کە دوو گۆڤاری ئاست بەرزبوون لە ڕووی ناوەڕۆک و ئەو بابەتانەی کە تیایاندا بڵاودەکرانەوە.

محەمەد موکری چەندین چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری نووسیوە، چەندین شانۆ و شاکاری نووسەرانی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە: ڕۆمانی(سەگوەڕ) کە بە شێوازێکی ڕەخنە ئامێز لەسەر شۆڕشی نوێی کوردیی نووسیوە، ئەم ڕۆمانە کاتی خۆی مشتومڕێکی




**له لای ڕاستەوە: بەڕێز فەهمی کاکەیی ، نووسەر محەمەد موکری**

زۆری نایەوە لە ناو شۆڕش و کاردانەوەیەکی زۆریشی لێکەوتەوە و گەیشتە ئەوەی لێپێچینەوەی توندی لەگەڵدا بکرێت، تا مام جەلال خۆی وەک سەرکردە و مرۆڤێکی خوێندەوار بە هەڵوێستی نێو شۆڕش هاتە دەنگ و بڕیاری دا کە دەبێ قەڵەم بە قەڵەم بەرپێچ و وەڵام بدرێتەوە، پاشان وای لێهات هەر مام جەلال خۆی لە چاپەکانی دواتر پێشەکی بۆ ڕۆمانی سەگوەڕ بنووسێت.

نووسەر محەمەد موکری بایەخێکی زۆری بە هونەری شانۆ داوە، دوو شانۆگەری نووسیوە و (١٠) شانۆگەریشی لە شاکاری شانۆیی گەورە شانۆنووسانی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.



نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس محەمەد موکری بەشی زۆری بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی بار و دۆخی ئەوسای شۆڕش و کورد بووە بە گشتی، هەمووشی بە شێوازێکی ڕەخنەگرتن نووسیوە و لە چاپیداون و بڵاویشیکردوونەتەوە، کە ئەمانەن:




- ڕۆمانی سەگوەڕ، دوو جار چاپکراوە.
- ڕۆمانی تۆڵە، دەزگای ئەندێشە چاپی کردووە.
- ڕۆمانی ئەژدیها.
- ڕۆمانی نێچیر.
- ڕۆمانی هەرەس، چوار جار چاپکراوەتەوە، چاپی یەکەم ٢٠٠٥.
- شانۆگەریی هاڕونە ڕەشید، لە نووسینی خۆی.
- شانۆگەریی دادگا، لە نووسینی خۆی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٦.
- تاراس بۆلبا، وەرگێڕان، سێ جار چاپکراوە، چاپی سێیەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٧.
- (١٠) شانۆگەریی نووسەرانی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەوانە (ئۆگێست سترنبێرگ، جۆرج ثیوتوکا، جۆزێف ئوکوتور، جەلیل حەمەد قولی زادە)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

محەمەد موکری لە ڕۆمانی(هەرەس) دا باس لە ئێش و ئازاری کورد هەر لە بوونیەوە و درێژبوونەوەی و بەردەوام بوونی تا بە ئەمڕۆ دەگات، ئەو نووسەرێکی زۆر بە هەڵوێست و کوردپەروەرێکی سەرسەخت بووە و ئارەزوو و ئامانجی گەیشتنی گەلەکەی بووە بە ئاواتەکانی.

دەربارەی ڕۆماننووس محەمەد موکری شاعیری گەورەی کورد، نەمر شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (محەمەد موکری لەگەڵ(حسێن عارف) دا خاوەنی درێژترین نەفەسی چیرۆکن لە ناو هەموو چیرۆکنووسانی ئەم سەردەمەدا، لێرەشدا مەبەستم لە نەفەسی درێژ، وردکردنەوەی شتە بچووکەکان و بەردەوامبوونە لەسەر نووسین بە بێ خۆ دووبارەکردنەوە و بە بێ ئەوەی هەست بە ماندوو بوون بکەیت، هەر ئەم سیفەتەش بۆتە بنەمایەک بۆ ئەوەی ڕوو بکاتە دنیای چیرۆکی درێژ و ڕۆمان لە نێوان چیرۆکێک و چیرۆکێکی تردا، هەر لە یەک ماوەی زەمەنیدا هەڵچوون و داچوونی

هونەریی هەیە، ئەو بەرهەمانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کێشەی دەروونی خودی چیرۆکنووس خۆیەوە هەیە، پێگەیشتووترن. موکری سوودێکی باشی لە خوێندنەوەی خۆی وەرگرتووە، لە سەرەتادا بە پرش و بڵاوی دەستی پێکرد، هەندێ نووسینی ئارەزووکاریی وەختییان پێوە دیارە ویەکێتیی بابەتیان کەمتر لەسەر ئەو بابەتەی هەڵئەبژێرێ، وزەی تەواوی خۆی بداتێ، شەپۆلی زەینی و تەجریدی، ئەوەندە ڕاپێچی نەکەن بۆ ئەوەی لە جەوهەری مەبەستی دووربخەنەوە، ئەوە ئەتوانێ کاری گەورەی ئەدەبی ئەنجام بدات).

محەمەد موکری (٥٠) ساڵ خەریکی نووسین بووە، دەیان وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، ئەو سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێکی دیکە بوو، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەداوە، زیاتر لە(١٥) ساڵ لە سلێمانی ژیاوە و خاوەنی چوار کوڕ و کچێک بووە، لە بەرە بەیانی ٦-٥-٢٠١٢ بە نەخۆشیی دڵ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، هەمان ڕۆژ لە مەڕاسیمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی ڕاپەڕین هەر لە شاری سلێمانی بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١- کوردیپێدیا.

٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای- ئازاد.

٣- Manu midia، بنکەی ڕووناکبیری ژین.

٤- نووسین و دارشتنی خۆم.



# هەردەوێڵ کاکەیی

شاعیر و نووسەر و کەلەپور و فۆلکلۆرناس، کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی تێکستی دیوانی شاعیرە لە بیرکراوەکانی ناوچەی گەرمیان هەردەوێڵ کاکەیی...

ناوی تەواوی(هەردەوێڵ تاڵیب نەجمەدین فەرەج دەروێش)ە، لە ناوچەی گەرمیان و کوردستان بە هەردەوێڵ کاکەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی (تۆبزاوە)ی سەر بە ناوچەی (داقوق) ی پارێزگای کەرکوک لە بنەماڵەیەکی جووتیار و کاسبکار لە دایک بووە، وەکو هاوتەمەنەکانی لە تەمەنی(٧)ساڵیدا چۆتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەکەیان(تۆبزاوە)، تەواوی کردووە، بە هۆی کۆچی دوایی دایکی و بار و دۆخی ناهەموار و دەستکورتییان نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

هەردەوێڵ کاکەیی هێشتا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە، خولیاو سەودای خوێندن و نووسینی کوردی بووە، ئەو دیویەتی(فەلەکەدین کاکەیی) هەر خەریکی خوێندنەوەی کتێب بووە(کتێبی قوتابخانە نا) بەڵکو کتێبی دیکە کە ڕۆشنبیری و زانیاریی گشتی مرۆڤ زیاد دەکات، بۆیە هانی ئەویشی داوە کە بەردەوام بێت لە خوێندنەوە، ئەویش بە خوێندنەوەی حیکایەت و بەسەرهات و داستانەکانی وەکو(شیرین و فەرهاد)ی خانای قوبادی و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی، نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی، هونەرمەند مەزهەری خالقی، نە ناسراوە**

خورشـید و خەرامـان و حەیدەرنامـە ..هتـد) کـە وەکـو نامیلکـە ئـەو کات لـە کەرکـووک دەسـتیکەوتوون، لـە سـاڵی ١٩٦٢ کـە دەچێتـە شـاری سـلێمانی لـە پێـش دەرکـی سـەرا چـاوی بـە کتێـب و وێنـەی نەمرانـی کـورد وەکـو شـێخ مەحمـود و مـەلا مسـتەفای بارزانـی چەندانـی دیکـە دەکەوێـت لەسـەر شۆسـتە دانـراون، کۆمەڵێـک کتێبـی کـوردی لەوانـە (دیوانـی قانیـع، دیوانـی بێکـەس، دیوانـی پیرەمێـرد) دەکڕێـت و بـەردەوام دەبێـت لـە شـیعر خوێندنـەوە و خۆپێگەیانـدن.

هەردەوێڵ کاکەیی سەرەتا گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، بەڵام دیارە خۆی ڕای لێ نەبووە، بۆیە بە کەسی پیشان نەداوە، لە یەکێ لە سەفەرەکانی بۆ شاری بەغدا چاوی بە شاعیر و نووسەر عەبدولڕەزاق بیمار دەکەوێت و باسی شیعرەکانی خۆی بۆ دەکات، ئەویش پێی دەڵێت: بۆم ناهێنیت تەماشایەکی بکەم، دیارە ئەویش بۆی دەبات، پاش چەند ڕۆژێک عەبدولڕەزاق بیمار بە پێشەکییەکی جوان بۆی دەنێرێتەوە پێی دەڵێت: شیعرەکانت زۆر باش و جوانن لە چاپیان بدە، هەندێ کەس پێیان وتوە واز لە شیعر نووسین بێنە و خەریکی کارەکەی خۆت ببە، کە بیرۆکەی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و کەشکۆڵ و دەستنووسی شاعیرەکانی دەڤەری گەرمیانی بووە، بۆیە دەستی کردووە بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دیوانی چەند شاعیرێک، یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی ئەو، دیوانی(شاعیر میرزا خەلیل منەووەر کاکەیی) بووە بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر مستەفا نەریمان کە لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاویان کردۆتەوە و نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەیی پێشەکی بۆ نووسیوە، هەر لە هەمان ساڵدا کتێبی دووەمی بڵاوکردووەتەوە کە دیوانی(مەلا عەباس حیلمی) بووە، ئیدی بەردەوام بووە لە کۆکردنەوەی پەند و حیکایەت و هۆنراوە و داستانە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەی کەرکووک و دەوروبەری و




**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هەردەوێڵ کاکەیی، هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار، نە ناسراوە**



هەردەوێڵ کاکەیی لە کاتی وتار خوێندنەوەدا


کەلەپوور و کەلتووری شەبەک و دیالکێتی ماچۆ، هەموو ئەوانەی بە گەڕان و سووڕان و بە ڕاستەوخۆش لە دەمی ئیختیار و پیرێژن و گۆرانیبێژ و مەقامبێژە کوردەکان وەرگرتووە، ئەو هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەم ئامانجە تەرخانکردووە و تا ئێستا توانیویەتی زیاتر لە(٥٠) کتێب چاپ بکات، زۆر بایەخیشی بە کەلتووری(شەبەک) داوە، بە یارمەتیی ئینستیوتی کەلەپووری کوردیی سلێمانی(٥)کتێب و فەرهەنگێکی پەندی پێشینانی شەبەکی چاپ کردووە کە زیاتر لە(٢٠٠) چیرۆک و حیکایەتی بەرئاگردان و دیوانی شاعیر عەباس خەجان کە شاعیرێکی شەبەک بووە لەخۆدەگرێت، وا هەندێک لە بەرهەمەکانی نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی-تان بۆ دەنووسمەوە:

- کەشکۆڵی کوردەواری، کۆمەڵە بابەتێکی فۆلکلۆریی دەڤەری گەرمیانە.
- دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی ١٨٧٨-١٩٢٣.
- داستانی خورشید و خەرامان.
- دیوانی مام شەوکەتی کاکەیی(چیا شین).
- دیوانی مەلا نەجمەدین بێبەش ١٩١٥-١٩٩٠.
- عەبداڵ داودە و بەرهەمەکانی.

- چەپکێ لە هۆنراوەکانی سەی وەهابی کاکەیی.
- داب و نەریتی کوردەواریی ناوچەی گەرمیان.
- هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆکلۆریی کوردی ناوچەی گەرمیان، سێ بەرگ.
- ئیدیۆم لە دیالێکتی ماچۆ دا.
- ڕەنگ لە فۆلکۆری کوردیدا.
- دیوانی مەلا حەسەن نەوحی زەنگنە.
- فەرهەنگی شەبەک.



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو....، نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی**



**نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی لە دوو تەمەن و جل و بەرگی جیاوازدا**




**بەرهەمەکانی هەردەوێڵ کاکەیی**

- دەرمانسازیی فۆلکلۆری لە دەڤەری کەرکووک ٢٠٠٩.
- داستانی بارام و گوڵئەندام ٢٠١٣.
- داستانی جەنگنامەی بەرزۆ و فلامەرز ٢٠١٥.
- مەتەڵ لە ناوچەی شەبەکدا ٢٠٠٨.
- مەتەڵی کوردەواری ٢٠١٧.
- ئاوایی تۆبزاوە، ٢٠٠٧.

چەندین بەرهەمی دیکە...

نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی تۆزێ بەساڵدا چووە، بەڵام هێشتا

بەردەوامە لە نووسین و خوێندنەوەو کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی تێکست و دەستنووس و کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی، بە ڕاستی خزمەتێکی زۆری بە کەلەپوور و کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی گەیاندووە، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- فیلمێکی دوکیومێنتاری K٢٤، بەرنامەی فەرهەنگە سپییەکان، هەردەوێڵ کاکەیی.

٢ - بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپوور.

٣- کوردیپیدیا.

٤- لاپەڕەی فەیسبووکی کەسایەتییە دیارەکانی کاکەیی، لە ٢٤-٢-٢٠٢٢.


٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئەمجەد شاكەلی

نووسەر و وەرگێڕ، ئەمجەد شاكەلی...

نووسەر ئەمجەد شاكەلی لە ساڵی ١٩٤٩ لە(گوندی كەلار) كە ئێستا ئیدارەیەكی سەربەخۆیە و جاران سەر بە شاری كفری بوو، لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی كەلاری سەرەتایی و قوتابخانەی گوندی (كۆڵەجۆ)ی سەر بە ناوچەی زەنداباد (زەنگاباد) تەواو كردووە، ئامادەییشی لە شاری كفری تەواو كردووە، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢ بەشی ئابووری لە كۆلیژی (كارگێڕی و ئابووری- الإدارة و الإقتصاد) ی زانكۆی بەغدا بە سەركەوتوویی تەواو كردووە، پاش خزمەتی سەربازی وەكو فەرمانبەر لە (بەڕێوەبەرایەتیی ئامار- مديرية الإحصاء) لە شارەكانی كەركووك و هەولێر و سلێمانی دەست بەكار بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ماوەی(٩) مانگ دەستگیر كراوە و ڕەوانەی بەندیخانەی كەربەلایان كردووە و پاش ئازار و ئەشكەنجەیەكی زۆر ئازاد كراوە، لە ساڵی ١٩٨٠ ڕووی لە هەندەران كردووە و لە ساڵی ١٩٨١ ەوە، لە وڵاتی سوید نیشتەجێبووە، هەر زوو فێری زمانی سویدی بووە و لە زانكۆی(ئۆپسالا) لە سوید بەشی زانستی زمانانی ئێرانی و ئێراناسی خوێندووە.




نووسەر ئەمجەد شاکەلی هەر لە سەرەتای لاوێتیدا حەز و خولیای لە خوێندن و خوێندنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسین کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ یەکەم بەرهەمی خۆی کە دوو کورتە چیرۆک بووە، لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، ئیتر بەردەوام بووە لە نووسین لە بوارەکانی زمانەوانی و مێژوو و لێکۆڵینەوەی سیاسی و فیکری و فەلسەفی و وەرگێڕان کردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ یەکەمین کتێبی خۆی لە چاپداوە، تا ئێستا(١٥) کتێبی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

- چەوساوەکانی زەوی(کوردستان)، نووسینی نووسەرانی سویدی (ئەندرێس کونگ، ئوولۆف.گ.تاندبەری)، وەرگێڕان لە زمانی سویدی بۆ سەر زمانی کوردی، چاپخانەی ئارارات، سوید ١٩٨٨.
- منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران، چاپخانەی ئاپیک سوید ١٩٨٩.
- کورد گەلێکی بێ وڵات، نووسینی نووسەری سویدی(ڕونیە لۆمبۆرن) وەرگێران لە سویدییەوە بۆ کوردی، چاپخانەی ئاپیک، ستۆکهۆلم ١٩٩٤.
- کورد و مەسەلەی کورد، نووسینی دکتۆر شاکر خەسباک، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ ١٩٩٧.



















**بەرهەمەکانی نووسەر ئەمجەد شاکەلی**

- زێن و خۆناسین، نووسینی(تایسن دێشیمارو)، وەرگێڕان لە سویدییەوە بۆ کوردی، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر حەسیب ڕۆژبەیانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر ١٩٩٩.
- ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ، دیدار لەگەڵ نووسەر ئەمجەد شاکەلی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەکیم کاکەوەیس ئەنجامیداوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر ٢٠٠٤.
- کورد مەسەلەی کورد، دکتۆر شاکر خەسباک وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی دووەم دەزگای ئاراس- هەولێر ٢٠٠٥.
- زمانی کوردی ناسنامە و نیشتمانی کوردە، چاپی یەکەم چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠١١.
- ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ،(کۆمەڵێک دیدار)، چاپی دووەم، چاپخانەی زانا سلێمانی ٢٠١٦.
- سەدەیەک گەڕانەوە بۆ قووڵایی مێژوو، گەشتێک بۆ ئیسیووپیا، ناوەندی بیری میانڕەو، چاپی یەکەم، تاران ٢٠١٨.
- خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی بیری میانڕەو و ڕێکخراوی هاوسانی، چاپی یەکەم، تاران ٢٠١٩.
- ئاوڕدانەوەیەک لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتناسی، ناوەندی بیری میانڕەو و ڕیکخراوی هاوسانی و ڕێنوێن، چاپی یەکەم، ٢٠٢١.
- گۆڕانە مەزنەکان لە هزرێکەوە دەست پێ دەکەن، چاپی یەکەم چاپخانەی

کارۆ- سلێمانی ٢٠٢٢.

- وەرگێڕانی(جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ- إعلان حقوق الإنسان)بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە، چاپی پاریس ١٩٨٩.
- بە هاوبەشی و هاوکاری لەگەڵ نووسەران(فەرهاد شاکەلی، فەهمی کاکەیی، مهاباد قەرەداغی) دانانی چەند کتێبێکی خوێندنەوەی کوردی بۆ خوێندکارانی کورد لە سوید وەکو(گەرمیان، دیلان).
- نووسەر ئەمجەد شاکەلی هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە تاوەکو ئیستاش بە بەردەوامی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە کوردی و ئەوروپییەکان، بابەتی زمانەوانی و مێژوویی و فیکری و فەلسەفەیی و هەمەجۆری دیکەی نووسیوە و دەنووسێت، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیمان.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر ئەمجەد شاکەلی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# قەهـار شـێخانی

شاعیر و نووسەر، میدیـاکار و ڕۆژنامەنـووس قەهـار شـێخانی...

نـاوی تـەواوی( عەبدولقەهـار کەریـم عومـەر) ە، بـە قەهـار شـێخانی ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٧٤ لـە شـاری هەولێـر لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیـی بازرگانـی هـەر لـە هەولێر تـەواو کردووە.

قەهـار شـێخانی هـەر چەنـدە دەرچـووی ئامادەیـی بازرگانیـە، بـەڵام هـەر لە منداڵییەوە سەوداو خولیای شیعر و ئـەدەب و ڕاگەیاندن و وشـەی جوانی کـوردی بـووە، بۆیـە زۆر ئـازا و بوێرانـە قۆڵی خـۆی لێ هەڵماڵیـوەو چۆتـە مەیدانـی شـیعر و ئـەدەب و ڕاگەیاندنـەوە.

لـە سـاڵی ١٩٨٩ دەسـتی بـە نووسـینی شیعری کـوردی کردووە و یەکـەم دەسـتپێکی شـیعریی قەهـار شـێخانی لـە سـاڵی ١٩٩٨ بـووە کـە پارچـە شـیعرێکی تایبـەت بـە منـداڵان بووە و لـە ژمـارە (٦١ )ی گۆڤـاری (هەنـگ) بڵاوی کردۆتـەوە، هـەر لـە سـاڵی ١٩٩٨ چۆتـە جیهانـی ڕاگەیانـدن وەکـو میدیاکارێکـی سـەرکەوتوو کۆمەڵێک بەرنامـەی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری لە ڕادیـۆی ئـازادی ئامـادەو پێشـکەش کـردووە ، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ تـا ٢٠٠٥ لێپرسـراوی بەشـی ئـەدەب و ڕۆشـنبیری بـووە لـە دەزگای گۆنـاو گۆڤاری گۆنـا، لـە سـاڵی ٢٠٠٤ەوە، ئامـادەکارو پێشـکەشکاری بەرنامـەی (کـۆزار) بـووە لـە تەلەفزیۆنـی گەلـی کوردسـتان، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ بـەردەوام بووە لە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، شاعیر و نووسەر قەهار شێخانی**

ئامادەکردن و پێشکەش کردنی چەندین بەرنامەی ئەدەبی و رۆشنبیری و پەروەردەیی لە ڕادیۆی دەنگی هەولێر، لەوانە بەرنامەکانی(گوڵە شیعر، بزوێنی شیعر، دەنگێک، ڕازی دڵ، بەرنامەی پرد، هەولێر لە لاپەڕەکانی مێژوودا، شەبەنگی هونەر و هەناسەکانی شیعر، ئەستێرە گەشەکان... ..هتد).

قەهار شێخانی هەر میدیاکار نیە بەلکو نووسەر و رۆژنامەنووسیشە، کۆمەڵێک بابەتی هونەری و شیعر و لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(کوردستانی نوێ، خەبات، پاڵە، ئاڵای ئازادی، ڕێگای کوردستان، تاکاغەز، دەنگی مەخمور، نووسەری کورد، کوردستان ڕاپۆرت، نەوشەفەق، گزنگ، هەرێم، گوڵان، خازر، ئاسۆ، نواڵەی نوێ، هاوبەش، ماڵپەڕی چرا و چەندانی دیکە).

شاعیر قەهار شێخانی بەشداریی لە ئامادە کردن و پێشکەشکردنی چەندین بەرنامەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەمەجۆر کردووە، لە بەشی هەرە زۆری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی کوردستان کاری کردووە لەوانە (کەناڵی ئاسمانی کوردستان TV ، گەلی کوردستان، کەناڵی ئاڤا، تەلەفزیۆنی ئازادی، تەلەفزیۆنی جیهان، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، ڕادیۆی هێلین، ڕادیۆی پایتەخت، ڕادیۆی زاگرۆس، ڕادیۆی ئاشتی،

ڕادیــۆی جیهــان، ڕادیــۆی زەحمەتکێشــان، ڕادیــۆی پێشــکەوتن).

قەهــار شــێخانی بەشــداریی لــە دەیــان کــۆڕ و کۆبوونــەوەی شــیعرخوێندنــەوە کــردووە چ بــە تەنیــا بــۆ شــیعرەکانی خــۆی و چ بــە بەشــداریبوونــی و هاوڕێکانــی دیکەی لــە شــاعیران و نووســەران لــە بەشــی زۆری شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتان، بەشــداری لــە فیســتیڤاڵی شــیعری نەتەوەکانــی کەرکووک کــردووە و خەڵاتــی تایبەتــی پێبەخشــراوە، لــە چەندین کــۆڕو پێشــبڕکێی شــیعری وەکو ئەندامــی هەڵســەنگاندنی دەقــە شــیعرییەکان دەستنیشــان کــراوە.

ناوبــراو لــە ســاڵی ٢٠٠٩ سەرپەرشــتیی یەکەمیــن فیســتیڤاڵی ئەدەبــی ڕێکخــراوی تواناکانــی لاوانــی کــردووە کــە بــۆ مــاوەی (٣ ) ڕۆژ لــە هەولێــر بەڕێــوە چــووە.

قەهــار شــێخانی ئەندامــی کارای ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتانە، تــا ئێســتا کۆمەڵێــک لــە شــیعرەکانی لــە لایــەن گۆرانیبێژانــی کوردســتان کراونەتە گۆرانی و ڕۆژانە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کوردستان لێدەدرێن، لەوانــە (دڵشــاد تۆفیــق، دانــا عەبدولجەبــار- یــاری مــن لێــو ئاڵــە . گۆرانــی




لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو سەروین دەروێش، نووسەر و میدیاکار قەهار شێخانی

بۆ شۆخێکی سلێمانی، هەڤال مەحمود، کۆچ . ئەم شەو . جوانە مەڕۆ ، خۆشەویستی هیرانی، جەژنانە، سوتماک دەتناسم کە نوری گەرمیانی وتویەتی).


ناوبراو یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی بە شێوەی فۆتۆکۆپیێ کە بریتییە لە (٥٠ )هۆنراوە لە ژێر ناو نیشانی(فرمێسکی شیعر) بڵاوکردۆتەوە.

قەهار شێخانی لە بواری رۆژنامەگەری و میدیاکاری زۆر سەرکەوتووانە کارەکانی جێبەجێ دەکات و پەیوەندیشی لەگەڵ هەموو شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنبیرانی هەولێر و هەموو کوردستان زۆر باشە، بۆیە لە زۆربەی بۆنەکان و ساڵیادی شاعیران و نووسەران و نمایش کردنی کتێب و زۆر چالاکیی دیکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری چ بە خۆی خۆبەخشانە چ داوای لێکرابێت و لێدەکەن هەرگیز دریغی نەکردووە لە هەڵسووڕاندن و پێشکەش کردنی ئەم جۆرە چالاکییانە لەوانە:

- لە ٢٠٢١/١١/٢٩ لە زانکۆی جیهان بە بۆنەی هەفتەی ڕۆشنبیری و ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بە چەند دەقێکی شیعری بەشداری کردووە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر قەهار شێخانی، هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و میدیاکار قەهار شێخانی، شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی**

- نووسینی بابەتێک بە ناونیشانی - جەلال سەعید ئاوازێکی باڵا بەرز، لە ژمارە ٨٥٥٥ ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە.
- لە ٢٠٢١/١١/١٤ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ میدیاکار خاتوو دالیا لە ڕادیۆی هێلین.
- لە ٢٠٢١/١٠/١٦ لە ساڵیادی ڕۆژی کردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاشتی لە هەولێر فیستیڤاڵێکی شیعر خوێندنەوەو گۆرانی و مۆسیقا و نمایشی چەند کتێبێک، بە سەرکەوتوویی گێڕاوە.
- لە ٢٠٢١/١٠/٢٥ قەهار شێخانی سەردانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد کاک مومتاز حەیدەری کردووە، دەست خۆشی لێدەکەین و بە هیوایین نموونەی ئەم کارە جوانانە هەر زۆر بێت، وا وێنەی سەردانەکەم هاوپێچ کردووە.

قەهار شێخانی هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و ئاسۆیەکی زۆر بەرفراوانی لە پێشدایە بۆ بەردەوام بوون و نواندنی چالاکییەکانی لە



قەهار شێخانی:
شیعر زادەی خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئیلهامی شاعیرە لەدەروونەوە



جەلال سەعید، ئاوازێکی باڵابەرز

بـواری شـیعر و نووسـین و ڕۆژنامەوانـی و کاری ڕاگەیانـدن و میدیـاکاری، سـەرکەوتن و سـەرفرازی و تەمـەن درێـژی لـە خودای گەورە بۆ دەخوازم، وا پارچـــە شـــیعرێکی شـــاعیری کـــورد قەهـــار شـــێخانی بـــە نـــاو نیشـــانی ڕانەهاتــن- تــان بــۆ دەنووســمەوە:

## ڕانەهاتن

ماوەیەک بوو تۆ ڕووناکیت
دەبەخشی بە ژیانم
بۆ لە خۆڕا تاریکت کرد
بەردیدەم نووری چاوانم !

***

دە وەرەوە وەکو جاران
دەست لە ملم بئاڵێنە
وەرە ڕازی دڵی خۆتم
بە گوێچکەدا بچرپێنە
چۆن بتوانم بێ تۆ هەڵکەم
من لێرە بم ئەتۆش لەوێ
بە بینینی کێ لەمەودوا

زمانم لە گۆ بکەویَ

***

کیَ گەڵای عومری پایزی
تەنیایی من کۆکاتەوە ؟
ئەو کاتانەی خەمم هەیە
کیَ بیَ دڵم بداتەوە ؟

***

بۆ چی وەکو زەردەپەڕیَ
ئاوا زوو وون بووی لە چاوم
خۆ من ئێستا لە دووری تۆ
لە بیری خۆشم نەماوم

***

پیٚم بڵیَ ئیٚستا بۆ کویَ بڕۆم
خۆم و ئەم دڵە شەیدایەم
پیٚم نەوتی کچیَ شیٚتە
لەگەڵ دووری تۆ ڕانایەم

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١ -ژیاننامەی شاعیر قەهار شێخانی لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سەگڤان عەبدولحەکیم

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری ناسراو و دیاری کورد، ڕەوانشاد سەگڤان عەبدولحەکیم...

ناوی تەواوی(سەگڤان عەبدولحەکیم ئیبراهیم)ە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە شاری زاخۆ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری زاخۆ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٧ ماوەیەک بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، پاش ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ چۆتە بەغدا، لە ئێزگەی کوردیی بەغدا وەکو (بێژەر- مذیع) و ئامادەکار و پێشکەشکاری پرۆگرام و بەرنامەکان دەست بەکار بووە، سەرەڕای ئەوەی بێژەر بوو، لەگەڵ هونەرمەند(دیدار) بەرنامەیەکی هونەری تایبەتییان بە(زارۆکان- مندالان) هەبوو، چەندین شیعر و چیرۆکی مندالانیان پێشکەش و نمایشکردووە، چەندین پارچە شیعری داوەتە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ لەوانە(گوڵبەهار، سەمیر زاخۆیی، ئەیاز زاخۆیی و چەندانی دیکە)، کردوویانەتە گۆرانی.

نووسەر و میدیاکار سەگڤان عەبدولحەکیم لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ ماڵ و خێزانەکەی ناردۆتەوە دهۆک، لەگەڵ ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی




**له لای ڕاستەوە: دکتۆر شەعبان مزووری، نووسەر و میدیاکار سەڤان عەبدولحەکیم، نووسەر و ڕۆماننووس محەمەد سەلیم سواری**







١٩٩١ بەخۆشی بەغدای بەجێهێشتووە و هاتۆتەوە کوردستان و لە بەشی ڕاگەیاندنی پارێزگای دهۆک دەست بەکار بووە.

ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی لەسەر ژیان و بەرهەمی شاعیران و هونەرمەندان و بۆ زارۆکان نووسیوە و لە چاپیداون و بڵاویشی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- هەڤاهەڤالۆشکێ، بۆ زارۆکان.
- چۆخکێ ئەیاز، لەسەر ژیان و بەرهەم و گۆرانییەکانی هونەرمەندی نەمر ئەیاز یەسف زاخۆییە.
- کتێبێک لەسەر شاعیری گەورەی کورد(جگەرخوین).
- کەوێ رباد، کتێبێکی تایبەتە بە ژیان و بەرهەم و گۆرانی و خەباتی هونەرمەندی گەورەی کورد(محەمەد عارف جزیرێ).

- ئەلبۆمێکی تایبەت بە وێنەکانی شاری زاخۆ.







نووسەر سەگڤان عەبدولحەکیم سەرەڕای نووسین و کاری ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناش بووە، دەیان وتاری هەمەجۆری لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە ڕۆژنامەکانی(بزاڤ، هاوکاری، گۆڤارەکانی نووسەری کورد، بەیان، دەلال، مەتین، ڕەنگین...و چەندانی دیکە)، هەروەها دەورێکی گرنگی هەبووە لە بەرەو پێشبردنی ئاستی ڕادیۆی زاخۆ و دەلال و کەناڵی تەلەفزیۆنی دەلال و چوارچراو لە زاخۆ، چەندین میدیاکاری گەنج لەسەر دەستی ئەو فێری کاری ڕاگەیاندن بووینە، سەبارەت بە نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەگڤان عەبدولحەکیم نووسەر فەرهاد حاجی دەڵێت:(سەگڤان عەبدولحەکیم پشتی سەر هەڵدانا بەهارا ١٩٩١ ژ بەغدا قەستا



**لە لای ڕاستەوە: میدیاکار سەگڤان عەبدولکەریم، میدیاکار محەممەد جیهاد حەسەن، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس، هونەرمەند و میدیاکار هاشم عەلی مەندی، نە ناسراوە**




دهۆکێ کرو مینا بەرپرسێ رەگەهاندنا پاریزگەها دهۆکێ کەتەکاری، پاش بە رەڤ هەندەران کەتە رێ و ل وەلاتێ سوید ئاکنجی بوو، د دووڤ وا ل چەندین کەنالێن راگەهاندنێ ل زاخۆ کارکرد، هەتا رۆژا خۆیا دووماهیێ ژی بە باشترین شێوە خزمەتکارێ دۆزا گەلێ خو و بوارێن رەوشەنبیری و راگەهاندن و هونەری کوردی بوو، ئەندامی ئێکەتیا نڤیسەرێن کوردی لقی دهۆک و ئەندامێ سەندیکا رۆژنامە نڤیسێن کوردستان بوو).

لە ڕۆژی ٩- ٣- ٢٠١٠ بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی لە زاخۆ بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

لە ڕۆژی ٢١-٤-٢٠١٠ بە بۆنەی ماتەمینی چلەی ڕەوانشاد سەگڤان عەبدولحەکیم، نووسەر و ڕۆماننووسی دیاری کورد محەمەد سەلیم سواری



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز کامیران برای سەگڤان عەبدولحەکیم،**
**میدیاکار سەگڤان عەبدولحەکیم، بەڕیز هەندرێن برازای سەگڤان عەبدولحەکیم**



گڵکۆی سەگڤان عەبدولحەکیم




وتارێکی دوورو درێژی لەسەر ژیان و بەرهەم و دەوری ئەو میدیاکارە گەورەیە نووسیوە و لە ژمارە (٣٥٧٣)ی ڕۆژنامەی (الزمان) بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها هەر ڕۆماننووس محەمەد سەلیم سواری کتێبێکی تایبەتی نووسیوە بە ناوی(ئەڤەیە سەگڤان عەبدولحەکیم) لە ساڵی ٢٠١١ لە چاپی داوە و بڵاویکردۆتەوە.

کورتە بیرەوەییەکم لەگەڵ هاوکار و هاوپیشەم سەگڤان عەبدولحەکیم، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ بەندە و چەند قوتابییەکی دیکە لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەکو(بێژەر-مذیع) لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بەکار بووین،(کەماڵ ڕەئووف و محەمەد سدیق ئیمام و مەحموود موفتی و سەگڤان عەبدولحەکیم) ئێمەیان وەرگرت و فێرە شێوازی خوێندنەوەی دەنگوباس و ئامادەکردنی پرۆگرام و بەرنامەکانیان کردین، زۆریش هاوکارمان بوون، چەندین جار سەگڤان عەبدولحەکیم یارمەتی بەندەی داوە، بە تایبەتی ئەگەر دەوامی بەیانیانم


کردنـەوەی ئێزگە(الإفتتـاح) بوایـە، دەیـوت: تـۆ دەوامـی کولیـەت هەیـە بـا لـە موحازەرەکانت دوانەکەویت، من(خیتامـم) هەیە واتە داخستنی ئێزگە، لەگەڵ من ئاڵوگۆڕی دەکرد، واتـە مـن دەبوومـە دەوامـی ئێـوارە و ئەویـش بەیانیـان، لەگـەڵ هاوڕێکانـی دیکـەش بـە هەمـان شـێوە هـاوکار بـوو.


سەرچاوەکان:

١- کورتەیـەک لـە ژیاننامـەی میدیـاکار و نووسـەر سـەگڤان عەبدولحەکیـم، هاوڕێـی دێرینـم نووسـەر محەمـەد سـەلیم سـواری لـە ئەمەریـکا بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - کوردیپیێدیا.

٣ - بیرەوەری و زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## محەمەد کوردۆ

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، وەرگێڕ و ڕەخنەگر و لێکۆڵەر، محەمەد کوردۆ...

ناوی تەواوی(محەمەد ڕەئووف قادر)ە، بە شاعیر محەمەد کوردۆ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧١ لە شارۆچکەی(چەمچەماڵ)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک(ئێستا سەر بە پارێزگای سلێمانی)یە، لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی لە چەمچەماڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ بەشی ڕاگەیاندنی لە پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١٩ کۆلێژی تەکنیکیی ڕاگەیاندنی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، ئێستا جێگری بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەرە لە سلێمانی و لە خزمەتکردن بەردەوامە.

شاعیر و نووسەر محەمەد کوردۆ زمانی کوردی زۆر خۆشدەوێت، ئەو کاتەی قوتابیی ناوەندی بووە، حەز و ئارەزووی چۆتە خوێندنەوە و نووسینی کوردی، بۆیە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعری



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، شاعیر محەمەد کوردۆ.**

شاعیرە کلاسیکی و نوێخوازەکانی کوردیمان و سەرەڕای خوێندنەوەی شاکارە عەرەبی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکان، لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ یەکەم نۆبەرەی شیعریی خۆی لە ڕۆژنامەی پاشکۆی(عێراق) بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩١ یش یەکەمین نامیلکە شیعری بە ناوی(خورپەی ناخ) بڵاوکردۆتەوە، ئیتر بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و وەرگێڕانەوە، تا ئێستا (١٧) کتێب و دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری وبابەتی دیکەی هەمەجۆری بە زمانێکی کوردیی شیرین و جوان و پاراو نووسیوە و هەمووشی چاپ کردوون، کە ئەمانەن:

- خورپەی ناخ، نامیلکەیەکی شیعری(بەر باخەل)ە، ساڵی ١٩٩١.
- هۆرەی قەڵا، شیعر، بەرهەمێکی هاوبەشە، ساڵی ١٩٩٢.
- چرپەی دڵ، نامیلکەیەکی شیعریی بەرباخەڵە، ساڵی ١٩٩٨.
- ئەفسانەی پایز، شیعر، ساڵی ٢٠٠٠.
- چرپەی ناخ، شیعر، ساڵی ٢٠٠١.

- ژنێک دەمرێ و پیاوێک بە چراوە نایە، شیعر، ساڵی ٢٠٠٥.
- گەڕان بە دوای شیعر و جیاوازییدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ساڵی ٢٠٠٦.
- لالەزاری وشە، کۆمەڵێک ڕەخنە و بابەتی ئەدەبییە، ساڵی ٢٠٠٧.
- لە ئیرادەی مەرگەوە بۆ ئیرادەی ژیان و دنیای خەونە گەورەکان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، ساڵی ٢٠٠٨.
- ژەنەڕاڵی خۆشەویستی، شیعر، ٢٠٠٨.
- جوانی و جیاوازی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، ساڵی ٢٠٠٩.
- بۆنی بەختەوەری، کۆبەرهەمی شیعرەکانی لە ساڵانی ١٩٨٦-٢٠١٠، ساڵی ٢٠١٠.
- دنیای سوهراب، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ساڵی ٢٠١١.
- گوڵزاری نووسین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٢.
- گوڵاوی دەستی یار، شیعر، ٢٠١٢.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد کوردۆ، شاعیری دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت**

- هەموومان مەفتوونی جوانین، وتار، ساڵی ٢٠١٣.
- هەمیشە جێیەک خاڵییە، وتار، ساڵی ٢٠١٧.
- چوار کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.

محەمەد کوردۆ هەر شاعیر و نووسەر و وەگێڕ و لێکۆڵەوەر نییە، بەلکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی زۆر بە تواناشە، لە ساڵی ١٩٩٣- ٢٠٠٠ پەیامنێر و بەرپرسی لاپەڕە بووە لە ڕۆژنامەی هەرێم، لە ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٣ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەست بەکار بووە و لە ساڵی ٢٠١٢ەوە، تاوەکو ساڵی ٢٠١٨ هەفتانە گۆشەیەکی تایبەتی هەبووە بە ناوی(ڕاز و نیاز) هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا کە وتاری جۆراوجۆری تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٥- ٢٠١٣ سەرنووسەری گۆڤاری(هەنار) بووە، کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و هونەری و ڕووناکبیری بووە و(٩٧) ژمارەی لێ دەرچووە، بە بەردەوامیش پارچە شیعر و بابەتی ئەدەبی ڕەخنەیی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووتەوە و دەکاتەوە.

لە ڕۆژی ١٨-١٠-٢٠٢٢ لە کۆلێژی پەروەردە و زمانی کوردی لە زانکۆی(چەرمۆ) لە چەمچەماڵ گفتوگۆ لەسەر نامەی ماستەری قوتابی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەممەد کوردۆ، شاعیر لەتیف هەڵمەت، بەڕێز فایەق نامۆ، نووسەر فریاد شوانی**



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز دلێر محەمەد، شاعیر و نووسەر حەسیب قەرەداغی، شاعیر محەمەد کوردۆ**

(ئەمیر تەها ئەحمەد) کە بە ناونیشانی (ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆ) کراوە، بە ئامادەبوونی شاعیر محەمەد کوردۆ و لیژنەکە و سەرپەرشتیاری نامەکە و قوتابیان ڕۆشنبیران، لە ٢٠-١٠-٢٠٢٠ بەشی چالاکی و ویژەیی لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بە هاوکاریی چاپخانەی کارۆ، ئێوارە کۆڕێکی خنجیلانەی شیعر خوێندەوەیان بۆ شاعیرانی هەولێر ڕێکخستووە بە ناونیشانی(کۆڕی مێوانداریێتی شاعیرانی هەولێر) کە تێیدا هەر یەک لەم شاعیرە بەڕێزانە بەشدار ببوون (خاتوو ئاواز سامان، بێستون هەولێری، ڕزگار جەباری، سالار کۆشار، خاتوو سروەی بەیان، قەهار شێخانی)، شاعیر و نووسەر محەمەد کوردۆ بەو پێیەی ئەدیب و نووسەر و



**لە لای ڕاستەوە: نوسەر عەبدولکەریم شێخانی، شاعیر محەمەد کوردۆ**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەممەد کۆردۆ، کاك زریان کوڕە گەورەی شاعیر محەممەد کوردۆ،**
**خاتوو گەلاوێژ خێزانی شاعیر محەممەد کوردۆ**

جێگری بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی سلێمانییە، هاوکاری و پشتگیریی کۆڕەکەی کردووە.

محەمەد کوردۆ لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراس و فیستیڤاڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان ئامادە دەبێت، ئەو هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی ، بەردەوامە لە نووسینی شیعر و وتاری لێکۆڵینەوە و بابەتی هەمەجۆری دیکە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی بڵاویان دەکاتەوە.

لە ساڵەکانی ١٩٩٩ەوە، تا ئێستا، سێ جار خەڵاتی دووەمی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە فیستیڤاڵەکانی گەلاوێژ پێ بەخشراوە.

لە ساڵەکانی ١٩٩٣ بە سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی لقی چەمچەماڵ هەڵبژێردراوە.

محەمەد کوردۆ هاوسەرگیری



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر لوتفی،**
**شاعیر محەممەد کوردۆ**




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر محەمەد کوردۆ**

کردووە لەگەڵ خاتوو گەلاویژ و خاوەن دوو کوڕو کچێکن بە ناوەکانی(زریان، بۆکان، دەرسیم) خودا تەمەنی خۆی و خێزان و منداڵەکانی درێژ بکات و هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر محەمەد کوردۆ- تان، بە ناونیشانی

**(دەستت هەر شیلە و شەکر بوو)** بۆ دەنووسمەوە:

دەستت هەر شیلەو شەکر بوو
گیانی شیرین چی ڕای پێچای؟
بۆچی وا بێدەنگ و متی؟
بۆ هیچ ناڵێی؟
کێ پێی وتی:
تۆ لای من وەک گوڵی ڕەعنای؟

ئاخر بە خوا تەنها گوڵ نا،
تۆ زۆر شتی...
تۆ خۆر و مانگ و ئەستێرە و
چەم و باخ و
مێرگ و دەریای...
لە پەرستگای ڕۆحیشمدا
نەک پەیکەرێکی ئاسایی،
تۆ دڵنشینترین بتی...
ئای چەند خۆش بوو
ئەم شەو لە ناو خەونێکمدا
تۆ منداڵ بووی
دەستت هەر شیلە و شەکر بوو
خۆم بۆم شتی..!


سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر محەمەد کوردۆ کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- کوردیپیدیا.

٣- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەباس بەدری

بۆ ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانیی سەرکەوتوو، ئەو وەکو سواڵکەریک خۆی نواندووە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکارو وەرگێڕی دیار و ناسراوی کورد ڕەوانشاد عەباس بەدری...



نووسەر عەباس بەدری
بە جاحێلی

ناوی تەواوی(عەباس باقر کازم)ە، بە عەباس بەدری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٣ لەگەڕەکی(التسابیل-عقد الاکراد- گەڕەکی کوردان)ی شاری بەغدا لە خانەوادەیەکی کوردیی فەیلیی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسین کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە ڕۆژنامەی خەبات کاریکردووە، لە ساڵی ١٩٦١ لە(صوت الاکراد- دەنگی کوردان) یش دەستبەکار بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی کردووە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١) لە مفاوەزاتەکەی

ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە بەغدا بە مەبەستی کاری ڕێکخستن و حیزبایەتی، بەڵام لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی بەغدا دەستگیر دەکرێت و(٣) ساڵ حوکمی بۆ دەردەچێت و لە بەندیخانەی(نوگرە سەلمان) ئێش و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەبینێت، دوای ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٦٨ لە ڕۆژنامەی(النور–ڕوناکی)وەکو نووسەر و موحەریر دەست بەکار بووە، لە ساڵی ١٩٧٣ لە هەردوو گۆڤاری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەماو شانۆ کاریکردووە و لە ڕۆژنامەکانی(الفکر الجدید، الجمهوریة، العراق) یش نووسینەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە و ماوەیەکیش لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا کاریکردووە.

لە ساڵی ١٩٨٠ هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێران بەشی زۆری کوردانی فەیلیی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق (ترحیل–ڕەوانە)ی ئێران کراون، شاعیر و نووسەر عەباس بەدریش یەکێک بوو لەوانەی بەر ئەم ڕاگواستنە کەوتوون، ماوەیەک لە ئێران بووە، بەڵام هەرگیز لە نووسین و جموجۆڵە سیاسییەکانی دانەبڕاوە، لە ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە ناو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و لە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو نووسەر و موحەریر و جێگری سەرنووسەری بڵاوکراوەی(الشرارة) و وەکو بێژەریش لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەست بەکار دەبێت تا وەکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، پاش ڕاپەڕین ناوی بڵاوکراوەی(الشرارة) دەگۆڕدرێت بۆ ڕۆژنامەی (الاتحاد) ئەو دەبێتە یەکەم سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە و دەورێکی باڵاشی هەبووە لە پەرەپێدان و گەشەکردنی ڕۆژنامەی( کوردستانی نوێ)، دواتر دەبێتە بەڕێوەبەری (ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان) و بەرپرسی تەحریر و نووسینی هەواڵ بووە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە زمانی عەرەبی.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەباس بەدری لە ساڵی ١٩٩٣–١٩٩٧ لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی(حدیث الیوم) بە زمانی عەرەبی ئامادەو پێشکەش کردووە، سەرەڕای نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی(الاتحاد)، لە ساڵی ٢٠٠٠ دامەزرێنەری بەشی عەرەبی بووە لە کەناڵی ئاسمانی کوردساتKurdsat لەویش بەرنامەیەکی هەبووە بە ناوی(الی الملتقی) تا ساڵێ ٢٠٠٣ کە رژێمی بەعس ڕووخا، گەڕاوەتەوە


بەغدا لەگەڵ نووسەرانی دیکە ڕۆژنامەی(الاتحاد) دادەمەزرێنن و بەردەوام بووە تا ساڵی ٢٠٠٦، پاشان دەچێتە (تۆڕی میدیای عێراقی- شبكة الإعلام العراقيي) وەكو نوێنەری كورد(لە لێژنەی دادوەری- لجنة الحكام) تا ساڵی ٢٠١٠ درێژەی بە خزمەتكردن داوە.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەباس بەدری ئەم بەرهەمانەی لە دوای خۆی بۆ نەوەكانمان بەجێهێشتووە:

- مجموعة الميديون و اللية القديمة الشعرية، ١٩٩٠، لە شاخ چاپكراوە.
- بغداديات عباس البدري، بیرەوەری منداڵییتی لە سلێمانی چاپكراوە.
- يوميات الانتفاضة- ڕۆژانی ڕاپەڕین ئاداری ١٩٩١، چاپی یەكەم لە هەولێر چاپكراوە، چاپی دووەم لە سلێمانی.

العشق مصارع لا يصرع، لە ڕۆژی ٣١-١٢-٢٠١٤ نووسیویەتی.

- قرنفلة الصباحات، مجموعة شعرية.
- مقالات رؤى فی النور، نووسینەكانی ١٩٦٨-١٩٧٠ لە ڕۆژنامەی




لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەباس بەدری، هونەرمەندو ئەكتەر عەلی كەریم

(النـور).


عەباس بـەدری بۆ پەرەپێدانی ئاستی نووسین و ڕۆژنامەگەری چەندین خولـی ڕۆژنامەنووسـی و ڕاگەیاندنـی دیـوە بـۆ  زیاتـر خـۆ پێگەیانـدن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە چۆتـە ئەمریـکا و بەریتانیـا و لوبنـان، هـەر لـە میانـەی ئـەو سەفەرانەشـیدا دیمانـەو چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ گـەورە لێپرسـراوانی و ڕۆژنامەنووسـانی جیهانـی کـردووە و باسـی کێشـەی ڕەوای گەلـی کـوردی کـردووە.

لـە کتێبی(مقـالات رؤی فـی النـور) و باسـی رەوشـی ئەدەبـی کـوردی کـردووەو تیشـکی خسـتۆتە سـەر دیوانـی هەنـدێ لـە شـاعیرانی کـورد، وەرگێڕانـی بەرهەمەکانیـان، ئـەو هەمـوو نووسـینەکانی بـە زمانـی عەرەبـی نووسـیوە و ئەدیـب و نووسـەر و ڕۆشـنبیرانی عەرەبیـی عێراقـی وڵاتانـی دیکـەی عەرەبـی بـە ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـوردی ئاشـناکردووە.

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیـاکار عەبدوڵـڵا عەبـاس لـە نووسـینێکدا کە لە ٢٥-٦- ٢٠٢٢ لە ماڵپەری فەیسـبووکی خۆی بڵاویکردۆتەوە



نووسەر عەباس بەدری




**نووسەر عەباس بەدری لە پێش**
**کۆشکی سپی ئەمەریکا**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەباس بەدری،**
**هونەرمەند کەریم کابان**

سەبارەت بە نووسەر ڕۆژنامەنووس عەباس بەدری دەڵێت:(ئەو پیاوە جوانە کە چەند ساڵێکە ماڵئاوایی لێکردین یەکێک بوو لە هاوڕێ نزیکەکانمان لە بەغدا یادگاری شەوانی ڕەنگاو ڕەنگی شەقامی (أبونواس ) و ژورە خنجیلانەکەی لە ڕۆژنامەی (النور) کە لەگەڵ شاعیری هاوڕێ و برا جەلالی میرزا کەریم دەچووینە لای و لەوێوە بۆ دانیشتنی شەوانە لە یەکێ لە یانەکانی ڕۆخی دیجلە یان یانەی ئیعلام، عەباس بەدری وزەیەکی پڕبەخشش و قەڵەمێکی بە پێزی ڕۆژنامەنووسێکی وریابوو ' سەرەڕای ئەوەی (تا ئەوکاتانە ) ئەوەندە لە کوردستان نەژیا بوو کەچی هەموو هەست و نەستی کوردستانی ڕەنگی دەدایەوە . لەبیرمەو: مامۆستای کۆچکردوو ڕایسپاردبوو ڕێپورتاجێک لەسەر دیاردەی سواڵکەری) ئامادەبکات ئەویش پێشنیاریکرد کە یاریدەی بدرێ ڕێپورتاجەکەی حەقیقی بێت ..! چۆن ؟ داوای لە هونەرمەندێکی شارەزا لە موکیاج کرد کە وەک لەبیرم بێ لە تەلەفزیونی بەغدا کاری ئەکرد ' موکیاجێکی ڕێکو پێکی بۆ گۆڕینی ڕووی کردو جلوبەرگی شڕی سواڵکەریان بۆ پەیدا کردو داوایان لە وێنەگرەکەی




گڵکۆی
نووسەر عەباس بەدری.



نووسەر و میدیاکار بارزان عەباس
بەدری لە کاتی وتار خوێندنەوە

ڕۆژنامەی (النور ) کرد کە وەک لەبیرم بێ ناوی جاسم بوو لەگەڵیابێ ' ڕێکەوتن دووڕۆژ لە بەیانییەوە تا سەعات ١٢ی نیوەڕۆ وەک سواڵکەر لەناو سواڵکەرەکانی باب الشرقي و بە تەحدید لەژێر تابلۆ موجەسەمەکەی جەواد سەلیم (سەربەستی) دانیشێت و سواڵ بکات و جاسم ئەوەندەی بۆی دەکرێ دوورو نزیک ڕەسمی بۆ بگرێ ' بەوجۆرە و بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی عێراقیدا ڕێپورتاجێ بڵاوبووەوە کە ڕۆژنامە نووسەکە خۆی لەناو جەرگەی مەسەلەکەدا ژیاوەو لە دواندنی (سواڵکەرەکانی پایتەختدا) بەهەستی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان کاریگەریی بە زیندوویی دیاردەکەدا بوو .

یادی بەخێر لەسەر هەڵدانی ڕوانگەدا بۆ ڕاگەیاندنی ناوەرۆک و ئاراستەی سەرهەڵدانی بانگەوازی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردیدا و ناساندنی بە خوێنەران و ئەدیبانی پایتەخت دەوری گەورەی گێڕا و دوای نیسانی ٢٠٠٣ کە گەڕایەوە بەغدا خۆی پەیوەندی پێوەکردم و چوومە لای و لەگەڵ ئەوو هاوڕێی بەقەدرم ( تەمەن درێژو تەندروست بێ – سەربەست بامەڕنی ) بردمن بۆ چاپخانەکەی العراق و ڕۆژنامەی الاتحاد لەوێ دەست بە چاپکردنی کراو وەک لە یاداشتەکانیشما نووسیومە چوار کۆمپیوتەری هاوکاری کە لە تالانکردن ڕزگاربووبوون بۆم بردو بۆ الاتحاد خستیانەکار، سڵاوی وەفاو یادی زیندوو بۆ ڕوحی عەباس بەدریی مرۆڤ






بەرهەمەکانی نووسەر عەباس بەدری

و خاوەن قەڵەم و باوەڕی بە هەڵوێست) .

لە ٢٥-٦-٢٠٢٢ کتێبی(مقالات رؤی فی النور) کە بەڕێز بارزان عەباس بەدری کوڕی عەباس بەدری ئامادە و کۆیکردبۆوە لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەر و ڕۆشنبیران لە شاری سلێمانی ناساندنی بۆکراوە.

عەباس بەدری لە ڕۆژی ١٤-١-٢٠١٥ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- PUKMidia، وتارێک لە ١٥-١-٢٠١٥.

٣- ماڵپەڕی نووسەر و شاعیر و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس لە ٢٥-٦-٢٠٢٢.

٤- - KhakTv، پرۆفایلی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس عەباس بەدری.

٥- ماڵپەڕی نووسەر و میدیاکار بارزان عەباس بەدری.

٦- ئامادەکردن و نووسینی خۆم



## ئەسکەندەر عوسمان

مامۆستا و هونەرمەندی نیگارکێشی ڕیالیزمیی سەرەتایی و بە توانای شاری هەولێر، قوتابیی هونەرمەندان دانیال قەساب و جەواد ڕەسوڵ ناجی، ڕەوانشاد مامۆستا ئەسکەندەر عوسمان...

ناوی تەواوی(ئەسکەندەر عوسمان جامباز)ە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە گەڕەکی(سەعدوناوە)ی شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی کاسبکار(جامباز) لە دایک بووە، بنەماڵەی جامباز بنەماڵەیەکی دیار و ناسراوی ناو شاری هەولێرن، ئەوان هەر لە کۆنەوە کاسبی کڕین و فرۆشتنی(وڵاخ)یان کردووە.

هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان لە ساڵی ١٩٤٥ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئیبن خەلەکان) تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندیشی لە (ناوەندیی هەولێر- متوسطة اربيل) تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦١ خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە و بۆتە مامۆستای هونەر و نیگارکێشان لە گوندی(سیساوە)ی سەر بە ناحیەی(هەریر)، لەبەر بە توانایی و لێهاتوویی پاش ساڵێک گواستراوەتەوە ناو شاری هەولێر لە



**هونەرمەند مونعیم مەزهەر، هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان**

قوتابخانـەی (هەولێـری نموونەیـی) وەکـو مامۆسـتای ڕەسـم دەسـت بـەکار بـووە.

ئەسکەندەر عوسمان ئەو کاتـەی قوتابیی سـەرەتایی بووە بەهرەو توانای وێنەکێشـانی لێ بەدیکراوە، لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی کارە هونەرییەکانـی لـە وێنەکێشـاندا لاسـایی مامۆسـتاکانی خـۆی هـەر یـەک لە(دانیـال قەسـاب و جـەواد ڕەسـوڵ ناجـی) کردۆتـەوە و سـوودێکی زۆری لـە ئامـۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەوان وەرگرتوو، بەڵام پاش دەرچوونی لە خانەی مامۆستایان و بـەو پێیـەی ئـەوان جامبـاز بوونـە و پەیوەندییەکـی زۆریـان لـە گـەڵ گونـد و شـار شـارۆچکەکانی دەوروبـەری هەولێـر هەبـووە، ژیانـی کـوردەواری لـە لادێ و کۆچـەری و کەلتـوور و جوانیـی سروشـتی کوردسـتان کاری تێکـردووە، بۆیـە ئەمانـە هەمـووی لـە زۆربـەی تابلۆکانـی بـە ڕوونـی ڕەنگـی داوەتـەوە، ئـەو لـە هـەر قوتابخانەیـەک بووبێـت (مەڕسـەمێکی) دروسـتکردووە


سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
لقی هەولێر
ڕێزلێنان
هونەرمەند / اسکندر عثمان
ڕێزو سوپاسی خۆمانتان ئاراستە دەکەین لە پای ئەوهەوڵ و تێکۆشانەی لە پێناو هونەری شێوەکاری داوتانە بۆ پێشکەوتن و ناساندنی هونەری شێوەکاری کوردی بەگەلاندا......
هیوا ...
سەرۆکی لق
2019 / ٢ / ١

و چەندین قوتابی لەسەر دەستی ئەو فێری هونەری نیگارکێشان بووینە.


بەڕێز خانەوادەی ( اسكندر عثمان عبدالله جامباز )
(( ڕێزلێنان ))
پێشکەش کرا وەک وەفایەک بۆ هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستای کۆچکردوو
کە لە ڕابردوو خزمەتی بواری پەروەردەو فێرکردنی کردووە.

پاش سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆتایی ژیانی ڕووی کردۆتە داهێنان، پشتی بە خەیاڵ و بینین و ئەزموونی خۆی بەستووە، بۆیە تا ڕادەیەک لە لاسایی کردنەوە و کۆپی کردن دوور کەوتۆتەوە، ڕێبازە هونەرییە هاوچەرخەکانی ئەوروپاش کاری تێکردووە بە تایبەتی هونەرمەندی گەورەی هۆڵەندی(ڤان کۆخ)، ئەو لە چاوپێکەوتنیکدا لەگەڵ گۆڤاری(ڕەنگین) دەڵێت:(زۆر سوودم لە ڕێبازە جیهانییەکان وەرگرتووە بە تایبەتی بەرهەمەکانی (ڤان کۆخ) کە لای من زۆر مەزنە و تابلۆ و ڕەنگەکانی شوێنێکی تایبەتییان لە دڵمدا داگیر کردووە).

یەکەم تابلۆی ئەسکەندەر عوسمان تابلۆی(ژنە بۆڵی) بووە، دواتر تابلۆکانی(مانگا دۆشین و تەشی ڕێسی و ژنە دۆم و بووکگواستنەوەی پێش دەرکی قەڵات و منارەی چۆلی و ڕەوەندێکی منداڵ بە کۆڵ و تەشیفرۆش، مەڕدۆشین، دەستار و چەندانی دیکە).


**لە لای ڕاستەوە:**
**بەڕێز کەماله کەڕی وێنەگر، هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان**


**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند**

هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان لە ماوەی ژیانی هونەریدا زیاتر لە(٣٠٠) تابلۆی نایابی کێشاوە و(١٦) تابلۆشی لەبەر دەستدا بوو، بەڵام مەرگ ڕێگەی پێ نەداوە تەواویان بکات، زیاتر لە(٥٠) تەختیت و موقەلەمیی هەیە کە پارێزراون.

- لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ تابلۆیەکی بۆ سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی کێشا بوو.

- ئەو هەندێ بەرهەمی لە پەیکەری بچکۆلانە و هەڵکۆڵین لەسەر دار و تەخت هەیە، لە ماڵەکەی خۆی پارێزراون.

- کاری دیزایینی بۆ کتێب و بیتاقەی پیرۆزبایی نەورۆز دروست کردووە و بەسەر قوتابیانی دابەش کردووە.

- زۆر لە تابلۆکانی براون بۆ دەرەوەی کوردستان و عێراق لەوانە (٣) تابلۆ لە وڵاتی ئیتاڵیا و(٢) تابلۆ لە وڵاتی سوید و (١) تابلۆ لە ئەڵمانیا و فەرەنسا، تابلۆیەک لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی و چەندین تابلۆش لە ماڵی هونەردۆستان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و شارەکانی دیکەی کوردستان هەیە.



**هونەرمەند هونەر ئەسکەندەر عوسمان**
**لەگەڵ خانەوادەکەی لە کاتی ڕێزلێنانی زانکۆی جیهان**



**هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی**

هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان لە بواری مۆسیقاش بەهرە و سەلیقەی هەبووە، ئەو کەمانجە ژەنێکی بە توانا بووە.

سەبارەت بە هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان، هونەرمەندی گەورەی کورد ڕەوانشاد دکتۆر محەمەد عارف سیامەنسوری دەڵێت:(هونەرمەند ئەسکندەر عوسمان گەر چی هیچ پەیمانگای ئەکادیمی تەواو نەکردبوو، بەڵام سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی سەرەتاییە)، لەوانەیە لێرەدا مەبەستی لە ڕیالیزمیی سەرەتایی ئەوە بووە کە هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان بە تەواوەتی پەیڕەوی بنکە و ڕێساکانی ڕیالیزمی نەکردووە، چونکە تابلۆکانی لە باری ئەکادیمی تۆزێ لاواز بوون.

شاعیری ناسراوی کورد ئیسماعیل بەرزنجی هەر سەبارەت بە هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان دەڵێت:(لە ساڵی ١٩٦٥ دا هەموو ڕۆژێک ئەسکەندەر عوسمان دیواری قوتابخانەکەی بە نەخشە و وێنە پڕ دەکرد، کاری دیوارنیگاری زۆر کردووە، هەروەها چەند جارێکیش کارتی جەژنانەی نەورۆزی ڕەسم کردووە، بەسەر قوتابیانی دابەشکردووە، وانەی ڕەسم لای ئەو بایەخێکی زۆر و تایبەتی هەبوو).



له لای ڕاستەوە:
هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان،
مامۆستا خدر مەولود



له لای ڕاستەوە: منداڵەکە هونەرمەند هونەر ئەسکەندەر عوسمان، هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان

نووسەر بەڕێز هوشیار سەعید کتێبێکی بە ناوی(خەمێک بۆ ئازادیی ماسییەکان) چاپ کردووە، کە تێیدا باسی مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستانی باشووردا دەکات، باسی هونەرمەندانی هەولێریشی تێدایە لەوانە هونەرمەندان دانیال قەساب و مونیر قەساب و جەواد ڕەسوڵ ناجی و ئەسکەندەر عوسمان.

لە ٦- ٣- ٢٠١٩ سەندیکای هونەمەندانی کوردستان - لقی هەولێر بڕوانامەی ڕێزلێنانیان بە هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان بەخشیوە.

لە ساڵی ٢٠٢٠ زانکۆی جیهان بە ئامادەبوونی کەس و کاری هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان خەڵات کراوەو ڕێزییان لێناوە.

لە ٢٤-١٠-٢٠٢٢ نوێنەری(یۆنسکۆ)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لە هەولێر سەردانی هونەرمەند هونەر ئەسکەندەر عوسمان- یان کردووە، لە ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمانی باوکیان پرسیوە.

هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان دووکوڕ و چوار کچی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، هونەری کوڕی و جوانی کچی هونەرمەندی نیگارکێشن،













بەرهەمەکانی هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان

هونەر کە فەرمانبەرە لە مۆزەخانەی هەولێر، زۆر بایەخ بە بەرهەم و شتە بەهادارەکانی باوکی و هەموو کەسایەتییەکانی دیکەی شاری هەولێر کە لە مۆزەخانەکەدا بەشێکیان بۆ تەرخانکراوە دەدات، خوا تەمەنی خۆی و خوشک و براکانی درێژ بکات.

لە ڕۆژی ١٨-٨- ١٩٩٤ هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.


سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیانی هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان، لەسەر داخوازیی من ، هونەری کوڕی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - کوردیپیدیا.

٣ - نووسەر هوشیار سەعید، کتێبی(خەمێک بۆ ئازادیی ماسییەکان).

٤ - نووسینێکی دکتۆر فەرهاد پیربال، هونەر ئەسکەندەر بۆی ناردووم، ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەداوە.

٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئازاد هاشم

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، مامۆستا ئازاد هاشم...

ناوی تەواوی(ئازاد هاشم عەبدوڵڵا)یە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی(خانەقا) ی ناو شاری هەولێر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە بەشی مێژووی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە، بەڵام بە هۆی نەچوونی بۆ(جیش شعبي) دوو ساڵ لە خوێندن فەسڵ کراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستای وانەی مێژوو و ئابووری لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری هەولێر.



نووسەر ئازاد هاشم بە منداڵی

نووسەر و وەرگێڕ ئازاد هاشم، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە ڕێگەی هەندێ لە برادەرانی بە نووسین و ئەدەبی ڕیالیزمی و چەپ(چەپڕەوی) ئاشنابووە،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئازاد هاشم، ڕەوانشاد کەریم ئەحمەد**

ئەو ڕۆمانی(دایک- الام) و ڕۆمانی(ژانی گەل)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و قەڵای دمدم و حەمەدۆک و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیر و شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو(قانع و حاجی قادر و هێمن و هەژار)ی خوێندۆتەوە، هەستی کردووە کە توانای خۆی پەرەپێداوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٨ یەکەم نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی بە دوو زنجیرە نووسین کە وەڵامدانەوەیەک بووە بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، وەک



بەرگرییەک لە نووسەر و رۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی گەورەی کورد(حوسێن عارف) و لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤ لە پاشکۆی ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان) وەکو هەڵەچن و وەرگێڕ دەست بەکار بووە، کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆری لەو




ڕۆژنامەیە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە(خەبات، کوردستانی نوێ، گۆڤاری سینەما و شانۆ، مێرگ، کاروان) و چەندانی دیکە.

نووسەر ئازاد هاشم لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی کردووە بە وەرگێڕانی کۆمەڵێک کورتە چیرۆک و دواتر چەند شاکارێکی عەرەبی و جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە تێکڕایی ئەمانەی خوارەوەن:

- ڕۆژنامەفرۆش، کورتە چیرۆک، لە نووسینی سەمیرە عەزام، لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراو قوبادی جەلیزادە، نووسەر ئازاد هاشم**

- هێرۆشیما، نووسینی فەرەج مەکسیم، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
- تەڕەپیاز، لە نووسینی نووسەری تورکی یەشار کەمال، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
- شانۆگەریی تاوانبار، وەرگێڕان، لە نووسینی جەمال بەنوورە.

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە ئەم کتێبانەشی چاپ کردوون و بڵاویکردوونەتەوە:



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئازاد هاشم، نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتحی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و میدیاکار هاشم جەباری، نووسەر وەرگێڕ ئازاد هاشم




نووسەر ئازاد هاشم لەسەر گلکۆی شاعیر هەژار موکریانی




نووسەر ئازاد هاشم لە سەر گڵکۆی ڕەسوڵ نادری



له لای ڕاستەووە: نووسەر ئازاد هاشم، هونەرمەندی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی




له لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕەخنەگر ڕێبوار سیوەیلی، نووسەر و وەرگێڕ ئازاد هاشم



له لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو سروەی بەیان، نووسەر ئازاد هاشم

- سـەگێکی عێراقی، ڕۆمـان، لـە نووسـینی عەبدولهادی سـەعدون، وەرگێڕان لـە عەرەبییـەوە بۆ کوردی.
- کەرێک لەسەر چیادا، ڕۆمان، وەرگێڕان، لە نووسینی عەبدولستار ناسر
- داری مـرازان، ڕۆمـان، وەرگێـڕان لـە زمانـی عەرەبییـەوە، لـە نووسـینی نووسـەر عەبدولڕەحمـان مونیـف.


- چاڵ، ڕۆمان، لە نووسینی گۆکهان هورزوم، وەرگێڕان.
- ژنێک لە بەرلین، یاداشت، لە نووسینی مارتا هیلەرس، وەرگێڕان.
- کچە زیندانییەکەی تاران، یاداشت، لە نووسینی مارینا نیعمەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
- بیرەوەرییەکانی سیخوڕێکی سۆڤێتی، یاداشت، لە نووسینی ئەلکسەندەر فلکیسۆڤ و سێرجی کۆستین.

چەند کتێبێکی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ و بەردەوامە لە نووسین و وەرگێڕانی شاکارە جیهانییەکان، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا ئازاد هاشم کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئیسماعیل خەیات

هونەرمەنـدی شـێوەکار، ناسـراو بە(پیـاوی بـەرد)، هونەرمەنـدی ماندوونەنـاس هونەرمەنـدی ڕەنگـەکان، ڕەوانشـاد ئیسـماعیل خەیـات ...

هونەرمەنـد ئیسـماعیل خەیـات سـاڵی ١٩٤٤ لـە شـاری خانەقیـن لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە شـاری خانەقیـن تـەواو کـردووە، دواتـر چـۆتـە خانـەی مامۆسـتایانی(بعقوبة) و بۆتـە مامۆسـتای پـەروەردەی هونـەری لـە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی، لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٨ بەڕێوەبـەری هونـەری شـێوەکاری بـووە لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی هەرێمـی کوردسـتان تـا خانەنشـین بوونـی، پاش خانەنشـین بوونیشـی هـەر خەریکی کاری هونـەری شـێوەکاری بـووە تـا سـاڵانی پێش نەخۆشـکەوتنی.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات لە ژیانی هونەریی خۆیدا سەرەڕای ئەوەی مامۆسـتا بووە لە چالاکیی قوتابخانەکان، بەڵام هـەر لە کارە هونەرییەکانـی بەردەوام بـووە، ئەو زیاتر لە(٦٠) پێشانگای تایبەت و هاوبەشـی کردۆتـەوە لـە کوردسـتان و عێـراق و وڵاتانـی دەرەوە لەوانە(شـارەکانی کوردسـتان، بەغـدا، سـووریا، ئـوردن، ڕووسـیا، وڵاتانـی ئەوڕوپـای ڕۆژهـەڵات، کۆریـای باشـوور، ژاپـۆن، فەرەنسـا، سـوید، نەمسـا، سویسـرا، دانیمـارک، ئەمەریـکا،



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو گەزیزە عومەر عەلی ئەمین، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، عومەر عەلی ئەمین**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو گەزیزە عومەر عەلی ئەمین، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات**



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو گەزیزە عومەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات**




**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز هەیاس کوڕی ئیسماعیل خەیات، هونەرمەند خاتوو گەزیزە دایکی هەیاس**

ئەڵمانیا)، بەمەش هونەری شێوەکاریی کوردی بە خەڵکی ئەم وڵاتانە ئاشناکردووە و ناساندووە.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات لە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٨٧ لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقی و کوردییەکانی چالاکی هەبووە لە بواری دیکۆر کێشان و هێڵکاری و دیزایینکردنی کتێب، کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی لەسەر تیشێرت و کارتی ڕەنگاوڕەنگ لە ژاپۆن چاپکراوە.

لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی کوردیدا، بیرۆکەی ڕەنگاو ڕەنگکردنی دار و بەرد و شاخەکانی(دێگەڵە) کە ئەو کات (خط تماس- هێلی پێکدادان یان بەیەکگەیشتن) بووە، بۆ ماوەی(١٠ ) ڕۆژ بە خۆی و کوڕەکەی و(١٠) کرێکار شاخەکانیان ڕەنگکردووە، بەو هیوایەی بەردەکان بەم ڕەنگە جوانانە نەرم بن و قسە بکەن و دڵی ڕقی سیاسییان نەرم بکەن و ئاشتەوایی بێتە کایەوە، تا ڕادەیەکیش لەم کارەیدا سەرکەوت، هەر ئەو کات ڕێکخراوی(شنەبا)ی ژاپۆنی سەردانیان کردووە و پێیان وتوە پشتگیریی داراییت دەکەین، ئەگەر پرۆژەکەت فراوانتر بکەیت، بۆیە ئەویش(١٠) هونەرمەندی شێوەکاری لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و شارەکانی دیکەی کوردستان بانگهێشت کردووە و پرۆژەیەکەیان فراوانتر کردووە.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، ژنە بیانییە نە ناسراوە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، نە ناسراوە، نووسەر وەرگێڕ یوسف مەنتك



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر عەبدوڵڵا، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، ژنە بیانییە نە ناسراوە





بەرهەمەکانی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات

ئەو یەکەم هونەرمەند بووە کە داوای کردووە ئیتر پیشانگاو تابلۆکان لە هۆڵەکان بێنە دەرەوە بچنە ناو دار و بەرد و سروشتی کوردستان بۆ ئەم مەبەستەش بیرۆکەی پڕۆژەی(پیرەر) هاتە کایەوە کە پڕۆژەیەکی جوان و دەگمەن بوو.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراقی و

جیهانیی(IAA)بووە، خەڵاتی داهێنانی بواری شێوەکاری لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێ بەخشراوە.

لە ڕۆژی ٤- ١٠ تا ٢٧- ١١-٢٠٢٢ لە موزەخانەی شاری(الشارقة)ی ئیماراتی عەرەبی پێشانگایەک بۆ هونەرمەندی شێوەکار ئیسماعیل خەیات کراوەتەوە، کە(١٥٠) بەرهەمی جۆراوجۆری لە(١٤) هۆڵدا نمایشکراوە، کتێبێکیش بە قەبارەی(٢٠٠) لاپەڕە بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ ناوبراو و بەرهەمەکانی چاپکراوە، کە نووسەری ئەمەریکی خاتوو(ئێلزابێس) و نووسەری گەورەی کورد بەختیار عەلی لەسەریان نووسیوە، لە پاڵ چاوپێکەوتنێکی بەڕێز هەیاس کوڕی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، پێشانگاکە بە هەماهەنگی خاتوو(عليا محمد الملا) بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە و هەیاس ئیسماعیل خەیات ئامادە و ڕێکخراوە و تا ئێستاش بەردەوامە.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات ئاواتی ئەوە بوو هەندێ لە بەرد و شاخەکانی



بەرهەمی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات





بەرهەمەکانی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات

(شنگال و عەفرین)یش بە خامە ناسک و جوانەی ڕەنگ بکات، ئەگەر بۆشی بلوابایە لە کات و ساتی گونجاودا هەندێ لە شاخەکانی(حەمرین)یشی ڕەنگ دەکرد، بەڵام نەخۆشی ڕێگای پێ نەدا و ئەم ئاواتەی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر خاکی نیشتمان لە ڕۆژی ٢٠-١٠-٢٠٢٢ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، لە ڕێوڕەسمێکی زۆر بێ ناز بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەکتەری کوردی دیار

و ناسراو خاتوو (گەزیزە عومەر عەلی ئەمین) کردبوو، خاوەنی کوڕیک و کچێکن بە ناوەکانی(هەیاس و هەسارە) خوا تەمەن درێژیان بکات.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات زیاتر لە (٥٠) ساڵ خزمەتی هونەری کوردی کردووە، با بزانین هەر یەک لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید و هونەرمەندی شێوەکار ڕێبوار سەعید سەبارەت بە هونەرمەند ئیسماعیل خەیات چ دەڵێن.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری گۆڤاری رامان بەڕێز ئازاد عەبدولواحید بە بۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی نووسیویەتی و دەڵێت:(ئیسماعیل خەیات هونەرمەندێکی دەگمەن و دانسقە و وردەکار و بە سەلیقەیە، لە ژیانمدا کەم هونەرمەندم دیوە وەک ئەو دڵسۆزی هونەرەکەی و بەردەوام مێشکی لە لای هونەرەکەی بێت، بەردەوام خەریکی کار و چالاکی نواندن بوو، لە هەموو شارەکانی کوردستان پیشانگای تایبەتی و هاوبەشی دەکردەوە، لە







چالاکیی قوتابخانـەکان قوتابیانـی پـێ دەگەیاند، ئـەوە بێجگـە لـە پیشـانگاکانی دەرەوەی وڵات، کـە لـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان بەشـدار بـووە).

هونەرمەنـدی شـێوەکار ڕێبـوار سـەعید دەڵێت:(پـرۆژەی- پیـرەر- بیرۆکـەی ئـەو بـوو، کـە یەکێـک بـوو لـەو پـرۆژە جـوان و دەگمەنانـەی کـە هاتـە نـاو هونـەری شـێوەکاریی کـوردی، بـۆ ئـەوەی هونـەری شـێوەکاری چیتـر لەنـاو پیشـانگا و هۆڵـەکان نەمینێتـەوە، ڕەنگەکان و بەردەکانیش بێنـە دەنـگ و قسـە بکـەن و ئاشـتەوایی بەرپـا بکـەن).

هونەرمەنـد ئیسـماعیل خەیـات هونەرمەندێکـی کوردپـەروەر بـوو، هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ خزمەتـی هونـەری شـێوەکاری تەرخـان کردبـوو، ئـەو نـەک هـەر لـە کوردسـتان ، بەڵکـو لەنـاو هونەرمەنـد و ڕۆشـنبیرانی عێراقـی و عەرەبی و جیهانیشـدا دۆسـت و هەوادارانـی هەبـوو، گیانـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بیـت، گڵکـۆی پـڕ لـە گـوڵ و گوڵـزار و چراخـان بێـت.


سەرچاوەکان:

١- ماڵپـەڕی فەیسـبووکی نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس ئـازاد عەبدولواحیـد، لـە ٢٠-١٠-٢٠٢٢.

٢- ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـیVOA، بەرنامـەی ژیـان لـە فەرهەنگـدا، ئامـادە و پێشکەشـکردنی میدیـاکار بەڵێـن سـاڵح. لـە ٤-٦-٢٠١٧.

٣- بنکەی ڕووناکبیریی گەلاویژ، لە ٩- ١٠- ٢٠٢٢.

٤- کوردیپیدیا.

٥- NRt2، لە ٢٠-١٠-٢٠٢٢.

٦- ئامادە و نووسینی خۆم



# حاجی مەکی(عەلییە فەندی)

ئەستێرەی شانۆ و درامای کوردی، زیاتر لە نیو سەدە خزمەتی بواری هونەری و نواندنی کردووە، ئەکتەر و بەرهەمهێنەری یەکەم فلیمی سینەمایی لە باشووری کورستان، ڕەوانشاد حاجی مەکی(عەلییە فەندی)...

ناوی تەواوی(محەمەد مەکی عەبدوڵڵا مەعروف)ە، بە ناسناوی(حاجی مەکی یان عەلییە فەندی) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری(ئامێدی)ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، بە هۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەری دائیرەی گومرگ بووە لەوێ ژیاون، بە هۆی خراپیی باروگوزەرانی ژیانیان نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات.

حاجی مەکی هەر چەندە خوێندنی تەواو نەکردووە، بەڵام زۆر بە بەهرە و توانا بووە و حەزیشی لە هونەری نواندن بووە، ئەو هونەرمەندێکی خۆڕسک بوو، هەندێ سەرچاوە دەڵێن: لە ساڵی ١٩٥٣ هەندێکی دیکە دەڵێن: لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەمین جار لە شاری کەرکووک چۆتە سەر تەختەی شانۆ و لە شانۆگەریی(پێکەنین بەبێ یاسا) بەشدار بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ تەمسیلییەی(ژن بە ژن)ی پێشکەش کردووە.

حاجی مەکی لە ساڵی ١٩٥٨ ئەو کاتەی لە هەولێر سەرباز بووە،



له لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، دکتۆر وریا عومەر ئەمین ،
هونەرمەند حاجی مەکی، دکتۆر ئیحسان فوئاد



له لای ڕاستەوە:
گۆرانیبێژی هونەرمەند حەمە جەزا،
هونەرمەند حاجی مەکی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند جەلال بەیار، هونەرمەند حاجی مەکی، ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان، هونەرمەند حەمە سەعید ئیبراهیم

تیپێکی هونەری نواندنی بە ناوی(خەبات) پێکهێناوە و لە هەمان کاتدا تیپێکی هونەری دیکەی هەر بە ناوی(خەبات) لە سلێمانی هەبووە، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٦٤ کورتە فیلمێکی سینەمایی نیو سەعاتی بە ناونیشانی(ڕەهێڵە)بەرهەم هێناوە کە لە نووسینی شاعیرو نووسەر کامەران موکری و دەرهێنانی یوسف جەرجیس بووە، هەر لە ساڵی ١٩٦٤ کورتە فیلمێکی دیکەی لەسەر کارگەی چیمەنتۆ بەرهەمهێناوە، لەساڵی ١٩٦٠ەوە، خاوەنی بیرۆکەی فلیمی(نێرگز بووکی کوردستان) بووە، کە یەکەم فلیمی سینەمایی کوردی بوو لە باشووری کوردستان، هیچ کەس و لایەنێک بۆ

ئەم ئاواتەی پشتگیری نەکردووە، تا ساڵی ١٩٩٠ هەر خۆی بە تەنیا بۆتە بەرهەمهێنەری، لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەندی دەرهێنەر(جەعفەر عەلی) و چیرۆک و گفتوگۆی نووسەر محەمەد فەریق حەسەن و ئاواز و مۆسیقای هونەرمەند سەلاح ڕەئووف و هەر یەک لە هونەرمەندان(تەها حوسێن و ئەحمەد سالار و شەمال عەبدوڵڵا و بەدیعە دارتاش) یاریدەدەری دەرهێنان بووینە، لە ڕۆژی ٥ی١٠-١٩٩١ وەکو یەکەم فلیمی سینەمایی کوردی لە باشووری کوردستان بە زمانی کوردی لە سینەماکان نمایشکراوە، هەر ئەو ڕۆژەش بووە ڕۆژی سینەمای کوردی لە باشووری کوردستان.








**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حاجی مەکی، نووسەر و میدیاکار هاشم جەباری، نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەری گەورەی کورد ئەحمەد سالار**

حاجی مەکی زیاتر لە(٥٤) ساڵ خزمەتی هونەر و شانۆی و درامای کوردی کردووە، بە نووسینی خۆی و بەرهەمهێنان و نواندن بەشداریی زیاتر لە(١٢٠) کاری هونەری کردووە، ئەو بە چەند بەرهەمێک بە ناوبانگ بووە و هەمیشە و هەرگیز لە یادمان ناچێتەوە، لەوانە:

- پێکەنین بە بێ یاسا، شانۆگەری.
- باوەژن خوا بناسە، شانۆگەری.
- ژن بە ژن، تەمسیلییە.
- جام کە پڕبوو لێی دەڕژێ.
- بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە، شانۆگەری.
- بڕیار.








هونەرمەند حاجی مەکی لە چەند کارێکی هونەریدا

- نێرگز بووکی کوردستان، فلیمی سینەمایی.

حاجی مەکی لە لێدوانێکدا دەربارەی کارە هونەرییەکانی دەڵێت:

( من(٥٤) ساڵە تەمسیل دەکەم، تەمسیلەکانم جەماوەری خۆی هەبووە و خەلکی بە دڵی بووە، هەمووی ئامۆژگاریی بوون).

بەشی زۆری کارە هونەرییەکانی حاجی مەکی لەسەر کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بوون، بە شێوازێکی تەنزئامێز و کۆمیدییانە نمایشکراوە.

بەڕێز ئاری جەلیل زاوای حاجی مەکی لە لێدوانێکدا دەڵێت:(حاجی مەکی زۆر حەزی دەکرد تەندروستیی باش ببێتەوە و بچێتەوە سەر تەختەی شانۆ یان بچێتەوە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی و خزمەت بە بواری هونەری بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی و ئاواتەکەی نەهاتە دی، ئەو بە تەمای ئەو مەرگە لە ناکاوە نەبوو، بە هیوای کارێکی هونەریی نوێ بوو بۆ پێشمەرگە و دواتریش بۆ ئەنفالکراوەکان).

پاش سێ ساڵ لە ئازاری گورچیلە حاجی مەکی لە شەوی ١٨-١٢-٢٠١٥ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا تەرمەکەی لە گۆڕستانی سەیوان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ - ماڵپەڕی کوردستان، وتارێکی نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا بە ناوی(حاجی مەکی ئاوێنەی خەمە کۆمەڵایەتییەکان) لە ١٩-١٢-٢٠٢٠.

٢ - کوردیپیدیا.

٣ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - ماڵپەڕی خاک، وتارێکی نووسەر سۆران عومەر(حاجی مەکی) لە ٢٣-١٢-٢٠١٥.

٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## حوسێن عەلی

لە گوندی(حەفتەغار)ی سەر بە قەزای داقوقەوە.... بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا، هونەرمەندە دەنگخۆش و خۆشەویستەکەی ناوچەی گەرمیان، گۆرانیبێژ و مەقامبێژی گەورەی کورد ڕەوانشاد حوسێن عەلی...

ناوی تەواوی(حوسێن عەلی زەند)ە، لەناو خەڵکی ناوچەکە بە(حوسێن عەلی گورجی) ناسراوە، لە هەموو کوردستانیش بە حوسێن عەلی ناسرا بوو، لە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی(حەفتەغار)ی سەر بە شارۆچکەی داقوقی پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، دایکیشی ناوی(ئامینە کەریم زەنگەنە)یە، لەبەر سەختیی ژیان و دەستکورتییان هەر لە منداڵییەوە شانی داوەتە بەر کرێکاری و کاری کشتوکاڵی، نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، ئەو هەر لە منداڵییەوە عەشقی سەودای هونەر و گۆرانی و مەقاماتی کوردی بووە، گوێچکەی بە دەنگە خۆشەکانی ناو عەشیرەتەکانی(زەنگەنە و باجەڵان و داوودە و تاڵەبان) ئاشنا ببوو، باوکیشی دەنگی زۆر خۆشبووە، لە دیوەخانی گوندەکەیان گۆرانی و مەقامی وتووە، ئەمانە هەمووی کاریگەری لەسەر کردوون، بۆیە لە گەنجێتیدا لەهەر کوێ لە دەوروبەری گوندەکەیان ئاهەنگی زەماوەندو کۆڕو کۆبوونەوە هەبووایە ئەو خۆی گەیاندووەتە ئەوێ وگۆرانی و بەستەی وتووە، کە باوکی دەزانێت نیگەران دەبێت، بەڵام ئەو بەردەوام دەبێت لە پەرەپێدانی بەهرەو



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند جاسم وەندی، نووسەر سەعید زەنگەنە، دەرهێنەری ڕەوانشاد بەختیار سیامەنسوری، هونەرمەند حوسێن عەلی، هونەرمەند ڕەسوڵ گەردی**

تواناکانی تا دەگاتە ئەوەی پیاوماقوڵ و دیارەکانی گوندەکەی ئامۆژگاری دەکەن بچێتە ئێزگەی کوردیی بەغدا.

هونەرمەند حوسێن عەلی ساڵی ١٩٤٨ بە شەمەندەفەر دەچێتە ئێزگەی کوردیی بەغدا، لەوێ مامۆستای مەقامی کوردی نەمر عەلی مەردان دەنگی تاقی دەکاتەوە و ڕازی دەبێت بەوەی هەموو هەفتان جارێک بێت و چەند گۆرانییەک بە پەخشی ڕاستەوخۆ(البث المباشر) بچڕێت، چونکە ئەو کات ئامێری تۆمارکردن نەبووە، لەم بارەیەوە بەڕێز جەمال کوڕە گەورەی حوسێن عەلی دەڵێت: (باوکم هەر لەتەمەنی گەنجێتییەوە دەستی کردووە بە گۆرانیی گوتن، زۆر حەزی بە گۆرانی و مەقام بووە، دەنگی زۆر خۆش بوو، لە لایەن خزم و ئیختیارانی گوندەکەمان پێشنیاری بۆ دەکەن و پێی دەڵێن: دەنگت خۆشە بۆ ناڕۆیت بۆ ئێزگەی بەغدا گۆرانی بچڕیت، ئەو هاندانە دەبێتە ئەوەی باوکم بڕیار بدات بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٨ لە ڕێی شەمەندەفەرەوە هەموو ڕۆژانی یەکشەممە ڕوو بکاتە بەغدا، بۆ مەبەستی گۆرانی وتن لە ئێزگەی کوردیی بەغدا).

حوسێن عەلی لە ٣٠-٥-١٩٤٨ یەکەم گۆرانیی خۆی لە ئێزگەی کوردیی

بەغدا وتووە، ئەو گۆرانیبێژی هەمیشەیی(دائمي) نەبووە لە ئێزگە، بۆیە لە گۆرانی وتنی ئێزگەی کوردی دابڕاوە تا ساڵی ١٩٦٧ جارێکی دیکە هاتۆتەوە ئێزگەی کوردیی بەغدا و چەند گۆرانی و بەستە و مەقامی تۆمارکردووە.

هونەرمەند خەلیل موراد وەندی هاوڕێی دێرینی هونەرمەند حوسێن عەلی دەڵێت:( حوسێن عەلی کە چۆتە ئێزگەی کوردی گۆرانی وتووە، بە بێ تۆمار کردن ئەو کاتە پێیان وتووە(علی الهوی) واتە ڕاستەوخۆ پەخشکراوە).

نووسەر و ڕۆشنبیر هەردەوێڵ کاکەییش دەڵێت:(لە ساڵی ١٩٤٨ حوسێن عەلی چۆتە ئێزگەی کوردی کۆمەڵێک گۆرانی و مەقامی وەکو(وەک قومری سەربالم شینە، نەرمە نەرمە، تەنکە) و مەقامەکانی( ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و خورشیدی) و چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری وتووە، ئەو گۆرانییانەی حوسێن عەلی لە ناوچەی گەرمیان ببوونە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک و منداڵ).

هونەرمەند حوسێن عەلی زۆر سوودی لە مامۆستا عەلی مەردان وەرگرتووە و خۆی بە شاگردی ئەو دەزانێت، چونکە مامۆستا عەلی مەردان زۆر هاوکاری و پشتگیریی کردووە چەند ئاوازێکیشی بۆ داناوە



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حوسێن عەلی لەکاتی ئاهەنگی گۆرانیدا**



**هونەرمەند حوسێن عەلی لەکاتی ئاهەنگی گۆرانیدا**

لەوانە(نازدار و نازەنین، نییە لە ماڵ)، ئەو جگە لە گۆرانی و بەستەکانی ئەڤینداری و پیاهەڵدان بە جوانیی کچی کورد و سروشتی جوانی کوردستان گۆرانیی نەتەوایەتی و نیشتمانیشی وتووە، بەم هۆیەوە تووشی گرتن و ئازار و ئەشکەنجە بووە، لە ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ دەستگیرکراوە و ماوەیەک لە(قصر النهاية و الامن العامة)ی بەغدا ماوەتەوە و لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری خانەقین ئاهەنگێکی گەورە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە یەکێ لە قوتابخانەکانی ئەو شارە سازکراوە، هونەرمەند حوسێن عەلی لەگەڵ هونەرمەندێکی عەرەب بە ناوی(ستار جبار) بەشدار بوونە، گۆرانی بۆ پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستان وتووە، لێپرسراوانی بەعس لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کردووە و ئازار و ئەشکەنجەیان داوە و دواتر ئازادکراوە.

حوسێن عەلی نزیکەی(٥٠) ساڵ خزمەتی گۆرانی و مەقاماتی کوردی کردووە، زۆریش بە هەژاری ژیا، بەڵام هەرگیز بەردەوام بووە لە گوتنی گۆرانی و بەستە و مەقامە خۆش و ڕەسەنەکانی هەمووشی بە تام و چێژی گەرمیان چڕیوە لەوانە مەقامەکانی(ئەڵڵاوەیسی، خاوکەر، سێگاه،

بەیات، ئای ئای، ئۆرفە، خورشیدی)، گۆرانی و بەستەکانی وەک(نازدار و نازەنین، نییە لەماڵ، تەنکە گیانم تەنکە، نەرمە، باڵاگەردانی چاوت بم، پێم بڵێ مەزەدار، دانە دانە، کۆڵان بە کۆڵان، لە سلێمانی بەولاوە، ئەی زاڵم، کراس زەردێ و چەندانی دیکە).

هونەرمەند حوسێن عەلی لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژ ئەسمەر فەرهاد و محەمەد سەعیدیش گۆرانی وتووە، پەیوەندی باشیشی لەگەڵ هونەرمەندان(عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک و ڕەسوڵ گەردی و سەلاح داودە و فایەق داودە و شوکر خەیات و خەلیل موڕاد وەندی) هەبوو.

ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی گوندەکەی خۆیان(حەفتەغار) کردووە خاوەنی سێ کوڕ بوون بە ناوەکانی(جەمال، کەمال، نەوزاد)، لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە بەغدا نیشتەجێ بوو، کاری شوفێری دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٢ کە بەندە لە ئێزگەی کوردیی بەغدا بێژەر بووم، ئەو ناوبەناو سەرێکی لە مامۆستا عەلی مەردان دەدا، ئێمەش پێی شاد دەبووین، مرۆڤێکی زۆر ڕووخۆش و قسە خۆش و ڕووح سووک و سوحبەتچی بووە، یادی بەخێر لە ڕۆژی ١٨-٧-١٩٩١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی زۆر بە بێ نازی لە گۆڕستانی(شێخ مەعروف) لە بەغدا بە خاک سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گۆڕەکەشی پڕ نوور و ڕەحمەت و گوڵ و گوڵزار بێت.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپێدیا.

٢- - Kurdistan Tv، وتارێکی نووسەر جەمالی دەلاک، هەولێر لە ١٢-١٠-٢٠٢١.

٣- کتێبی گۆرانیبێژە نەمرەکان، بەشی یەکەم ،نووسینی باکوری لاپەڕە(٢٢٧).

٤ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دایکی سۆلاڤ

لـه سـاڵی ١٩٥٦ لەگەڵ(هێـرۆ)ی کچـی گۆرانـی شـاعیر، زۆر بوێـر و ئـازا و ڕێچکەشـکێنانە، لـە پێش دەرکـی سـەرای سـلێمانی عەبـا و پێچەکانیـان لادەبـەن، خەڵکیش ئافەرینیان لێدەکـەن، شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنووس و پسـپۆری شـیعری منـداڵان خاتـوو دایکـی سـۆلاڤ ...

نـاوی تەواوی(سـەبریە نـوری قـادر خەفـاف)ە، بـە شـاعیر دایکـی سـۆلاڤ ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٢٨ لـە گەڕەکـی(عەقـاری)ی شـاری سـلێمانی لـە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لـە دایک بـووە، خوێندنی سـەرەتایی لـە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ەوە، وەکو پەنابەر لە شاری(ئۆپسـالە) ی وڵاتـی سـوید دەژیت.

دایکی سـۆلاڤ هـەر لـە تەمەنی منداڵییەوە خولیاو سـەودای خوێندنـەوەی شـیعر و ئەدەبـی کـوردی و وێنە(نیگار) کێشـان بـووە و شـیعری بۆ جوانیی سروشـتی کوردسـتان و شـاخەکانی(ئەزمەڕ و گۆیـژە) نووسـیوە لـە نـاو هاوتەمەنەکانـی خـۆی خوێندوویەتییـەوە، لـە سـاڵی ١٩٥٦ یەکەمین بەرهەمـی نووسـینەکانی خـۆی کـە وتارێـک بـووە بـە ناونیشـانی(ئافرەت و ژن و مـاڵ) لـە ڕۆژنامـەی(ژیـن) بڵاوکردۆتـەوە، کـە تێیـدا داکۆکـی و بەرگـری لـە مافـی ژنانـی کوردسـتان کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٥٧ بـە هـۆی ڕوودانـی لافـاوە





گەورەکەی سلێمانی پارچە شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە، بەردەوامیش بووە لە بڵاوکردنەوەی  پارچە شیعر و  وتار هەمەجۆر لە بواری مافی ژنان بە تایبەتی،  مافی مرۆڤ بە گشتی لە ڕۆژنامەی ژین و گۆڤارەکانی(شەفەق و پێشکەوتن و دەنگی مامۆستا)، هەندێک لەو بەرهەمانەی بە ناوی خوازراوی (خوشکە کوردێک) و بە ناوی دایکی سۆلاڤ (کە کچی چوارەمییەتی) بڵاوکردۆتەوە.

دایکی سۆلاڤ لە ساڵی ١٩٥٦ داوای لە ژنانی کورد کردووە واز لە ڕووپۆشی و عەبا و پێچە بهێنن، چونکە پێی وابووە ئەوە لاسایی و چاولێکەری بێگانەیە، بۆیە لەگەڵ(هێرۆ)ی کچی(گۆران)ی شاعیر زۆر بوێر و ئازا و ڕێچکەشکێنانە، لەدەردەم سەرای سلێمانی(عەباو پێچە) کانیان لادەبەن، ئیتر لەو ڕۆژەوە لە هەموو بۆنە و شوێنێکدا هەر بە جلی کوردیی جوانەوە دەبینرێت، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:(لەو ڕۆژەوە خەڵکێکی زۆر ئافەرین و دەستخۆشییان لێکردین و هەندێک ژنیش کە چەوساوەی پیاوسالاری بوون، ئەم کارەیان بە بوێرانە دانا).

دایکی سۆلاڤ یەکەمین ئافرەتی کورد بووە، لە ڕێگای شیعر و کورتە چیرۆکەوە ئامۆژگاری و ڕێنمایی منداڵانی کوردی کردووە، شیعرەکانیشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان و پاراو نووسیوە، کۆرپەکانمان

زۆر بە ئاسانی تێیدەگەن و لەبەری دەکەن، هەندێک لە شیعرەکانی منداڵان ئاوازی بۆ دانراوە و کراوەتە سروود و گۆرانی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان کوردییەکان پەخشکراوە.

دایکی سۆلاڤ کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و کورتە چیرۆک بۆ منداڵە چاوگەشەکانی دوا ڕۆژمان نووسیوە لە چەند نامیلکە و کتێبێکدا چاپی کردوون کە ئەمانەن:


- چەپکێک وەنەوشە، کۆمەڵە شیعر بۆ منداڵان، بەغدا، ساڵی١٩٨٢.
- ئاسوگە، کۆمەڵە شیعر بۆ منداڵان، بەغدا، ساڵی ١٩٨٢.
- بەهەشتی منداڵان، کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان، سلێمانی، ١٩٨٣.
- قاسپەی کەو، کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان، سلێمانی، ١٩٨٥.
- سروودی خۆر، کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان، بەغدا ، ١٩٨٧.
- زەنگی ژیان، کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان، سوید، ١٩٩٨.
- داپیرە و مام ڕێوی، چیرۆکە شیعرە بۆ منداڵان، بە تیپی لاتینی کوردی و بە تیپی عەرەبی نووسیویەتی، دێری شیعرەکان بە هەردوو شێوە بەرانبەر بە یەکترین، چیرۆکەکە لە ئەندێشەی فۆلکلۆری کوردییە و بە شیعر دووبارە دایڕشتووە، لە سوید ساڵی ١٩٩٨ لە چاپدراوە.
- کۆمەڵێک شیعر و کورتە چیرۆک و ئۆپەرێتی ئامادەن بۆ لە چاپدان.



دایکی سۆلاڤ



پۆلێك منداڵانی چاوگەشی کوردستان




دایکی سۆلاڤ لە بواری نیگارکێشانیش دەستێکی باڵای هەبووە و هەیە، ئەو وێنەی(٥٢) سەرکردە و کەسایەتییەکانی کورد لە ژن و پیاو کێشاوە، لە ئەرشیفی خۆی پاراستوویەتی.

دایکی سۆلاڤ ئەو ساڵانەی کە لە وڵاتی سوید ژیاوە، هەمیشە بەردەوام بووە لە نووسین و چالاکیی ئەدەبی ڕۆشنبیری بە تایبەتی لە بواری شیعری منداڵان، لە ولاتی بەلجیکا و ئەلمانیا کۆڕی شیعر خوێندنەوەی بۆ منداڵان ئەنجام داوە و باسی ئەزموونی خۆشی کردووە لەم بوارەدا.

چەند پارچە شیعرێکی منداڵانی لە گۆڤارێکی کوردی لە وڵاتی ئوستراليا بڵاوکردۆتەوە، چوار پارچە شیعریشی لە گۆڤاری(کوردیلە) کە بە زمانی کوردی و نەرویجی لە وڵاتی نەرویج دەردەچێت بڵاوکردۆتەوە، لە گۆڤاری(تەوار) کە لە سلێمانی دەردەچێت ناوبەناو پارچە شیعری بڵاوکردۆتەوە، چەند جارێکیش دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا کراوە.

دایکی سۆلاڤ لە ساڵی ١٩٤٣ هاوسەرگیری لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەزیزی میرزا ساڵح کردووە، خاوەنی شەش کچ و کوڕێکن بە ناوەکانی(بێگەرد، بێخاڵ، چیا، بەهرە، سۆلاڤ، سەرنج، سۆزە) خوا تەمەن درێژیان بکات.

**لەگەڵ دوو پارچە شیعری شاعیر دایکی سۆلاڤ:**

**پارچە شیعری یەکەم:**

**ژینی نوێ**

شیرینە .. کوردیلەکان
ئێوەن هیوای دوارۆژمان
بیر و هۆش فراوان کەن
کوردستان ئاوەدان کەن

کۆمپیوتەر لەبـەر دەستە

(داتاش) گەلێ مەبەستە

مێشک پڕکـەن لە زانین

بۆ زانیاری و ڕێگای ژین

هەوڵــدەن بۆ هەمیـشە

زانست بکـەن بە پیـشە

بە خوێندن و هۆشـیاری

بۆ گەل ئەبن بە دیـاری

تێبکۆشـن بۆ ژیـــان

لەژێر ئاڵای کوردسـتان

********

**پارچە شیعری دووەم:**

**وڵاتەکەم**

وڵاتەکــەم بــاوکمە

نیشــتمان دایـکمە

خاکەکەم زۆر شیرینە

بەهەشتێکی رەنگینە

دایـە و بابـە

دایــە، دایــە گــیان

بابــە، بابــە گــیان

ئێوە منـتان پێ گەیــان

بە ئازار و رەنجی شــان

بـەرەو هیـواتان بــردم

فێری خوی جوانتان کردم

لە گوێمــایە لای لایــە

به دەنگی خۆشی دایـــە
کە پێـی وتم نیشـــتمان
شیرینـــترە لە گیــان
چۆن نان ئەخۆی
پێش ئـەوەی کە نـان بخـۆم
دەست و دەمم پـاک ئەشــۆم
بە روویـــەکی خۆشــــەوە
لە نــان ئەچــمە پێشــــەوە
قســـە و پەلــە پــەل نــاکەم
جلوبەرگـــم پیـــس ناکـــەم
ورد ورد ئەجــووم پارۆکـــەم
سەیـری هیـچ کەس ناکـــەم
بە کەوچک ئەخۆم جوان جوان
چنــگ ناخــەمە چێشــتەکان
کە نانەکەمــــان کرد نـۆش
ئەڵێم : دایە گیان دەست خۆش

سەرچاوەکان:


١- وتارێکی نووسەر رەزا شوان لە ماڵپەڕی ڕۆژنیوس لە ١١-٨-٢٠١٤.
٢- ماڵپەڕی گەڕەکی عەقاری، نووسەر و هونەرمەندانی عەقاری، وتارێکی نووسەر سۆزە میرزا ساڵح لە ١٤-١٢-٢٠١٣.
٣- PMnews ، دایکی سۆلاڤ، لە ٢-١١-٢٠٢٠.
٤- کوردیپیدیا.
٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دەیکا دالیایێ

شاعیر و نووسەر و پەخشاننووس و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خاتوو (دەیکا دالیایێ)...

ناوی تەواوی(نەزیرە ئەحمەد بامەڕنی)یە، بە شاعیر دەیکا دالیایێ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە هاوینەهەواری(سەرسەنگ)ی سەر بە قەزای ئامێدی لە دایک بووە، ئەوان بە ڕەچەڵەک خەڵکی بامەڕنین، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری مووسڵ تەواو کردووە، لەبەر هۆی تایبەتی و باری خێزانداری نەیتوانیوە و هەلی بۆ نەڕەخساوە درێژە بە خوێندنی زیاتر بدات.

دەیکا دالیایێ هەر لە تەمەنی لاوێتیدا حەز و ئارەزووی چۆتە خوێندن و نووسینی کوردی، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکان دەستی پێ کردووە لەوانە(ئەحمەدی ناڵبەند، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، حاجی قادری کۆیی) و شعیری شاعیرانی نوێخواز





**لە لای ڕاستەوە: شاعیر دەیکا دالیایێ، دکتۆر مارف خەزنەدار، شاعیر خاتوو گوڵنار عەلی**

وەکو(شێرکۆ بێکەس، بەدرخان سندی، عەبدولڕەحمان مزووری، محسن قۆچان، موئەیەد تەیب و چەندانی دیکە)، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی شیعر و پەخشان نووسینی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ دەستی بە نووسین شیعر کردووە و یەکەم دەسپێکێی بەرهەمی خۆی لە ساڵی ١٩٩٢ لە گۆڤاری(مهاباد) بڵاوکردۆتەوە، ئیتر بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و پەخشان و وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری، بە زمانێکی سادە و ڕەوانی کوردی و بە شێوەزاری (کرمانجی باکوور- بەهدینانی)، تا ئێستا(٤) دیوانی شیعری چاپ کردووە، دوو دیوانی شیعریشی ئامادەیە بۆ چاپ کە ئەمانەن:

- باکوزیرک، شیعر، ل ساڵا ٢٠٠١.
- دەولەت و عەشقەکا کەڤنار، شیعر، ل سالا ٢٠٠٥.
- خەونێن شویم، شیعر، ل سالا ٢٠٢٠.
- خەونەکا کیڤی، شیعر، ل سالا ٢٠٠٨.

دەیکا دالیایێی هەر شاعیر و پەخشاننووس نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بە تواناشە، لە ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠٠٢ بە بەردەوامی بەرنامەیەکی تایبەتی لەسەر ئافرەتان بە ناونیشانی(ئاریشێن ژنان و چارە

سەریا وان) لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی دهۆک ئامادە و پێشکەش کردووە.

شاعیر دەیکا دالیایی دەیان پارچە شیعر و پەخشان و وتاری ئەدەبی ڕۆشنبیری و بابەتی هەمەجۆری دیکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.




لە ٢٩-١١-٢٠٢١ بە بۆنەی هەفتەی ڕۆشنبیریی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژیی دژی ئافرەتان، دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان بە هەماهەنگی فیستیڤاڵی شیعری ئافرەتان پۆلێک شاعیری ئافرەت لە سلێمانی و کەرکوک و دهۆک و کوردستان بەشدار ببوون، شاعیر دەیکا دالیایێ یەکێک بووە لە بەشداربووان.

ئەو بەشداریی بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفرانس و فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوەی لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە و دەکات.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر دەیکا دالیایێ، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، شاعیر خاتوو جولی حاجی**

لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان – لقی دهۆک بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.

لە ساڵی ١٩٩٩ لە یادی(١٠١) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان لە هەولێر ڕێکی خستبوو خەڵاتی(زێڕین) ی پێ بەخشراوە.

لە یەکەم دیداری ئەدەبیی کوردی کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ لە هەولێر ئەنجامیداوە خەڵاتی(پێنووسی زێڕین- القلم الذهبي)ی پێ بەخشراوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر عارف حیتۆ، شاعیر دەیکا دالیایێ، شاعیر بەدرخان سندی، نە ناسراوە**




**بەرهەمەکانی شاعیر دەیکا دالیایێ**



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز کاوە دیار دۆسکی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی، بەڕێز بەهجەت هروری، شاعیر دەیکا دالیایێ، بەڕێز ئیسماعیل تاهیر، نووسەر عەبدولڕەحمان بامەڕنی**



**شاعیر دەیکا دالیایێ، بەڕێز نیعمەتوڵڵا نهێلی، شاعیر خاتوو تیروژ ئامێدی**

شاعیر دەیکا دالیایێ هێشتا زۆر چالاکانە بەشداریی هەموو چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکان لە شاری دهۆک و دەوروبەری دەکات و بەردەوامیشە لە شیعر و پەخشان نوسین، جار و بار ئەدەبدۆستان و هەوادارانی خۆی بە پارچە شیعرێکی ناسک یان وتارێکی پوختە بەسەر دەکاتەوە، هەر سەرکەوتوو و ساغ و سەلامەت بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر دەیکا دالیایێ، شاعیر و نووسەر حەسەن سلێڤانی، نە ناسراوە، شاعیری گەورەی کورد دکتۆر بەدرخان سندی، نە ناسراوە، نە ناسراوە**

وا پارچە شیعرێکی شاعیر خاتوو دەیکا دالیایێ - تان بۆ دەنووسمەوە بە ناو نیشانی(وەلاتێ من):

وەلاتی من

دێمێ تە بهارەکا دینە

سنگێ تە مەیدانا شۆڕەشگێڕانە

چاڤێن تە تاجا لسەر تەختێ شاهانە

ئەڤە چەند سال بورین؟

تو یا لهیڤیا تیروژکێن، روژێ ب دەستابکری

خەونێت خو دناڤ هەیڤێ دا ڤەشێری و

ڤەشارتکانێ دناڤ قوشانێت ستێرا بکەی

لێ مخابن

ئاخا تە لەوتاند و

شینواریێت تەکاڤل کر...
وەلاتێ من
وەلاتێ من گول ژ ێ دبارن
مەزناهیا ئازادیێ د چاڤاندا
دبنە گرژی و
هەناسێت من چک دکەت
وەلاتێ من
وەلاتێ من دهمبێزا وارێ خودا
توڤێ بیرهاتنێت من
دهەر چار وەرزادا شین دبن
دور ژ تە وەلات سەرهاتیا رەڤندامە ئەز
شەپرزەمە، رێ بەرزەمە
ل ڤێ وەلاتێ دوور
ئەز خو دبینم مەدالیاکا بچیک؟
بئەسمانی ڤە هەلاویستی
دورم ژتە وەلات غەریبم ئەز...

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامەی شاعیر دەیکا دالیایێ لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەممەدی ماملێ

مامۆستای مۆسیقای ڕەسەنی کوردی، کە بۆ گەل ژیا و بۆ نیشتمان چریکاندی، هونەرمەندی خۆڕسک، گۆرانیبێژ و مەقامبێژی گەورەی کورد، ڕەوانشاد محەمەدی ماملێ


ناوی تەواوی(محەمەدی کوڕی سەعید کوڕی عەلی)یە، لە هەموو کوردستان بە محەمەدی ماملێ ناسراوە، لەسەرژمێریی گشتیی ئێران لە باوکیان پرسیوە: ناوت چیە؟ وتوویەتی: سەعید مام عەلی، چونکە پیتی(ع) لە زمانی فارسی نییە ئەوانیش نووسیویانە(سەعید ماملێ) ئیتر ناسناوی ماملێ لە باپیریەوە بۆیان ماوەتەوە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە گەڕەکی(خڕێ)ی شاری مهاباد لە خانەوادەیەکی دەنگخۆش و کوردپەروەر لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن: لە گەڕەکی (هەرمەنییان- ئەرمەنییان) لە دایک بووە.

محەمەدی ماملێ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(پەهلەوی و سەعادەت) لە مهاباد تەواو کردووە، بنەماڵەی ماملێ هەموویان دەنگێکی پڕ جۆش و خرۆشیان هەبووە و هەیە، ئەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە گۆرانی و مۆسیقاو مەقام بووە، لە شوێنێکدا خۆی دەڵێت:(ئەوەندە ئاشنای گۆرانییەکانی ڕەفیق چالاک بووم، بە خۆشی ئەوەوە کوڕێکم ناونا چالاک).



هونەرمەند محەمەدی ماملێ لە ساڵی ١٩٣٨ دەستپێکی گۆرانییەکانی بە گۆرانیی(ڕۆیی بە جێی هێشتم) دەستپێکردووە، ماملێ لە ساڵی ١٩٦٣ چۆتە قەڵادزێ چەند ئاهەنگێکی گێڕاوە، پاشان چووەتە شاری سلێمانی و سەرچنار لەوێش لەگەڵ تیپی مەولەوی گۆرانی گوتووە، زۆر حەز و ئاشنای دەنگی هونەرمەندان(خەلیلی سەدیقی و ڕەفیق چالاک و تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و محەمەد عارف جەزراوی و تەحسین تەها) بووە، لە هەڵبژاردنی تێکست و هەڵبەست بۆ گۆرانییەکانی، حەزی لە شیعرەکانی(وەفایی و سلێمانی شاوەلە و مارف ئاغا و گۆران و هەژار و هێمن) بووە، ئەو خاوەنی زیاتر لە(٧٠٠) گۆرانی و مەقامە لەوانە گۆرانییەکانی(جوابێکم دەوە، وەرە با ئاشت بینەوە، ئەی گوڵ لەسەر چڵانت، یار نەمان و یار نەمان، خۆم نیزام، ئەی لە شەدەی لاری، ئای لە دور نەشمیل گیان، ئەرێ خەجێ، ئەرێ هۆ نازەنین، ئامینێ تۆ گوڵەکەمی و ئەلبۆمەکانی ڕێژنە و زەمانە و لێم زیزە چاو کەژاڵێ و ئاوایە ڕێگای عاشقان).

محەمەدی ماملێ هونەرمەندێکی کوردپەروەر بووە چەندین جار لەسەر



وێنەکانی خانەوادەی مامڵێ

هەڵوێست و گۆرانییەکانی لە کاتی حوکمی ڕەزاشا دەستگیرکراوە و ئازار و ئەشکەنجە دراوە، لە ٢٩-٢-١٩٤٧ لەسەر شیعری لایە لایەی هەژار موکریانی کە بە گۆرانی وتبووی لە ورمێ دەستگیرکراوە، لە کاتی ڕووخانی کۆماری کوردستان لەسەر شاردنەوەی ئاڵای کوردستان لە مهاباد زیندانیکراوە، ئەو کوڕێکی بە ناوی(نەجات مامڵێ) لەگەڵ چەند لاوێکی دیکەی مهاباد لە ساڵی ١٩٨٢ (لەسێدارە دراون- ئیعدام کراون)، بەڵام هەر بەردەوام بووە، لە گۆرانییە نیشتمانپەرەوەرییەکانی، هەرچەندە سەر بە هیچ پارت و لایەنێکیش نەبووە.

سەبارەت بە هونەرمەند محەمەدی مامڵێ شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ دەڵێت:(کاک محەمەد هونەرمەندێکی گەورەی سیاسیی کوردە، چونکە هەموو کات لەگەڵ هەستان و کەوتندا ئاشنایە).

هەر دەربارەی هونەرمەند محەمەدی مامڵێ مامۆستا کەریمی حوسامی دەڵێت:(کەسایەتی و ڕەفتار و ئەخلاق و نیشتمانپەروەری هونەرمەندی وشە




هونەرمەند کاوە فەقیەزادە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی مامڵی
لە لایەن مەڵبەندی هونەری مامڵێ لە ٢٥-١-٢٠٢٢

شیرین و جوانەکانیماملێ لە یاد و زەینمدا زیندوون و لە بیر ناکرێن).

هەروەها نووسەر هیوا قارەمان دەڵێت:(تایبەتمەندییەکانی کاک محەمەدی ماملێ لە بارەی کەسایەتی ئەو ئینسانەوە ڕوون و ئاشکرایە ئینسانێکی زۆر گەورە بوو، هەروەها زۆر بە ڕوحم بووە و سەرەڕای ئەوانە(عیزەت نەفس)یشی هەبوو، بە ڕاستی هیچ کات شەرەف و پیاوەتیی خۆی بە هیچ قیمەتێک نەفرۆشت).

ئەم نووسەرانەش سەبارەت بە هونەرمەند محەمەدی ماملێ و بەرهەمەکانی لە گۆرانی و مەقام و میلۆدییا کتێبیان نووسیوە کە ئەمانەن:

- نووسەر محەمەد حەسەن ئەحمەد کتێبێکی لەسەر محەمەدی ماملێ بە ناوی(توێشەبەرەی هونەری ماملێ) نووسیوە و تیشکی خستۆتە سەر مێژووی بنەماڵەکەیان و بەرهەمەکانی ماملێ، لە ٦-٦- ٢٠١٧ بڵاوی کردۆتەوە.

- نووسەر هیوا قارەمانی کتێبێکی لەسەر ماملێ و بەرهەمەکانی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە.

- نووسەر سەید محەمەدی سەمەدی لە کتێبی مێژووی مهاباد چەند



خاتوو ئامینە خان هاوسەری ماملێ




تیپی مۆسیقا هونەرمەند محەممەدی ماملێ لەگەڵ هونەرمەند فەیزی نەژاد

- نووسەر فەرەیدون حەکیم لە کتێبەکەی خۆیدا باسی ماملێ دەکات.

هونەرمەندی ئەردەلانی عەباس کەمەندی کە لە ساڵی ٢٠١١ خەڵاتی مامڵێی پێ بەخشراوە، لە برووسکەیدا بۆ مەڵبەندی هونەریی ماملێ نووسیویەتی( لە یادم ناچێت کاتێکی کە ڕەخنەم لە بەڕێزیان گرت کە بۆ میلۆدی تورکییان بە کوردی وەرگەڕاندووە و دەیڵێتەوە؟ بەڕێزتان زەردەخەنەیەکتان کرد و فەرمووتان: گومانی تێدا نییە کە بە هۆی پێکەوە ژیانی مێژووی کورد و تورک و ئەرمەنی و لەو ناوچانەدا کە تێیدا دەژین، زۆر خاڵی هاوبەشمان تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام بۆچی وا بیر ناکەوە کە ئەم میلۆدییانە پێشتر کوردی بوون و کراون بە تورکی یان ئەرمەنی، کە پێیدا هاتمەوە زانیم کە حەق بەدەستی بەڕێزیانە و بێدەنگیم لێکرد، محەمەدی ماملێ سەرەڕای هونەری مۆسیقا لە هونەری خۆشویستن و میوانداریشدا کوردێک و موکرییەکی ڕەسەن بوو، من لە خزمەتیدا زۆر هەستم بە خۆشحاڵی کرد و تامم لێ بینی).

خەڵاتی ساڵانەی ماملێ وەکو هێمایەکی ڕێزلێنان لە ماملێ هەموو






ساڵێک لە لایەن مەڵبەندی هونەریی مامڵێوە دەدرێتە هونەرمەندێک ئەم ساڵ لە ٢٥-١-٢٠٢٢ بە هونەرمەند کاوە فەقیەزادە بەخشرا.

هونەرمەند محەمەدی مامڵێ سێ ژنی هێنابوو، دوا هاوسەری خاتوو(ئامینە) بوو، ئەگەر سەهوو نەبم ماوەیەک پێش ئێستا کۆچی دوایی کرد، ئەوان خاوەن حەوت کوڕ و دوو کچ بوون بە ناوەکانی(عەزیز کە بە خانە ناسرا بوو، خەسرەو، چالاک، ڕەوانشاد نەجات کە ئیعدام کراوە، وریا، شەونم، خوبی) و چوار برا و خوشکێکی هەبوو بە ناوەکانی(حەسەن، حەسەین، موتەلیب، جەعفەر و تووبا).

لە ڕۆژی ١٣-١-١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە و لە مهاباد بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپێدیا.
٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣- وەییک ماشێن- ئەرشیف.
٤- k٢٤. فلمێکی دوکیومێنتاری.
٥- Youyube، گۆرانییەکانی محەمەدی مامڵێ.
٦- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ناسری ڕەزازی

ئەو بە چوار شێوەزاری کوردی گۆرانی ووتوە، هەورامی، کەلهوڕی، کرمانجی، سۆرانی، مەبەستی تەنیا خزمەتکردنی هونەر و مۆسیقای کوردی بووە، هونەرمەندی گەورەی کورد ناسری ڕەزازی...

هونەرمەند ناسری ڕەزازی لە ٢١-٦-١٩٥٥ لە گەڕەکی(کانی کەمێز)ی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی دەستکورت و هەژار لە دایک بووە، لە تەمەنی(٦)ساڵاندا دەستی بەخوێندنی سەرەتایی بە زمانی فارسی لە قوتابخانەی(هیدایەت) لە شاری سنە کردووە، لەتەک خوێندنی سەرەتایی باوکی ناردوویەتییە بەر خوێندنی ئایینی لە لای مەلا ئەحمەد ئیمامی مزگەوتی کەریم ڕەئووف و دواتر لە لای مەلا عەبدوڵڵا ئیمامی مزگەوتی حەمە حسەین بەفری ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت:( بە بێ حەزی خۆم دوو زمانی فارسی و عەرەبی- یان فێرکردم)، پاش وەرگرتنی دبلۆم لە بەشی(وێژەیی- ادبی) دەبێتە مامۆستا، بەڵام پێش ئەوەی دەست بەکار بێت، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران ڕوودەدات و ماوەیەک دەستگیر دەکرێت، پاش ئازادبوونی لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕەوانشاد (مەرزیە فەریقی و دوو منداڵەکەی (دڵنیا و ماردین) دەبنە پێشمەرگەی (کۆمەڵە)، ساڵی ١٩٨٥ دوای وازهێنانی لە پێشمەرگایەتی ڕوو لە وڵاتی سوید دەکەن و لەوێ دەبنە پەنابەر و هەر لەوێش نیشتەجێ دەبن و منداڵێکی دیکەشیان دەبێت بە ناوی(کاردۆ).




**له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی نەمر تایەر تۆفیق، هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند مشکۆ هەولێری**

له ساڵی ٢٠٠٤ دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان و له شارۆچکەی دوکان نیشتەجێ دەبن، هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ هونەرمەند مەرزیە فەریقی بە هۆی سەرنەکەوتنی نەشتەرگەرییەک کۆچی دوایی دەکات، پاش ماوەیەک ئەو لە گەڵ ژنێکی دیکە کە خەڵکی مەریوانە بە ناوی(ئێران خانم) هاوسەرگیریی دووەم دەکات و دەگەڕێنەوە وڵاتی سوید ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.


هونەرمەند ناسری ڕەزازی ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار چۆتە سەر شانۆ و گۆرانیی(دەسماڵێ و دەسماڵێی) بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆی سنە تۆمارکردووە، یەکەم کاسێتی بڵاوکراوەی گۆرانییەکانی بریتیی بووە لە لاسایی کردنەوەی گۆرانیی گۆرانیبێژانی کورد لەوانە (ئای چەندم خۆش دەوێی)ی مامۆستا عەلی مەردان و مەقامی بەیاتی تورکی، ئەو لە مەقامی ماهووریشدا زۆر شارەزایە.

یەکەم کەس کە یارمەتی داوە هونەرمەندی گۆرانیبێژی شاری سنە (تۆفیق ڕەزایی) بووە، لەبەر ئەوەی شاری سنە تیپی مۆسیقای لێ نەبووە، ناچار دەبێت بچێتە شاری سەقز لە مەڵبەندی هونەریی ئەوێ لەگەڵ هونەرمەند ڕەشیدی فەیزنەژاد و حەبیبوڵڵای نیکبین و چەند هونەرمەندێکی

دیکە پەرە بە بەهرە و توانای گۆرانیی وتنی خۆی دەدات، هەر ئەو کات لەگەڵ پەروین موشیر وەزیری کۆمەڵێک شیعر و گۆرانی لە تەلەفزیۆنی شاری سنە تۆمار دەکەن.

لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هونەرمەند فەریبۆز فەخاری و نەجمەدین غوڵامی و کاک کاڵێ و ڕەزا بچکۆل و مەرزیە فەریقی تیپی بانگەوازیان پێکهێناوە، توانیویەتی درێژە بە هونەرەکەی خۆی بدات و کۆمەڵێک سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی تۆمار بکات، یەکەم سروودی(ئەمڕۆ چ ڕۆژە ڕۆژی نەورۆزە) کە هۆنراوەی عابدین موفتی زادەیە و سروودی(دێم و دێم) کە شیعری هێمن موکریانییە، پاشان چەند سروودێکی دیکە لەوانە(ئەی شەهیدان، کارگەرین جەنگاوەرین، سەدەی بیستەمە، هیوا، پێشەنگی زەحمەتکێشان، دەست لە چەکەکەم هەڵناگرم....هتد) تۆمار کردووە.

هونەرمەند ناسری ڕەزای لە ساڵی ١٩٩٠ هاتۆتەوە باشووری کوردستان لەنێو جەماوەری خەڵکی کوردستان و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕەسوڵی نادری، هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند محەممەدی ماملێ**

دهۆک و شـارۆچکەکانی کوردسـتان ئاهەنگی گێڕاوە، لە مەقاماتیشدا شـێوازی مامۆسـتا تایـەر تۆفیـق و قەتارەکانـی محەمـەدی ماملـێ و لـە بەستەکانیشـدا زیاتـر سـوودی لـە دەنگـی هونەرمەنـد حەسـەن زیـرەک وەرگرتـووە، زیاتـر لـە(٤٠) کاسـێتی گۆرانـی و ئەڤینـداری و فۆلکلـۆری تۆمـار و بڵاوکردۆتـەوە، (٤) کاسـێتی سـروودی نیشـتمانی و شـۆڕشـگێڕی و سیاسـی بڵاوکردۆتـەوە، کـە ببوونـە وێـردی سـەر زمانـی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان، ئـەو مـاوەی کە لـە وڵاتـی سـوید بـووە(٧) سـیدیCD ی دیکـەی تۆمارکـردووە و بـڵاوی کردوونەتـەوە.

ناسـری ڕەزازی ئـاوازی بـۆ چەنـد گۆرانییەکـی خـۆی داناوە لەوانـە (پەپولە، دێوانـە خـۆم، ماچـی خودایـی، سـەرەمەرگی هیـوا، نیشـتمان)، ئەم ئەلبومانەشـی هەیە:(کوردسـتان ١٩٧٦، دێوانـە خـۆم ١٩٧٩. گۆمەشـین ١٩٩٣، لـە گـوڵان ١٩٩٣، بـە پیـرۆز ١٩٩٥، هیـوا ١٩٩٥، خەمـی نـان ١٩٩٦، هەڵەنجـە ١٩٨٨، ڕەزیانـە ١٩٩٣، کرماشـان ٢٠٠٠، ئێوارەیـە ١٩٩٥، بیرەوەری ٢٠١٢، گوڵبـاران ٢٠١٦، شـارەکەم ٢٠١٩)، بـە هاوبەشـیش گۆرانـی لەگـەڵ ئـەم هونەرمەندانـە تۆمارکـردووە (تۆفیـق ڕەزایـی، محەمـەدی ماملـێ، عەزیـز شـارۆخ، حەمـە جـەزا، جەمـال موفتـی، نەجمەدیـن غوڵامـی، مەرزیـە فەریقـی).



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند عەزیز شارۆخ




**لە لای ڕاستەوە: ئێران خان هاوسەری دووەمی هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند محەمەد ڕەزا شەجەریان، هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هونەرمەند سەعید فەرج پووری**

ئـەو بەشـداری بەشـی زۆری ئـەو ئاهەنگـە نیشـتمانی و نەتەوایەتییانـە کـردووە لـە نـاوەوەی باشـووری کوردسـتان و لـە دەرەوەی وڵات لەوانـە وڵاتانی(ڕۆمانیـا، تورکیـا، قوبـڕس، بولگاریـا، کەنـەدا، ئوسـترالیا، سـۆڤیەتی جـاران، ئازربایجـان، یۆنـان، بەریتانیـا، هۆڵەنـدا، بەلجیکا، دانیمـارک، فیلنـدا، نەرویـچ، سویسـرا، ئەمەریکا، فەرەنسـا، ئەڵمانیـا، ئیتاڵیـا و چەندیـن وڵاتـی دیکـە).

هەروەهـا بەشـداریی چەندیـن کۆنگـرە و فیسـتیڤاڵی هونـەری لـە وڵاتانـی دەرەوە کـردووە، لەوانـە:

- کۆنگرەی کورد لە شاری(جنیف)ی سویسرا ساڵی ١٩٩١.
- فیسـتیڤاڵی(وومەد- Wmad Fistival) لـە هامبـۆرگ لـە ئەڵلمانیـا کـە نـاوی(Welt beat) بـووە، سـاڵی ١٩٩١.
- گالاّیەک بۆ کۆچڕەوەکەی کوردستان لە ستۆکهۆلم ساڵی ١٩٩١.
- فیستیڤاڵی( World Root Fistivel) لە هۆڵەندا، ساڵی ١٩٩٢.



ناسری ڕەزازی بە جلی
پێشمەرگایەتی



هونەرمەند
ناسری ڕەزازی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ناسری ڕەزازی لە کاتی پێشمەرگایەتی، منداڵەکانی دڵنیا و ماردین، هاوسەرەکەی ڕەوانشاد مەرزیە فەریقی

- فیستیڤاڵی دەنگە پیرۆزەکان لە شاری لەندەن، بەریتانیا(Sacred Voices Fistival)، ساڵی ٢٠٠٠.
- کۆنفرانسێک لەسەر مێژووی مۆسیقای کوردی لە لەندەن، ساڵی ٢٠٠٠.
- چەندین فیستیڤاڵی دیکە لە ئیسپانیا و فەرەنسا و ئەمریکا.

هونەرمەند ناسری ڕەزای هەر گۆرانیبێژ نەبووە، بەڵکو نووسەریشە، (٥)

کتێبی بە نووسینی خۆی و وەرگێڕانەوە لە چاپداون کە بیرەوەریەکانی و باسی هونەری گۆرانیی و موسیقای کوردی و گۆرانیبێژە بە ناوبانگەکانی کوردی کردووە، سەرەڕای چەندین وتاری هونەری لەسەر هونەر و گیروگرفتی هونەرمەندان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاو کردۆتەوە.

هونەرمەند ناسری ڕەزازی خزمەتێکی گەورەی هونەر و گۆرانیی کوردی کردووە، ئەو وەکو باڵوێزێکی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بە گەلانی ئەوروپا و ئەمریکا ئاشنا کردووە. هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی هونەر و گۆرانی کوردی.


سەرچاوەکان:

١ - بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ٨-٦- ٢٠٢٢.

٢ - ماڵپەڕی خەندان، ناسری ڕەزازی هونەرمەندێکی بە ئەزموون و پڕ بەخشش و داهێنان لە ٩-٢-٢٠٢٢.

٣ - ماڵپەڕی ئاوێنە، ناسری ڕەزازی من خزمەتی کوردم کردووە، لە ٦-٢-٢٠٢٢.

٤ - ماڵپەڕی پلاتفۆڕمی دابڕان، لە ١٠-٢-٢٠٢٢.

٥ - کوردیپێدیا.

٦ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کەریم کابان

هونەرمەندی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری ڕەسەن و هونەرمەندی ناسراو و دیاری کورد، ڕەوانشاد کەریم کابان...

ناوی تەواوی(عەبدولکەریم جەلال مەحمود)ە، بە کەریم کابان ناسراوە، ناسناوی کابان بۆ دایە گەورەی خانەوادەکەیان دەگەڕێتەوە، کە خانمێکی زۆر لێهاتوو بووە، بۆیە بە(کابان) ناونراوە، هونەرمەند کەریم کابان لە ٢٤-٧- ١٩٢٧ لە گەڕەکی (شێخان) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوەی دیکە دەڵێن: لە گەڕەکی(مەڵکەندی) هەر لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، باوکی چایچی بووە، لەتەک ئەوەش دەفژەنێکی بە توانا بووە، دەنگیشی زۆر خۆش بووە، بەشداریی زۆری لە خوێندنەوەی مەولودنامە و سروودە ئایینیەکان کردووە.

کەریم کابان سەرەتا چۆتە بەر خوێندنی ئایینی و دواتر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (فەیسەلییەی ئوولا- الفیصلیة الاولی) تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥ کە تەمەنی دەگاتە کاتی سەربازی لە جیاتی بوونی بەسەرباز لە سوپای عێراق، چووەتە بەغدا و دوو خولی(بێ تەلی- بێ سیم- لاسلكي) بینیوە و بۆتە پۆلیس، بۆیە وەکو(پۆلیسی بێ تەل- شرطي مخابر) دەست بەکار بووە و ڕەوانەی(دینارتە) لە سنووری ئاکرێ کراوە،



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان:مەلا حەسەن ڕەستکار، هەژار موکریانی شاعیر، بەڕێز محەمەد ڕەزا، هونەرمەند کەریم کابان، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: بەڕێز عەبدوڵڵای مامە لاوە، مەلا ڕەسوڵ مەلا برایم، ئیسماعیل قادر حەیران**

پاشان دەگوازرێتەوە بۆ دیانا و دواتریش بۆ ڕواندز لەویَ بە حەزی خۆی فێری شێوەزاری کرمانجی ژوورو دەبێت، لە ساڵی ١٩٥٦ جارێکی دیکە دەگوازرێتەوە بۆ(شێوەکەلی) لە ناوچەی شارباژێڕ، پاش دوو سێ ساڵ دەبردرێتە بنکەی سەرای ڕانیە وەکو کارمەندی بێ تەل(لاسلكي)، ئەو لەویَ ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە بۆ یارمەتی دانی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆر دەوری گرنگی هەبووە لە گەیاندنی جموجووڵییەکانی حکومەتی ئەوسای عێراق و گەیاندنی بە سەرکردایەتی شۆڕش، بۆیە لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٦٢ حکومەتی عێراقی هەستی پێدەکات و ئەو کات قادر کابانی براشی هەر پێشمەرگە بووە، بۆیە دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی بەغدای دەکەن، ماوەی(٦) مانگ لە بەغدا زیندانی دەکرێت دواتر دەینێرنە شاری ناسریە و دیوانیە بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو دەمێنێتەوە و لە

سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ دەگوازرێتەوە سلێمانی، پاش ڕێككەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ جارێكی دیكە دوور دەخرێتەوە بۆ شاری ڕومادی و ماوەی حەوت مانگ لەوێ دەبێت و لە ماوەیەدا پلەی بەرز دەبێتەوە دەبێتە(مفوض)ی سێ نەجمە، دەیگوازنەوە شاری سلێمانی، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دەچێتە ناو شۆڕش و پاش نسكۆی شۆڕش وەزیفەكەی دەگۆڕنەوە بۆ وەزیفەی مەدەنی و ڕەوانەی بەڕیوەبەرایەتیی كارەبای نەجەف دەكرێت، لە دوای ڕاپەڕین بە هۆی كۆڕەوییەكەی گەلی كورد ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان كردووە، لە ئۆردوگای(سەردەشت) چەند گۆرانییەكی گوتووە، لە شاری سنە بەشداریی فیستیڤاڵێكی گەورەی كردووە.

هونەرمەند قادر كابان ئەو كاتەی قوتابیی سەرەتایی بووە لە قوتابخانەی فەیسەلییە لەبەر دەنگخۆشی لە تیپی سروودی قوتابخانە بووە زۆر جار لە گۆڕەپانی قوتابخانەكە سروودی نیشتمانی چڕیوە، لە ساڵی ١٩٤٥ كە چۆتە بەغدا بۆ خولی لاسلكی یەكەم گۆرانیی خۆی لە ڕادیۆی كوردیی بەغدا



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند كەریم كابان، هونەرمەندی ڕەوانشاد قادر كابانی برای**

تۆمارکردووە، کە بە ناوی(لە ڕێی دڵداری) بووە، لە ڕۆژی ١-٧- ١٩٤٥ ئاهەنگێکی گەورەی لە شاری بەغدا گێڕاوە، هەر لە ساڵی ١٩٤٥ یەکەمین بەرهەمی خۆی کە (٨) گۆرانی بووە بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٥٧ بۆتە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئاوازە بەناوبانگەکەی بە ناوی(درزی پەچە) بۆ قادر کابانی برای دادەنێت، لە ساڵی ١٩٧٤ ئەو کاتەی پەیوەندی بە تیپی مۆسیقای شۆڕش کردووە، گۆرانییەکانی(یاران وەسیەتم و شەو) ی لە گوندی(وەسان) لەگەڵ ئەو تیپ تۆمار کردووە، لە ١١-٩- ١٩٧٤ لە یادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول دوو بەرهەمی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

هونەرمەند کەریم کابان تەنیا (٢٠) گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، بەڵام هەر هەموویان بە شاکاری گۆرانیی کوردی دادەنرێن، ئەو ئاوازی بۆ بەشی زۆری گۆرانییەکانی خۆی داناوە و هەندێ ئاوازیشی بۆ هونەرمەند قادر کابانی برای و بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی و هەندێ هونەرمەندی دیکە داناوە، دیارترین بەرهەمەکانی ئەمانەن:(قەت نەدەی ئازاری گیانی، یاران لە پرخەی، من دوور و تۆ دوور، فریشتە، باوانم، خۆزگەم بە پار، لە مابەینی گوڵ و گوڵزار، بەری بەیانە، گوڵاڵە سوورە، ئاواتی دووری، ساقی، من و سەحەر لە زۆر کەس وایە، یاران وەسیەتم، شەو، خەنەبەندان،



نەناسراوە، هونەرمەند کەریم کابان، نەناسراوە




**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، هونەرمەند کەریم کابان، نە ناسراوە**

بێداری شەو، پرسیار، تەمەن، یار جوانە، هاوار لێ، خونچە، ئەرێ هۆ کاڵێ، دڵی گیرۆدە، نزیکتر لە گوڵ، بێ وەفاییم کرد).

سەبارەت بە هونەرمەند کەریم کابان هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەبدولقادر حەسەن دەڵێت:(هەر هۆنراوە و ئاوازێک دانسقە نەبوایە نەی دەکرد بە گۆرانی، ئەو کە ئاواز و هۆنراوەی هەڵدەبژارد بۆ خۆی و قادر کابانی برای شتی بژاردەبوون، تاکو ئێستاش بە زیندوویی ماونەتەوە).



**پەیکەری هونەرمەند کەریم کابان**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ زاهیر جەلالیش دەڵێت:( تاکو ئێستاش پیر و گەنج گوێ لە گۆرانییەکانی کەریم کابان دەگرن و سەری بۆ ڕادەوەشێنن، هەموومان کە گوێمان لە گۆرانییەکان دەبێت مێشکمان ئیسراحەت دەکات).

لە ١٤-١- ٢٠١٦ هونەرمەند کەریم کابان لە تەمەنی(٨٩)ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سەیوان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ئەو دوو جار هاوسەرگیری کردووە لە هاوسەری یەکەمی کە ناوی(سەبریە خان) بووە و خەڵکی ڕواندز بووە، کچێکیان






هەبـووە بـە ناوی(نوخشـە)، هاوسـەرگیرییەکەیان بـەردەوام نەبـووە و لێـک جیابوونەتـەوە، لـە سـاڵی ١٩٥٥ هاوسـەرگیری دووەمـی لەگـەڵ خاتوو(ئایشـە خـان) کـردووە کـە کچـی خاڵـی خـۆی بـووە، سێ کـوڕ و دوو کچیان هەبـووە.

لـە ٢٥-٢-٢٠١٦ بـە بۆنـەی چلـەی ماتەمینـی هونەرمەنـد کەریـم کابـان، هونەرمەندو ئەکتـەر و دەرهێنـەری گـەورەی کـورد ئەحمـەد سـالار وتارێکـی لـە هەفتەنامـەی گـوڵان بڵاوکردۆتـەوە و تێیـدا دەڵێت:(گوتیـان: بـۆ گەلیـک گـۆرانی بـۆ نەگوتووین؟ منیش بـۆ سـۆراغی ئـەم پرسیارە، چوومـە خزمـەت گەوهەکارێکـی، گەوهەرگـران هەڵسـێنەر، لـە وەڵامـدا فەرمـووی: جـارێ وا هەیـە کێـوێ دەکۆڵـن و بـە وردی لـە بێژنگـی بینینـەوە دەدەن، ئەوسـا ئەگـەر ئەڵماسـێ، پارچـە زێـڕێ، بـە ئـارەق ڕشـتنێکی مانـدوو وەلاوەنـان عەودالانـی گەوهـەری یـەک دانـە، دانـە گەوهەرێکـی لـە چـارە دەنووسـرێ، بەڵـێ، کابـان، بیسـت گەوهـەری دانـە دانـەی بـە گەردنـی بووکـی گـەردن بـەرزی هونـەری گـۆرانی و مۆسـیقای کـوردەوە کـرد، بۆیـە هونەرەکـەی شـاکار بـوون چونکـە هەرگیـز نەیویسـتووە هونەرەکـەی زۆر بـێ و بـێ بایـەخ بـێ).

هونەرمەنـد و نووسـەران و هاووڵاتیانـی لـە شـاری سـلێمانی لەبـەر دەم ماڵـی هونەرمەنـد کەریـم کابانـی کۆچکـردوو، کەمپینێکیان ڕاگەیانـدووە، داوایان کـردووە کـە ماڵەکـەی بکرێتـە مۆزەخانەیـەک یـان ناوەندێکـی کەلەپووری بـۆ خزمەتـی هونـەری کـوردی، یـان بکرێـت بـە گەلەرییـەک و سـەرجەم کـەل و پـەل و ئەرشـیفە بەجێماوەکـەی هونەرمەنـدی تێدا بپارێزرێت.



هونەرمەند کەریم کابان لە ژیانی خۆی چەندین جار لە لایەن دەزگا هونەرییەکانی هەرێمی کوردستان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی شاری سلێمانی خەڵات کراوەو و ڕێزی لێندراوە.

ساڵانە بە شێوەی جیا جیا دەزگا هونەرییەکان یادی ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کورد دەکەنەوە.

لە شاری سلێمانی پەیکەرێک بۆ هونەرمەند کەریم کابان دروستکراوە و لە پارکی ئازادی دانراوە.

ڕوحی پاکی هونەرمەند کەریم کابان شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ - ماڵپەری ئەلیکترۆنی زانیاری لە ١٩-١-٢٠٢٢.

٢ - بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ٢٠-٢-٢٠١٩.

٣ - هەفتەنامەی گوڵان وتارێکی هونەرمەند ئەحمەد سالار بە بۆنەی چلەی هونەرمەند کەریم کابان، لە ٢٥-٢-٢٠١٦.

٤- Archive,Khaktv، خاتوو ژیلیا گۆرانییەکی هونەرمەند کەریم کابان دەڵێتەوە بە ڤیدیۆ لە ٣- ٤- ٢٠٢١.

٥- basnews، لە ٢-٢- ٢٠١٩.

٦ - کوردیپیدیا.

٧ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# گوڵبەهار

**کـەوا سـپێدە بخوێنـە، هـەر بخوێنـە هـەر بخوێنـە**
**تـۆ ئـاوازێ خـۆش بینـە، هـەر بخوێنـە هـەر بخوێنـە**

خانمە و ئەکتەر و گۆرانیبیژی بە ناوبانگی کورد، ڕەوانشاد گوڵبەهار....

نـاوی تەواوی(فاتمـە محەمـەد ئەحمـەد عەلی)یـە، لـە هەمـوو کوردسـتان بـە گوڵبەهـار ناسـراوە، خێزانەکەیـان بـە ڕەچەڵـەک خەڵکی ئامێدی سـەر بـە پارێـزگای دهۆکـن، بـە هـۆی کێشـەی کۆمەڵایەتییـەوە، ڕوویـان لـە باکـووری کوردسـتان کـردووە و لـە گوندێکـی سـریانی بـە نـاوی (کوجانـس)ی سـەر بـە ناوچـەی (جولەمێرگ) نیشـتەجێبووینە، لـە سـالێ ١٩٢٩ لـەوێ لـە دایک بـووە، هەنـدێ سـەرچاوە دیکـە دەڵێـن: لـە گوندی(مـار شـمعونا) سـریانی هـەر لـە ناوچـەی جولەمێرگ لەدایک بووە، پاش ماوەیـەک دەگەڕێنـەوە زێدی بـاب و باپیرانیـان لـە ئامێدی لـە گوندی(بادرشـکی) نیشـتەجێ دەبنـەوە.

هونەرمەنـد گوڵبەهـار هێشـتا منداڵ بـووە باوکـی کۆچـی دوایـی کـردووە، بـە ناچاری لـە گونـدی بادرشـکی دەچنـە شـاری مووسـڵ، لـەوێ دەچێتـە بـەر خوێندنـی سـەرەتایی، بـەڵام دیـارە لەبـەر سـەختی ژیـان زۆر نەماونەتـەوە



**لە لای ڕاستەوە: گوڵبەهار ،هونەرمەند باکوری**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، گوڵبەهار، ئەردەوان زاخۆیی**




**لە لای ڕاستەوە: گوڵبەهار، هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین**

و چوونەتە شاری بەغدا لەوێش هەر لەبەر خراپی بارودۆخی ژیانیان نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

گوڵبەهار هەر لە منداڵییەوە هەستی بە دەنگە خۆشەکەی خۆی کردووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی خوشکێکی هونەرمەندی بە ناوی(فەوزیە محەمەد) بۆیە چۆتە تیپی هونەری(کۆرال)ی ئێزگەی بەغدا، دواتر چووەتە تیپی هونەری(١٤ تەمموز) کە(شێخ عەلی درویش) مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دایمەزراندبوو، ئیتر دنیای هونەری بەسەردا کراوەتەوە، بۆیە پێش ئەوەی وەکو گۆرانیبێژ، سەرەتا وەکو خانمە ئەکتەری شانۆگەری ناسراوە، چونکە ئەو کات بۆ پیاوانیش ئازایەتی ویستوە بچێتە سەر شانۆ، بەڵام ئەو زۆر ئازا و بوێرانە چۆتە سەر شانۆ و بەشداری لە چەند شانۆگەری و فلیمی سینەمایی وەکو(الوردة الحمراء، عروس الفرات) کردووە،

لە ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ هونەرمەندانی گەورەی عێراقی لەوانە (یحیی فائق، فوزی محسن امین، اسعد عبدالرزاق، زیا البیاتي) لە تەلەفزیۆنی عێراقی لە چەند کارێکی هونەری دەرکەوتووە و بۆتە هونەرمەندێکی بە ناوبانگ لەسەر ئاستی عێراق، ئەو یەکێکە لە پێشەنگەکانی ڕەگەزی مێینە لەسەر ئاستی هەموو عێراق کە زۆر ئازا و بوێرانە چۆتە سەر شانۆ.

گوڵبەهار لەگەڵ گەنجێکی بەغدایی دەرچووی زانکۆی ئەمریکی هاوسەرگیری کردبوو، کچێکیان هەبووە بە ناوی (بێریڤان)، ئەو بە تێکڕایی(٢٧٢) گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە لە ئێزگەی کوردیی بەغدا، چەندین گۆرانیشی لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان(محەمەد عارف جەزراوی و عیسا بەرواری و تەحسین تەها و سەمیر زاخۆیی و عەبدوڵڵا زێڕین) و هونەرمەندانی دیکە هەیە، لەوانە(کەوا سپێدە بخوینە، هەر بخوینە)، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کات بەندە وەکو(بێژەر- مذیع) لە ئێزگەی بەغدا بووم، بەیانییەکان کە ئێزگەمان بە قاسپەی کەوەکە دەکردەوە و دواتر چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، بەشی زۆری ڕۆژەکان




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عیسا بەرواری، گوڵبەهار**

ئەو گۆرانییەی گوڵبەهار(کەوا سپێدە بخوینە، هەر بخوینە) دەستپێکی پرۆگرامەکانی ئێزگەی کوردی بوو، خۆ ئێمە کارمەندانی ئێزگەی کوردی ئەوسا ناومان لە گوڵبەهار نا بوو(فەیروز)ەکەی کوردستان.

لە گۆرانییە خۆش و بە ناوبانگەکانی(بێنە بێنە، شڤان و بێری لەگەڵ هونەرمەند سەمیر زاخۆیی، ئەم هاتین هاتین لەگەڵ هونەرمەند تەحسین تەها، سەیران کە شیعری شاعیری گەورەی کورد بەدرخان سندییە هەر لەگەڵ تەحسین تەها، بنڤە بەرخێ و دلۆ دلۆ، هەی لێ لێ ... هەی لۆ لۆ لەگەڵ هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین، زەمبیل فرۆش لەگەڵ هونەرمەند عیسا بەرواری) و چەندین گۆرانیی خۆشی دیکەی هەیە.



لە لای ڕاستەوە: گوڵبەهار، هونەرمەند تەحسین تەها





گوڵبەهار لە کارێکی هونەریدا



**گوڵبەهار لە کاتی وەرگرتنی خەڵات و ڕێزلێنان**

گوڵبەهار لە ساڵی ١٩٨٥ وازی لە گۆرانیی گوتن هێناوە، دوا گۆرانیشی گۆرانی(دلۆ تە ئەز...) بووە، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣ گوڵبەهار لەگەڵ کچەکەی بێریڤان چوونەتە وڵاتی ئوردن چەند ساڵێک لەوێ ماونەتەوە، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر داوای وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان هاتۆتەوە کوردستان و لە شاری دهۆک ژیاوە، لە هەمان ساڵ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی دهۆک لە هۆڵی محەمەد عارف جەزراوی بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە هونەرمەندان و هەوادارانی، ئاهەنگێکی خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ سازداوە.

با بزانین ئەم هونەرمەندانە سەبارەت بە خانمە هونەرمەند گوڵبەهار چ دەڵێن:

- هونەرمەندی گۆرانی فۆلکلۆری خاتوو هەلال بەرجی دەڵێت:(ئەو چاوی بە زۆر لە هونەرمەندانی پێشووی وەک گوڵبەهار(فاتمە) کەوتووە و گۆرانی لەگەڵ وتوون، گۆرانیشی بە چەندان داوە)
- نووسەر مەحفوز مائی دەڵێت:(گوڵبەهار جوانیی سروشتی کوردستانی بە گۆرانییەکانی گرێداوە، پێش ئەو هونەرمەندی ئافرەت هەبووە، بەس وەکو گوڵبەهار دووبارە نابێتەوە، ئەو وەک گوڵێکە لە باخچەی هونەر و گۆرانی کوردی).

- هونەرمەند سەمیر زاخۆیی دەڵێت:(بەری ببمە هونەرمەند دەنگی خۆشی گوڵبەهار هەموو ناخمی هەژاندبوو، کە بە یەکتری ئاشنا بووین، داوام لێکرد بەیەکەوە گۆرانی بڵێین، ئەویش ڕازی بوو، گۆرانی(شەڤان و بێری) مان، بەیەکەوە گوت).

گۆرانییەکانی هونەرمەند گوڵبەهار هەر هەموویان شاکارن و هەتا دنیا ماوە دەنگە خۆش و بە سۆزەکەی لە گوێچکەی هەر هەموومان دەزرینگێتەوە و هەرگیز لە یادمان ناچێتەوە، خۆی و گۆرانییەکانی هەمیشە زیندوون.

پاش ماوەیەک ژیان لە دهۆک، گوڵبەهار چۆتەوە بەغدا لە ڕۆژی ٢٣-٢-٢٠١٠ لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی بەغدا کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی زۆر بە غەریبی و بەبێ نازی لە گۆڕستانی شاری نەجەف بە خاک سپێردراوە، بە پێی زانیارییەکانی بەندە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی هەبوو بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ کوردستان، بەڵام بە داخەوە سەرنەکەوتن، ڕوحی پاکی ئەو هونەرمەندە مەزنە شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١- ماڵپەڕیBasnews.

٢- ماڵپەڕی وشە، وتارێکی نووسەر نەوزاد هالۆری بە ناو نیشانی(ئاوڕ لە خاتوونە گۆرانیبێژ هەلال بەرجی) لە ٢٠-٢-٢٠١٦.

٣ - کوردیپێدیا.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووک(شخصيات من الذاكرة الكردية) لە ١٤-٤-٢٠١٩.

٥- ماڵپەڕی Vin و youtube، سەمیر زاخۆیی و گوڵبەهار گۆرانی (شەڤان و بێری).

٦- Youtube، فلمێکی دوکیومێنتاری لە ئەرشیفی بەڕێز چیا بەرزنجی.

٧- Youtube، فلمێکی دوکیومێنتاری لە ئەرشیفی بەڕێز حەسەن بیبو.

٨- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەممەد شێخۆ

هونەرمەندی هەر چوار پارچەی کوردستان...گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری نەمری کورد، ڕەوانشاد محەممەد شێخۆ...

ناوی تەواوی(محەمەد سالح شێخموس ئەحمەد)ە، بە محەمەد شێخۆ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی(خەجۆکێ)ی دەوروبەری شاری قامشلۆ لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی خەجۆکێ تەواو کردووە تا پۆلی دووەمی ناوەندیی لە شاری قامشلۆ خوێندووە، لەبەر سەختیی ژیان و دەستکورتی و تووشی چاو ئێشانیش بووە، بۆیە نەیتوانیوە زیاتر بەردەوام بێت لە خوێندن، لە ساڵی ١٩٦٥ هەر بە هۆی چاو ئێشانەکەی چاوی (نوقستان)بووە، (حسەین)ی مامی وەستای دروستکردنی(تەنبوور- طنبور)بووە، زۆر جار لە(ئەسکوێ و کەونە بێژەنگ) تەنبووری دروستکردووە، شارەزایی مامی لە تەمبور و ژەنینی تەمبور کاریگەریی هەبووە لەسەر هونەمەند محەمەد شێخۆ، هەر لەمنداڵیشەوە حەزی لە گۆرانی و مۆسیقا بووە، بۆ یەکەمجار مامی تەمبورێکی دەداتێ، بەڵام ئەو لە ترسی باوکی ناوێرێت بە ئاشکرا لێبدات چونکە باوکی پێی گووتبیە(لە دینی ئیسلام تەمبور لێدان حەرامە).



**وێنەکی کۆن، محەمەد شێخۆ لەگەڵ تیپێکی هونەری**

لەبەر سەختیی ژیان، قامیشلۆ بەجێدێڵێت و دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان خەریکی کاری کشتوکاڵی دەبێت، چونکە خێزانەکەیان کاری کشتوکاڵییان بە نیوەیی کردووە، ئەو لە گوندەکانی دەوروبەری خۆیان دەگەڕێت هەر لەوسەردەمدا بە هونەرمەندان(خەلیلێ ئێزیدی و حسەینێ تەوفی و حەلیمێ حسۆ) ئاشنا دەبێت، کۆمەڵێک شەوچەرە ساز دەکەن ئەم شەوچەرانەش دەبنە هۆی ئەوەی خۆی فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بکات و دیوانی شاعیر(جگەرخوێن) دەخوێنێتەوە گوێ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و ئێریڤان دەگرێت.



**هونەرمەند محەمەد شێخۆ**

هونەرمەند محەمەد شێخۆ لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا گۆرانی دەڵێت پاش ئەوەی لە گوندەکەی خۆیان بە شێوەیەکی نایاسایی دەچێتە(سەرەخت) لە باکووری کوردستان، بەڵام هەر زوو دەگەڕێتەوە، بۆ فێربوونی مۆسیقا دەچێتە(بەیروت) لە ناوەندی یەکێتیی مۆسیقا دوو خول دەبینێت، ئەو کات

لە بەیروت سێ تیپی مۆسیقای هونەری کوردی هەبووە ئەوانیش(کۆما سەرکفتن) بە سەرپەرشتیی هونەرمەند مەحمود عەزیز شاکر، (کۆما نەورۆز) بە سەرپەرشتیی هونەرمەند سەعید یوسف، (کۆما گوڵستان) بە سەرپەرشتیی هونەرمەند محەمەد تەیب تاهیر، ئەو لە سەرەتا لە کۆما نەورۆز دەبێتە ژەنیار، پاشان لەسەر پێشنیاری(کەمال شانباز) لەگەڵ هونەرمەندان مەحمود عەزیز و ڕیفاتێ داری و سەعید یوسف و ڕەمەزان نەجیم، دەبێتە ئەندام لە کۆما سەرکەفتن، هونەرمەند مەحمود عەزیز شاکر هەڵبەستەکانی(د باخان دا دلبەرم سۆر گوڵ و گەورێ)ی دەداتێ و ئەویش ئاوازیان بۆ دادەنێت بەم جۆرە دەبێتە گۆرانیبێژ.

بە بۆنەی ڕێکەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠، کۆمیتەی هونەری کوردی لە لوبنان ئاهەنگ دەگێڕن بە هاوکاریی هونەرمەندان( مەحمود عەزیز شاکر و سەعید یوسف و ڕفاتێ داری و شیرین پەروەر و عیزەدین تەمۆ و محەمەد تەیب تاهیر و ڕەمەزان نەجیم و محەمەد شێخۆش وەکو ژەنیار بەشداریکردووە.

لە ١٨-١٢- ١٩٧١ بە چاودێریی سەرۆک وەزیرانی لوبنان لە سالۆنی(ڕیڤولي) لە لوبنان کۆنسێرتێک ساز کراوە، بۆ یەکەم جار هونەرمەند



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند محەممەد شێخۆ، نە ناسراوە**



گڵكۆی هونەرمەند محەمەد شێخۆ.

محەمـەد شـێخۆ وەكـو گۆرانیبێـژ بەشـدار بـووە و گۆرانییەكانـی لـە ڕادیـۆی لوبنـان پەخشـكراوە، لـە سـاڵی ١٩٧٢ دەبێتـە ئەندامـی هونەرمەندانـی لوبنـان و بـە هونەرمەندانـی لوبنانـی وەكو(فەیـروز، نەسـری شەمسـەدین، وەدیـع سـافی، عەبـاس ڕەحبانـی، سـەمیرە تۆفیـق)، ئاشـنا دەبێت ، چونكە لـە كارە هونەرییەكانـی سـەركەوتوو بـووە، خانمـە گۆرانیبێـژی عەرەبـی سـەمیرە تۆفیـق داوای لێـدەكات لـە گرووپەكـەی ئـەو ببێتـە ئەنـدام، هـەر لـە سـاڵی ١٩٧٢ پـاش دەسـتپێكردنی شـەڕی ناوخـۆی لوبنـان دەگەڕێتـەوە ڕۆژئـاوای كوردسـتان و لە(ڕێمێـلان-دێركامەكۆ) كۆمەڵەیەكی هونـەری دادەمەزرێنێت، بـەڵام دەسـەڵاتی ڕژێمـی سـووریا ڕێـی پێنـادەن و هـەر لـە هەمـان سـاڵدا ڕوو لـە بەغـدا دەكات و



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند محەمەد شێخۆ، خاتوو نەسرین حەسەین هاوسەری محەمەد شێخۆ



ڕۆژی ناشتنی هونەرمەند محەمەد شێخۆ

کۆمەڵێک گۆرانی لەوانە(گەورێ، باخچێ گولان، بەردکێ من شیرینی، د باخان دل ، ئەمان دلۆ) لە ئیزگەی کوردیی بەغدا تۆمار دەکات و پاش بڵاوبوونەوەی ئەم گۆرانییانە لە سووریا دەستگیرکراوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ جارێکی دیکە دەچێتەوە بەغدا لە ئێزگەی کوردیی بەغدا بە هونەرمەندان(محەمەد عارف جەزراوی و عیسا بەرواری و گوڵبەهار و تەحسین تەها و بەشار زاخۆیی) ئاشنا دەبێت.



پەیکەری هونەرمەند محەمەد شێخۆ

لە ساڵی ١٩٧٤ لە شام یەکەم کاسێتی خۆی تۆمار دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بوون و هەڵوێستی سیاسیشی هەبووە، لێیناگەڕێن و تەنگی پێ هەڵدەچن و دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، پاش نسکۆی شۆڕش دەچێتە مهاباد لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لەوێش بە هۆی

هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکەی دووری دەخەنەوە بۆ(گونبەدی کاووس) لە قوتابخانەیەک دەرسی ئایینی دەڵێتەوە، هەر لەوێ گۆرانییەکانی (ژ مهابادێ، د زیندانێ، خەم و خەیالێ تە ئەز ڕفاندم، ئەی فەلەک، بێ زارم) تۆمار دەکات، لە ساڵی ١٩٧٨ کاسێتێک بە ناوی(مهاباد کانیا خوینا شەهیدان) دواتر لە ساڵی ١٩٨١ کاسێتێکی دیکە بە ناوی(گاڤا ئەز مرم ) بڵاودەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە ڕۆژئاوای کوردستان لە قامیشلۆ نیشتەجێ دەبێت و گرووپێکی مۆسیقا دادەمەزرێنێت و وانەی مۆسیقا بە گەنجان دەدات، لە ساڵی ١٩٨٧ تۆمارگایەکی(تسجیلات) بە ناوی(فەلەک) لە قامیشلۆ دەکاتەوە، بەڵام دیسان حکومەتی سووریا لێناگەڕێن و دەستبەسەر تۆمارگاکە دادەگرن.

بە ئامادەبوونی کەس و کارەکەی و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لە قامیشلۆ لە ڕۆژی١٠-٣-٢٠٢١ یەکێتیی هونەرمەندان و کۆمیتەی هەرێمی جزیرێ یادی (٣٢) ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەند محەمەد شێخۆیان کردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ قوتابییەکی خۆی کە ناوی(نەسرین حەسەین مەلەک) بووە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، چوار منداڵیان هەبووە بە ناوەکانی(بێکەس و فەلەک و ئیبراهیم و بروسک).

هونەرمەند محەمەد شێخۆ هونەرمەندێکی کوردپەروەر بوو، زۆر بە هەژاری و دەردەسەری ژیا، بەڵام هەمیشە بەردەوام بوو لە وتنی گۆرانییە نیشتمانپەروەرییەکانی تا دوا ساتەکانی ژیانی، لە ڕۆژی ٩-٣- ١٩٨٩ لە قامیشلی بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوای کردووە، ڕوحی شاد و ئارام ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:
١- کوردیپیدیا.
٢- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیANFNews، لە ١٠-٣-٢٠٢١.
٣- فلمیکی دوکیومێنتاتی لە کەناڵیNRTHD ، هونەرمەند محەمەد شێخۆ.
٤- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## فەرەیدون دارتاش

مامۆستای مۆسیقا، مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر و دابەشکاری مۆسیقا، مامۆستا فەرەیدون دارتاش

ناوی تەواوی(فەرەیدون سەعید جەعفەر)ە، لە ناوەندی هونەری بە فەرەیدون دارتاش بە ناوبانگە، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی(سەرگۆی) شاری سلێمانی لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەو بە منداڵی لە گەڕەکەکانی(چوارباخ و سەرشەقام و کانێسکان) گەورە و پەروەردە بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئەیوبیە) تەواو کردووە، ناوەندییشی لە ئامادەیی سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە بەشی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و ساڵی ١٩٦٢ تەواوی دەکات و هەر هەمان ساڵ وەکو مامۆستا وانەی(سروود- نشید) لە شارۆچکەی دیانا دەست بەکار دەبێت، هەتا ساڵی ١٩٦٦ لە دیانا ماوەتەوە و دەورێکی زۆر باشی بینیوە لە زیندووکردنەوەی سرووودە کوردییەکان، دواتر گواستراوەتەوە شاری شەقلاوە، لە ساڵی ١٩٦٧ گەڕێندراوەتەوە شاری سلێمانی وەکو مامۆستا بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی و دواتریش لە چالاکیی قوتابخانەکانی شاری سلێمانی.

هەر لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە(ئەنوەر قەرەداغی



**لە ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند فەرەیدون دارتاش**

و خالید سـەرکار و ولیـەم یۆحەنـا و فەریـد عیسـا نـەزەر و محەمەدەمیـن حوسـێن) تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی دادەمەزرێنـن، ئـەو کات ئەندامانـی سـەرەکیی تیپەکەش ئەم هونەرمەندانە بووینە(فرەنسیس داود، حوسێن عەلی، سـەربەسـت محەمـەد، جەمـال شـادان، مەحمـود دەفژەن، ئیبراهیـم محەمـەد)، لـە سـاڵی ١٩٧٣ لەگـەڵ هاوڕێکانـی مۆڵەتـی فەرمـی و یاسـاییان بـۆ تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی وەرگرتـوە.

هونەرمەنـد فەرەیـدون دارتـاش ئامـادەکار و دەرهێنـەری(٦) ئۆپەرێتـە، لـە سـاڵی ١٩٧٥ لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی بەشـداریی میهرەجانـی سەرتاسـەری چالاکیی قوتابخانـەکان لەسـەر ئاسـتی عێراق لـە بەغدا کردووە و خەڵاتـی یەکەمینیـان بەدەسـتهێناوە، لـە سـاڵی ١٩٧٨ هەمـان تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی(٢٢) گۆرانییـان لـە بەغدا بـۆ تەلەفزیۆنـی کەرکووک تۆمـار کـرد، کـە تـا ئێسـتاش بـە شـاکارێکی گـەورەی هونـەری دادەنرێـت لـە بـواری گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی.

لـە سـاڵی ١٩٩٦ بەرپرسـی تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی بـووە، کـە چەندیـن مۆسـیقا ژەنـی گـەورەی کـورد لەسـەر دەسـتی فەرەیـدون دارتـاش فێـری مۆسـیقا ژەنیـن بووینـە لەوانـە(ڕزگار خۆشـناو، هێـرش عومـەر ڕەزا، عـادل محەمـەد کەریـم).

هونەرمەند فەرەیدون دارتاش لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرە، ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت:(باوکم هەستی نەتەوایەتی زۆر بە هێز بوو، پەیوەندیی بە هێزی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا هەبوو، هەر بۆیە فێری سروودی نیشتمانی دەکردین، ئەو برای شەهید ئەنوەر دارتاشە کە لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ سێ مامۆستای دیکە شەهید کراون).

لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و لە بەر ئەو هەستە نەتەوایەتییە و ڕەتکردنەوەی(٢٥) ئۆتۆمۆبێلەکانی کە بە ناوی(مكرمة السيد الرئيس) بۆ هونەرمەندان تەرخان کرابوو، هونەرمەند فەرەیدون دارتاش و تیپی مۆسیقای سلێمانی(ئەو مەکرەمەیان) ڕەتکردەوە و هاریکارییان لەگەڵ دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کات وەکو ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر هەڵپەسارد، ئەو کات بەندە لێپرسراوی بەشی ڕۆشنبیری بووم لە ئەمینداریێتیی ناوبراو، بۆیە تیپی مۆسیقای سلێمانی هاریکارییان لەگەڵ تەلەفزیۆنی کەرکووکیش ڕاگرت، هەتا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن سەردانی تیپی مۆسیقای سلێمانی کرد داوای بەرهەمەکانی لێکردن، بەڵام ئەوان هەر(بایکۆت - مقاطعة)یان نەشکاند، لەسەر ئەم کارانە هونەرمەند فەرەیدون دارتاش لە وەزیفە دوور خرایەوە.

تیپی مۆسیقای سلێمانی و هونەرمەند فەرەیدون دارتاش زیاتر لە(٥٠)



**تیپی مۆسیقای سلێمانی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو**





تیپی مۆسیقای سلێمانی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو

ساڵە خزمەتی گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی دەکەن و بەشی زۆری گۆرانیبێژانی کورد لەگەڵ ئەم تیپە گۆرانییان وتوە لەوانە(عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، ڕەشۆڵ، حەسەن زیرەک، محەمەدی ماملێ، ڕەسوڵ گەردی، کەریم کابان، قادر کابان، عوسمان عەلی خەیات، محەمەد ڕەزا، حەمەساڵح دیلان، حوسێن عەلی، باکووری، عومەر دزەیی، شەمال سائیب، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، حەمە جەزا، ناسری ڕەزازی، ئیبراهیم خەیات و کەریم خەمزەیی و چاندانی دیکە).

لە ٥ی تەمموزی ساڵی ٢٠١٧ بە بۆنەی یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانی لە هۆڵی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی لەژێر دروشمی(ڕووەو هونەرێکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ) ئاهەنگێکیان سازکردووە بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرفراوان، بەم بۆنەیەوە هونەرمەند فەرەیدون دارتاش سەرۆکی تیپی مۆسیقای سلێمانی بۆ کەناڵی(ڕێگا) گوتوویەتی:( تیپی مۆسیقای سلێمانی خزمەتێکی گەورەی هونەری کوردی کردووە، لەپاڵ ڕەسانەیەتیدا بە شێوازێکی سەردەمییانە کاری کردووە).

هەروەها بە بەشداربوونی(٣٩) مۆسیقاژەن و شەش هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە پارکی هەواری شاری سلێمانی، کۆنسێرتێک بەڕێوە چووە، بەڕێوەبەری تیپی مۆسیقای سلێمانی هونەرمەند فەرەیدون دارتاش وتویەتی:( هەوڵمان داوە میوزیکی کوردی لە میوزیکی تورکی و عەرەبی و فارسی بتەکێنین بۆ ئەوەی گۆرانی و میوزیکی کوردیی ڕەسەن بەرهەم بهێنین و پێشی بخەین).

**تیپی مۆسیقای سلێمانی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو**

هونەرمەند فەرەیدون دارتاش ماوەیەک سەرۆکی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان بووە و ماوەیەکیش سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووە.

تا ئێستاش تیپی مۆسیقای سلێمانی بۆ هەندێ کاری هونەری گرنگ پرس و ڕا بە هونەرمەند فەرەیدون دارتاش دەکەن، هەر سەرکەوتوو و سەرفرازبیت بۆ خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردی.


سەرچاوەکان:


١- کوردیپیدیا.

٢- NRT بەرنامەی ڕاشکاو- بەشی یەکەم، ئامادەو پیشکەشکردنی میدیاکار ڕێبوار ئەوڕەحمان، لە ٢٢-٩-٢٠١٩.

٣- Rudaw، وتارێکی نووسەر ساوێن سەعید.

٤- زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سوبحی کۆیی

هونەرمەندێکی لەبیرکراو، بەرهەمێکی زۆر و تەمەنێکی کورت، ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر(مساعد مخرج) هونەرمەندی جوانەمەرگ سوبحی کۆیی...

ناوی تەواوی(سوبحی ئەحمەد عەبدوڵلا)یە، بە هونەرمەند سوبحی کۆیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە بناری چیای(باواجی)ی سەرکەش و شارە ڕەنگینەکەی کۆیە، شاری حاجی قادر و عەونی و دڵدار و دڵزار و تایەر تۆفیق و باکووری، لە بنەماڵەیەکی کاسبکار و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی ناوەندی تەواکردووە.

هونەرمەند سوبحی کۆیی لاوێکی بە بەهرە و توانا بووە، زۆریشی حەز لە هونەری نواندن دەکرد، لە سەرەتای حەفتانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندیی بە تیپی هونەری هەولێر کردووە، کە بە سەرۆکایەتیی هونەرمەندی گەورە جەمال هیدایەت بووە، ئەو لەسەر دەستی هونەرمەندی ناسراوی کورد دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان پەروەردە کراوە و پەرەی بە تواناکانیشی دا، لە بەشی زۆری ئەو شاکارە هونەرییانە بەشدار بووە کە هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان دەریهێناون، سەرەڕای چەند کارێکی هونەریی دیکە، ئەو تەنیا(٢٥)ساڵ ژیاوە، بەڵام خەرمانێک کاری



**لە ڕاستەوە: سوبحی کۆیی، ڕزگار خۆشناو، جیهانبەخش کۆیی، نەناسراوە، محەممەد جەزا، خەلیل وەندی، زاهیر عەبدوڵڵا**

هونەری لە تەمسیلییە و شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی بۆ نەوەکانمان بەجێهێشتووە لەوانە(مارەیی، ساختەچیی ئاخر زەمان، چڵپاو، نەخۆشیی ددان، مەسەلەی شارێک، هەور و سامال، کاوەی ئاسنگەر، کاروانی خەبات، لە پێناوی ڕووناکیدا، دوا فیشەک، گێلە پیاو، ئۆپەرێتی ڕووباری ژیان و شانۆگەرییەکانی نەخۆشیی لە بیر چوونەوە، سەرکەوتنی جووتیار، خەملی پەمۆ، بێ مێشک، نرخی ئازادی، بەرگدرووی ئاخر زەمان، چاڵی جەرگی پیرەژن).



لە کارە هونەرەییە بەرچاوەکانی هونەرمەند سوبحی کۆیی(مەسەلەی شارێک)بوو، کە تێیدا دەوری(مەنیج بەربووکی) گێڕا، کە ئافرەتێکی گەڕۆکی بە کێشە بوو، لەتەک هاوڕێکانی هەر یەک لە هونەرمەندان(سەباح عەبدولڕەحمان و عەبدولواحید مەرجان و سەلام کۆیی و جەلال بەیار و عەلی ئەحمەد و هوشیار سەید ئەحمەد و فەیسەڵ محەمەد ساڵح و عەبدولڕەزاق شەمسەدین)، ئەو دەورەی کە تا ئێستا لە هزر و بیری بینەرانی ئەو کات ماوە و جەماوەری

تایبەتیی خۆی هەبوو و هەیە، کە وتت(مەنیج بەربووک) یەکسەر هونەرمەند سوبحی کۆیی- مان بە بیر دێتەوە.

ئەو یاریدەدەری دەرهێنەری ئۆپەریتی(ڕووباری ژیان)ە، لە نووسینی شاعیری گەورەی کورد مەدحەت بێخەو و گوتنی هونەرمەندی گەورەی کورد تەحسین تەها بووە.


ئەوەی دانیشتووە: ئەکتەر سوبحی کۆیی، ڕاوەستاوەکە: شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، وێنەکە ساڵی ١٩٧٧ گیراوە. لە ئەرشیفی شاعیر نازم دڵبەند

هونەرمەند سوبحی کۆیی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی تیپی هەڵپەڕکێی سەندیکای کرێکارانی هەولێر و ماوەیەک کاری لەگەڵ کردوون، دواتر بەشدار بووە لە دامەزراندنی تیپی هونەریی میللی هەولێر، زۆریش چالاکانە بەشداریی لە تابلۆکانی وەک(کوێستان، شوان، بادینی، لۆرکێ، نەورۆز، دروونە)کردووە.

لە ناو کتێبخانەی گشتیی هەولێر لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان هۆڵێک بە ناوی هونەرمەند سوبحی کۆیی کراوەتەوە.


تیپی هونەری میللیی هەولێر لە(مۆسکۆ) ساڵی ١٩٨١

هونەرمەند سوبحی کۆیی برای هونەرمەندی ئەکتەر(شلێر ئەحمەد کۆیی)ە، لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ خاتوو(سەبیحە)ی ئامۆزای هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی دوو کوڕ بووە بە ناوەکانی(ئاری و هونەر) خواتەمەنیان درێژ بکات.

پاش بەرهەمێکی زۆر و تەمەنێکی کورت، ئەو بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگای کۆیە و هەولێر ڕۆژی ١٣-١٠-١٩٨٠ بە جوانەمەرگی کۆچی دوایی کرد، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- ماڵپەڕی Kurdiu.org، لە ١٦-١٠-٢٠١٨.

٢- ماڵپەڕی ڕۆژنامەی هەولێر، وتارێکی دکتۆر سالار عوسمان.

٣- ماڵپەڕی پەیسەر،(ڕووباری ژیان) لە ٢٥-٨- ٢٠٢٠.

٤- Kurdistantv ، لە ١٦-١٠-٢٠١٩.

٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خالید سەرکار

هونەرمەندی مۆسیقاژەن، کەمانجەژەن و ئاوازدانەری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا خالید سەرکار...

ناوی تەواوی(خالید ئەحمەد عەزیز)ە، بە خالید سەرکار ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی (گڵەزەردە)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، پاشان هاتوونەتە شاری سلێمانی، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی(کانێسکان)ی سەرەتایی خوێندووە، پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمیشی لە گوندی(زڕگوێز) تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندیی(شۆڕش) لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ئەو زۆر حەز و ئارەزووی خوێندنی هونەر و مۆسیقای هەبووە، حەزیشی لێبووە بچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەڵام هێشتا قوتابیی پۆلی ناوەندی بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەویش چونکە برا گەورەی سێ خوشک و دوو برا بووە، بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەیان



هونەرمەند خالید سەرکار
بە منداڵی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خالید سەرکار، هونەرمەند وریا ئەحمەد**

بەناچاری شانی داوەتەبەر ئیش وکارکردن و چۆتە خانەی مامۆستایان و تەواوی کردووە، چونکە مۆسیقای زانیوە بۆتە مامۆستا هونەر و مۆسیقا لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی و دواتر لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی پەروەردە و پاشانیش وەکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و شارەزا لە بواری مۆسیقا، تا خانەنشین بووە.

هونەرمەند خالید سەرکار لە ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بە هونەر و مۆسیقا خزمەتی شۆڕشی کردووە.

ئەوکاتەی قوتابیی سەرەتایی بووە گوێچکەی بە سروود و مۆسیقا ئاشنا بووە، لەسەر دەستی مامۆستای مۆسیقا ولیەم یۆحنا فێرە نۆتەی مۆسیقا بووە، ئامێری(کەمان- کەمانجە)ی هەڵبژاردووە، پاشان مامۆستایەکی دیکە بە ناوی (حازم حەداد) کە ژەنیارێکی باشی ئامێری(عود) بووە، بەڵام نۆتەی نەزانیوە، جاروباریش ڕووی لە ماڵی هونەرمەند(شەوکەت ڕەشید) کردووە، کە لە تیپی جۆقی سەربازی بووە لە کەرکوک، سوودێکی زۆری لەو وەرگرتووە، چەند جارێکیش خولی مۆسیقای لە بەغدا بینیوە،




هونەرمەنـد خالیـد سـەرکار دەرچـووی هیـچ کۆلێـژ و پەیمانگایەکـی هونـەرە جوانـەکان نییـە، بەڵکـو هونەرمەندێکـی خۆڕسـکە و بەخـۆی خـۆی پێگەیانـدووە.

هونەرمەنـد خالیـد سـەرکار لەگـەڵ هاوڕێکانـی هونەرمەنـدان ئەنـوەر قەرەداغـی و سـاڵح ڕەئـووف و فرەنسـیس و چەندیـن هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەنی دیکـە وەکـو گـروپ لـە کافتریـا و مـاڵان و بۆنـە نیشـتمانییەکان مۆسـیقایان ژەنیـوە و ئاهەنگیـان سـاز کـردووە، بـە ڕێکـەوت دکتۆر(کەریـم ڕوکابـی) کـە دکتـۆر بـووە لـە نەخۆشـخانەی گـەورەی سـلێمانی داوایـان لێـدەکات کـە ئاهەنگێـک بـۆ نەخۆشـەکانی نـاو نەخۆشـخانەی سلێمانی ڕێـک بخـەن ئەوانیـش ئاهەنگەیـان ئەنجامـداوە و لەوێـوە بیرۆکـەی دامەزراندنـی تیپـی مۆسـیقای سـلێمانیان بـۆ هاتـووە و داوای مۆڵەتیـان کـردووە و بـە فەرمـی تیپـی مۆسـیقای سـلێمانیان دامەزرانـدوە، خالیـد سـەرکار بەشـداریی لـە یەکـەم کاری ئـەو تیپـە لـە سـاڵی



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، هونەرمەند خالید سەرکار، نەناسراوە**




١٩٦٩ لە هۆلی خولد (قاعة الخلد) لە بەغدا کردووە، ئەو ئاهەنگە کاتی خۆی لە بەغدا دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو، لە ٢٦-٢٨-٢-١٩٧٤ تیپی مۆسیقای سلێمانی بە سەرپەرشتیی هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی و بەشداربوونی هەر یەک لە هونەرمەندان(خالید سەرکار، ساڵح ڕەئووف، فەرەیدون دارتاش، فرەنسیس عیسا) بەشدارییان لە یەکەم فیستیڤاڵی هونەری کوردی کردووە، کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا لە هۆلی(خولد)ڕێکیخسبوو، پلەی (ئیمتیاز)یان وەرگرت، تیپی باواجی کۆیەش پلەی دووەمی وەرگرت.

ساڵی ١٩٧٨ هونەرمەند خالید سەرکار و هاوڕێکانی لە تیپی مۆسیقای سلێمانی بەرهەمە شاکار و نایابەکانی خۆیان کە (٢٢) گۆرانی بوو بۆ تەلەفزیۆن کەرکووک تۆمار کرد، ساڵانێکی زۆر لە تەلەفزیۆنی کەرکووک و دواتریش جار و بار لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان پەخشدەکرا .

هونەرمەند خالید سەرکار جگە لە ژەنینی کەمانجە ئاوازدانەرێکی بە تواناشە، ئاوازی بۆ چەند سروود و گۆرانییەکیش داناوە لەوانە(خاکی شیرینی وڵات- ئەوەتای ئێمە ڕۆڵەتین) کە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ ئەسعەد قەرەداغی و ئاڵا عومەر) وتوویانە، (وا ڕاپەڕین و نەورۆز هاتەوە، کە هونەرمەند عوسمان عەلی و کچەکەی لەسەر شانۆ) پێشکەشیان کردووە، (بە جارێماڵی وێرانم- بەسەرچوو وادەی ژینم.. بەناکامی لە دنیادا- بە

بـا چـوو عومـری شـیرینم) کـە هونەرمەنـد قـادر کابـان وتویەتـی، (بەهـارە وا بەهـارە)ی هونەرمەنـد عەبدولقەهـار حەسـەن و چەندانـی دیکـەش.

چەندیـن هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەن لەسـەر دەسـتی هونەرمەنـد خالیـد سـەرکار فێـری مۆسـیقا بووینـە و تـا ئێسـتاش بەردەوامـە لـە ئامـۆژگاری و ڕێنمایـی کردنـی تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی، ئـەو تیپـەی زیاتـر لـە(٥٠) سـاڵی خزمەتـی هونـەر و مۆسـیقای ڕەسـەنی کـوردی کـردووە و دەکات.

هونەرمەنـد خالیـد سـەرکار ماوەیـەک وەکـو پەنابـەر لـە وڵاتـی هۆڵەنـدا ژیاوە و لـە گـەڵ ئۆرکسترایەکی گـەورەی هۆڵەندی سـەرەتا وەکو( کەمانژەن ٢ دواتـر کەمانـژەن ١) کاری کـردووە و سـوودێکی زۆری لێوەرگرتـوون.

خانمـە قوتابـی و مۆسـیقاژەنی کورد(شـانیا ئاسـۆ) لـە توێژینـەوەی دوا ساڵی کۆلێژی هونـەرە جوانـەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامـەی بەکالۆریۆس



تیپی مۆسیقای سلێمانی





تیپی مۆسیقای سلێمانی

ساڵی ٢٠١٨، دواتر لە ساڵی ٢٠٢١ توێژینەوەکەی کردۆتە کتێبێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند خالید سەرکار لە ڕۆژی ٢١-٩-٢٠٢١ لە سلێمانی ناساندن و نمایشی بۆ کراوە.

هونەرمەند خالید سەرکار ئێستا لە سلێمانی دەژیت و پەیوەندیی لەگەڵ هەموو هونەرمەندانی کوردستان زۆر باشە و بە بەردەوامیش هونەرمەندان و ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانی پرس و ڕای پێدەکەن، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بێت بۆ خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردی.

سەرچاوەکان:

١-Kkaktv، چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند خالید سەرکار.

٢- khaktv، بەرنامەی (تایم) دیمانە خالید سەرکار.

٣-Derintv، ناساندنی کتێبی هونەرمەند شانیا ئاسۆ لەسەر بەرهەمەکانی هونەرمەند خالید سەرکار لە ٢١-٩-٢٠٢١.

٤- کوردیپیدیا.

٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# تاریق کارێزی

نووسـەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری شێوەکار و فۆلکلۆرناس، وەرگێڕ و توێژەر، تاریق کارێزی...

نـاوی تەواوی(تاریـق سـدیق حاجـی حەمەدەمین مسـتەفا حاجـی عومـەری هۆرمزیـار)ە، لـە ٩-٩- ١٩٥٩ لـە گوندی(کاریـز- سـاتو قـەڵا)ی سـەر بـە ناحییەی(تەقتـەق)ی قـەزای کۆیە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی حوکمی(حرس قەومی)یەکان باوکی دووردەخرێتەوە بۆ شـاری(کوت) لـە ناوەڕاستی عێراق، بۆیـە خوێندنی سـەرەتایی لـە شـاری کـوت بـە زمانـی عەرەبـی تـەواو دەکات، لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابردوو دێنـەوە شـاری کەرکوک، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شـاری کەرکـووک تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٠ پەیمانگای(تەکنیکـی) لـە کـەرخ لـە شـاری بەغدا تـەواو دەکات و وەکو فەرمانبـەر لە وەزارەتی بازرگانی(سـوق مرکـزي کرکـوک) دادەمەزرێـت، پـاش(٤٨) ڕۆژ لـە لایـەن حیزبـی بەعـس لـە کارەکـەی دەرکـراوە، لـە سـاڵی ١٩٨٥ دەچێتـە شـاری هـەولێر دووبـارە وەک فەرمانبـەر دەسـتبەکار دەبێت.

تاریـق کارێـزی لـە بـەر ئـەوەی هەمـوو خوێدنەکانـی بـە زمانـی عەرەبـی بـووە، زۆر حـەزو خولیـای چۆتـە سـەر خوێندنـەوەی شـیعر و ئـەدەب و




پۆلێك لە شاعیر و نووسەرانی شاری کەرکوك

زمانی کوردی، ئەو سەرەتا بە خوێندنەوەی شیرین و فەرهادی خانەی قوبادی دەچێتە ناو دنیا خوێندنیەوەی کتێبی کوردی.

لە ساڵی ١٩٧٣ دەست دەکات بە کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆری کوردی لە زاری باپیری(حاجی حەمەدەمین چاوشینی کارێزی) ، لە ساڵی ١٩٨٤ یەکەم وتاری ڕەخنەی شێوەکاری لە ژمارە(٢١)ی گۆڤاری کاروان بڵاوکردۆتەوە، وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی و بەرپرسی لاپەڕە و ئەندامی دەستەی نووسەران و وەرگێڕ و بەڕێوەبەری نووسین و نووسەر و جێگری سەرنووسەر لە زیاتر لە (١٨) ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و عەرەبی کاری کردووە لەوانە:(برایەتی، هاوکاری، ئەدەب و







هونـەر، مئویـة الجواهـري، خطـاب الإخـوة، بـزاو، باسـەڕە، نەوشـەفەق، التآخـي، صـوت الاكـراد، نقـاش، كشـتوكاڵ، الصـوت الاخـر، ڕووداو، بـاس، گـوڵان، سـیروان، ...چەندانـی دیکـە)، ئـەو سـەدان وتـاری ڕەخنەیـی و بابەتـی فۆلکلـۆری و مێژوویـی و فیکریـی و کۆمەڵایەتـی و فەلسـەفی لـە بەشـی زۆری ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کـوردی و عەرەبییـەکان بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی بڵاوکردۆتـەوە.

لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٤- ١٩٩٧ لـە شـاری هەولێـر(٣) کتێبخانـەی بـە ناوەکانی(کرماشـان، دلێـر، هونـەر) کردۆتـەوە، لـە سـاڵی ٢٠١٥ لـە گەڕەکـی باروتخانـەی شـاری کەرکـووک کتێبخانەی(کارێز)ی کردۆتـەوە، کـە یەکەمین کتێبخانـەی تایبـەت و گشـتییە لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان کـە دەرگای واڵایـە بۆ هەمـوو خەڵکـی شـاری کەرکـووک بە منداڵان و نەوجـەوان و پیرانیشـەوە،




لەلای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر تاریق کارێزی



خزمەتێکی زۆر گەورە بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی و عەرەبی زمانەکانی دیکەش گەیاندووە و دەگەیێنێت.

تاریق کارێزی بە تێکڕایی زیاتر لە(٣٢) کتێبی لە چاپداوە و بڵاویکردوونەتەوە کە (٢٦)یان بە زمانی کوردین و(٤)شیان بە زمانی عەرەبییە، کە ئەمانەن:

- کوڕە کەچەڵە و چەند پارچە شیعری فۆلکلۆری، لەسەر ئەرکی دایک و باوکی لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپکراوە، ساڵی ١٩٨٣.
- مافەکانی مرۆڤ، ئامادەکردن و وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵڵا شێخانی چاپخانەی(الزمان) بەغدا، ١٩٩١.
- سام و جەمشیر، چاپی یەکەم لەسەر ئەرکی خۆی چاپکراوە.
- کۆمپیوتەری بەمۆ، چاپی یەکەم هەولێر، ١٩٩٩.
- حەوت هاوکێشە، هەولێر ١٩٩٢.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر تاریق کارێزی، نە ناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق کارێزی، شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جومعە کانی لەلەیی، نووسەر تاریق کارێزی**

- سەماح رافع محەمەد، ڕێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە لەسەر ئەرکی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان چاپکراوە، چاپخانەی خەبات دهۆک ٢٠١١.
- فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەری کوردیی لە عێراقدا(بەراییەکان-رواد) ١٩١٤-١٩٣٩ وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگای چاپی موکریان، چاپی یەکەم ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.



- عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح، نیگار بۆ قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی، وەرگێڕان و پێداچوونەوە، لە بڵاوکروەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠٦.
- عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح، نیگار بۆ قۆناغی






بەرهەمەكانی نووسەر تاریق كارێزی

سەرەتایی، وەرگێڕان و پێداچوونەوە، وەزارەتی پەروەردە چاپی یەكەم ٢٠٠٦، چاپی دووەم ٢٠٠٧.

- ستاتیكا و شاكاری كوردی، كتێبی یەكەم لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس هەولێر ٢٠٠٦.
- ویل دۆرانت، سەربردەی فەلسەفە، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بەرگی یەكەم چاپخانەی خانی دهۆك، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریان هەولێر ٢٠٠٧.
- هونەر و سایكۆلۆژیای منداڵ بۆ مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی، بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠٧.
- چاندن لە خانووی پلاستیكیدا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بە هاوكاریی نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا، چاپی یەكەم چاپخانەی وەزارەتی كشتوكاڵ هەولێر ٢٠٠٧.
- لە بەندیخانە بۆ تەختی سەرۆكایەتی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوكراوەكانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠٠٨.
- ستاتیكا و شاكاری كوردی، كتێبی دووەم، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٨.
- بەسام عۆدە، بۆچی لە ئەڵمانیا دروست كراوە، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپخانەی ئاراس هەولێر٢٠٠٨.
- بەر لە خەزان، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠٠٨.
- فیكر و فەلسەفە: دەقی جیهانی، وتار و لێكۆڵینەوە، وەرگێڕان، وەزارەتی

ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠١١.

- دليل اربيل، سياحة: كتابة و إعداد چاپی لبنان ٢٠١١.
- فیکر و فەلسەفە، کۆمەڵە تێکستێکی جیهانییە، چاپخانەی موکریان هەولێر ٢٠١٢.
- داروداوەن لە کوردستان، وەرگێڕان، چاپخانەی کشتوکاڵ هەولێر ٢٠٠٩.
- دەروازەیەک بۆ شیکردنەوەی بنیاتگەرانەی چیرۆک، وەرگێڕان، چاپخانەی ئازادی هەولێر ٢٠١٨.
- ٣٦٦٠ مذكرات شاب كردستاني آشوري فی المعتقلات العراقية، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٩.
- رؤى و مسارات في المشهد الثقافي الكردي، رؤى للطباعة و النشر ٢٠١٩.
- باتجاه الافق- الأمضاء و الذاكرة، رؤى للطباعة و النشر ٢٠١٩.
- كركوك قراءات في واقع المدينة، من منشورات الاكاديمية الكردية اربيل ٢٠٢٠.
- پاسە سەوزەکەی حەلەب، وەرگێڕان لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی هەولێر ٢٠٢٠.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێر تاریق کارێزی لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی خۆی ئەم چالاکییانەشی هەبووە:

- سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی کەرکووک بووە.
- ماوەی چوار ساڵ لە دەزگای ڕۆشنبیری شەفەق لە کەرکووک کاری کردووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی کۆنگرەی یەکگرتنی نووسەرانی شار و شاخ بووە.

لە ڕۆژی ٧-٩- ٢٠٢٢ لە کتێبخانەی کارێزی لە شاری کەرکووک کچە مۆسیقاژەنی کورد خاتوو مەهتاب مەجید کاکەیی کۆنسێرتێکی مۆسیقای پێشکەش بە ئامادەبووان کردووە.

لـه ڕۆژی ١٢-١٠-٢٠٢٢ لـه ئێـواره كۆڕێكـی شـیعر خوێندنـەوه بـه ئامادەبوونی ژمارەیەكی بەرچاو لـه شـاعیر و نووسـەر و هەوادارانی شیعر و ئەدەبی كوردی لـه شـاری كەركووك، شـاعیری دیار و ناسـراوی كورد قوبادی جەلیـزاده، چەنـد پارچـه شـیعرێكی لـه دیوانـه نوێیەكەی(خولێک بۆ فێربوونی گریان)خوێندۆتـەوه و دیوانەكەشی بـه دیاری بەسـەر ئامادەبووان دابەشـكردووه.

ئـەوەی شـایەنی باسـكردنه كتێبخانـەی كارێـزی لـه شـاری كەركـووک لـه سـاڵی ٢٠١٥ەوه، بۆتـه مەڵبەندێكـی ڕۆشـبیری و كەلتووریـی كـوردی، كۆڕوكۆبوونـەوه و سـیمیناری ئەدەبـی و هونـەری و چەندیـن چالاكیـی دیكـەی تێدا دەكرێت، خۆبەخشـانه دەرگای كتێبخانەكەی كراوەیه بۆ هەموو خوێندەوارانـی شـاری كەركـووک بـه بـێ جیـاوازی، بـه ڕاسـتی خزمەتێكـی گـەوره بـه ئـەدەب و زمانـی كـوردی گەیانـدووه و دەگەیەنێـت.

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ و لێكۆڵـەر تاریـق كاریـزی هـەر سـەركەوتوو بیـت لـەم كاره پیـرۆزەت بـۆ خزمەتـی وشـەی كـوردی.

سەرچاوەكان:

١- كورتەیـەک لـه ژیاننامـەی نووسـەر و ڕۆژنامەنووس تاریق كارێزی كـه لەسـەر داخوازیی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەكـەم.

٢- كوردیپێدیا.

٣- - Karkuktv، بەرنامـەی لاپـەڕه، لەگـەڵ مامۆسـتا تاریـق كارێزی، ئامـاده و پێشكەشـكردنی نووسـەر جەلیـل كاكـه وەیس.

٤- - Diementv، بەرنامـەی بەیانی بـاش، ئامـاده و پێشكەشـكردنی میدیـاكار ئەحمەد ئیحسـان.

٥- ئامادەكردن و نووسینی خۆم.



# خالد عەلی سلێڤانی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، خالد عەلی سلێڤانی

خالد عەلی سلێڤانی لە ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی(چەم زراڤی)ی نزیک ڕووباری دیجلە و سەر بە دەشتە جوان و ڕەنگینەکەی سلێڤانیی پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە قەزای(سێمێل) تەواو کردووە، چۆتە بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خۆی نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن، بۆیە تەواوی نەکردووە.



شیعرییەت د هۆزانێن (خالد علی سلێڤانی) دا


نووسەر خالید عەلی هەر لە لاوێتییەوە سەوداو عیشقی شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیری بووە، ئەو بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی بڵاوکردۆتەوە، ئیتر بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان و بە تەواوی چۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خالد سلێڤانی، شاعیر ئاشتی گەرماڤی، شاعیر دلبرین هەلو**

و هایکۆ شیعر، دواتریش ڕووی لە وەرگێڕان و ڕۆژنامەگەرییش کردووە، ئەو ئێستا وەکو ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەستبەکارە لە ڕۆژنامەی (ئەڤرۆ) لە دهۆک.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس خالد عەلی تا ئێستا(١٢) کتێبی لە بوارەکانی شیعر، شیعری هایکۆ، کورتە چیرۆک و وەرگێڕان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە (٧) کتێبیان بە زمانی کوردی شێوەزاری(کرمانجی ژوورو- بەهدینانی) و (٥) کتێبیش بە زمانی عەرەبییە هەمووشی لە چاپداوە و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن:




- دەرگەهێ مژێ، هەلبەستێن کوردی.
- داگەتنەک ژ ڕۆژئاڤایا پەیڤان، هایکۆ شیعر.
- ئاکنجێین هەلبەست داویی، هایکۆ شیعر.
- پشیکێن ئاشی، هایکۆ شیعر.
- پڕۆڤەیین ژیانەک نەبیت، شانۆگەری شەزەرات، پرتیسکە پەیڤ.
- بەلگێن میوێ، چیرۆکێن گەلەک کورت.




- ژيانا بەختيار، وەرگێڕان.
- فشاری دەروونی، وەرگێڕان.
- دەنكێين هنارێ، وەرگێڕان.
- پڕۆتۆكۆل و ئیتكیتی دیبلۆماسی، وەرگێرانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.
- دیوانا: قەفتەک، هەلبەستێن سترانكی، پالیۆیی پڕتەقالێ ل سەر دەستن بۆ چاپی( ئامادەیە بۆ چاپكردن).

بەرهەمەكانی بە زمانی عەرەبی:

- قصب يسعى ان يكون نايا، شەزەراتێن هونەری ، دوو جار لە(قاهيرە)ى پايتەختى ولاتى ميسر لە(دار المصر للطباعة و النشر) چاپكراوە.
- سراب مختلف الوانه، شعر عن وزارة الثقافة المصرية.
- اوراق الكرمة، قصص قصيرة، دەزگەهێ ممونت لە بەريتانيا چاپى كردووە، بەرهەمى خالد عەلييە، نووسەر سامى الحاج وەريگێڕاوەتە سەر زمانى عەرەبى.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێكۆڵەر حەسەن سلێڤانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فازل عومەر، نووسەر خالد سلێڤانی**


فەرهەنگەکا بچووک کری
ژ بۆ وان -ژمێیان-

نقیسین: ئەدوونیس
وەرگێران: خالد عەلی

(ا)
وێ: ژیانا خوە وەک ئاگرەکی کت دەست پێکر
و خوەلیبا وێ بن وەکهەڤییە (هافتایە).
(ب)
ئەڤینا وێ
شێوازێ رابردۆییە
لێ: تەنها دگەل پاشەرۆژێ دانوستاندنێ دکت.
(پ)
ل دوریەرێن دیوارێن خانێن وێ
رۆناهی لەرزی
دەمێ ب ملێن من کەڤتێ
1 راست:

- مجموعة قصائد غنائية.

ئەو هەتا وەکو ئێستا (١٥٠) پارچە شیعری گۆرانی داوەتە گۆرانیبێژان، کە هەندێکیان لە لایەن هونەرمەندانی گۆرانیبێژ لەوانە(حاجی زاخۆیی، سەلام یوسف، عەبدولقەهار زاخۆیی، دلۆ دوغان، ئەرشەد زاخۆیی و دەلال زاخۆیی) کراونەتە گۆرانی.

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەنتەری ڕۆشنبیری سێمێل.


- یەکەمین نووسەری کوردە کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی میسری لە قاهیرە کتێبێکی بۆ لە چاپداوە و خەڵاتی کردووە.

- زیاتر لە(٢٠) ڕۆژنامەنووسی عەرەبی میسری


لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خالد سلێڤانی، هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی








بەرهەمەکانی شاعیر خالد سلێڤانی

گەنگەشـەو شـرۆڤە و تیشـکیان خسـتۆتە سـەر بەرهەمـە شـیعرەکانی شـاعیر خالـد سـلێڤانی.

لـە لایـەن دەستەی(شـەزەرە) نووسـانی عـەرەب لـە وڵاتـی مەغریـب خـەڵات کـراوە.

لـە سـاڵی ٢٠٢٠ هـەر یـەک لـە بەڕێزان(ئـاراز خەلـەف عمو، ژیـان سـەلاحەدین ڕەشـید، چنـار سـامی ڕەشـید) بـۆ وەرگرتنـی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە کۆلێـژی پـەروەردەی بنیـات لـە زانکـۆی دهـۆک لێکۆڵینەوەیەکیـان لەژێـر ناونیشانی(شـیعرییەت لـە هوزانێـن خالیـد عەلـی سـلێڤانی) بـە هـاوکاری

و سەرپەرشتیی مامۆستا بهمان محەمەد عەبدولڕەحمان پێشکەشیان کردووە، وا وێنەی بڕوانامەکەم هاوپێچ کردووە.

- بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەریی دهۆک خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشیوە.
- بۆ ماوەی چوار ساڵ وەکو نوێنەری عێراق کاندیدکراوە بۆ خەڵاتی دەزگای(الدار المصرية للطباعة و النشر) لە قاهیرە لەسەر کتێبی(قصب يسعى ان يكون نايا).
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینە جوان و پوختەکانی بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر خالد عەلی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر سامیه چاوشلی

قەڵەمێکی دیار و یاخی و ئازا و بوێری سەردەمی خۆی بووە، مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و خەباتگێڕ دکتۆرە سامیه چاوشلی...

ناوی تەواوی(سامیه شاکر سادق چاوشلی)ە، بە(مەشخەڵ) یان سامیه چاوشلی ناسراوە، لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە گەڕەکی(قەڵاتی هەولێر) لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و دیار و ناسراوی شاری هەولێر لە دایک بووە، (شاکر سادق حەمە سەلیم)ی باوکی پیاوێکی دیندار و سەخیی تەبیعەت بووە، دایکیشی( ئامینە شێخ عەبدوڵڵا) خەڵکی گوندی(پیرداود)ی دەشتی هەولێر بووە، سامیه چاوشلی(مەشخەڵ)ی وەک ناسناوی شیعری بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بە هۆی وەزیفەی باوکی (مەشخەڵ) خوێندنی سەرەتایی لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی شەقڵاوە تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندیشی لە شاری هەولێر بە سەرکەوتوویی بڕیوە، لە ساڵی ١٩٥٨ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە شەقڵاوە، دواتر گواستراوەتەوە





**لە لای ڕاستەوە: نووسەرو مامۆستا سۆران عیزەدین فەیزی، شاعیر سامیە چاوشلی، ئەندازیاری کشتوکاڵ بۆتان عیزەدین فەیزی**

ناو شاری هەولێر وەکو مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ژیانی مامۆستایەتی هەموو کار و ئەرکەکانی خۆی زۆر بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کردووە.

مەشخەڵ هەر لە منداڵییەوە هەست و حەز و ئارەزووی نووسینی شیعر و پەخشانی کوردی هەبووە، پەرەی بە بەهرە و توانای خۆی داوە تا بە تەواوی چۆتە جیهانی هونەر و هۆنراوە دانان، ئەو هەر لە سەرەتای ژیانییەوە شیعر و وشەی کوردی کردۆتە ئامرازی خەبات و تیکۆشان.




مەشخەڵ قەڵەمێکی دیار و یاخی و بە بڕشتی سەردەمی خۆی بوو، زۆر ئازا و بوێرانە چۆتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیی عیراقی، زیاتر لە(٥٠) ساڵ بە بەردەوامی و بە باوەڕێکی بتەوەوە خەباتی کردووە بۆ هێنانەدیی ئامانجی گەلەکەی، لە بەشی زۆری بۆنە نیشتمانی

و نەتەوایەتییـەکان و کۆڕوکۆبوونەوەکانـدا ئامـادە و بەشـدار بـووە، لـە هۆنـراوە بەناوبانگەکانی هۆنراوەی(بیری چەسپاو) کە نـاوی یـەک لـە دیوانـی شـیعرییەکانییەتی، تێیدا چاوەڕوانـی ژیانـی ئـازادی بـۆ نەتەوەکـەی دەکات تـا بـە سـەربەرزی لـە بـەر ڕووونـاکیی بیـری چەسـپاودا بژیـت، کـە دەڵێـت:

**ڕاسـتە هـاوڕێ مـن کچێکم......خـاوەن بیروباوەڕێکـم**

**لـەت لەتـم کـەن گـەر بمکوژن...قـەت ناگۆڕێـم هـەر یەکـم**

**گـەر بمخەنـە ژووری زیندان....هـەر چەنـد ئازاریشـم بـدەن**

**هەرگیـز ناوەسـتم نابەزم.....چونکـە دڵسـۆزم بـۆ وەتـەن**

**مـن هـاوار ئەکـەم لـە مەیدان...ئـازادی بـۆ گشـت میللەتـان**

**لە بن دێت هەر بە تێکۆشان... ڕەگ و ڕیشەی گشت خوێنمژان.**

دکتـۆرە سـامیە چاوشکی(مەشـخەڵ) کۆمەڵێـک بەرهەمـی لـە شـیعر و وەرگێڕان و بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی سـەختی بە زمانێکی کوردی شۆڕشگێڕانە بـۆ نووسـیوین کـە ئەمانـەن:



لەچەپەوە، سامیە شاکر، ساکینە سلیمان، عەمیدە مسری . فەتحیە موحەمەد (دایکی شوان)، بەغدا ١٩٥٨



لەگەشتێکی خێزانیدا لەراستەوە. شەهید عادل سلیم، شەمال، جوان،دایکی شوان، سەعدیە شاکر،سامیە شاکر، نەسرین شاکر، هەڤاڵ، ئاڤێستە،ئەنێشە، ئارەزوو (ئاکرێ، ١٩٧٧).

- دیوانی بیری چەسپاو، هەولێر، ١٩٧٣
- دیوانی بەهرەی دوور، شیعر، سوید، ١٩٨٤.
- بیوگرافیای ناساندنی نووسەرانی کورد، بە زمانی ئەڵمانی، ئەڵمانیا ١٩٩١.
- ئەلف و بێی کوردی بە ناونیشانی(هەولێر بۆ خوێندکارانی ئەڵمانی)، ئەڵمانیا، ١٩٨٦.
- نامەی(بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆر، لایپزک).
- کتێبی سێ بێ(بەستەپیازە، بەغدا، بەرلین) لە بیرەوەرییە سەختەکانی ژیانم، هەولێر، ٢٠١٩.
- کتێبی(ئەلیکسەندرا کۆلۆنتای)، بە ناونیشانی(ڕزگاریکردنی ئافرەتە کرێکارەکان)، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، هەولێر، ٢٠١٩.

چەند پارچە شیعرێکی مەشخەڵ کراونەتە سروود بۆ قوتابخانەکان کە هونەرمەند فوئاد ئەحمەد نانەکەلی ئاوازی بۆ داناوە لەوانە هۆنراوەی(ئاشتی خوازین).



لەڕاستەوە. فە تحیە موحەمەد (دایکی شوان)، فەیروز خان.مەلیحە حەیدەری. شوکریە محەمەدئەمین (دینۆ).
دانیشتوی پێنجەم سامیە شاکر. بەغدا ١٩٥٨ کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی ئافرەتانی ئێراق.

لـە کاتـی نووسـینی کتێبی(سـێ بـێ- بەسـتەپیازە، بەغـدا، بەرلیـن) بەڕێـز خاتوو(بەدیعـە محەمـەد نەجیـب سـاڵح) پێشـەکی بـۆ نووسـیوە و دەڵێت:(لـە میانی ئاشنابوونمان بە یەکتری، خوشکە سامیە هەمیشـە کەسێکی خێرخواز و چاکەویسـت بـوو، یارمەتـی چەندیـن خێزانـی هـەژار و نـەداری دەدا و بەوپـەڕی ڕێـزەوە تەعامولـی لەگـەڵ خەڵـک دەکـرد).

- مەشخەڵ دەیان وتار و پارچە شیعری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- لـە سـاڵی ١٩٥٨ بەشـداریی لـە یەکەمیـن کۆنگرەی(کۆمەڵـەی ئافرەتانـی عێراقـی) کـردووە، وا وێنەکـەم هاوپێـچ کـردووە.
- هـەر لـە گەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نووسـەرانی کـورد لـە ١٠ی شـوباتی ١٩٧٠، ئـەو ئەندام بووە لـەم یەکێتییـە.



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر سامیە چاوشلی

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، یەکەمین ئافرەتی ئازا و بوێر بووە، مۆڵەتی شۆفێری وەرگرتووە و ئۆتۆمۆبێلی لە ناو شاری هەولێر لێخوڕیوە.

بۆ مەشخەڵی شاعیر و نووسەر، هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا، لەگەڵ هەموو وێنەکان.

٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی بەڕێز ڕامز غولام، لە ٨- ٣-٢٠٢٢.

٣- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەید ئەحمەد بەرزنجی

هونەرمەندی کەمانجەژەن و ئاوازدانەری بە توانا و دیاری کورد، ڕەوانشاد سەید ئەحمەد بەرزنجی...

ناوی تەواوی(سەید ئەحمەد سەید عەبدولکەریم بەرزنجی) یە، بە سەید ئەحمەد بەرزنجی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٢ لە بناری چیای (قەرەچوغ)ی سەرکەش، لە شارە ڕەنگین و خنجیلانەکەی (مەخموور) لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، بە ئاو و هەوا و دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکەی دەشتی قەراج و کەندیناوە و قاسپەی کەوەکانی قەرەچوغ پەروەردە کرابوو، لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری مەخموور دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە و لە ساڵی ١٩٦٧ ناوەندیشی هەر لە مەخموور تەواو کردووە و چۆتە خانەی مامۆستایان ساڵی ١٩٦٩ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، ماوەیەک وەکو مامۆستا دەست بەکار بووە، دواتر گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر.

هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێر بۆتە ئەندام و وەکو مۆسیقاژەن و ئاوازدانەرێکی بە بەهرە و توانا بەشداریی هەموو چالاکییە هونەرییەکانی



**ئەوەی ڕاوەستاوە: هونەرمەندی نەمر مامۆستا (تایەر تۆفیق)ە، دانیشتووان لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شوان عەبدولکەریم، هونەرمەند وریا ئەحمەد، هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی**

ئەو کۆمەڵەیەی کردووە، لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێریش وەک(کەمانژەن ٢)ی چەندین ساڵ کاریکردووە و دەیان ئاهەنگ و فیستیڤاڵیان سازکردووە.

هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی لە ساڵی ١٩٨٣ تیپی مۆسیقای(کاوە)ی دامەزراندووە کە سەر بە نیقابەی کرێکاران بوو، هەر خۆشی سەرۆکایەتیی تیپەکەی کردووە و بە هاوکاریی هونەرمەندان (نەجمەدین بابەکر و جەلال شاکر و سامان بریفکانی) و هەر یەک لە گۆرانیبێژان (میران هەرکی و بورهان خۆشناو و تەنیا عارەب عوسمان و شێرزاد عەبدولڕەحمان) بەشداریی دەیان ئاهەنگی نەورۆز و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە شارەکانی هەولێر و موسڵ کردووە و چەندین گۆرانییان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک و موسڵیش تۆمار کردووە، هەروەها لە فیستیڤاڵی چالاکیی قوتابخانەکان لە بەغداش چالاکییەکانی خۆیان نواندووە.

هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی وەکو ئاوازدانەریش ئاوازی بۆ چەند گۆرانییەک داناوە، لە ساڵی ١٩٩٦ ئاوازی بۆ گۆرانیی (نازیلێ) ی گۆرانیبێژ (فاخیر نامیق) داناوە، کە تیپی مۆسیقای (قەرەچوغ) بۆیان تۆمارکردووە وچەندانی دیکەش.


- له ساڵی ١٩٧٧ بۆته سکرتیری تیپی ئۆرکسترای کوردستان.
- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان بووە.
- بە هۆی لێهاتوویی لە ساڵی ١٩٩٨ بۆتە بەڕێوەبەری کەلەپووری میللی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.
- دەیان لاو و گەنجی شاری هەولێر و دەوروبەری لەسەر دەستی ئەو فێرە ژەنینی مۆسیقا بووینە، ماوەیەکیش لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕش کاری کردووە.

بەشداریی لە هەر سێ نەورۆزە مێژووییەکانی ناوچەی قەراج و مەخموور و نەورۆزەکانی (بازاڕگەو قەڵای مەخموور و گوندی قەسران) کردووە.

لە ١٢-١٠-٢٠٢٢ لە شاری هەولێر شەقامێک بە ناوی هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی کراوە، وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە.



**تیپی مۆسیقای شۆڕش**





هونەرمەند دارڤان سەید ئەحمەد بەرزنجی(کوڕی هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی)







هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی لە ساڵی ١٩٧٨ هاوسەرگیری کردووە، لە شەوی ٢-٣- مانگی شوباتی ١٩٩٩ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ لە گوڵ و گوڵزار و چاخان بێت.

سەرچاوەکان:
١ -کوردیپیدیا.
٢ - ماڵپەڕی زانیاری.
٣- - Rudaw، سەید ئەحمەد بەرزنجی، لە ١٢-١٠-٢٠٢٢.
٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# گولنار عەلی

تەمەنێکی کورت و بەرهەمێکی زۆر، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕی جوانەمەرگ، ڕەوانشاد گولنار عەلی

شاعیر و نووسەر گولنار عەلی بالەتەیی لە ساڵی ١٩٧٤ لە دەڤەری(بالەتە) ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری دهۆک تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ بەشی زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی بەکالوریۆسی لە ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی( بۆستن Boston )ی ئەمریکی بەدەستهێناوە، هەر لەوێ دەژیا.

گولنار عەلی هێشتا هەر قوتابی بووە حەز و خولیای چۆتە سەر زمان و ئەدەب و شیعری کوردی، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی(ئەحمەدی نالبەند و خانی و جزیری و حاجی قادر کۆیی و فەقێی تەیران و شاعیرانی نوێخواز شێرکۆ بێکەس و بەدرخان سندی و محسن قۆچان و عەبدولڕەحمان مزووری و چەندانی دیکە) ئاشنا بووە، هزر و ئاسۆی بیری خۆی پێگەیاندووە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ دەستی بە نووسینی شیعر و وتاری هەمەجۆر کردووە، ئەو بە هەردوو زمانی



**لە لای ڕاستەوە: دووەم کەس شاعیر دەیکا دالیاێی، چوارەم کەس شاعیر گولنار عەلی، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

کوردی عەرەبی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە، نووسین و وەرگێڕانیشی لە زمانی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەش لە کوردییەوە بۆ سەر ئینگلیزی هەیە.

گولنار عەلی هەر چەندە تەمەنی کورت بووە، بەڵام کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێهێشتووە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی جوان و شیرین و سادە و ساکار و پاراو نووسیوە، ئەو بە شێوە زاری کرمانجی ژوورو شیعرەکانی نووسیوە، بەڵام ئەوەندە ووشە و زاراوەی یەکگرتوو و سەرتاسەری بەکار هێناوە، خوێنەر زۆر بە ئاسانی تێیدەگات و هەستیش ناکات کە نووسەر خەڵکی کام دەڤەری کوردستانە.




**بەرهەمەکانی شاعیر گولنار عەلی**


گولنار عەلی شاعیرێکی زۆر کوردپەروەر بوو، کورد و کوردستانی زۆر خۆشدەویست بە هیوای یەکگرتوویی و سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئەمەش لە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر دەیکا دالیایی، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، شاعیر و نووسەر گولنار عەلی**

شیعر و نووسینەکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، ئەمانەی خوارەوە بەرهەمەکانی شاعیر گولنار عەلییە:

- هەیڤ و دوانزە هەیڤ، شیعر، دهۆک ٢٠٠٦.
- لاڤژا کەڤنەوارەکی خەمبار، شیعر، دهۆک ٢٠٠٨.
- My Soul stille virgin, 2020, USA, Boston. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی.
- هەناسەک ژ پیتیین خەونا سنوران، شیعر، دهۆک ٢٠١٢.
- دیوان للنوارس تنوح قصائدي، شیعر بە زمانی عەرەبی، دهۆک ٢٠١٤.
- کوردونیا، رواية باللغة العربية، ٢٠١٥ سووریا.
- گەلێک بەرهەمی بە زمانی کوردی و عەرەبیش هەیە کە تا ئێستا چاپنەکراون.
- گولنار عەلی هەر شاعیر و نووسەر




**بەرهەمەکانی شاعیر گولنار عەلی**

وەرگێڕ نەبوو، بەڵکو ڕۆژنامەنووسیش بوو ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پەیڤ) بووە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی دهۆک بوو.

ئەو کاتەی لە دهۆک دەژیا و دواتر کە لە ئەمریکا دەژیا، ناوبەناو ئەگەر بهاتبووایە دهۆک هەمیشە بەشداریی بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و فیستیڤاڵە شیعری و ئەدەبییەکانی کردووە لە شاری دهۆک و شارەکانی دیکەی کوردستان.

پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی لە ڕۆژی ١٨-٦-٢٠١٧ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ بێت لە گوڵ و گوڵزار.

وا چەند کۆپڵەیەک شیعر لە هۆنراوەی(داستانا زارۆکێن کووڤی) شاعیر گولنار عەلی- تان بۆ دەنووسمەوە:

**داستانا زارۆکێن کووڤی**

جان
زارۆکاتی بێرییا مە دکە
شەڤێ دەستێن مە ل هەڤ گرێ دان
بەزاندین
ل دووڤ رۆنیا هەیڤێ
هوور باران شربکی ژ
پێنگاڤێن زارۆکان.
ل تارستانا هێلما بایی،
ئاوازەکا ژبیرچوویی،
خەونەک و خەوەک،
بەر دەرگەهێ سوولاڤێن کەلها بێدەنگیێ
بێرییێن مە هەژاندن.

زارۆکێن هەستیار
سحار راکرن.
جەمبازن..
چیچکێن رۆژ و شەڤان لەیزاندن
خلماشیەکە زارۆکی
خوناڤەکە وەستیایی
برینا هەلبەستەکێ،
خەونا بەری سپێدێ
خەوا خوە کۆلا
شەڤ..
ژ خەوەکا گران سنۆرێن خوە هشیار کرن
قەبینا کەوان ل قونتارا وی چیایی
ئاڤ د سەقلانان دە مەیاند.
جان ب گۆری
دل دبێری جان
ل بەرامبەری هووربارانێ
لاشەکی بەهتی ژ کەسکا ڤێ دووریێ دمر
ڤەدەنگا دەنگێ تە
کەلها بێریان
د ناڤا نهالێن ئێش و داخان دە هەژیا
رۆندک باریان.
گرنژینا تخووبێن عەشقێ،
سەرەدانا ئێشەکە ڤەشارتی
د ناڤ چاڤێن من و تە دە دکن.
دبن گەشە ئاورەک

د رۆنیا دلێ تە دە.
تو شینەکی
زەلالیا ئاسیمانێ خەونا من دکەنینی.
شەڤ پەردا من و تەیە،
شەڤ شیڤا ئەڤینەکە قەدەغەیە.
جان
دۆر ڤەگەریا سەر کەلەخەکی دوورمایی
ئەز زڤریم و ئاخینۆکێن تە گۆتن ئالستن
ژ هۆزینێن تە
کەلەک بەلاڤ بوو، درێژ بوو،
بوو پەنجەرە د ناڤ چراخا زینا تە دە.
یاری و زارۆک
سووندەکە ب گیانێ تە
و تبلەکە مشت گری ژ غەریبیا تە..
چاڤ پەراڤێن تە دخوینە.
هەیڤێ دەستێ ستێران بەردا
سروودێ دەستێ ئاخێ بەردا
چاڤێن من هەڤسارێ ئاوران بەردا
هەلبەستا من دەست ژ پەیڤان شوشت
ئەندەکۆیان خاتر ژ بێهنێ بەردا
کەسەر سیڤێن بەرمایی د شوونوارێ
گولزارا من دە ڤەلۆراند
ئەز بوومە ئەبلیسەکا بەلەنگاز
د تاریا ڤێ بێهنڤەدانێ دە.
ئەز بوومە رازا تە

تو بوويی ژار
تو بوويی يار
ل ناڤ خلووخاڤيا جانەکە ل دوور کەتی، بێخوەدی
ئەز بووم لاشەک د ديرۆکا
خاپاندنا رۆژهەلات و رۆژئاڤا دە.
جان
دزانم شەڤ و رۆژ سلاڤەکە رۆژانەيە
ل هەڤ دگەهينە
ل زيوەرێ هەست و نەستان
گۆتووبێژی
کەن
ياری
کەڤالێ تە و منە
بلا جەژن
سەرسال و ڤالنتاين
سەر سێ وپێنج سالان ل هەيينا ڤێ رۆژێ
خوە بچەمينن
د کێشێ نا هێن سنگاندن
پۆشمان
بيرئانينێن خوە بزڤرينن
ژ نو بزانن
کا چاوا رۆژێن نۆرمال
جەژنا دگێرينن
کا چاوا تێله
ئازاد خەمرەڤينن

ئێش ل دەنگێ بایی سوار دبە
رۆژێن من
بلا ببن گەلوازێ
گولێن ئەشقا تە
بلا ببن نێرینەک
ژ رەشبەلەکێن تە
بلا ئەز ببم تو و تو ببی ئەز
دەنگێ تلیلیا ژ گەرماڤا ئاڤێ
درەقسە بووکا بارانێ
بووکا شاهەدارە ئەفسانەیە
راستیەکا بێگونەهـ و درەوە.
بێدەنگی جوانیا خوە
د خوناڤا هەلبەستێ دە دچکینە.
دارا من
برینێن خوە داستان دبارینە
کانێ گوهدار
کانێ باژارێن حە سرەتێن مە مێتین
کانێ گولزارێن خوناڤ قەرمین
قیزکێن رۆژئاڤایی، شەیدا مان.
وەرە
د باوەشا ئاگربێژیێ دە
دەروێشەکی مەینەنۆش
لێڤێن بایی
هەناسێن خوە
ژ هێلما تە مشت دکە.

ژ رۆناهیا
چاڤێن تە
شەمالۆکێن نەورۆزێ هەلکەم.
تنێ تو و ئەز..
سلاڤەکا بێگونەهین و
سووندەکە نەپەنی ژ مژوولانکێن تە مە
د سنگێ ئەڤینێ دە
خەوەکم.
تو سترانا دارەکە شینی
د بیابانا تیپێن من دە.
گەرماهیا چاڤێ تە ڤەدهوونم
ل بەر کەنیا تە دچم سوجدێ.
ئەڤینەکە بێهەمپایە هەناسا مە و
سیبەرەکە هێمن ژ کەربا دلێ مە.


سەرچاوەکان:
١-یەکێتیی نووسەرانی کورد -لقی دهۆک لە ١٨-٦-٢٠١٧.
٢- ماڵپەڕی کەلتورمەگەزین، لە ٤-١-٢٠١٧.
٣- ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، لە ١٨-٦-٢٠١٧.
٤- کوردیپیدیا.
٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم



# جەمال بەرواری

شاعیر و نووسەر میدیاکاری دیار و ناسراو، جەمال بەرواری...

ناوی تەواوی(جەمال سلێمان قاسم)ە، بە جەمال بەرواری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی(دێریشکێ)ی سەر بە دەڤەری بەرواری ژووروو لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی پێنجەم لە قوتابخانەی(کانی ماسی) خوێندووە، پۆلی شەشەمی لە موسڵ تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی تا پۆلی یەکەمی لە موسڵ و ئامێدی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول و لەبەر سەختیی باری ژیانیان و برایەکیشی بۆتە سەرباز لە بەغدا، ڕوویان لە شاری بەغدا کردووە، ئەو خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٧٤ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە.




میدیاکار جەمال سلێمان هێشتا هەر قوتابی کۆلێژ بوو بۆ بژێوی ژیانی خۆی لە چەند



له لای ڕاستەوە: دووەم کەس جەمال بەرواری، ئەوانی دیکە پۆلێك شاعیر و نووسەری دهۆك

شوێنێک کاری کردووە لەوانە لە کافتریای دەزگای گشتیی رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا، هەر لە کاتی کارکردن لەم کافتریایە بە ڕێکەوت داوای لە بەڕێوەبەری گشتیی ئەو کاتی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەکات و دەڵێت (من قوتابیی کۆلێژی زمانی کوردیم و دەمەوێت لە ڕادیۆی کوردی کار بکەم)، دیارە ئەویش دەینێرێت بۆ لای لێپرسراوانی ڕادیۆی کوردی لە ڕێگای ڕەوانشاد محەمەد جیهاد حەسەن و بەڕێز مەحموود موفتی بە(اجور) بە شێوەی کاتی وەردەگیرێت، لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە هونەرمەندان( هاشم عەلی مەندی، ئیبراهیم سەلمان، فەرهاد شەریف، فازل قەساب، عەبدوڵڵا ئامێدی ئەحمەد محەمەد عەلی، فازل جاف، لەیلا عەلی، محەمەد سدیق ئیمام و و چەندانی دیکە) کۆمەڵێک تەمسیلییەو زنجیرە دارامای ڕادیۆیی تۆمار دەکەن. لە ساڵی ١٩٧٤




بەرهەمی جەمال بەرواری

چەندین وتار و بابەتی هەمەجۆری لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و میدیاکار جەمال سلێمان ئەو کاتەی ساڵی ١٩٧٤ بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی تەواوکردووە نەبۆتە مامۆستا، بەڵکو حەز و ئارەزووی لە کاری ڕاگەیاندن بووە، بۆیە هەر لە شوێنەکەی خۆی لەسەر میلاکی(هەمیشەیی-دائمي) دامەزراوە و بەردەوام بوو لە خزمەتکردن لە رادیۆی کوردیی بەغدا، ئەو چەندین بەرنامەی ئامادەدەکرد و پێشکەشی دەکردن، لەوانە بەرنامەی(د گەل گۆهدارا)ی هەبوو، ماوەیەکی زۆریش لە لێژنەی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی دەق و تێکستی گۆرانییەکان بووە، لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆری کردووە، بەشی زۆری دەقی گۆرانییە نەتەوایەتیی سیاسییەکانی گۆرانبێژ نەمر تەحسن تەها لە ڕێگای ئەو لێژنەیە دەرباز دەبوون لەوانە(سترانا دەستار، کە شیعری دکتۆر بەدرجان و گۆتنی تەحسین تەهایە، سترانا رۆژا تە چوی لمە کر



بەرهەمی جەمال بەرواری


لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی، میدیاکار جەمال بەرواری، لەگەڵ پۆلێك شاعیر و نوسەرانی دهۆك



لە لای ڕاستەوە: میدیاکار جەمال بەرواری،
شاعیری گەورەی کورد بەدرخان سندی




میدیاکار جەمال بەرواری،
لە کۆڕێکی ڕۆشنبیریدا



لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننووس
محەمەد سەلیم سواری،
میدیاکار جەمال بەرواری



لە ناوەند نووسەر جەمال
بەرواری، ئەوانی دیکە
نە ناسراون



لە لای ڕاستەوە: جەمال
بەرواری، نووسەر و
ڕۆماننووس خەسرەو جاف

نازی، کە شیعری مەحفوز مائییە، سترانا پیای ئەردەوان زاخۆیی کە ئەو کات هەموو کەس دەیزانی کە باسی تێکدان و ڕاگواستنەوەی گوندەکانی کوردستان دەکات و سترانا مەشکا جارا دێ کێیە ڤە، کە شیعری شاعیر موئەیەد تەیبە و باسی دەسپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان دەکات و چەندانی دیکەش) هەمووی لە ڕێگای ئەو لیژنەیە دەرباز دەبوون کە جەمال سلێمان تێیدابوو.

لە کاتی جوانەمەرگ بوونی هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، جەمال بەرواری بەرنامەی(د گەل گۆهدارا)ی هەبوو، ئەو ڕۆژی بۆ ماوەی(٦) سەعات



بەرهەمی جەمال بەرواری

لەسەریەک بە تەلەفۆن تازیەنامەو دڵگیری و دڵتەنگیی لاوان و گەنجانی کوردستانی تۆمارکردووە.

میدیاکار جەمال بەرواری زیاتر (٣٠) ساڵ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا خزمەتی کردووە، لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣ ، ئەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەگەڵ ڕەوانشاد ئیسماعیل گەیلانی بۆ ناردنەوەی هەموو ئەرشیفی ڕادیۆی کوردیی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان.

نووسەر جەمال سلێمان تا ئێستا سێ کتێبی لە چاپداون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- ئەو خەونا من نە دیتی، هەڵبەست.
- ئەزو مایکرۆفۆن،
- صفحات من الادب و الفن الكردي.

دوو کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەندە ساڵانێک لەگەڵ جەمال سلێمان کارم کردووە و لە سەرەتای هەشتاکانیش دوو جار بوومەتە


لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد بەختیار سیامەنسووری، نووسەر و ڕۆژنامەنوس عەبدولوەهاب تاڵەبانی، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی، نووسەر جەمال بەرواری


لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر ئیسماعیل بادی، نووسەر جەمال بەرواری

سەربازی(یەدەگ- إحتیاط) لە بەغدا بووم هەردوو جار هەر لە ڕێگای جەمال بەرواربیەوە بانگهێشتی دەکرم و پێی دەوتم:(بێژەر- مذیع)مان پێدەویت وەرە دەوام بکە، منیش دەچووم بەشی زۆری ڕۆژەکان دەوامی بەیانییانم(الإفتتاح) دەکرد، ئەو پەیوەندیی لەگەڵ هەموو کارمەندەکان باش بوو.

لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ جەمال سلێمان هاتۆتەوە شاری دهۆک، ئێستا لەوێ دەژیت و زۆریش چالاکە و بەشداریی بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان دەکات، بۆ هاوڕێ و هاوکار و هاوپیشەم جەمال بەرواری هەر هەبیی و بمینێیت بۆ خزمەتی ڕاگەیاندنی کوردی.



# هەنار موفتی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، خاتوو هەنار موفتی...

ناوی تەواوی(هەنار کچی مەلای گچکە کچی مەلا عەبدوڵڵای موفتی) یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە هەنار موفتی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە بناری چیای سەفین لە شارە ڕەنگین و جوانەکەی شەقڵاوە لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەر و ڕۆشنبیر لە دایک بووە، مەلای گچکەی باوکی شاعیر و کەسایەتییەکی ناسراوی ناو خانەوادەکەیان بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شەقڵاوە تەواوکردووە، دواتر چوونەتە شاری هەولێر لەوێ وەکو فەرمانبەر لە ئەمینداریێتیی گشتیی ئابوری و دارایی دامەزراوە، لە پاشان لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە باری سیاسیی ئەو کات گواستراوەتەوە شاری سلێمانی و لە دائیرەی باج بۆ ماوەی(٩) ساڵ خزمەتی کردووە، بە هۆی گیرانی هاوسەرەکەی و حوکمدرانی بۆ ماوەی(٥) ساڵ ئەویشیان فەسڵ کردووە. هەنار موفتی هەر لە منداڵییەوە چاوی لە نێو پەرتووکخانەکەی باوکی بۆتەوە، کە پڕ بووە لە کتێب بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی، دیوانی شاعیرانی کلاسیکی و کوردی و فارسی، زۆر حەزو خولیاو ئارەزووی چۆتە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شیعری شاعیرانی نوێخوازی سەردەمی حەفتا و




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو نیهایەت، شاعیر خاتوو سروە عوسمان، شاعیر خاتوو ئاواز سامان، شاعیر خاتوو هەنار موفتی، نووسەر محەمەد مەلا ڕەحمان**

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئیدی وەکو کچە کوردێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێن دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، ئەو جوانیی سروشتی شاری شەقڵاوە و هەموو کوردستان و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان کاری تێکردوون و بوونەتە هەوێن و سەرچاوەی هەڵقووڵانی شیعر و پەخشانە شیعر و بابەتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕەخنەیی و نووسینی دیکەی هەمەجۆر، ئەو هەموو بەرهەمەکانی خۆی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان دەنووسێت و خوێنەر بە ئاسانی تێیدەگات.


www.regaykurdistan.com

ڕێگای کوردستان

جیابوونەوەی ڕۆحیی

هەنار موفتی یەکەم جار بەشداری کردووە بە سێ پارچە شیعری خۆی لە کتێبی(ژن ژیان دەنووسێتەوە) کە سەنتەری ڕۆشنبیریی هەولێر




بە هاوکاریی ماڵی کتێب بۆ(٨١) شاعیری ژن لە چاپی داوە و بڵاوکراوەتەوە، تا ئێستا دوو دیوانی شیعری بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- فرمێسکی دابڕان، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٢١.
- وەرە پێکەوە سەفەر بکەین، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٢٢.

شاعیر هەنار موفتی دەیان وتاری ئەدەبی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، هاووڵاتی، نەوژین، وتاری کورد و چەندانی دیکە).

ئەو بەشداری لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی دەکات و جاروباریش لە چالاکییە ئەدەبییەکانی شارۆچکەی شەقڵاوەش بەشدار دەبێت.



**پۆلێك شاعیر و نووسەرانی شەقڵاوە**



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ناسح ئەدیب، شاعیر خاتوو گوڵیزار فەرەج، شاعیر و نووسەر مامۆستا شێخ فوئاد، شاعیر خاتوو نەسرین تەنیا، شاعیر خاتوو هەنار موفتی، شاعیر ئامانج محەمەد جەزا



لە لای ڕاستەوە: فۆتۆگراف بەختیار عەلی، شاعیر هەنار موفتی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو بەیان ئیبراهیم، شاعیر هەنار موفتی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دڵشاد کاوانی، شاعیر خاتوو هەنار موفتی

لە ڕۆژی ٣-١١- ٢٠٢٢ سەنتەری ڕۆشنبیریی شەقڵاوە ئێوارە کۆڕیکی ناساندن و واژۆکردنی هەردوو دیوانە شیعرییەکەی بۆ سازکردووە و کتێبەکانی بە دیاری داوەتە ئامادەبووان.

ئەو ئەندامی ڕێکخراوی پێنی نیودەوڵەتییە، هێشتاش بەردەوامە لە شیعر نووسین، چالاکیشە لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی، جاروبار هەوادارانی بە پارچە شیعریکی ناسک و جوان بەسەر دەکاتەوە، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و زمان و وشەی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر هەنار موفتی- تان بە ناوی (نهێنی هەناسە

ساردەکانم) بۆ دەنووسمەوە:

نهێنی هەناسە ساردەکانم
چیتر لە پەنجەرە تەڵخ و...
تەماویەکان بۆ نیگاکانت ناڕوانم !
ئێدی زمانم گۆ ناکا وەک جاران
پەردەی شەرم
لەسەر رووخسارم رادەماڵم
هەموو ئەو گرێ کوێرانە دەکەمەوە
کە رۆژگارەکان بۆیان هێنام!
پاییز ئەکەمە خەڵوەتێک
تا هەنسکە ژانی بێ ئۆقرەییم
بدا بەدەم ((با)دا
ئیتر نایەڵم
زەردە خەنەکانت بمخواتەوە



لە لای ڕاستەوە: شاعیر هەنار موفتی، خاتوو گێلاس عەبدوڵڵا، خاتوو ویژدان ئەکرەم مەردان.



شاعیر هەنار موفتی



ژن و جوانی..

هەمومان جوانیمان بەلاوە گرنگە، بەڵام چ جۆرە جوانیەک؟

جوانی دیارییەکی بە ترخە بۆ هەر کەسێک، مایەی هەست کردنە بە ئاسودەیی و ئارامی. کەسمان نیە جوانیمان بەلاوە گرنگ نەبێت، بەڵام کامە و چ جۆرە جوانیەک؟

گۆێ بۆ چرپە نەفرەت لێکراوەکانت ناگرم
نابم بە بەهارت
تا بە لێوت ماچەکانم بچنیتەوە
چیتر وەرزەکانی سەفەرت
ئاوەدانم ناکەنەوە.
دڵم بە تورەیی و لاساریەکانت دەتەنێ
جارێکی تر .....
باوەشم جێگای تۆی تیا نابێتەوە
ئێستا فرسەتەکان
یادەوەریەکانم لێ ئەڕفێنن
بەختەوەریم لێدەکەن
بە تەرمێکی سارد سارد
وەک هەناسەی منداڵێکی
بێ نەوای سەرشەقام
سارد تر لە هەنسکی ئەو دایکەی
کورە تاقانەکەی لە شەڕی براکوژیدا
تا ئێستاش بێ سەرو شوێنە!
وەک ئەو پیرەمێردەی
لە ناو بازاڕ
بە دیار دووجوت گۆرەوییەوە
پەڕاوی سیگار
لەنێو دەستە لەرزۆکەکانیا
بە توتنی ئازار ئەپێچێ و ....
گڕ لە حەسرەتەکانی ژیان بەر ئەدا


بە ئازارتر... لە هەناسەی
ژنە دەست قلّیشاوو ماندووەکانی
بەر بەلەدیەکە !!
کە بەدیار سەبەتەیەک پەلّپینە و گەلا مێوەوە
هەلّکورماون!!
تەنها بەسەیر کردنیان
پڕئەبی لە بێدەنگی
ئێستا من پیاسە و گەڕانی هیچ پارکێک و.... هیچ شەقامێک دلّم خۆش ناکەن!
رقم لە هەموو ئێوارە پر حوزنەکانە
کە ئەمبەنەوە سەر ....
برینە قولّەکانی دابڕان و..
جودایی !!
کاتێ نەورەسەکانی سەر شەپۆلەکانی دەریا
بالّ لێک یدەن و...
سەما بۆ خۆشەویستی ئەکەن!
دلّم.... دائەخورپێ ! لە
گمە گمی کوکوختیەکان
پێشبینی هەوالّی ناخۆش ئەهێنن!!
هێلّنج ئەدەم
لە شەپۆلەکانی دەریا
کاتێ (ئایلان) ئەبینم
بە بلوزی سوورو قۆنەرە شینەکانیەوە
کەس بە هاواری ناگا!!

دڵم پڕە...
پڕتر لە دڵی نیشتمان
کە ئەبینم هەر رۆژەو...
بەدەست باوە پیارێکەوە
دەستدرێژی ئەکرێتە سەر
رووت رووتی ئەکەنەوە
هیچ شۆڕشگێڕێک خاوەنداریەتی ناکا
من ئەمەوێت...
لەو خەوە غەفڵەتییە ڕاچڵەکێم و
بە ئاگا بێمەوە!!
چیتر نەبم بە بەشێک لەتۆ
چاوەکانم بۆ روانینت نەڕێژم
ئەمەوێت ...
هەر خۆم بم ، وەک خۆم
چیتر جێ پەنجەکانم
بەسەر نیگاکانتەوە نەمێنێ !
ئەمەوێت ..
تەنیایی خۆم...
لەسەر لافیتە رەشەکانی پرسە بنووسمەوە!
بە هەموو دیوارو کوچەو کۆلانەکانی شار هەڵیواسم !
ئەمەوێت....
بە هەموو مرۆڤەکان بڵێم
من ژنێکم لە جنسی پەپوولە
سەمای شنەبا

بانسێکی ئەم ڕۆژگارە ئەبەخشم
بە گوڵە دەم بە خەندەکانی نێرگز!
ئەمەویت....
وەک خۆم بم!!
نە وەک ئەوکەسانەی،..
کە بەرووتدا پێ ئەکەنن!!
لە پشتا ترش و خوێ ئەکەن
بەسەر برین و ئازارەکانتا
ئەمەوێت ...
لە ژوورەکەمدا بێدەنگ بم
بێدەنگ بێدەنگ ...
دوور لە ساتەکانی بێزاریم!!
ئەو بێزاریەی،...
کە بۆتە ڕێچکە ڕێی ژیان و تەمەنم!!
ئیتر تۆش،...
پرسەی کەسێکی نادیاری دووریت ئەبێتە ئەسەف و ...
تەنها دوو دڵۆپە فرمێسکی پەشیمانی!!
ئەوسا منیش....
بەهەناسەو گڕو تینەوە
لەژێر ڕێژنە بارانی پاییزدا رادەکشێم و...
سەر ئەخەمە سەر تێکستی شیعرەکانم و...
بە ئەسپایی ئەچرپێنم بە گوێی وشەکان و پێیان ئەڵێم:
ئەگەر ئێوە نەبوونایە،...
باران زاتی ئەوەی نەبوو

رۆحی پەپولەییم بشواتەوە!
ئەگەر ئێوە نە بوونایە
رۆحم ئەچووە سەر کۆڵانەکانی جەفا
ئەگەر ئێوە نەبوونایە
شەقام لەسەر پشت هەڵیدەگرتم
تا ئەو پەڕی دنیا!!
ئەگەر ئێوە نەبوونایە
نە کتێب ئەبوو !!
نەشیعرو
نەفەرهەنگ و
نە قەسیدە
***

**هەنار موفتی**



# زرار محەمەد مستەفا

هەر کە باسی شاری ڕواندز دەکرێت، مامۆستا زرارمان دێتەوە بیر، بە پێچەوانەش هەر وتت مامۆستا زرار، شارە ڕەنگین و جوانەکەی ڕواندزمان دێتە بەرچاو، هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری گەورەی کورد مامۆستا زرار محەمەد مستەفا....


ناوی تەواوی(زرار محەمەد مستەفا)ە، بە مامۆستا زرار ناسراوە، لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٣٧ لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و ناسراوی شاری ڕواندز لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٤٤ لە قوتابخانەی(ڕواندزی سەرەتایی کوڕان- پاشای گەورە) تا پۆلی چوارەم خوێندووە، دواتر لە ساڵی ١٩٤٨ باوکی گواستراوەتەوە بۆ شارۆچکەی(هەریر) ئەو پۆلی پێنجەم و شەشەمی لە قوتابخانەی(باتاسی سەرەتایی تێکەڵاو) تەواکردووە، پاشان گەڕاونەتەوە ڕواندز، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندیی ڕواندزی کوڕان تەواوکردووە و خوێندنی ئامادەیشی ساڵی ١٩٥٨ لە شاری هەولێر تەواوکردووە، بە پێی سەرچاوەکان، هەندێک دەڵێن: خانەی مامۆستایانی لە بەعقوبە تەواوکردووە و بۆتە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی(دەربەندی ڕایاتی تێکەڵاو)، بەڵام هەندی سەرچاوەی دیکە دەڵێن: لە ١٠-٥-١٩٥٨ لە ڕێگەی دەورەیەکی پەروەردەیی بۆتە مامۆستا(کە ئەمەیان ڕاستترە)، لە ساڵی ١٩٥٩ دیسان دەورەیەکی تری ڕاهێنانی مامۆستایانی بینیوە، تا




ساڵی ١٩٦١ لە قوتابخانەی دەربەندی ڕایاتی تێکەڵاو ماوەتەوە و لە ساڵی ١٩٦١ هاتۆتەوە شارۆچکەی ڕواندز وەکو مامۆستا دەست بەکار بووە.

لای هەموو هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ڕوون و ئاشکرایە، هەر کاتێک باسی مامۆستا زرار بکەین ئەوا ناوی شارە ڕەنگین و جوانەکەی ڕواندزمان دێتە بەرچاو، بە پێچەوانەش کە باسی شاری ڕواندز بکرێت مامۆستا زرارمان دێتەوە یاد، مامۆستا زرار دەورێکی گرنگی هەبووە لە دروستکردن و دامەزراندنی بنەماکانی هونەر و مۆسیقا و گۆرانی لە شاری ڕواندز، ئەو وەکو هونەرمەندێکی گەورە تا دوا ڕۆژانی تەمەنی لە خەمی هونەری مۆسیقای شاری ڕواندز و هەموو کوردستان بووە.

مامۆستا زرار لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تیپی مۆسیقای(ڕواندز)ی دامەزراندووە، چەندین چالاکیی هونەرییان لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی وەکو ئاهەنگەکانی(یادکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئادار و نەورۆز و یادی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە) نواندووە، لە نیوەی دووەمی حەفتاکان لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیی



قوتابخانەی پاشای گەورە، خولێکی فێربوونی ئامێری مۆسیقای کردۆتەوە، پاشانیش ئەو قوتابییانە کە چوونەتە ئەکادیمیا و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان، کە هاتوونەتەوە ڕواندز بوونەتە بناغەی دروستبوونی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، ئەو تیپەی کە لە سەرەتای هەشتاکان لەسەر ئاستی هەموو کوردستان ناسرا بوو، سروود و گۆرانیی نیشتمانی و نەتەوایەتییان بە ئاشکراو نهێنی بۆ هونەرمەندانی وەکو(وەلی دۆسکی، بەکر لەزگەیی، نەجمەدین غولامی، شڤان پەروەر، شیرین پەروەر، ناسری ڕەزای، سامان و سەلام، سەلام مرادی، هاوتا ئەسعەد، فاتیمە، خدر بێجانی، ئەحمەد محەمەد شەریف، سلێمان ئەحمەد عەزیز، عەزیز شاکر سەعید و چەندانی دیکە) تۆمارکردووە، بە پێی زانیاریی بەندە ئەو تیپە لە پاش نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەرەو پەرتەوازەبوون و کزی ڕۆیشتووە و چالاکییەکانی کەم بوونەوە.



**تیپی مۆسیقای پاشای گەورە**



**ڕێزلێنان لە هونەرمەند زرار محەمەد مستەفا**

هونەرمەندی مۆسیقا ژەن و ئاوزدانەر مامۆستا زرار بایەخی بە هونەری شانۆش دەدا، تیپێکی شانۆیی لە کوڕان و کچانی قوتابخانەکانی شاری ڕواندز بە ناوی تیپی شانۆی(شلێر) دامەزراندبوو، کە چەندین شانۆگەرییان لە ڕواندز پێشکەشکردووە.

تیپی مۆسیقای پاشای گەورە کە مامۆستا زرار سەرپەرشتیی دەکرد، ئەندامە سەرەکییەکانی بریتی بوون لەم هونەرمەندانە(ئەحمەد شێخە حوسێن، زەینەل خەیری، مزەفەر عەبدوڵڵا خدر، ئیبراهیم حەسەن خدر، وەلی حەسەن دۆسکی، سلێمان ئەحمەد عەزیز، عەزیز شاکر سەعید و چەندین هونەرمەندی دیکە).

لە بەرهەمە نایاب و زیندووەکانی ئەم تیپە گۆرانییەکانی(هۆی ناریێ، ئەی یارا من، زەمبیل فرۆش، کۆچەریێ، مەندانە، دونیایە زۆر جوانە و چەندانی دیکە).

لە ٢٨-٤-٢٠١٨ وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو لە هونەرمەندان ڕێزی لە هونەرمەند مامۆستا زرار و چەند هونەرمەندێکی دیکەی ناوە.

لە ڕۆژی ٧- ١٢-٢٠٢١ مامۆستا زرار لە تەمەنی(٨٤)ساڵیدا بە نەخۆشی



بەخاکسپاردنی ڕەوانشاد هونەرمەند زرار محەمەد مستەفا

کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی لە شاری ڕواندز بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانیشادو ئارام و گڵکۆی پڕ نور و ڕەحمەت بێت.

لە شاری ڕواندز پەیکەرێک بۆ ڕەوانشاد مامۆستا زرار دروستکراوە، لەبەردەم بارەگای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە ڕواندز دانراوە.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی زانیاری، وتارێکی نووسەر سروشت ناجی لە ٣-٦-٢٠٢٢.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی دەنگەکان، وتارێکی نووسەر سەدیق سەعید ڕواندزی کە لە هەفتەنامەی(ڕێگای کوردستان)ی ژمارە ١٢٧٨ لە ٢٥-١-٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

٣- - PUknow، هونەرمەندێکی گەورەی کورد کۆچی دوایی کرد، لە ٧-١٢-٢٠٢١.

٤- کوردیپێدیا.

٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەردەڵان بەکر

هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر لە ٢٥-٩-١٩٦٧ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، تاوەکو پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، لە تەمەنی (١٨)ساڵیدا ماوەیەک بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، ئەو هەر لە منداڵییەوە خولیا و عەشقی گۆرانی و هونەر بووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ یەکەم کاسێتی خۆی بڵاوکردۆتەوە، لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ ڕووی لە دەرەوەی وڵات کردووە و پاش ماوەیەک گەیشتۆتە وڵاتی سوید و لەوێ نیشتەجێ بووە، لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد لە وڵاتی سوید درێژەی بە کارە هونەرییەکانی خۆی داوەو یەکەم ئەلبۆمی خۆی لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکردۆتەوە، بەشداریی لە بەشی



لە لای ڕاستەوە: د. جەمشید حەیدەری، دایکی هونەرمەند ئەردەڵان بەکر



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند و گۆرانیبێژ محەممەد جەزا، ئەردەڵان بەکر، نە ناسراوە**

زۆری ئاهەنگ و ئاهەنگی نەورۆز و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی لە وڵاتانی ئەوروپا بۆ کوردانی تاراوگە کردووە، لە ماوەی ژیانی هونەری توانیویەتی(٥) ئەلبوم گۆرانی لەسەر ئەرک و خەرجیی خۆی لە تورکیا تۆمار بکات، کە ئەمانەن:

- ئەلبۆمی کچی گاور.
- بەینۆ بەینۆ.
- هەورامان هەورامان پڕ لە کیژۆڵەی جوان.
- زۆر دەترسم.
- خەونێک بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٨ لەسەر داوای کۆمپانیای کۆڕەک میوزک بۆ یەکەمین جار گەڕاوەتەوە کوردستان و چەند ئاهەنگێکی لە شاری هەولێر سازکردووە.

هونەرمەند ئەردەڵان بەکر دەنگێکی زۆر بە سۆز و هەستێکی خەماوی هەبوو، بە تایبەتی لە گۆرانییە ڕۆمانسییەکانی، خۆ ئەگەر گوێ لە گۆرانیی (کێ وەفای عیشقی بینیوە) بگریت، ئەو سۆز و هەست و حوزنە هەست



مەراسیمی تەرمەکەی
هونەرمەند ئەردەڵان بەکر

پێدەکەیت، دەنگ و تەبەقەی دەنگی ئەو تەنها لای گۆرانیبێژان (حەیدەر بەقال لە هەولێر و ڕەشۆڵ لە سلێمانی و عەزیز شارۆخی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هەبووە، ئەو دەرچووی هیچ قوتابخانە و پەیمانگایەکی هونەری نەبوو، بەڵکو هونەرمەندێکی خۆڕسک بوو، بە هەوڵ و تەقەلای خۆی، خۆی پێگەیاندبوو، هەرچەندە لەسەرەتا هەندێ لە بەناو هونەرمەندان و گۆرانیبێژان ویستیان لەم ڕێچکەیەی ساردی بکەنەوە، بەڵام هەر بەردەوام بووە تا گەیشتە ئەو ئاستە بەرزە، ئەو گۆرانیی هەندێ هونەرمەندانی وەکو(جەلال سەعید و عەزیز شارۆخی) گوتووەتەوە، بەڵام بە شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی کە تام و چێژێکی جیاوازی بە گوێگرانی بەخشیوە.

گۆرانییەکانی ئەردەڵان بەکر لە شیعری شاعیرانی وەکو(عەبدوڵڵا پەشێو و جەبار حەبیب) و هەندێ گۆرانیشی لە دانانی خۆیەتی، بەرهەمەکانی کاتی نینە، بەڵکو نەمرن هەر بە زیندوویی دەمێننەوە، لە مەقاماتیش شارەزاییەکی باشی هەبوو بە تایبەتی مەقامەکانی بەیات و سێگا.



لە لای چەپەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناسری ڕەزازی، ئەردەڵان بەکر، ئەوانی دیکە نەناسراون







له کۆڕی ساڵیادی هونەرمەند ئەردەڵان بەکر، له هەولێر ٢٠٢٢/١٠/١٠

هونەرمەندی گۆرانبێژ ئەردەڵان بەکر کەسایەتییەکی جوان و قسە و ڕووخۆش و خۆشەویست لە ناو هەموو کەس و کار و دۆست و برادەرانی، لە ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٠٩ بە نەخۆشی لە نەخۆشخانەی(کارۆلینسکا)ی شاری ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی گەڕێندراوەتەوە هەولێر و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت، گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار بێت.

پەیکەرێک بۆ هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر دروستکراوە و

لەڕۆژی ٦ی ئاداری ٢٠١٤ لە پارکی منارە لە هەولێر داندراوە.

ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٢٢ لە هەولێر بە ئامادەبوونی دایکی و کەس و کاری و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران، کۆڕێکی یادکردنەوەیان بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەردەڵان بەکر سازکردووە، کە تێیدا تیشکیان خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی.

سەرچاوەکان:

١- کوردپیدیا.

٢- ویکیپیدیا- ئینسکۆلۆپیدیای ئازاد، وتارێک بە ناو نیشانی(جوانەمەرگی لەبیرنەکراو).

٣- - NAz MusiC، فیلمێکی دوکیۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەمی هونەرمەند ئەردەڵان بەکر.

٤- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی تێکستی گۆرانی لە ٢٥-١٠-٢٠١٨.

٥- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شیلان حمو

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، مامۆستای پەروەردە، خاتوو شیلان حمو لە ڕۆژئاوای کوردستان....

ناوی تەواوی(شیلان سلێمان حمو)یە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دواناوەندی لە شاری قامشلۆ تەواو کردووە، پاشان چۆتە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان هەر لە قامشلۆ و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، بۆتە مامۆستا لە دێهاتەکانی دەوروبەری قامشلۆ و دواتر گواستراوەتەوە ناو شاری قامشلۆ، پاش خزمەتێکی زۆر لە بواری پەروەردە ئێستا کارمەندە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قامشلۆ.

نووسەر و شاعیر شیلان حمو ئەو کاتەی قوتابیی ناوەندی بووە، دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو( مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و جگەرخوین و شیعری شاعیرانی نوێخوازی وەکو بەدرخان سندی و عەبدولڕەحمان مزووری و محسن قۆچان و خالد عەلی سلێڤانی و چەندانی دیکەش) کردووە، جگە لە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی عەرەبیی سووری و لوبنانی، هەموو بەرهەمەکانی لە شیعر و وتارەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو(بەهدینانی) و بە پیتی لاتینی کوردیش نووسیوە، یەکەم بەرهەمی خۆی ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکردۆتەوە و بەردەوام بووە



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر شیلان حمو، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی، نە ناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ساڵح ئامێدی، شاعیر شیلان حمو**



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر شیلان حمو**

لـە نووسـین تـا ئێسـتا دوو دیوانـی شـیعری بڵاوکردۆتـەوە، سـەرەڕای چەندیـن وتار لـە بواری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بە تایبەتی پـەروەردەی منداڵان، لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کـوردی و عەرەبییەکانـی سـووری و لوبنانـی و باشـووری کوردسـتان وەکو(مجلـة الحريـة- بيـروت - لبنـان، گۆڤـاری گوڵسـتان لە قامشلۆ، حوار المواسم، آفاق تربوية، مەتین و خەبات و چەندانی دیکـە)، بڵاوکردۆتـەوە.

شـیلان حمـو-ی نووسـەر و شـاعیر، هەسـتی بـە کێشـە و گرفـت و ئـازار

و ئەشکەنجە و سەختیی ژیانی هاووڵاتیانی ڕۆژئاوا و هەموو کوردستان کردووە، شاعیرێکی کوردپەروەرە، جوانیی سروشتی کوردستان و مافە ڕەواکانی هەموو گەلی کوردستان و منداڵە چاوگەشەکانی کوردستانیشی لە بیر نەکردووە، هەموو ئەوانە لە شیعر و نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بەرهەمەکانیەتی:

- دیوانی(بلا عنوان)، شیعر بە زمانی عەرەبی.
- دیوانی(Bendewarl) بە پیتی لاتینی.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس شیلان حمو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە لە قامشلۆ و لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی قامشلۆ و هەندێ جاریش لە باشووری کوردستان لە دهۆک ئامادە دەبێت، ئەو هێشتا بەردەوامە لە نووسینی شیعرە جوان و وشە ناسکەکانی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری، نە ناسراوە، شاعیر شیلان حمو




لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نە ناسراوە، شاعیر شیلان حمو




لە لای ڕاستەوە: خێزانی هونەرمەندی گۆرانیبێژ محەمەد شێخۆ، شاعیر شیلان حمو



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر شیلان حمو






بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

وا دوو پارچە شیعری کورتی شاعیر خاتوو شیلان محو- تان کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، بۆ دەنووسمەوە:

غير الوردة لا ترسم
في مذكرة الذكرى
تشاكسها الاشواك
في مفترق الغيرة شمالا
ربابة الزمن جنوبا
حين تغادر الاجنحة
كيف تعزف كل هذه الجراح؟!!!
١٩٩٧ قامشلي

انهمرى غزيرة
فأعشو شب خريف
و جاء ربيعي في غير موعده
ختاما لمسرحية الاحزان
١٩٩٢

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیانی شاعیر خاتوو شیلان حمو کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

# پێرست


ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی بەردەوام ٧
ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی بەردەوام ٩
دکتۆر مستەفا زەڵمی ١١
تۆفیق وەهبی ١٩
ئیبراهیم ئەحمەد ٢٩
جگەرخوێنی شاعیر ٣٧
ڕەفیق حیلمی ٤٥
سەبری بۆتانی ٥١
جەمال عیرفان ٥٧
پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی ٦٣
ئەنوەر مائی ٧٥
حافز قازی ٨١
عوسمان هەورامی ٨٩
دکتۆر کامل ئەلبەسیر ٩٧
کامیل ژیر ١٠٥
فەلەکەدین کاکەیی ١١١
دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن ١١٩
دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی ١٢٥
سەلیم بەرەکات ١٣٥
دکتۆرخەسرەو جاف ١٤٥
ئەیوب هەورامی ١٥١
دکتۆر نەزەند بەگیخانی ١٥٧
دکتۆر مەغدید سەپان ١٦٥
محەمەد ڕەسوڵ هاوار ١٧٣
هەژار موکریانی ١٧٩

| | |
|---|---|
| هێمن موکریانی | ١٩١ |
| تەیب جەبار | ٢٠٥ |
| قەدری جان | ٢١٥ |
| ڕێبوار سیوەیلی | ٢٢٣ |
| ڕەفیق چالاک | ٢٢٩ |
| دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس | ٢٣٥ |
| عەبدوڵڵا سەڕاج | ٢٤١ |
| فوئاد سەڕاج | ٢٤٧ |
| عەزیزی مەلای ڕەش | ٢٥٥ |
| دکتۆر ئەبوبەکر خۆشناو | ٢٦١ |
| دکتۆر ئەحمەدی مەلا | ٢٧٣ |
| حەمەساڵح فەرهادی | ٢٧٩ |
| ڕەشید فندی | ٢٨٧ |
| سالار سەمین | ٢٩٥ |
| سەباح ئیسماعیل | ٢٩٩ |
| سدیق شەرۆ | ٣٠٧ |
| عەلی کەندی | ٣١٣ |
| بڵند حەیدەری | ٣٢١ |
| محەمەد موکری | ٣٣١ |
| هەردەوێڵ کاکەیی | ٣٣٥ |
| ئەمجەد شاکەلی | ٣٤٣ |
| قەهار شێخانی | ٣٤٧ |
| سەگڤان عەبدولحەکیم | ٣٥٥ |
| محەمەد کوردۆ | ٣٦١ |
| عەباس بەدری | ٣٦٩ |
| ئەسکەندەر عوسمان | ٣٧٧ |

ئازاد هاشم ٣٨٥
ئیسماعیل خەیات ٣٩١
حاجی مەکی(عەلییە فەندی) ٣٩٩
حوسێن عەلی ٤٠٥
دایکی سۆلاڤ ٤١١
دەیکا دالیایێ ٤١٧
محەمەدی ماملێ ٤٢٥
ناسری ڕەزازی ٤٣١
کەریم کابان ٤٣٩
گوڵبەهار ٤٤٧
محەمەد شێخۆ ٤٥٣
فەرەیدون دارتاش ٤٥٩
سوبحی کۆیی ٤٦٥
خالید سەرکار ٤٦٩
تاریق کارێزی ٤٧٥
خالد عەلی سلێڤانی ٤٨٣
دکتۆر سامیە چاوشلی ٤٨٩
سەید ئەحمەد بەرزنجی ٤٩٥
گولنار عەلی ٤٩٩
جەمال بەرواری ٥٠٩
هەنار موفتی ٥١٥
زرار محەمەد مستەفا ٥٢٥
ئەردەڵان بەکر ٥٣١
شیلان حمو ٥٣٧